# گزینگ

۱٥

گۆڤـــارێکی وەرزانەی فـەرهـەنگـی . ئەدەبـــی یە

ژمارە ۱٥، بەهاری ۱۹۹۷(۱۳۷٦)

- گوتوبێژەک لگەل دەرهێنەرێ فیلمێ ،کاروانێ بێدەنگ،
- لەمەڕ مێژوونووسینی کۆماری کوردستان
- چەند خاڵێک لەمەڕ ڕەخنەی دۆستانەی خاوەنڕایان
- ئایا سۆفیگەریی خاوەنی لایەنی زانستی و فەلسەفی یە؟
- ڕەوتی سەرهەڵدانی شێعری نیشتمانی و سیاسی...
- هاوپرسەکی لەگەڵ د. ڕەزا بەراهێنی
- شەوی شین: وتووێژ لەگەڵ خێزانی مامۆستا هێمن
- کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لە بەر ڕووناکی بەڵگەنامەکاندا

شێعر، کورتە چیرۆک، ڕانانی کتێب، ڕەخنەی ئەدەبی، هەواڵی کولتووری و هونەری و...



حافزی شیرازی:

**وەرگێڕانی: مامۆستا حەقیقی**

سۆفی بەو چۆڕە مەیەی ڕازی نیهانی زانی
ڕەگەزی گشێ کەسی لەو لەعلە بە جوانی زانی
حورمەتی چەپکە گوڵێ تەیری بەیانێ دەیزانێ
نە کەسێکی دووپەڕی خوێند وەمەعانی زانی
لە مەتاعی دوو جیهاندا دڵی دنیا دیدەم
غەیری عیشقت ئەوی دی پاکی بە فانی زانی
بە نەزەر بەرد وگڵی بۆ دبنە لەعل و عەقیق،
ئەوی قەدری نەفەس و شانی یەمانی زانی
ئەو زمانێ ڕۆیی ئەمن گوێ دەمە تانەی ئەو و ئەو
چونکە دارۆغە بە هۆی عەیشی نیهانی زانی
بە تەمای دەرسی ئەوێنێ لە عەقڵ فێر بی؟ نەکەی
عاشق، ئەو نوکتە گرینگەی بە نەزانی زانی
بادە بێنە، گەشە ناکا بە گوڵی باغی جیهانێ
هەرکەسێ هەڵمەتی زریانی خەزانی زانی
پێی موناسب نەبوو دیداری مە جارێ دڵبەر
ئەگینا حاڵی دڵ و چاوەڕوانی زانی
حافز ئەو لیزگە دوڕ وگەوهەرە هووندویەتەوە
لە شەپۆلی کەرەمی ئاسەفی سانی زانی

****

# گزینگ ـ ژماره ١٥

بەهاری ١٩٩٧(١٣٧٦)

## نێوەرۆک


قسەی ئەو ژمارەیە ........ هێرش ٤
گوتوبێژەک لگەل د. ئیبراهیم سەلمان ........... ئامادەکردن: باقی جەنگوی ٥
لەمەڕ مێژوونووسینی کۆماری کوردستان ......... د. ئەمیری حەسەنپوور ١١
ڕانانی کتێب: ئالەکۆک ..................... حەسەنی قازی ١٦
مافی ژن لو کۆمەڵی کوردەواریدا (بەشی ٧) ......... «ژیلا. ف» و «تەیفوز» ١٨
چەند خاڵێک لەمەڕ ڕەخنەی دۆستانەی خاوەنڕایان ........ د. گولموراد مورادی ٢٤
خۆ ماندووکردنێکی دلسۆزانە ........................ کەریم حیسامی ٢٩
ڕەوتی سەرهەڵدانی شێعری نیشتمانی و... (بەشی دووهەم)... س.چ هێرش ٣٣
کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لە بەر ڕووناکی بەڵگەنامەکاندا .... حامید گەوهەری ٤٠
ڕاگەیاندنێکی کولتووری ......................... ٤٢
ئایا سۆفیگەریی خاوەنی لایەنی زانستی و فەلسەفی یە؟ ........ د. خەلیقی ٤٣
شێعری فۆلکلۆری گۆرانی ......................... دیاری: سیامەک ٤٦
هاوپرسەکی لەگەڵ د. ڕەزای بەراهێنی .......... ئامادەکردن: حەسەنی قازی ٤٧
شەوی شین(وتووێژ دەگەڵ خێزانی مامۆستا هێمن) ...... مێهری پاکزاد ٤٩
نامەیەکی دەرنگ وەخت ........................ حەمە سەعید حەسەن ٥٣
پەنجەرەیەک ڕووەو ڕۆژهەڵات ............... پشکۆ نەجمەددین ٥٥
شێعر: ........... هێدی، گۆران قەرەداغی، شوان حەمە شەریف ٥٦
ڕامانگەلێک لەمەڕ«سکانیدیناڤیا: دوورگەیەکی تر لە بخوور» .. ح. زمناکۆ ٥٨
سەفەرێک بە ناخی «مێژووی ئایدیاکان»دوە ............ شەماڵ ٦٠
وەرگێڕان یان شێواندن؟ ......................... گۆران قەرەداغی ٦٤
کورتە چیرۆک: ژێکۆند لە کوردستاندا ............. سەلاحی گوڵنەندامی ٦٨
ــــــ : دەریایەکی زەرد .............. سەلاحی عەبباسی ٧٢
«کۆپی(جام)ی عودەی: بەشی دووهەم ...... وەرگێرانی: سەمەدی مەلا ئەحمەد ٧٣
کۆچی دوایی مامۆستا حەقیقی، زبانی حاڵی پێشمەرگە: مامۆستا شپرزە ٧٦
پێنجوینی گوڵەزەرد ................... ئامادەکردنی: گۆشان سەرکۆ........ ٧٧



**بەرکار و بەرپرسی نووسین :**

**س .چ . هێرش**

**ناوونیشان:**

Gzing
Box. 327
82427 Hudiksvall
SWEDEN

**ژمارەی فاکس:**

Fax: +46 - 650 - 94029

**ژمارەی پۆستگیرۆ:**

Postgiro: 443 5022-1


**• .گزینگ ، خاوەن ڕێبازێکی گشتی سەربەخۆیە، هەر چەشنە بیر و بۆچوون و نووسراوەیەک وەخۆ دەگرێ کە لە مافی مرۆڤ بە تێکڕایی و لە بەرژەوەندیی گەلی کورد بە تایبەتی داکۆکی بکات.**

**• .گزینگ، خۆی بە نوێنەری فکری هیچ نووسەرێک نازانێ و ئەرکی بەرپرسێتی هیچ نووسراوەیەک وەئەستۆ ناگرێ. دیارە هەر نووسراوەیەک نێوی لەسەر نەبێ، ئۆباڵی وەملی گزینگە.**

## «نەورۆزتان پیرۆز بێ»

چاپی سوێد: ئاوریلی ١٩٩٧

ISSN 1104 - 3473

## قسەی ئەم ژمارەیە

**هێرش**

پێشەکی، بە بۆنەی هاتنی نەورۆزی پیرۆز، گەرمترین سڵاوتان پێشکێشی بارەگای ژین بێ و هەر ڕۆژێکتان وەک یەکەم گزینگی بەهار دەم بە پێکەنین...

خوێنەرەوانی بەڕێز! «گزینگ» بە هاتنی بەهاری ٩٧(١٣٧٦هەتاوی) پێ دەنێتە چوارەمین بەهاری چالاکیی خۆی و هیواداریشین بە پشتیوانی و بەشداری ئێوەی ئازیز هەروا بتوانێ هەموو بەهاران وێڕای بزەی نەورۆزانە ڕۆژباشتان لێ بکا و ئامێزی گەرمتان ئۆخژنی گیانی بێ و بووژێنەری ژیانی...

ئەوەی ڕاستی بێ، «قسەی ئەم ژمارەیە»م نە گلەیی و دەردی دڵی باوی ڕۆژانەیە و، نە گفتی لاپەڕەنی و خۆ پەسندانە، بەڵکوو وەڕووخستنی کۆمەڵە خاڵێکی گرینگن سەبارەت بە کار و چالاکی داهاتووی گزینگ.

هەروەک دەزانن و شاراوەش نییە، گزینگ تا ئێستە کە ١٥هەمین ژمارەی بڵاوکراوەتەوە، نە خاوەنی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی بووە و نە دەستەی نووسەران و بگرە زۆربەی کارەکان و بڕیارەکان بەهۆی تاکە کەسییەوە بەڕێوەچووە، هەرچەند لەو ماوەیەشدا لەلایەن دۆستان و دڵسۆزانەوە یارمەتی دراوم کە جێی سپاس و پێزانینە.

دیارە، ئەو کەسانەی کە خەریکی کاری فەرهەنگی و دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە و شتی چاپەمەنین دەزانن کە یەکێک لە گرینگترین خاڵەکانی ئەو دیاردەیە، هەبوونی پێوەندی پتەو و بەتینە لە نێوان گۆڤارەکە و خوێنەرەوان، یان بە واتایەکی دیکە لە نێوان بەڕێوەبەرانی گۆڤارەکە لەگەڵ نووسەران و خوێنەرەواندا. حەوجێ بە گوتن نییە ئەگەر گۆڤارێک هەر ئەندازە بە کەرەسە پێداویستییەکانی وەڕێخستن وەک: سەرمایە، ئامرازی نووسین و چاپەمەنی، کاغەز و جەوهەر و غەیرە پشت ئەستوور بێ، کە خوێنەرەوە و کەسانی ئەهلی قەڵەم پشتیوانی لێ نەکەن، دوای ماوەیێک لە بەین دەچێ و شوێنەواری نامێنێ. بۆیە ڕاگرتنی ئەو پێوەندییە لە بواری ڕۆژنامەگەریدا گەلێک گرینگە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێندێک دیاردەی جۆراوجۆر، بە تێکڕایی لەو بوارەدا خۆ دەنوێنن کە لەبەرچاوگرتن و چارەسەرکردنیان یەکێک لە سەرەتایی ترین بنەماکانی کاری ڕۆژنامەگەری یان گۆڤاردەرکردنە:

١) وردبوونەوە و سەرنجدان بۆ ڕەچاوکردنی هەڵوێستێکی بێلایەنی لە عاست خوێنەرەوان و نووسەراندا.

٢) ڕازداری و ئەمانەتداریی خاوەن گۆڤار یان بەرکار و بەرپرسی گۆڤار لە عاست خوێنەرەوان و ئەو کەسانەی بابەت بۆ گۆڤارەکە دەنێرن.

٣) خۆشکردنی بەستێنی گفتوگۆ و لێدوانی ئازاد و پارێزگاری لە مافی ئازادی لە بواری قەڵەم و بیرورا دەربڕین بۆ تەواوی ئەو کەسانەی کە هاوکاری گۆڤارەکە دەکەن.

٤) ئەمەگداری و دڵنەواڵەیی لە عاست بیروبۆچوونی جیاواز و جۆراوجۆرەوە.

٥) خۆپاراستن لە سەلیقەی شەخسی و سەرەڕۆیی قەڵەمی و لەبەرچاوگرتنی ئەو بنەمایانەی کە وەک ڕێبازی گۆڤارەکە لە سەرەتاوە پەسند کراون.

٦) وەڵامدانەوە و بەهێندگرتنی ڕەخنە و داوخوازییەکان لەمەڕ چۆنێتی و چاک کردنی شکڵ و نێوەرۆکی گۆڤارەکە.

٧) ڕێنەدان بە دمبەدمەی قەڵەمی و بوارنەدان بە جوابەجەنگی و بێ حورمەتی و بێ ئەدەبی.

٨) سەرنجدان و وردبوونەوە لە هەڵبژاردنی بابەتی ناردراو بۆ چاپ.

هەروەک ئاشکرایە، لەبەر چاوگرتنی سەرجەمی ئەو خاڵانە، بەتایبەت لە کاری تاکە کەسیدا، ئەگەر گران نەبێ زۆریش ئاسان نییە. چونکە تاکەکەس هەرئەندازە بێ شیلە و پیلەش بێ، جارجار تووشی هەتڵەبوون دەبێ. بۆ نموونە خاڵێکی زەق لەوبارەدا، دوودڵی و دڕدۆنگی سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەو بابەت و نووسراوانەن کە دەبێ چاپ بکرێن و واهەیە هێندێکیشیان شیاوی چاپ کردن نین.

بە کورتی، هەم لە بەر ڕۆشنایی ئەو خاڵانەی سەرەوە و هەم خۆم خوازەری، لە سەر پێشنیاری دڵسۆزانەی هێندێک لە دۆستان و نووسەران کە لە ڕۆژی ١٩٩٦/١٢/٣٠لە شاری ستۆکهۆڵم

### ☐ پێکهاتنی «دەستەی نووسەران»

سەبارەت بە پێکهێنانی دەستەی نووسەران کۆبووینەوە؛ هاتمە سەر ئەو ڕایە کە لەوبارەوە دەست بەکاربم و هەرچی زووە ئەوکارە ڕاپەڕێ. ئەوەبوو، بێ سێودوولێکردن بۆ هێندێک لە نووسەران و دۆستان کە هەر لە سەرەتاوە هاوکاری دڵسۆزانەیان کردبووم، ئەو پێشنیارەم بە نامە ئاراستە کردن کە بە خۆشییەوە زۆربەیان قەبوڵیان کرد و بەمجۆرە بڕیاردرا لە ژمارە ١٦(هاوینی ١٩٩٧)ڕا دەستەی نووسەرانی تازە کاری خۆیان دەست پێبکەن. بەر لەوەی نێوی دەستەی نووسەران ڕاگەیێندرێ دەخوازم پێشەکی سپاسی تاک تاکیان بکەم بۆ قەبوڵکردنی هاوکاری لە «گزینگ»دا. هەروەها جێی خۆیەتی پڕ بەدڵ سپاسی بەڕێز **کاک عەلی کەریمی** دانیشتووی ئینگلیستان بکەم کە لە دانیشتنەکەدا، وەک ڕاوێژکاری **«دەستەی پشتیوان»** هەڵبژێردرا و بۆ ئەو مەبەستە هەوڵێکی زۆری داوە.

ئەوا بۆ ئاگاداری خوێنەرەوانی بەڕێز **«دەستەی نووسەران»** بەمجۆرەی خوارەوە ڕادەگەیێندرێ:

١) کاک **هاشمی ئەحمەدزادە**: ئەندامی دەستەی نووسەران، دانیشتووی ئینگلستان.

٢) کاک **د. عەبباسی وەلی**: ئەندامی دەستەی نووسەران، دانیشتووی ئینگلستان.

٣) کاک **د. ئەمیری حەسەنپوور**: ئەندامی دەستەی نووسەران؛ دانیشتووی کانادا.

٤) کاک **حەسەنی قازی**: ئەندامی دەستەی نووسەران، دانیشتووی سوێد.

٥) **سولەیمانی چیرە (هێرش)**: بەرکار و بەرپرس، دانیشتووی سوێد.

لە کۆتاییدا، پێویستە لەو نووسەر و خوێنەرەوە بەڕێزانەی کە بۆ گۆڤارەکە بابەت و نووسراوە دەنێرن، تکایان لێبکەم بۆ ئاسانکردنەوەی کاری دەستەی نووسەران و شێوەی پێوەندییان کە زۆرتر بە فاکس دەکرێ؛ بابەت و نووسراوەکانی خۆیان بە خەتێکی خۆش لە یەک لای وەرەقی A4 دا بنووسن و بیاننێرن. ■



کوتوبێژەک لگەل دەرهێنەرێ فیلمێ ،کاروانێ بێدەنگ،

# د. ئیبراهیم سەلمان

ئامادەکرنا: باقی جەنگوی

دەرهێنەر: ئیبراهیم سەلمان·
- ئامادەکار: رولف ئورتهێل فرانسوریس، دووگراف
- سەناریونڤیس: ئیبراهیم سەلمان، هوگو هینن، رولف ئورتهێل
- وێنەگر: ژاک ولیس هوورس
- موزیک: دلشاد سەعید، سەربەست زوزان، دیموکرات تەها
- درامایە، رەنگی و ١٦مم، بزمانێ کوردی وژێرنڤیسا ئنگلیسی.



**چیروکا فیلمێ کاروانێ بێدەنگ ددەستپێکێدا بشڤانەکی و کورێ شڤانی لکوردستانا باشووردەست پێدکەت. دوو سەربازێن عیراقی پەزێ وان گوللەباران دکەن و چەند سەرە پەزان دکوژن و هەروەسا وانژی مەجبور دکەن کو بدەستێن خو سەرژێ بکەن و بدەنە پشتا خو بو وان ببنە دناڤ سەنگەرێن واندا. دنێزیکدا مەڤرەزەکا پێشمەرگان ببەرپرسیاریا ،محمود ئێزەدی،رەوشا وان گوندیا بچاڤ دبینیت. بڤێ کریارا سەربازان هەستا تۆلە وەرگرتنێ جەم سموی کورێ شڤانێ بهێز دبیت و شەڤ ورۆژ دکەفتە دخیالا تۆلە ستاندنا پەزێ خودا و دخوازید ببیتە پێشمەرگە. لێ یا هەری بالٚ کێش داویا فیلمیە کو سمو پشتی شەهیدبوونا بابێ خو ژ وەلاتی دوور دکەڤیت و کوردستان خوشکا سموی دبیتە پێشمەرگە. ئەڤە و دگەل چەند دیمەنێن دن بگشتی ناڤەرۆکا فیلمینە. پەیاما هەری بنرخ کو ئیبراهیم سەلمان خواستیە بدەتە بینەرێن خو ئەوە بێژیت کو چەوانێ رژیما داگیرکەرا سەدام، کوردا مەجبور دکەت ببنە پێشمەرگە. بباوەریا زۆربەی هونەرمەندێن سینەمایی کو بەشداری دووەمین ڤستیڤالا سینەما ئیرانی لدرڤەبین ئەوە کو فیلمێ کاروانێ بێدەنگ وەک کارێ سینەمای برەنگەکێ پروفیشونالٚە، لێ ناڤەرۆک و ئارمانجێن فیلمی جهێ گوتوبێژێنە و هەروەسا ئیلهاما فیلمی بگشتی شێوەیێ کلاسیکێ فیلمێن ئامریکا لاتین و سوڤیەتا کەڤنە.**

● بەری ئەم گوتوبێژا خو لسەر «کاروانێ بێدەنگ» دەست پێبکەین، ئەز دخوازم چەند پرسیارێن تایبەت ژی بکەم.

ــ کەرم کە، ئەز بۆ هەر پرسیارەکا تە ئامادەمە.

● بەراهیێ کورتیەکێ لسەر ژیانا خو بۆ خوێنەران بەحس بکە.

ــ ناڤێ من « ئیبراهیم سەلمان»ـە و لسالا ١٩٥٤ران لگوندێ زاویتە لکوردستانا باشوور (پارچا لبندەستێ عیراقێ) لەدایکبوومە. دەمێ شورشا کوردی دەستپێکرێ، فرۆکێن رژێمێ گوندێ مە بۆمبەباران کر و ئەم مەجبور ماین برەڤین بچینە بەغدا. ئەز تا سالا ١٩٨٠ران لبەغدا مام و من (معهد فنون جمیله) خلاس کر و هەروەسا من لرادیویا بەغدا بەشێ کوردی کاردکر، لێ ژبەر کو ئەز نەدەبوومە بەعسی سالونیڤەکێ ئەز ژکار دەرخستم. پشتی سالا ١٩٧٥ێ کو رژێمێ هزردکر دۆزا کوردیا بنبرکری، ئەز ڤەگەراندمە سەر کارێ خو و من دەست هاڤێتە چێکر نا چەند کارەکێن تلڤزیونی و ئێک ژکارێن من د تلڤزیونا موسل هاتە پێشکەش کرن کو ژ ئالیێ جەماوەرێ کورد پیشوازییەکا مەزن و گەرم لێ هاتەکرن. دلێ من گەلەک پێ شاد و کەیف خوش بو بتایبەت دەمی خەلکی ئەز لباژیری دگرتم و پیروزبایا من دکرن. هەروەکی هندێ بو کو جارەکادی بەیانا ١١ئاداری دەستپێکربیت. من ژبەر ڤێ دلگەرمیێ سوزدا کو برێگا هونەری ئەز خزمەتا گەلێ خو بکەم. ئەز سالا ١٩٧٤ زەوجیم و ئەم خودی سێ زاروکین، دوو کور و کچەک و زاروکێن من هەرچەندە لە دەرڤەی وەلاتی پەیدا بوونە لێ کوردی دزانن و ئەم دمالدا بکوردی دئاخڤین. ئەز دمالدا وەکی هەڤالەکی بزاروکێن خو را دان وستاندنێ دکەم و ئەم ژهەڤ زۆر حەز دکەین و ژ ئالیێ مالباتێ ڤە ئەز زۆرێ سەربلندم.

زاروکێن من لدبستانێ هەر سال پێویستە دوو بابەتان ئامادە بکەن کو هەردەم ئێک ژبابەتێن وان سەر کورد و کوردستانێیە، ئەز درێژیا ژیانا خو لناڤ بیانیا ژیامە لێ ئەز بکوردی دئاخڤم و بکوردی دنڤیسم و چەندین بەرهەمێن من بکوردی یێن هەین. ئەز سالا ١٩٨١ هاتمە هولەندا و من سالا ١٩٨٥ دکتورا وەرگرت



لزانکویا «ئامستردام» بەشێ شانوگەریێ. ئەز هەر رۆژ بکێماسی ۱۲ ساعەتا کاردکەم.

**● ژیانا تەیا هونەری ئەو کارێن تە بەرهەم ئانین چنە؟**

ـ هەروەکی منگوتی دەمێ ئەز لبەغدا دژیام، من د رادیویا بەغدادا کاردکر و لسالا ۱۹۷٤ پروگرامەک بناڤێ نێڤارباش من پێشکەش دکر. هەروەسا چەند کارێن تلڤزیونی من چێکرن ئێک ژوان بناڤێ چ دووماهی دهێتە دانان بو ڤێ شانوگەریێ تلڤزیونا موسل دا هاتە پێشکەش کرن. پشتی ئەز هاتیمە هولەندا من چەند بەرهەمێن هونەری بو تلڤزیونا هولەندا چێکرن.

۱) دوو فیلمێن ٤٤ دەقیقەنی سەر هەلەبجە بزمانێ هولەندی بو تلڤزیونا هولەندا.

۲) لسالا ۱۹۸۲ شانوگەریەک بناڤێ قەب بزمانێ هولەندی من پێشکەش کر. کو ناڤەروکا ڤێ شانوگەریێ لسەر دیروکا کوردان بوو، ئەڤ شانویە من جارا ئێکێ لسلێمانییێ بزمانێ کوردی پێشکەش کربوو. هەروەکی من گوتی، لهولەندا ژی بزمانێ هولەندی و زێدەکرنا چەند دیمەنێن تازە ژ دیروکا کوردان و دڕۆژنامەگەریا هولەندی دا دەنگ ڤەدانەکا باش هەبوو.

۳) دسالا ۱۹۹۱دا من شانوگەریەک بناڤێ زابتێ ئەبەدی بەرهەم ئانی ئەو ژی بزمانییێ هولەندی بوو.

٤) سالا ۱۹۸۹ شانوگەریەکا ٥ دەقیقەنی بناڤێ هەلەبجە من چێکر، من خواست گرێدانا ژیانا کوردان ل ئوروپا برویدانێن هەلەبجە بدەم نیشاندان.

٥) سالا ۱۹۹۱ من فیلمەکێ ۳۸ دەقیقەنی چێکر بناڤێ مرۆڤەکێ چیایی چەوانێ دبیتە سەیەکێ دەریایی، ئەڤەژی رەخنەیەک بو ژسیاسەتا ئوروپا کو چەوانێ گرنگیێ ددەنە سەیێن دەریایی لێ قەتلیعامەکا مەزن وەکی هەلەبجە بەرچاڤ ناگرن.

٦) سالا ۱۹۹٤ من فیلمێ کاروانەکێ بێدەنگ بەرهەم ئانی.

**● هونەر بو تە چیە و تو چەوانێ هونەری تەعریف دکەی؟**

ـ ئیرۆ چەرخێ بیستێیە و گەلەک تەعریف بو هونەری یێن هاتینە کرن و من نەڤێت چ تەعریفێن نوی بکەم لێ هونەر بومن رێگەکە کو دوو لایەنێن من پێ رازی و تێردبن. ئێک ئەز بخومە و لایەنێ دووێ وژدانا منە، ئەز هەست دکەم کو وژدانا من، بەرامبەری گەلێ من، گەلێ کوردیێ تاوانبارە و پێویستە ئەز برێگا هونەرێ خو وژدانا خوبەرامبەری گەلێ خوییێ بندەست راحەت بکەم و بەحسێ دەردو ئەلەم و گیروگرفت و دیروک وئاستەنگ و ئالوزیێن مرۆڤێ کوردبکەم. هەروەسا ئەز برێگا هونەرێ خو دکارم دۆزا گەلێ کورد بگەهینمە بەردەستێ کاربەدەستێن سیاسیێن ئوروپی بتایبەت لهولەندا کو زۆر کەسێن سیاسی دناسم و وانژی رێزەکا باش بومن یا هەی و بو هەر هونەرمەندەکی. بباوەریا من هونەر و هونەرمەند هەروەکی رەوشا زارۆک بوونێ یە، هەر دەمێ هونەرمەند هونەرێ خو دگەهینتە جەماوەری راحەت دبیت هەروەکی ئەو مرۆڤێ زاروک دبیت.

**● ئالوزی و ئاستەنگ بو هونەرمەندێ کورد لە ئوروپا چنە؟**

ـ ئەگەر ئەم بەری خو بدەینە هونەمەندێ کورد گەلەک ئاستەنگ و ئالوزی بو کاروخەباتا وی یێن هەین، هەروەکی ئاستەنگ و ئالوزیێن رێکدان وهاریکاری کرنێ، رۆژنامەگەری، جەماوەر وگەلەکێن دن.

بتایبەت دەمێ هونەرمەندێ کورد دخوازیت بەحسێ گەلێ کورد بکەت و خەلکێ بیانی نەڤێت لێ گوهدار بن چونکی هەتا سالا ۱۹۹۰ ژی گەلەک وەلاتێن دەرڤە هەڤالێن سەدام بوون و من دڤێ دەمیدا گەلەک بەرهەم پێشکەش کرن. لێ خەلکی نەدڤیا لێ گوهدار بن، چونکی هنگی سەدام شەرێ ئیرانێت کر و ئەڤ بویەرە بووان گرنگ تر بوو ژ دۆزا گەلێ کورد. هەرچەند هەلوێستێ وان مرۆڤی بهێز تر دکەت و دبێژتە وان ئەز قەبێ وەمە لێ بخوژی ئالوزی و ئاستەنگەکە. زمان بخوژی ئێک ژ ئاستەنگانە، چونکی دەمێ هونەرمەندێ کورد لدەرڤە دخوازید کارەکی هونەری بکەت نزانیت بە چ زمان بکەت، ئەگەر بکوردی بیت ئەڤە ئوروپی تێنەگەهشتن و جەماوەری کوردژی هونەرمەندی تێرناکەت و ئەگەر بە زمانەکێ ئوروپی بکەی ئەو ژی جهێ رەخنەکا هەری مەزنە. ئالوزیەکا دی

←

ئەو ژی عەقلیەتە زۆر زەحمەتە بو هونەرمەندی لئوروپا، نزانیت بە چ عەقلیەت چێ بکەت؟ عەقلیەتەک ئوروپی؟ ئەو بخوژی خودان عەقلیەتێن جوراوجورن، بگرە راسترین هەتا چەپترین عەقلیەت و هەروەسا مرۆڤ دێ بوکێ چێکەت و کی دێ بەرێ خو دەتێ و ئارمانج پێ چیە؟ ئەڤە هەمی پرسیار و بابەتن بو هونەرمەندەکێ کورد لدەرڤی وەلاتی بەری کارەکێ هونەری بکەت.

ئەگەر مرۆڤ بخوازید کارەکێ سەربخو بکەت، هەروەک دزانی زۆربەی کوردێن مە دەستێن خوییێن بسەرێ خو ڤەناین کو باکولاڤێ وان نەپەتن و هیچ ئاگادری لپێشڤەچوونێن هونەری نینن چ لدەرڤە یانژی دناڤا وەلاتی دا. ژبو بەرهەم ئانینا کارەکێ هونەری پێویستە هونەرمەند هزرا هەمی لایەنەکی بکەت و دەمێ مرۆڤ هزرا گشت لایەنەکی ژی بکەت، زەحمەت هونەرمەند بشێت بکەت کوردێن دەرڤە وەلاتی و کوردێن ناڤا وەلاتی رازی بکەت.

**● هەروەک هنگ ژی دزانن دەمێ هونەرمەندەکێ کورد تازە دهێتە ئوروپا زۆرێ گەرمە و دخوازید گەلەک کارێن هونەری بکەت لێ پشتی دەمەکی ئەو گەرمی و ڤەبێن دویدا نامینیت و تشتەکێ سروشتیە دکەڤیتە بن باندورا ژیان و هەلسوکەوتێن ئوروپی و بیاوەریا من فیلمێ تەیێ کاروانێ بێ دەنگ ژی زاخی و گەرمیا وەلاتی تێدا نینە و یێل بن باندورا ژیانا ئوروپی، تو چەوانێ بەرێ خو ددەیە ڤێ هندێ؟**

ـ راستە دەمێ مرۆڤ دهێتە ئوروپا زۆرێ گەرمە و دقەبیت، ئەزژی بەری بێمە ئوروپا من هزردکر کو هەرکەسێ دهێتە ئوروپا پشتی شەش هەیڤا دکتورایێ وەردگریت، بەلێ وەسا نەبوو. دەمێ ئەز هاتیمە هولەندا من دیت کو هندەک ئەڤە ١٠ سالن لهولەندا و زمانێ هولەندی نزانن، من شەرم لە خوکر. من بریارا خودا کو بسێ هەیڤا پێویستە ئەز هینی زمانێ هولەندی ببم و پێباخڤم. ئەز نوکەژی دقەبم ئەگەر من رێگەکا پێ ژینێ هەبیت. ئەز هێشتا خودی ئەو گەرمی و قەبەبوونێ مە، ئەگەر تو بزانی چێکرنا فیلمەکێ کوردی چەند زەحمەتە، ئەگەر مرۆڤ فیلمەکێ کوردی نە زۆرێ باشیش چێ بکەت، ئەو ژی قەبە بوونە. داڤەگەرینە سەر وان کەسێن تازە دهێن و دقەبن لێ پشتی دەمەکی دکەڤن، ئەز تەقدیرا وان دکەم چونکی ژیان لە ئوروپا ١٨٠ دەرەجا فەرقە دگەل کوردستانێ و هەر تشتەک بەڤێ راحەتیێ نینە ئەوا مرۆڤ لێ هزردکەت. دگەل هندێ ژی پێویستە ئەو زاخ وداخ تێدا هەبیت و تم وتم بقەبید. ئەز زۆر سوپاسیا وان تشتا دکەم کو ئەڤ گەرمیە دمندا هێلای، ئەز بباوەرم خۆشەویستیا وەلاتێ هندا مەزنە کو هەتا ئیرۆ ئەز بە گەرمی دقەبم.

راستە فیلمەک ژ فیلمەکی بهێزترە، هەروەکی فیلمی هەلەبجە. زەنگ وبەنگێ چیرۆکا خویا هەی تو نەشیێ بەحسێ سیاسەتا خومێنی و سەدام دزەنگ وبەنگێ دا بکەی هەروەکی فیلمێ هەلەبجەدا. دڤی واریدا پێویستە مرۆڤ ژ هەڤ بگەهیت، مەسەلا قەبەکرنێ راستە دوارێ هونەری دا، مخابن هندەک کەسێن مە دەست لکارێن هونەری یێن بەردایێن. دەست بەردانا وانژی ئەگەرێن خو یێن هەین. چونکی هەر کارەکی هاریکاری پێویستە و هەروەسائژی شارەزایی. تو دزانی کو ژیان ل ئوروپا نەیا زەحمەتە و مرۆڤ زەحمەتە ئاکێشیت و هێدی هێدی مرۆڤ تەسلیمی ژیانا راحەت دبیت. هینی زمان نابیت و ژ هونەری ژی دوور دەکەڤیت. تو دزانی بوچی هەتانوکە ئەز دقەبم و هێشتا بە زاخ وەلاتی مە؟ گەلەک تشتێ و یاهەری گرنگ مەزنیا وەلاتی یە ددلێ مندا، هەروەکی دبێژن مرۆڤ دکاریت کەسەکی ژ وەلاتێ وی دوور بێخیت لێ مرۆڤ نکاریت وەلاتی ژ دلێ کەسەکی دەربێخیت من بڤێ هندێ باوەریا هەی.

**● ئایا تو دێ بەردەوام بی لسەر خواندنا هونەری یانژی دێ دەست کەیە کارێ هونەری وەک پیشەیا ژیانێ؟**

ـ نەخێر، ئەز باوەرم تا جهێ پێویست من یێ خواندی، نوکە ئەز فیلما برەنگەکێ profetional چێ دکەم. لێ ئەز نشێم کارێ خو بکەمە دەرئانینا فیلمێن کوردی چونکی فیلمێن کوردی زاروکێن من خودی ناکەت. ئەز مەجبورم کارەکێ دی ژی بکەم. ئەز ژ وان کەسا نیمە ژیانا سوسیالێ لسەر خو قەبیل بکەم. پێویستە ئەز کارەکی بکەم کو ژیانا زاروکێن من پێ بێتەکرن و هەروەسائژی ئەز کارێ هونەری ژی بکەم.

**● ئایا تو ناخوازی ڤەگەری کوردستانێ کارێ هونەری بکەی؟**

ـ وەلاتْ خیالەکە هەردەم دمێشکێ مندا، مەسەلەیەکا فەلسەفی یا هەی دبێژن مرۆڤ هەردەم حەز دکەت بچیتە وی رەخێ ئاڤێ دا بزانیت چ لێ یە، ئەز هەر ژدەمێ ٧ سالی کومن کوردستان بجی هێلای و چوویە بەغداو هەتانوکە کوردستان خیالەکە د هزر مندا و هەردەم دچیروک و کارێن من یێن هونەری گوندەکێ کوردستانێ ئێک ژ بابەتێن من بینە. سالا ٩١ێ کو کوردێن باشوورێ کوردستانێ ژ بەر زورداریا سەدام رەڤیا بوون، ئەز چوومە چیاییێن کوردستانێ و هەروەسا ١٩٩٢ژی ئەز چوومە کوردستانێ و من ڤیا کو فیلمێ کاروانێ بێدەنگ لکوردستانێ چێبکەم لێ دەمێ ئەز ڤەگەریام من هزرێن خوکرن، من زانی کو ئەز نەشێم لکوردستانێ چ فیلما چێبکەم.

من نەڤێت بێژم بوچی، هەرچەندە ئەز دزانم کو ئەگەر ئەز ڤەگەرێم دێ شێم کارێن هونەری کەم لێ سەربەستیا من لێرە هەی لوێرێ من نابیت، بەلکی ئەز بکارم بێژم ژ بەر چ، چونکی ئەز مرۆڤەکێ سەربخومە و ئەز کوردستانی مەو ئەز دخوازم کارێ هونەری بکەم وەک هونەرەکێ کوردستانی و ئەز کوردستانێ بەس باشوور وەلاتی نزانم، کوردستان هەمی کوردستانە. تو ژی عەقلیەتا جهێ مە دزانی و بارودوخێن دەڤەرا مە دزانی! ئەز باوەرم ل ئوروپا ئەز دێ باشتر کارم سەربەست تر ژ کوردستانێ کارێ هونەری کەم. ئەگەر مرۆڤ عەقلێ خو بکار بینیت دێ شێت تشتێن باش و بنرخ کەت. هەرچەند دلێ من یێت کەلیت بو دناڤ واندا بەس ما چ بێژم؟

**● بو نابێژی، چەوانێ؟**

ـ من گوت دێ گەلەک ئاستەنگ کەڤنە درێگا مندا، هەروەکی وان کوردێن تێنە ئوروپا ژ بەر هندەک ئەگەران نەشێن کارێ خوییێ هونەری بکەن، ئەژی ئەگەر ڤەگەریام ژبەر هندەک ئەگەرێن تایبەتی دێ ئاستەنگ بومن چێبن وئەز کارێ خوییێ هونەری ناکەم دێ بیتە کارێ شەخسی. بو نموونە ئەگەر ئەز بخوازم ئەکتەرەکی د فیلمێ خودا رولی بدەمێ و ئەوکەس سەر بپارتییەکێ بیت خەلک دێ بێژت ئەڤ فیلمەیێ فلان حزبێیە. من باوەری نینە دناڤا چ حزباندا بم ولکوردستانێ ئەگەر مرۆڤ دناڤا حزبەکێ

⬅

دانەبیت زۆر زەحمەتە. بیاوەریا من هەرکەسەکێ تشتەکی بو گەلێ کورد بکەت، بو رزگاریا گەلێ کورد تێبکوشیت، ئەو کەس وئەوکار جهێ رێزلێگرتنێیە. لێ هەرکەسەکی رامان و بوچوونێن خوییێن هەین. ئەز خو گرێنادەم بە هیچ لایەنەکێ تایبەتی و رامیاری ڤە چونکی ئەگەر من خو بلایەنەکێ سیاسی ڤەگرێدا پێویستە ئەز وەختێ خوژی بو کاروبارێن وێ حزبێ تەرخان بکەم و ئەز باوەرم من وەختێ هندێ نینە. باشترە ئەز وەختێ خو بو دەرفەتێن هونەری بکارببەم سوود بەخشترە.

**● سەیدا ئیبراهیم ژیان بخو سیاسەتە نە خاسمە بو مە کوردان، بە باوەریاتە مروڤەکێ کورد چەوانێ دکارید ژ سیاسەتێ دوور بمینیت؟**

ـ راستە ژیانەمە کوردان بخو سیاسەتە و ئەگەر من بڤێت سیاسەتێ بکەم برێکا هونەری ئەز دێ سیاسەتێ کەم نە دناڤ پارتەکێ دا چونکی هونەرمەند ملکێ چ پارتیان نینە و پێویستە هونەرمەند خو بچ لایەنێن تایبەتی و دیارکری ڤە گرێ نەدەت، ئەگەر خو گرێدا وی دەمی نابیتە خودی جەماوەرەکێ گشتی چونکی گەلێ کورد گشت دناڤا پارتییەکێ دانین. دەمێ ئەز سالا ١٩٨٠هاتیمە هولەندا من گوت پێویستە «شڤان پەروەر» بو گەلێ کورد سترانا بێژیت نە بو لایەنەکێ تایبەت. دەمێ شڤان بئستالین ستران گوتن وی دەمی شڤان نابیتە هونەرمەندەکێ جەماوەری، چونکی گەلێ کورد هەمی ئستالینی نینن. بەلکی گەلێ کورد یانی گەلێ کورد بە هەمی رەنگ و روویێن خوڤە. هەر وەکی منگوتی نە لبەرژەوەندیا منە و نە لبەرژەوەندیا گەلێ کوردایە و نە لبەرژەوەندیا حزبانە هونەرمەند ببیتە حزبی و پێویستە حزبێن کورد ڤێ تێ بگەهن. ئەز رێزا هەموو حزبێن سیاسی دگرم ئەوێن بو گەلێ کورد خزمەتێ دکەن و لازمە ئەو ژی حورمەتا من وهونەرێ من بگرن. ئەڤەیە دیموکراسیەت. ئەگەر کەسەک حورمەتا من بگرید دا بمە حزبا وی من ئەو حورمەت گرتنە نەڤێت ئەگەر کەسەک هاریکاریا من بکەت دا بچمە دناڤا حزبا ویدا من ئەو هاریکاری نەڤێت. ئەگەر قەدرێ من گرت کو ئەز مروڤەکێ کوردم و خزمەتا هونەرێ کوردی دکەم و بەرهەمێن من مالێ خو بزانیت وێ گاڤێ قەدرێ من هاتە گرتن و ئەژی دێ قەدرێ وی گرم.

**● بیاوەریاتە پارتی یێن کوردان حورمەتا هونەرمەندا ناگرن ئەگەر بەوانرا نەبیت؟**

ـ کاکێ من رەش وسپی نینە، ئەگەر تە ئەگوتبا کوردان کو فیلمەکێ کوردی یێ هاتی، بەلکی چ کورد نەهاتبانە دیتنا فیلمێ من. لێ ئەگەر ئەز بپارتییەکێ را بامە، ئەو پارتی دا بێژتە ئەندام ولایەنگرێن خو بێنە دیتنا فیلمێ من. مخابن هوسایە، ئەم یێل ئورووپا و هێشتا گەلەک ئورووپی نزانن کوردستان لکیرێیە دێ چەوانێ زانن فلان حزبا کوردی چیە.

**● سەیدایێ ئیبراهیم دا بێینە سەر بابەتێ خوییێ کاروانێ بێدەنگ، بوچی کاروانێ بێدەنگ؟ بباوەریا من نە کاروانەکێ بێدەنگ بوو؟ دناڤبەرا ئاڤ و ناڤەرۆکا فیلمی چ گرێدان نەبوون، دیارە ئاڤ بو تە گرنگ نەبییە؟**

ـ راستی تە بڤێت کاروانێ بێدەنگ ناڤێ چیروکەکێ بوو من وەختێ خو نڤیسی بوو لسەر کوردەکی کو چەوانێ تەرمێ بابێ خو د ئینیتەڤە. چیروکەکا کورت بوو، من لسالا ١٩٨٠ ل مەهرەجانا چیرۆکێن کوردی خاندبوو. هەروەسا ئنیەتا من ئەو بوو کو فیلمەکێ کورت ژێ چێبکەم. چیرۆک بپێنگاڤێن هەسپەکی دەست پێدکەت کو هەسپ دناڤا بەفرێ دمشیت و چپچپ دلوپێن خوینێ لێ دکەڤنە سەر بەفرێ. لێ پاشی من بریارا خو گوری و من کرە فیلمەکێ درێژ. ئەگەر هەر چیروکا بەراهیێ با دا فیلمەکێ ١٥دەقیقەی لێ دەرکەڤیت. هەروەکی منگوتی من گورانکاری دچیروکێ دا کرن و کاروانێ بێدەنگ بوو رەمزەک بو گوندەکێ بچیک و دۆزا گەلێ کورد و بەحسێ ئەگەر و هویێن شورشێ دکەت، براستی هەمی شورشێن مە کوردان کاروانێن بێدەنگ بووینە!

من پێکول کر کو ناڤی بگورم لێ زۆر گرنگ نەبوو چونکی گەلەک فیلم خودی ناڤێن مەزن و باڵ کێشن لێ بێ ناڤەرۆکن بباوریا من ناڤەرۆکا فیلمی زۆر گرنگە.

**● هەروەک ئەز ئاگادار بووم ئەکتەرێن تە گشت ئاماتور بوون لێ بدیتنا گەلەک هونەرمەندێن سینەمایی کو بەشداری ڤستیفالێ ببوون ئێک ژ لایەنێن بهێزێن فیلمێ کاروانێ بێدەنگ رۆلێ ئەکتەران بوو و ئەو سروشتیا د رۆلێ واندا بوو، تو دکاری بو خوێنەرا بێژی تە چەوانێ شیای وان بڤی رنگی ئامادە بکەی؟**

ـ ئەکتەرێن من ئاماتور ژی نەبوون، بەلکێ سەرێکا وأنا پێشینە. لێ بنگەهێ وان یێ باش و دلسۆز بوو. کو ئەز چو جاران دلسۆزی و پاکیا وان ژبیرناکەم. ئەگەر ئەو نە دلسۆز و باش بانە، ئەز چەندێ زیرەک و هوستاژی بامە ئەز نەدشیام ئەو رۆلێ وان ئینای، بەوان بدەمە ئینناندن. راستە دەرهێنەر شەرتە، لێ دلسۆزیا ئەکتەران ژی شەرتەکێ مەزنە. وان زۆر بدلسۆزی گوهداریا من دکر.

**● بدرێژیا دیروکا شانوگەریا کوردی هەردەم نەبوونا ئەکتەرێن ژن گیروگرفتەکا مەزن بیە بۆ هونەرمەندان. لێ دکاروانێ بێدەنگدا کومەلەک ئەکتەرێن ژن بەشدارن هەروەسا رۆلێ سەرەکی ژی ژنە. ئایا بیاوەریا تە دجڤاکا کوردیدا ئەڤ گیروگرفتە هاتییە چارەسەرکرن؟ تو چەوانێ شیای ڤێ گیروگرفتێ دکاروانێ بێدەنگ دا چارەسەر بکەی؟**

ـ هەروەکی منگوتی ئەکتەرێن من ئاماتور ژی نەبوون، لێ دلسۆزبوون، ئەز نزانم بەلکی حەتا ئیرۆژی بەشداربوونا ژنان د هونەرێ سینەمێدا زەحمەت بیت. ئەوێن دکاروانێ بێدەنگ دا بەشدار بین هەموو ئێک ودوو ناس دکەن و ئەژی وان گشتان ناس دکەم و هەموو خەلکێ گوندەکینە. ئەز بوان را ئاخفتم و من گوتە وان بەشداربوونا وە کارەکێ پیرۆز و دیروکیە بو ژنێن کورد. ئەز بباوەرم حەتا ئیرۆژی دیتنا خەلکێ کورد لسەر سینەمێ ئەیێ باشە. بونموونە من ژ مرۆڤەکی خواست کو رۆلێ مەلای دفیلمێ من دا ببینیت لێ وی گوت ئەز ژ کارێن... حەزناکەم. سەربلندیەکا مەزنە بو وان ژنێن بەشداری دفیلمێ مندا کرین وبتایبەت بو ژنا کورد وئەز بباوەرم دێ دیروک بەحسێ وان کەت و چونکی وان دیوارەکێ نەفسی و دیروکی شکاند و پێویستە پەیکەر بو وان بێنە چێکرد. دیاربوو کو ژنا کورد ژی ئەگەر دەرفەت و سەربەستی هەبیت دێ کاریت کارێن هێژا و مەزن کەت و ژ ژنێن جهانێ کێمتر نینە.

**● ئەم دزانین گیروگرفتا هەری مەزن بو هەموو هونەرمەندان نەبوونا پێجێبوونێن دراڤینە، تە ژ بو فیلمێ کاروانێ بێدەنگ ئەڤ گیر وگرفتە چەوانێ چارەسەرکر و چڤاس دراڤ لێ چوو؟**

ـ ئاخ! براستی گیروگرفتا مادی ژبو ئامادەکرنا فیلمەکی زۆرا مەزنە. من چەندین ←

سالان خەبات وپێکول کر حەتا من پارە و هاریکاری لهولەندا وەرگرتی. من ئەڤ پارە کو نێزیکی (٢٠٠,٠٠٠)دولارا بوو دانە دەرهێنەرەکێ هولەندی و پشتی چار سالا ئەم روونشتین و من گوتێ ئەگەر ئەم بکارین بڤی پارەی فیلمی چێکەین دا چێکەین، ئەگەر چێنەکەین دا پارەی بو خودانان ڤەگێرینەڤە. خودانێن ڤی پارەی کانالەکێ تلڤزیونی یێ هولەندی و وەزارەتا رەوشەنبیریا هولەندی بوون. دووماهییێ مە بریارا خودا کو دەست پاڤێنینە چێکرنا فیلمی.

**● ئایا فیلمێ تە هاتیە فروتن و ئەگەر هاتبیتە فروتن ئەو پارەیێ لێ چووی بدەست هاتیە؟**

– حەتا ئیرۆ مەیێ فروتیە نیسلاند و ئوستڕالیا و هەروەسا ژی MED TV لێ ئەو مەسرەفێ مەکری دەرنەهاتیە. هەرچەند گەلەک هزر دکەن ئەز یێ ببمە میلیونێر بڤی فیلمی لێ وەنینە. چونکی نە بتنێ مرۆڤ چێکرنا فیلمێن کوردی نابیتە خودی پارە بەلکی نانێ زاروکێن مرۆڤی ژی دەرناکەڤێت. پێویستە خەلکێ مە باش ڤێ هندێ بزانن و ئەگەر نە کەیفا وانە. براستی ئەگەر چێکرنا فیلمێن کوردی نانێ زاروکێن من بدەت، ئەز هەر نوکە دا هەمی شولێن خو هێلم و دست هاڤێمە چێکرنا فیلما. راستە (٢٠٠,٠٠٠)دولار بدەڤ دراڤەکی زۆرە لێ تو حساب بکە برنا ١٤ کەسێن تکنیکی ببالەفرێ بۆ یونان و هەموو خەرجیا وان بکەی و کرینا ماتریالی بۆ فیلمەکێ درێژ و هەروەسا خەرجیا وان هەموو ئەکتەران ئەگەر مرۆڤ حساب بکەتن دێ زانیت کو چەند دراڤ پێویستە بۆ چێکرنا فیلمەکێ سینەمایی.

**● هەوە بۆچی یونان هەلبژارت بۆ ببەرهەم ئانینا فیلمێ خو؟**

– چ ئەلترناتیڤێن دن مە نەبوون، کوردستان من بەری نوکەژی گوت ئەز نەدشیام لکوردستانێ ڤێ کاری بکەم و هندەک ئەگەرێن دن ژی ئەو بوون دەمێ هەڤالێن من یێن هولەندی رەوشا کوردستانا باشوور دیتی کو هەموو خەلک یێ چەکدارە و هەروەسا لدەڤەرامە خەلکەکێ زۆر هاتە پێشوازیا من وچاڤ پێکەفتنێن رۆژنامەگەری وتلڤزیونی بمن راهاتنە کرن.

هەڤالێن هولەندی گوتە من تو لێرە گەلەکێ ناسیاری وئمکانا هەی هەردەمێ سەدام بڤێت مە گشتان بکوژیت و ئەم ناخوازین لێرە کاربکەین. ئەڤێ هندێ ژی ئەز مەجبور کرم کو یونان بۆ ببەرهەم ئینانا کاروانێ بێدەنگ ئختیاربکەم.

**● ئێک ژ پیامێن فیلمێ تە ئەوە کو ئەگەر رژێمێن داگیرکەر گەلێ کورد ئەزیەت نەکەن، نابنە پێشمەرگە و دژی رژێمێ چەکی هەلناگرن، لێ تو نەباوەری حەتا وەلاتێ کوردان رزگار نەبیت کورد چەکێ خو نادانن؟**

– ئەڤ فیلمە یێ لسەر ژیانا «مەحمود ئێزەدی» هاتیە نفیساندن و رۆداوێن ناڤبەرا سالێن ١٩٧٩(١٩٧٦ بەحس دکەت. ئەز مرۆڤەکێ راستم و ناخوازم دەرەوان لگەل کەسەکی بکەم. ئەگەر پشتی سالا ١٩٧٥سەدام خەلک کوچبار نەکربا، ماڤێ خەلکی داباین و زور و زورداری لخەلکی نەکربا، بەیانا ١١ ئاداری جێبجێ کربا ما دا شورش مینیت. بلا ئەم راست بین لگەل خو، خەلک کەفت بوو ناڤ نال وبزماری، ئەگەر خەلکی نان دابا پێشمەرگا دا سەدام گریت و کوژیت و ئەگەر نان ژی نەدابا وان دا پێشمەرگە دفن و گوهێن وان ژێ کەن و بیژنێ هنگ یێن گەل رژێمێ. بلا ئەم د راست بین و ئەڤە راستیەکە و ئەم نکارین ئنکار بکەین.

**● هەرچەند تە پێکولێن کرین کو فیلمێ خو ژ ناوچەگەریێ رزگار بکەی و بکەیە کوردستانی لێ ئەز باوەرم تو لڤێ هندێ نەیێ سەرکەفتی بی چونکی: هەروەکی تە گوتی چیروکا فیلمێ تە سەر مەحمود ئێزەدی یە و روداوێن سالێن ٧٩(٧٦ نە، تە کوشتنا چەند پەزان یا کریە بەهانە کو خەلک ببیتە پێشمەرگە تو چ دبێژی؟**

– ئەز دەمێ سالا ١٩٩١ چویمە کوردستانێ من چاڤ پێکەفتنەک دگەل هەڤالەکی کر کو ئەم لسەر بەرەکی روونشت بووین، نیڤا وی بەری لعیراقێ ونیڤا دن لتورکی (کوردستاننا باشوور – کوردستانا باکوور) بوو، یانی کوردستان ئێکە، ئەز نە مرۆڤەکێ عیراقچیمە والحمدالله ئەز نوکە هولەندیمە. هەرچەند گەلەکا پاسپورتێن ئورووپیێن وەرگرتین لێ دبێژن ئەم نە ئورووپینە. ئەز مرۆڤەکی راستم و ئەگەر مرۆڤ یێ راست بیت دێ راستییێ بێژتە مللەتێ خو، کاک... فیلمێ من بباوەریا من راستیا گوتیە گەلێ من.

**● سەیدا ئیبراهیم، من ژی باوەریا براستییێ هەی لێ ئەز بتەرانینم چونکی تە تولەستاندن ژ بۆ چەند پەزان کریە ئەگەرا پێشمەرگایەتیێ ما ئەدەمێ وەلاتی مرۆڤان یێ داگیرکری بیت هەرتشتێ مرۆڤی یێ بندەستە؟**

– تو دوو تشتان پێکڤە گرێ ددەی کە تە حەق نینە، هەرچەندە تە حەقێ رەخنێ یێ هەی. ئەگەر تە بەرێ خو دابیتە فیلمی، چیروک نە سەنبولا هندێ یە. سمکو جوانەکێ ١٤(١٥ سالیە گەل بابێ خو دبیت کو چەوانێ سەربازێن رژێمێ پەزێ وان دکوژن و وان مەجبور دکەن بپشتا خو بو وان بەنەد و سەنگەرێن واندا و ئەو ژی دتفنێن خوددانن. سمکو وان هەمیان دبینیت و دخوازیت تولا پەزێ خو بستینیت، ئەڤێ نەبینە کوردستانا مەزن، ئەڤە تشتەکێ کەسایەتیە، کارەکتەرەکا کەسایەتیە. سمکوی دڤێت تولا پەزێ خو ڤەکەت، چونکی ماف هندە دمێشکی ویدا دمینیت. بباوەریا وی پەزێ وی وەلاتێ وی یە. ئەو کەسێ زاخ وداخا تولا پەزی نەبیت، نەشێت تولا وەلاتێ خوژی بستینیت.

ئەو نزانیت وەلات چەندێ مەزنە و نزانیت بخوینیت و کورە شڤانە. کاکێ من ئەز نەشێم بزمانێ وی بەحسێ کوردستانا مەزن بکەم، دێ وی دەمی بیتە چەند شعارەک و بەس. من کەسایەتیا سمکوی وەسایا شلوڤەکری کو هەردەم دبێژتە بابێ خو کەنگی ئەز دێ تولا پەزێ خو ڤەکەم، دەمێ دچیتە چەم پێشمەرگا ژی و پێشمەرگە دبێژنێ هەرە ڤە تو دکاری لگوندی ژی پێشمەرگایەتیێ بکەی، لوێرێ ژی هەر دخوازیت تولا پەزێ خو ڤەکەت نە تشتەکێ دی.

**● تە راست بڤێت ئەز لتە ناگەهم، جار دبێژی ئەز بکوردستانا مەزن باوەرم و فیلمێ من بەحسێ کوردستانا مەزن دکەت. جار دبێژی نە کوردستانیە و بەحسێ رودلوێن چەند سالێن شورشا باشوور دکەت و تەرزی واقعێ شورشا لباشوور ئالایێ کوردستانا لبەر چاڤێن سەربازێن رژێمێ سەر تەرمێ بابێ سمکوی دادەی، تو دکاری زۆرتر ئانالیزە بکەی؟**

– فیلم واقعە کو دچیتە دناڤ کاسێتێ، لێ واقع ژی نینە، چیروکە. چەوانێ هوزان(شعر) خیالە و هوزانڤان گەلەک تشتان دخیالا خو دا دبینیت، دفیلمی دا ژی دبیت خیال هەبیت. نسبەت بکارئانینا ئالایێ کوردستانێ کو حەتا ئیرو باشوورێ کوردستانێ یێ رزگارە لێ ئەوێن ئالایێ کوردستانێ هەلدەن ئەز دێ وێرم چونکی

←

من دڤـێت رۆژەکێ ئەو ئالا بسـەر هەمـوو کوردستـانێ دا بیتـە هەلدان و گەلێ کـورد پێ سـەربلند بیت. ئەزدزانم چ لسـالێن ١٩٧٥ و ئیرۆژی داویا سالا ١٩٩٥ئە لکوردستانا باشوور کەس ئالایێ کوردستانێ بسەر تەرمێن شەهیدێن خو نادادەت، مخابن. لێ هندەک تشتان شاعر یانژی نڤیسکار وەکی خەونێ بۆخو چێدکەت، ئەگەر تو بەرێ خو بدەیە هەر وێ مەشهەدێ دێ گەلەک تشتێن دنژی بینی وەکی مەلای و کورێ مەلای کو خارزایێ سلویە. رژێمێ خەلکێ کوشتی و نەهێـلایە کـەس بۆ بگریت یانژی کـەسێن کـوشتێن و بدووڤ جەنازێ وانژی پێن چووین، بۆ نمونە سەیدایێ سالح یوسف وان کوشت و هەر ئەو ژی بدووڤ جـەنازەی چوون. ئەڤـە هندەک تشتێ دفیلمی دا دمینیت لسەر زیرەکیا بینەری چەوانێ لێک بدەت.

**● ئەگەر لباشوورێ کوردستـانێ تویێ ئەنیاس بای دا ئەڤ فیلمە بیتـە ئەگەرا فکرێن تە باش دەربارێ تە چونکێ تە جەوهەرێ پولیسێن رژێمێ نەتەنها وەکی پێویست تە نیشان نەدایە بەلکی تە کراسەکێ رەحمێ پێ کریە بەر چما ؟**

ـ دا ئەژ بێژمـەتە بۆچی. شکسـپیـر بۆچی د چیرۆکێن خو دا پێ بهێزە، یانژی شولوخوڤ، چونکی گەلەک تشتان رەش وسپی نابینن، ئەژی تشتـان رەش وسپی نابینم. مـا چ تەعـدا لوێ مـەزنترە کـو کـەسـەک پەزێ مـرۆڤی بکوژیت و بدەستی مرۆڤ سەر ژێ بکەت و هەروەسا بدەتە پشتا مرۆڤی ژی بویتە ڤە و بەر چاڤێت مرۆڤی ژی بخوت. یان ژی کـورێ مـەلای چەوانێ ژیانا وان لێ دکەتە دوزەخ و هەروەسا مەلا بخو، من پێکولا کری دناڤدا مەسەلێ شلڤە بکەم و نیشان بدەم کو چەوانێ رژێم پێکولا دکەت تەفەسوخێ بێختە د ناڤ جڤاکا کورداندا. راستە کیمیا و چەکێ گران و ئەنفال دژی گەلێ کوردێن هاتینە بکاربرن، لێ ئەز باوەرم ئەگـەر ئەڤ تشـتێن بچیـک نەهاتبانەکرن، ئەو ژی نەدهاتنەکـردن. هەروەسا منێ خواستی ئەو تشتێن تەفەسوخێ چێ دکەن نیشـان بدەم. خـەلـکێ جیـهـانێ پێ دیتی چەوانێ کـوردێن کـوچبـار بێن و چەوانێ کیـمیـاسـار بێن و هەروەسا چەوانێ هیشـتـایێن بومبەباران دبن. ئەوان چ تەئسیر(کێنج)لسـەر خەلـکێ جیـهـانێ هەبیـە؟ رایا خـەلکی لسـەر کـوردان دوو تشتێ یان قـوربانی وەکی هەلەبجـە یانژی تروریست. بباوەریا من نە کورد تروریستێ نە قوربانینە، لێ دوژمنێن داگیرکەر تەفەسوخەکا مەزن دناڤا کورداندا یا ئاڤاکری و هەر ژبەر ڤێ تەفـەسـوخێ یە هەتانوکـە رێبـەرێن کـوردان لباشوورێ کوردستانێ وەکی مرۆڤان نەکارینە پێکڤـە دانیـشن. تم و تم درێگا ئیـرانێ یانژی تورکی یا داگـیـرکـەرەکی دا پێکولێ دکـەن ئاستەنگ و ناکۆکیێن خو چارەسەر بکەن. ئەگەر دوژمنان ئەڤ فـەسادا ناڤ خو ئاڤا نەکربا ئەڤ تشـتێن دن ژی نەدهاتنە مـەیدانێ. من سـەدام یانژی دەم و دەسـتگەهێ پولیـسی وەکی واقیـعیێن نیشـان داین من لنێزیک کارەکترەکا وکی مـحوی (زابت پولیس) لسـالێن ١٩٧٤ێ لدەڤـەرا دهوک پێ ناسی کـو رۆژێ مـالبـاتێن کوردان کوچبار دکرن و شەڤێ ئارەق ڤەدخوارد و دکرە گری ژبەر کارێ وی کری! کورد دێ مینیت کورد، ما سەرهەلدان کێ کر، ما هەر ئەو جاشێن بەری هنگی نەبوون، مـا کێ مـحـمـود ئێـزەدی کوشت، ما هەر پێشمەرگە نەبوون. نە پێویستە ئەم چاڤێن خو لڤان راستیا بگرین. چونکی ئەز پێ واقعەکی نیشادەم، راستە واقع هەمی گاڤا پێ تەعلە. لێ پێـویسـتـە مرۆڤ واقـعی قـەبول بکەت. ئەگـەر مـرۆڤ نزانیت پێ کـورەیە دێ چەوانێ دووڤ چارەسـەر بوونا چاڤـێن خـو گەریێت؟

**● هیچ بینەرەک ڤێ ژتە پەسند ناکـات کـە تو دناڤا وان هەمـوو زابت و ئەمن و پولیسێن مجرم و بێ وژدانێن رژێما سەدام گەریا و زابتەکێ کورد و بیچەکا کوردبوویێ دسەریدا تە کریە پالەوانێ فـیلمێ خـو و هەروەسـا نیـشـانا عـەسکەر و پولیسێن سەدام. پرس ئەوە کو کەنگی سەدام و دەمـودەسـتگەهێن رژێمێ ژ بو کـوشتن و بنبرکـرنا کـوردان شـاهد و بەلگە پێـویـست دیتنە. تو چەوانێ بڤی تای دا دەرباز بووی؟**

ـ کـاک... من گوتە تە تەعدایا بچیـک یانژی مەزن هەر تەعدایە. سەبارەت بمن چ تەعدا لوێ مەزنتر نینە کو سمکو لگەل داپیرا خو دمـالدا سـەر تێـشت خـواردنێ دوو سـەرباز بێنە دمـالا واندا کەلوپەلێن وان سەروبن کەن. دەمێ سمکو لگەل داپیـرخو دکـەڤنە حـەنەک کرنێ و دەمـەکێ خـوش و مـروڤـاتی ئاڤـبـەرا واندا دەرباز دبیت سـەرباز بێنە د ژوودا و وی دەمێ خـوش لوان بکەنە تاری، چ نیـهـانەت ژ ڤێ مـەزنتـرە؟ تازە مـرۆڤ دفـیـلمـەکـێی بڤی رەنگی لگوندەکـیێ بچیـک و بڤان ئمکانێن من هەین نەشێتێ ژڤان بابەتان مەزنتر تێخیتە دبەر کامیرێ، ئەژی دزانم ژڤـان کـاودانێن من بەحس کـرین، کـاودانێن مەزنتر و دژوارتر پێن چێبووبن وبسەرێ کوردا هاتین و گـەلەک ژ وانژی من بچـاڤـێن خـویێن دیتین. لێ پێویستە مرۆڤ دناڤا چیرۆکا خودا بابەتەکی ئـختـیـار بکەت دا داڤـا سـور دناڤ چیرۆکێ دا بمینیت. ئەگەر مرۆڤ هەر تشـتەکی بێختە دفیلمی دا دێ فـیلم بلاڤەبیت و مرۆڤ نەشـێت سـەیتـەرێ لسـەر بکەت. منژی سەرهاتیێن مەزن پێت دیتین و من پێ دیتی کو چەوانێ زکێ ژنێن کورد پێن دراندین و زاروکێن لێ دەرخسـتین. لێ دەربازکـرنا ڤـان بابەتا بئمکانیـاتاڤە یا گـرێدایە. من ئەو ئمکانیـات نەبوون. ژبو چێکرنا فـیلمـەکی کـو مـە بڤـێت بابەتێن مـەزن و تراتیژاییێن بسـەرێ کوردا هاتین تێـخین ئمکانیـاتێن مـەزن و بملیـونا دراڤ پێویستن.

**● سـەیدایێ ئیبراهیم ئەز ناخوازم بچمە دناڤ کـارێ تکنیکی چونکی هەر وەکی زۆربەی هونەرمـەندێن بەشداری ڤێ فـستیـڤالێ هەڤ باوەربوون لسـەر کـاروانێ بێـدەنگ کـو د وارێ تکنیکا سینەمایدا کارەکێ هێژا و پروفیشونال پێ هاتیە کرن لێ پرسا من ئەوە کو فیلمێ تە ژ چەند دیمەنێن تایبەت و دیار هاتیە هەلبژارتن و کامیراتە بسەر ولن دیمەناندا دگەرا وتەماشاڤان چاڤەرێ بوون کو دیمەنێن تازە ببنیت لێ دیمن نە دهاتنە گوهوراندن، دیتنا تە چیە؟**

ـ راستە ئەگەر مرۆڤ بەرێ خو بدەتە فیلمێ کـاروانێ بێـدەنگ من چەند دیمەنێن دیار و تایبەت پێد هەلبژارتین و ئەو ژی بقناعەت من ئەڤ هندە یاکری بوغموونە مالا سلوی و جهێ وی دمالدا. ڤێت مرۆڤ دفیلمی دا هندەک جهێن ناسیار چێبکەت. هەروەسا جهێ سلوی دمالدا بەری بێتە کوشتن نیشان ددەت و پشتی کوشتنێ ژی نیشـان ددەت لێ پێ خالیە و ئەڤەژی بخو مـەعنا خـویا هەیی. یانژی ئەو دارا تم سلوی پەزێ خـود برێ، ئەڤ دوو جهـە د فـیلمێ مندا زۆر بنگەهی بوون. مـروڤی بڤـێت نەڤـێت د فـیلمەکی دا کو لسـەر گوندەکی بیت پێـویستـە هندەک جهـێن تایبەت و دیار هەبن و کـامیـرە بسەرواندا بگەریت.

● ته سترانێن فیلمێ کو لسەر چ بنگەهەکێ دارژتیە و مەبەستا تە پێ چ بیە کو تو ڤان دەنگێن هشک وبێ موزیک هەلبژێری؟

ـ ئەز وان دەنگ و سترانا وەکی رووناهیەکێ دفیلمی دا دبینم، هەرچەند خەلکێن ئورووپی تێناگەهن لێ چونکی فیلم دراماییە ئەڤ تشتێن هو خالێن روونن د فیلمی دا. هەروەسا ئەڤ هندەک دەرفەتێ ددەنە بینەری کو بێنا خو بدەت و ئەز پێویست دزانم کو ئەڤ رێلتیکە دهەر فیلمەکی دا هەبن.

● ئەگەر بکورتی ژی بیت، مە بهەڤرا چەند رەخنە و تێبینی لسەر فیلمێ کاروانێ بێدەنگ گوتوبێژ کرن، تە بخو چ رەخنە و تێبینی هەنە لسەر فیلمێ خو؟

ـ تو دزانی پشتی مە ئەڤ هەمی تشتە ئاشکرا کرین. هەر فیلمەکی چیرۆکا خویا هەی و هەر فیلمەکی کێماسی و باشیێن خویێن هەین. لێ بباوەریا من فیلمێ کروانێ بێدەنگ تەنها هندەک کێمسیێن تکنیکی یێن هەین و بەس. ئەگەر ئەز جارەکا دی ڤی فیلمی چێبکەم، چیروکێ قەت ناگهورم.

● تە چ پروژەیێن دن هەنە ژبلی کاروانێ بێدەنگ؟

ـ ئەز نوکەیێ لسەر دوو پروژا کار دەکەم. لێ من زۆرتر خویێ سەرگەرمی فیلمەکی کری کو چیروک بخو لسەر ژیانا من بخویە کو چەوانێ ئاسیاریێ لگەل مرنێ و خەونا دکەم.

● ئەگەر گوتنەکا تەیا داویێ هەبیت کەرەم کە؟

ـ بەلێ ئەز دخوازم بێژم سینەما کوردی یا ساڤایە و فیلمێ من هەولدانەکا سەرەتایە. ئەگەر کەسەک بخوازیت رەخنا لێ بگرید بلا رەخنەیێن ئاڤاکرنێ بن نەیێ هەر فاندێ و نخوازن سینەما کوردی ددەستپێکێ دا ژ ناڤ ببەن. من ئەڤ فیلمە ژبو گەلێ خویێ بەرهەم ئینای و پێویستە کو گەل ژی بچاڤەکێ پوزیتیڤانە لێ مێزە بکەت. ئەز دزانم کو هندەک خەلک یێ هەی چ پێ چێنابیت و چاڤێت وان پێ نارابن و ژبەر ڤێ هندێ ژی هێرشا دکەنە سەر من و فیلمێ من.

● لداویێ ئەز زۆر سوپاسیا تە دکەم و هیڤیدارم هەردەم دژیان و کارێ هونەری دا پیروز وسەرکەفتی بی.

ـ سوپاس بو تەژی. ■

# لەمەڕ مێژوونووسینی کۆماری کوردستان...

On the historiography of the Kurdisk Republic...

● د. ئەمیری حەسەنپوور ●

ئامانجێکی من، وەک سەرنووسەری میوانی «گزینگ»ی ژمارە ۱۳ (یادی پەنجا ساڵەی دامەزرانی «کۆماری کوردستان»)، ئەوە بوو کە ئەو ژمارە تایبەتییە هاندەر بێ بۆ پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوەی تازە سەبارەت بە مێژووی کۆمار و سەردەمەکەی. جا بۆیە زۆر خۆشحاڵم کە کاک عەلی کەریمی و کاک کەریمی حیسامی ناوەرۆکی ئەو ژمارەیە تایبەتییەیان هەڵسەنگاندووە و ڕەخنەیان لێگرتووە.[1]

کاک عەلی کەریمی ماوەی چەند ساڵە خەریکی لێکۆڵینەوەی بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی، یەکێک لە دامەزرێنەران و بەڕێوەبەرانی «کۆمەڵەی ژ.ک»ە و زانیارییەکی زۆری سەبارەت بەو تێکۆشەرە و ڕووداوەکانی سەردەمی ژیانی وی کۆکردووەتەوە. کاک عەلی لە «چاوخشاندن...»ەکەی خۆیدا چەند هەڵەی لە گێڕانەوە مێژووییەکەی د. عەبباسی وەلی و د. گوڵموورادی موورادی دا دۆزیوەتەوە وڕاستی کردووەتەوە. ئەو، لەو نووسراوەیەیدا بەعزە کێشەیێکی مێژووی «کۆمەڵەی ژ.ک»ی شیکردووەتەوەو توانیویێتی چەند گرێوگۆڵی ئەو باسە ئاڵۆزە بکاتەوە و زانیاریی تازە تۆمار بکا.

کاک کەریمی حیسامی لە سەردەمی کۆماردا، وەک گەنجێک، لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناوچەدا بەشداربووە و زۆر ڕووداوی بە چاوی خۆی دیوە و تەجرەبەی کردووە. ئەو، لە دە پانزدە ساڵی ڕابردوودا حەولی داوە، بە بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوە و بیرەوەری و بەڵگە ڕووناکی بخاتە سەر مێژووی کۆمار. بەڵام بەداخەوە، لە نرخاندن وڕەخنەگرتن لە گزینگ ی ژمارە ۱۳دا سەرنەکەوتووە. با لە پێشدا باسی چۆنێتی ئامادەکردنی ژمارەی تایبەتی بکەم و دوایە بگەڕێمەوە سەر نووسراوەکەی کاک کەریم.

من دوو ساڵ لەوەپێش پێشنیارم بە کاک هێرش، بەرکار وبەرپرسی گزینگ، کرد کە گۆڤارەکە ژمارەی تایبەتی بۆ بیرەوەری ۳۰۰ ساڵەی مەم و زین ی خانی، ۵۰ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان، چوارسەدساڵەی دانانی شەرەفنامە (۱۹۹۷)، سەدساڵەی کۆچی دوایی حاجی قادری کۆیی(۱۹۹۷) و سەدساڵەی ڕۆژنامەی کوردستان (۱۹۹۸) تەرخان بکا. هەروەها پێشنیارم کرد کە من ببم بە سەرنووسەری میوانی ژمارەی تایبەتی کۆمار. کاک هێرش ژمارەی تایبەتیی مەم وزین ی بڵاوکردەوە و منیشی وەک سەرنووسەری ژمارە۱۳ پەسند کرد.

کاک هێرش لە ژمارەی ۱۰ ( لاپەڕەی ۸)ی گزینگ دا، بانگەوازێکی بڵاوکردەوە و داوای لە خوێنەرەوان کرد کە بە ناردنی نووسراوە و بەڵگە و وێنە لەو ئەرکەدا بەشداری بکەن. منیش بە نامەنووسین داوام لە چەند کەس کرد کە نووسراوە و بەڵگە بۆ ئەو ژمارە تایبەتییە ئامادە بکەن. مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، کاک مەحمود مەلا عززەت، کاک ئەنوەری سوڵتانی و د. عەبدوڵلا مەردوخ وەڵامی بانگهێشتنی منیان داوە. کاک هێرش یش لە چەند کەسی داوا کردبوو لەو تێکۆشانەدا بەشداری بکەن کە لەوانە د. عەبباسی وەلی و کاک ئەفراسیابی حەلیمی و کاک خوسرەوی زەبیحی بەرهەمی خۆیان نارد. هەروەها کاک هێرش خۆی لەگەڵ د. موورادی وتووێژی کردبوو. ←

پێش بڵاوبوونەوەی گزینگ، مـن چـاوم بـە بەرهەمی ئەو نووسـەرانە کـەوت: ئیـبـراهیم ئەحمـەد، م. مەلا عززەت، ع. مەردوخ (مـەتنی هەوەڵ)، ع. وەلی، هێـــرش و وتـووێژی گ. مـورادی. من چەند تێـبـینی وڕاسـتکردنەوەم سەبارەت بە چوار نووسراوە بۆ کاک هێرش نارد. کـاک عـەبدوڵلا دەستی لە نووسراوەکـەی خۆی وەردا وشـتی تازەی لێ زیادکرد کـە زۆر درەنگ گـەیشـتـە دەست کـاک هێـرش ومن چاوم پێی نەکەوت.

لە گـۆڤـاری غـەیری حـیـزبی وەک گزینگ دا، سەرنووسـەر پێویست نییە تەواوی لێکدانەوە و بۆچوونەکـانی نووسـەران پەسند بکا. ئەرکـێکی سـەرنووسـەر دۆزینەوەی نووسـەر و نووسـراوەی باش، دابێژتنی هەڵە و مەودانەدان بە شەڕەقسە و جنێـودان و شـتی وایە. سـەرباقی حـەولێکی زۆر، هیچکام لە نووسراوەکانی گزینگـی ١٣ بێ هەڵە (چاپی وغـــەیری چاپی) نین. بۆ وێنە نووسراوەکەی من، دوای دوو جار پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی هەڵە چاپییەکان، بەلانیکەمەوە، ٢١ هەڵەی تێکەوت کـە لە ژمـارە ١٤دا ڕاست کـراونەتەوە. بۆ ئەوەی هەر ژمـارەی گـۆڤـارێک بەبێ کـەمـوکـووڕی بڵاوبێـتـەوە پێـویسـتـە سـەرنووسـەر بە لانیکـەمـەوە دووساڵ لە پێشـدا کاری خۆی دەست پێبکا هەتا فرسەتی هەبێ بە پوختی تەواوی بکا. ئەوەندەی من ئاگام لێیە، گزینگ تەنیـا گـۆڤـاری وەرزیی کـوردی دەرەوەی وڵاتە کە، بە حەول و تێکۆشانی کاک هێرش، لە کـاتی خۆیدا بڵاودەبێـتـەوە. بەڵام دەبێ حـەول بدرێ بەرنامـەی ئـامـادەکـردنی هەر ژمـارەی گـۆڤـارەکـە یەکـدووسـاڵ وەپێش کـەوێ. ئەوەش کارێکی یەکجار زەحمەتە و بەتاقی تەنێ ناکرێ.

ڕەخنەی سـەرەکی کـاک کـەریم ئەوەیە کـە ئەو ژمارەیە تایبەتییە پێوەندی بە یادی پەنجاساڵەی دامـەزرانی کـۆمـار نیـیـە. کـاک کـەریم دەڵێ ڕووبەرگ و پشـتـبـەرگی گـۆڤـارەکـە لەگـەڵ دابوشـــوێنی «یوبیلی ئـاڵتــوون» (جــەژنی ٥٠ساڵە)ی کۆمار نایەتەوە. چونکە «بە ڕەنگی شـــاد و وێنە و دیمەنی جــوان» نەڕازاوەتەوە و «باشـتر وابوو بەرگی دەرەوەی گۆڤاری گزینگی ژمـارە ١٣ بۆ یادی تێکچـوونی کـۆمــاری کـــوردســــتـــان (واتە بۆ ١٩٩٧/١/٢٢) ڕاگیرابایە...»[2] کـــاک کــــەریم پێـــشی وایە سەرنووسـەری مـیـوان و بەرپرسی گزینگ «دابی تازە و پەژارەیان» بۆ یادی دامـەزراندنی کـۆمـار ڕەچاوکردووە.

لێـرەدا کـاک کـەریم ئەرکی بڵاوکـراوەیێکی حیزبی لەگـەڵ ئامانجی گۆڤارێکی کـولتووری ـ ئەدەبی (ئەویش غـەیری حیزبی) تێکەڵ کردووە. ڕازاندنەوەی گــۆڤــار و ڕۆژنامــە بە ســەردێڕی ڕەنگاوڕەنگ و وێنە ونیگاری جـوان و شــاد ڕەنگە بۆ تەبلیـغـات و هاندان و وەخۆخـسـتنی ئەندامانی حیزب و جەماوەری خەڵک بەکاربێ بەڵام ئەو دابە شـیـاوی گۆڤارێکی وەک گزینگ نیـیــە. ئەوە ڕاســتــە کــە وێنەی ڕووبەرگ و پاشبەرگ تاریکی و غەم و پەژارەی تێدا هەست دەکــرێ، بەڵام هەر دوو وێنە هەڵکردنی ئاڵای کۆمـار پێشـان دەدەن، نەک ڕووخانەکەی. کاک خـوسـرەوی زەبیـحی لە وێنەی ڕووبەرگـدا، ئاڵاهەڵکردنی کـردۆتە گـێـژەڵووکـەیێک کـە لە سەربانی خانووبەرە و لە سەر شار هەڵاتیساوە و لە پێچ و سووڕخواردنەوەیدا درێژەی ژیانی کۆمار دەردەبڕێ نەک ئاوابوونی لە ئاسـمـانی ژیاندا. (لە وێنەی پاشبەرگدا هیچ پێویست نەبوو ناوی کۆمار بە زمانی ئینگلیسی بنووسرێ).

ڕەخنەی کاک کەریم لە نووسراوەکان ئەوەیە کە تەرخـانی «لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی گـرینگی پێکهاتنی ئەم کـۆمـارە» نەکراون (ل٤٧). بە بڕوای کـاک کـەریم ئەو نووسـراوانە دەکـرێ لە هەموو شوێن و لە هەموو کاتێکدا بڵاو بکرێنەوە بەڵام بە کــاری ژمــارەی تایبــەتی بیــرەوەری دامـەزرانی کـۆماری کـوردسـتـان نایەن. ئەوەش ڕەخنەیێکی بە جێ نییە.

دابی ڕۆژنامــە و گــۆڤــاری حـــیـزبی وەک *آذربایجان* (فـیرقـەی دێمـۆکراتی ئازەربایجـان)، کوردستان (حیزبی دێمۆکراتی کوردستان) و دنیا و مردم (حیزبی توودەی ئێران) ئەوەبوو کـە هەموو ســاڵێ لە ٢١ی ئازەر و ٢ی ڕێبــەندان باسی دامـەزراندن، دەسـتکەوتەکـان و هۆی ڕووخـانی دوو کۆمارەکە بکەن. ئەگەر تەواوی نووسـراوەی ئەو پەنجـــاســـاڵەیان لێکبـــدەینەوە، نە لێکدانەوەیێکی تازەمـان وەدەست دەکـەوێ نە زانیـاریی تازە و نە بەڵگەیێکی ڕوونکەرەوەی ئەو تەجـرەبە گــرینگەی دامـەزرانی دەســەڵاتی ســیــاسی ئازەری و کــورد.[3] بەداخـــەوە ئەو ڕێکخـراوانە سـونەتی لێکۆڵینەوەی مـێژوویی و پێداچوونەوە و بڵاوکـردنەوەی بەڵگەیان نییـە.[4] فیرقەی دێمۆکرات بەسترابۆوە بە حیزبی تودە و هەردووکیـان دەستبەسەری حیزبی کومونیستی ئازەربایجان و سۆڤێت و دەوڵەتی سۆڤێت بوون. حیزبی دێمۆکراتیش کە لەو دووانە سەربەستتر بوو هەر بە مـەرەدی وان چوو. ئەو ڕێکخـراوانە ئەگـەر ویسـتـبـایـان گـرینگیی ئەو ئەزمـوونە مــێـــژووییـــە ڕوونبکەنەوە دەیانتــوانی بە لانیکەمەوە بڵاوکراوەکـانی کـۆمـار (ڕۆژنامـە و کـتێب وگـۆڤـار) چاپ بکەنەوە(بە ئوفسێت) و بیانخەنە بەر دەستی لێکۆڵەرەوە و خوێندەواران و ڕێگەی لێکۆڵینەوەی پێ خـۆش بکەن. کـاک کـەریم خۆی زۆربەی ئەو شـتـانەی سەبارەت بە کـۆمـار نووسـیـوێتی و بڵاوی کـردۆتەوە وەک ئەندامی حـیـزبی نەیکردووە. گـۆڤـارێکی وەک گزینگ پێـویـســتــە لە داب و دەســـتـــووری ڕۆژنامەگـەریی حیزبی لابدا. تەنانەت حیزبیش ئەگـەر بیـەوێ بەرەوپێش بڕوا، دەبێ دەست لە دابی کــۆن هەڵبگرێ و وەدوای لێکـۆڵینەوە و ڕەخنەگرتن لە ڕابردوو و ئێستەی خۆی بکەوێ.[5]

کـە چاو لە گـۆڤـاری مـێـژوویی، ئەدەبی و کـولتـووری غـیـری حـیـزبی وڵاتانی تر بکەین، دابێکی دی دەبیـنین ــ دابی لێـکـۆڵـینەوە، لێکدانـەوەی تازە، زانیــــاریی تـازە و بەڵگە بڵاوکـــــردنەوە. خـــوێنەرەوەی دەرەوەی وڵات دەتوانێ سـەرێکی کـتـێبـخانەکـان بدا و چاوێک بخشـێنێـتە سەر گـۆڤاری هەمە چەشنەی ساڵی ١٩٧١ (سـەدسـاڵەی دامـەزران وڕووخـانی کۆمۆنی پاریس)، ١٩٨٩ (٢٠٠ساڵەی شـۆڕشی فـەرانسـە)، ١٩٩٣ (پەنجـاسـاڵەی شـەڕی ستالینگراد)، ١٩٩٥ (پەنجاساڵەی تەواوبوونی شـەڕی جـیـهـانی دووەم) یان پاییـزی ئەوساڵ (هەشـتـا سـاڵەی شـۆڕشی ئوکـتـۆبر). لەو گۆڤارانەدا حـەول دراوە و دەدرێ کـە زانیـاری و لێکۆڵینەوە ی نوێ لە مەڕ ئەو ڕووداوە گرینگانە بڵاوبکرێتەوە و دەوری ڕووداوەکـان وگـرینگییـان لە ڕوانگەی مێژووی هاوچەرخدا شێبکرێتەوە. زۆربەی نووسـراوەکـان تەرخـانی لێکۆڵینەوەی بابەتیی زۆر ورد و تایبەتی کراون. گرینگیی ئەو

←

ڕووداوە مێژووییانە بە بێ لێکۆڵینەوە ی ورد و وردبوونەوە لە ڕووداوەکان و بە بێ ڕوانگەی تیۆری و ڕەخنەگرانە قەت ڕوون ناکرێنەوە.

کاک کەریم دوای هەڵسەنگاندنی گشتیی ژمارە ١٣، «گەشتێکی نێو وتارەکانی»کردووە و منیش گەشتێکی ڕەخنەکانی نوسەر دەکەم.

**١) نووسراوەی د. موورادی:** د. مووردای لە وتووێژەکەیدا، باسی ڕۆر شتی کردووە بەڵا کاک کەریم زۆربەی نووسراوەکەی خۆی تەرخانی بەربەرچدانەوەی بڕوای د. موورادی بە خودموختاربوونی کۆماری کوردستان کردووە. کاک کەریم، بەپێچەوانەی بۆچوونی د. موورادی و کاک مەحمودی مەلا عززەت و زۆر کەسی دی، پێیوایە کە کۆمار حکوومەتێکی سەربەخۆ بوو نەک خودموختار. لەو باس و موناقیشەدا، تا ئێستە زۆر شت ڕوون بۆتەوە بەڵا ئەوە کێشەیێکی سیاسی وتیۆری یە و لەوانەیە، لەبەر جیاوازیی بیر وڕا و ئیدەئۆلۆژی، قەت بەملا یان ئەولادا ساغ نەبێتەوە. بەداخەوە لەو باسانەدا تیۆری دەوڵەت و دسەڵاتدارێتی هێشتا دەورێکی نەگێڕاوە.

بە بۆچوونی من، داڕشتنی باسەکە، لە چوارچێوەی «سەربەخۆیی یان خودموختاری» مەودای ئەوەمان ناداتێ گرێوگۆڵی ئەو بابەتە ئاڵۆزە بکەینەوە و سەرەدەری لێبکەین. ئەگەر بێتوو لە ڕوانگەی دیالیکتییەوە لێکی بدەینەوە، دەتوانین شێوەی ئەم یان ئەو وەلابنێین و ناکۆکی و هاوکۆکی سەربەخۆیی و خودموختاری لە ژیانی کۆماردا بەدیبکەین. «کۆمەڵەی ژ.ک» سەربەخۆیی دەویست، بەڵام لە هەڵوەشانەوە و ڕێکخستنەوەی ئەو ڕێکخراوەدا حیزبی دێمۆکرات پێکهات وئەویش وەدوای ئۆتۆنۆمی کەوت. کۆماریش، لە قسە وکردەوەدا، هەم ڕەچەڵەکی سەربەخۆیی تێدا بووو هەم ڕەگ وڕیشەی خودموختاری.

ئەو ناکۆکییە (سەربەخۆیی و خودموختاری) هەم بەرهەمی ناتەبایی ناوەکی کۆمەڵی کوردەواری و بزووتنەوەی کوردایەتی بوو و هەم بەسترابۆوە بە ناکۆکییە دەرەکییەکان (ناکۆکی سۆڤیێت و زلهێزە ئەمریکایی و ئینگلیسییەکان، ناکۆکی سۆڤیێت وئێران، ناکۆکی سۆڤیێت و بزووتنەوەی کوردایەتی و...). بۆ هەڵکردنەوەی ئەو ماشەرە ئاڵۆزە، دەبێ پێوەندی دیالیکتیکی ناکۆکییە دەرەکییەکان و ناوەکییەکانیشمان لەبەر چاو بێ. ئەگینا ئەوەی کۆمار بە خودموختار دادەنێ، هەر دەبێ بەڵگەی ئۆتۆنۆمی کۆ بکاتەوە و ئەوی تر ئاسەواری سەربەخۆیی وەبەرچاوبخا.

**٢) نووسراوەی ئەمیری حەسەنپوور:** کاک کەریم دەڵێ باسەکەی من «پێوەندی بە یادی ٥٠ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە نییە» وچوومەتە «سەر مەسەلەی تیۆری وکێشەی کۆنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و زیندووکردنەوەی بیر وباوەڕی مائۆئیستی کە چینییەکان خۆیان دەمێکە وازیان لێهێناوە...» (ل ٥٠).[٦]

کاک کەریم خۆی لە کاکڵی باسەکەی من بواردووە و ئەوەی نووسیوێتی نە پێوەندی بە لێکدانەوەکەی من هەیە و نە، خۆی لە خۆیدا، بۆچوونێکی ڕاستە. هەروەک لە سەروتاردا نووسیبووم (ل٤)، من لە لێکدانەوەی سیاسەتی سۆڤیێتدا وەدوای بۆچوونی ئیدەئۆلۆگەکانی شەڕی سارد نەکەوتووم و کێشەکەم لە ڕوانگەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و ڕزگاریخوازای نەتەوەیی دوای شەڕی جیهانی شیکردۆتەوە. من گوتوومە سیاسەتی سۆڤیێت نە داگیرکردنی ئێران بوو و نە جیاکردنەوەی ئازەربایجان و کوردستان لە ئێران یان چاودانەسەر نەفتی باکووری ئێران. سیاسەتی سۆڤیێت لە مەڕ ئازەربایجان ـ کوردستان ـ ئێران لە چەند سەرچاوە هەڵدەقوڵا کە یەکیان ڕێبازی ڕێفۆرمیستی ستالین و حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیێت بوو. ئەو سیاسەتەش هەر بزووتنەوەی کوردستان و ئازەربایجانی کۆڵەوار نەکرد و زۆربەی گەلانی تری بەرەو ئەهاتی برد.[٧]

ئەگەر کاک کەریم بیەوێ خۆی لە باسەکەی من بزر نەکا و ڕەخنە لە لێکۆڵینەوەکەی من بگرێ، پێویستە بە لانیکەمەوە بە بەڵگە و بە لێکدانەوە بیسەلمێنێ کە: ١) سیاسەتی سۆڤیێت پێوەندی بە ڕێفۆرمیسم نەبووە و سیاسەتێکی داگیرکەرانە و تالانکەرانە یان شتێکی تر بووە، ٢) بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ساڵانی ٤٦)١٩٤٥ یەکدەنگ ویەکڕا بووە و دوو ڕێبازی جیاوازیی تێدا بەدیناکرێ، ٣) ڕووخانی دوو کۆمار شکستێکی سیاسی نەبووە و پێوەندییێکی قایمی بە سیاسەتی سۆڤیێت نەبووە و، ٤) قەیرانێکی سیاسی و ئابووری و عەسکەریی قووڵ لە ئارادا نەبووە و باری سوبژێکتیڤ (ڕابەرایەتی کۆمار و سیاسەت وبۆچوونەکەی...) لە باری ئوبژێکتیڤ (کزبوونی دەوڵەتی شا و بەهێزبوونی ڕیزی خەبات و قەیران) تەواو وەدوا نەکەوتبوو.[٨]

**٣) نووسراوەی د. عەبباسی وەلی:** کاک کەریم «شێوەی زانایانە» و «ڕوانگەی تیۆری وزانستی» ئەو لێکۆڵینەوە ی زۆر پەسند کردووە بەڵام دوو «ناتەواوی» تێدا دۆزیوەتەوە. یەکیان خۆبواردنی د. وەلی لە باسی بارودۆخی نێو نەتەوەیی و تەئسیری کۆمار لە بەشەکانی تری کوردستان و هەڵسەنگاندنی ئەزموونی کۆمار بۆ خەباتی ئێستەیە. ئەوی تر شێوەی نووسینەکەیەتی کە، کاک کەریم دەڵێ، «چونکە باسێکی تیۆری و زانستییە، لە باری زمانەوە ئەوندە قورسە پێموانییە حەموو کەس تێی بگات، هەر وەک خۆم باشی تێنەگەیشتووم» (ل ٥٠).

ڕەخنەی هەوەڵی بە جێ نییە چونکە د. وەلی چوارچێوە وسنووری لێکۆڵینەوەکەی خۆی زۆر بە ڕوونی لە پاراگرافی هەوەڵ دا، داڕشتووە وگوتوویەتی کە باسەکەی زۆرتر دەگەڕێتەوە سەر کۆمەڵگەی کورد نەک بارودۆخی نێونەتەوایەتی و بابەتی تر.[٩] ڕەخنەی دووەم، قورسبوونی زمانی نووسەر لەبەر وەی نییە کە باسەکەی تیۆری وزانستی یە. ئەو قورسبوونە زۆرتر لەبەر شێواز(style)ی نووسین وشێوەی دەکارهێنانی زمانە کە نووسەر ڕەچاوی کردووە. بەعزە خوێنەرەوەی تری گزینگ باسی ئاڵۆزیی شێوەی نووسینی د. وەلی یان کردووە و گوتوویانە کە تێگەیشتنی زەحمەتە.

بە بڕوای من شێوازی نووسین و دەکارهێنانی زمان تا ڕادەیێکی زۆر پێوەندی بە بۆچوونی سیاسی و ئیدەئۆلۆژی نووسەر هەیە نەک بە زانستی و تیۆرییانە بوونی بابەتەکەی. لەگەڵ ئەوەشدا باسی تیۆری و زانستی زاراوە و ڕاوێژی تایبەتی خۆی هەیە، نووسەر دەتوانێ بە زمانێکی بێ پێچ وپەنا و بە پەخشانێکی سەرڕاست مەبەستی خۆی دەربڕێ. قورسبوونی

⬅

مەتنەکەی د. وەلی بەڕادەیێکی کەمتر لەبەر ئەوەیە کە نووسراوەکەی لە ئینگلیسی ڕا کراوەتە کوردی. لەگەڵ ئەوەشدا کاک حەسەنی قازی وەرگێڕێکی شارەزا و لێهاتووە، پەخشانی کوردی هێشتا بۆ وەرگێڕانەوەی مەتنی ئاڵۆز باش ڕانەهاتووە. وەرگێڕانی ئەو چەشنە مەتنانە خۆی هەنگاوێکە بۆ پەروەردەکردنی زمانی کوردی.

ئەگەر کاک کەریم ویستبای «ناتەواوی» لە نووسراوەکەدا ببینێتەوە، دەکرا ڕەخنە بگرێ لە چوارچێوەی تیۆری نووسەر و لێکدانەوەکانی سەبارەت بە گۆڕانی «کۆمەڵەی ژ.ک» و چۆنێتی دەسەڵاتی سیاسی لە کۆماردا. بۆ وێنە ئەمن پێموایە چوارچێوەی تیۆری د. وەلی لەو نووسراوەدا دترمینیسمی ئابوورییانەیە وئەوەش بۆتە هۆی کزبوونی تەواوی لێکدانەوەکەی.

٤) **بیرەوەرییەکانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد:** ئەوە زۆر سەیرە کە کاک کەریم پێیوایە بیرەوەرییەکانی مامۆستا سەبارەت بە باری سیاسی ئەوبەری سنوور و دامەزرانی «کۆمەڵەی ژ.ک» و پەلهاویشتنی بۆ کوردستانی خواروو پێوەندی بە بیرەوەری ٥٠ساڵەی دامەزرانی کۆمارەوە نییە.

مامۆستا باسی وەی کردووە کە سەرکردایەتی کۆمار و حیزبی دێمۆکراتی کورستان «یارمەتی و هاوکاری خەباتکارانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیان قەبوڵ نەکرد بۆ پاراستنی کۆمارەکە» (گزینگ، ژ ١٣، ل ٥٠). لەگەڵ ئەوەشدا ئەو قسە ڕاستە و هۆیەکانیشی زۆر ڕوونن، کاک کەریم بە توڕەییەوە (لە کوردی ئەوبەری سنوور) بەرپەرچی قسەکانی مامۆستا دەداتەوە، لە سەر کوردستانی ئێران دەکاتەوە و باری نالەباری ئێستەی پەنابەری کوردی ئێران (لە کوردستانی عێراق) بە چاوی مامۆستا و کوردی ئەوبەری سنووردا دەداتەوە.

لێرەدا کاک کەریم هەر ئەو شێوەیە دەکار دێنێ کە لە هەڵسەنگاندنی نووسراوەکەی مندا ڕەچاوی کردووە.[10] ئەگەر کاک کەریم بیەوێ ڕێگە لە مامۆستا بیرێ دەبێ بە بەڵگە و لێکدانەوە بیسەلمێنێ کە: ١) ڕابەرایەتی کۆمار سیاسەتی خۆ دوورکردنەوەی لە کوردی ئەوبەری سنووری نەبوو، ٢) دەوڵەتی سۆڤێت وئێران و ئەمریکا وئینگلیس و عێراق و تورکیا کاریان بە پێوەندی نێوان کۆمار وئەوبەری سنوور نەبوو و هیچ فشارێک لە سەر ڕابەرایەتی کۆمار نەبوو بۆ ئەوەی سنووری ڕۆژئاوای کۆمار ببەستێ، ٣) کوردی ئەوبەری سنوور ئازادبوون بە هەر شێوەیێکی بیانویستبا لەگەڵ کۆمار بکەون و، ٤) ئەو کوردانەی کوردستانی خواروو کە لە کۆماردا بوون ـ وەک بارزانییەکان و ئەوانی تر ـ تووشی هیچ بەرهەڵستێک کە پێوەندی بەو سیاسەتەوە بێ نەبوون.

٥) **نووسراوەی کاک مەحمود وکاک عەبدوڵڵا:** لەبەر ئەوەی ئەو نووسراوانە لە ژمارەی ١٣دا جێیان نەبۆوە، کاک کەریم ئەو بەرهەمانەی ئەنرخاندووە، بەڵام پێیوایە بەشی هەوەڵی نووسراوەکەی د. مەردوخ، کە باسی چوارچێوەی مێژوویی و ناوچەیی و نێونەتەوەیی کوردایەتی سەردەمی شەڕی جیهانی دووەم دەکا، پێوەندی بە بیرەوەری ٥٠ساڵەی دامەزرانی کۆمارەوە نییە. ئەگەر کاک کەریم ڕەخنە لە تەسکیی باسەکەی د. وەلی دەگرێ، لە هەڵسەنگاندنی نووسراوەی د. مەردوخ دا، بەرینی باسەکەی وەک ناتەواوییێک چاولێدەکا.

٦) **نووسراوەی کاک هێرش:** کاک کەریم دەڵێ «ئەم وتارە بە تەواوی خۆی لە باسی دامەزرانی کۆماری کوردستان و یادی ٥٠ساڵە و بوون ونەبوونی ئەم ڕووداوە گرینگە بواردووە». کاک هێرش، «ڕەوتی سەرهەڵدانی شێعری نیشتمانی و سیاسی لە موکریان (لە شەڕی یەکەمی جیهانییەوە تا کۆماری کوردستان»)ی لێکداوەتەوە.

مێژوونووسینی کۆمار زۆرتر تەرخانی ژیانی سیاسی کراوە و کەم کەس وەدوای تۆمارکردنی ژیانی ئەدەبی و زمانی کەوتووە. ئەوە ئاشکرایە کە ئەدەبیات (بەتایبەتی شێعر) و ڕۆژنامەگەری دەورێکی زۆر گرینگیان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری کۆماردا هەبوو بەڵام کەس تائێستە خەریکی لێکۆڵینەوەی ورد وتایبەتی ئەو بابەتە نەبووە. یەکێک لەو شتانەی نووسراوەی کاک هێرش ڕایگەیاندووە ئەوەیە کە چالاکی ئەدەبی لە کۆماردا لە ناکاو و لەپڕڕا سەری هەڵنەدا و لە جەنگەی بەرنامەی زمانکوژی و کولتوورکوژی ڕەزاشای پەهلەویدا، دەستکردنەوە و بەربەرەکانی لە شەڕگەی ئەدەبدا بەتین بووە. ئەو لێکۆڵینەوەیە درێژەی هەیە و لەوانەیە لێکۆڵەرەوەی ترـ بەتایبەتی ئەوانەی لە وڵاتن ـ هانبدا بۆ دەستپێکردنی پڕۆژەی بەرین و بەپێز کە تەنیا لە وڵاتدا ئیمکانی بەڕێوەبردنی هەیە. لێکۆڵینەوەی ئەدەب نابێ لە چوارچێوەی مەتنی ئەدەبیدا ببەسترێتەوە و پێویستە چۆنێتی و چەندێتی وەرگرتنی ئەو ئەدەبە لە لایەن خوێنەرەوە وگوێدێرانەوە، ژیانی داهێنەرانی ئەدەب، پێوەندی ئەدەب و مۆسیقا و ڕۆژنامەگەری و زۆر لایەنی تری تۆمار بکرێ و لێکبدرێتەوە.

لە ئەنجامدا، کاک کەریم «نامۆیی لە ناوەرۆکی» ژمارەی تایبەتی دەکا و دەڵێ: «لە کۆتاییدا بە بۆچوونی من، گزینگی ژمارە ١٣ نەک هەر نەیتوانیوە وەڵامدەری نیشانەکەی خۆی بێ (کە یادی پەنجاساڵەی کۆماری کوردستانە) بەڵکوو لە زۆر بارەوە کورتیشی هێناوە» (ل٥١). کاک کەریم بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو ژمارەیە، پێوانەیێکی سازکردووە کە ئاوایە: هەر نووسراوەیێکی تەرخانی باسی «گرینگی پێکهاتنی کۆمار» (ل٤٧، ل٥٠) نەکرابێ پێوەندی بە «یوبیلی زێڕینی» کۆمارەوە نییە.

با وای دابنێین ئەوە پێوانەیێکی باش بێ. بەڵام «گرینگی پێکهاتنی کۆمار» کاتێک ڕوون دەبێتەوە کە گشت لایەنی ئەو ئەزموونە ـ سیاسەت، ئابووری، زمان، ڕێکخراوی عەسکەری، ئایینی، کەمایەتییەکان، ژنان و هتد ـ بە وردی تۆمار بکرێ و بە بۆچوونی ڕەخنەگرانە و لە چوارچێوەی تیۆری دا لێکبدرێتەوە. دەنا هەر دەبێ ئەو قسانەی پەنجا ساڵە دەیبیستین دووپاتەبکەینەوە.

مێژوونووسینی کۆمار، پێویستە بگاتە قۆناغێکی نوێ ـ لێکۆڵینەوەی بابەتی ورد و تایبەتی، دەکارهێنانی تیۆری و مێتۆدۆلۆژیی پێشکەوتوو و، ڕوانگە و بۆچوونی تەواو ڕەخنەگرانە. گزینگ ی ١٣ هەنگاوێک بوو لە سەرەتای ئەو ڕێگە خۆش نەکراوەدا. لەسەر ئەوەش ڕا ڕێگە خۆشە بۆ ڕەخنەی بەپێز و بەهێز.

**پەراوێزەکان:**

١) بڕوانە: عەلی کەریمی، «هەڵەی مێژوویی یان چاوخشاندنێک بە بابەتەکانی ژمارە ١٣ی گزینگدا»، گزینگ، ژمارە١٤، زستانی ٩٧، ل٢٩)٢٣.

کەریم حیسامی، «گزینگی ژمارە ١٣، نامۆ لە ناوەرۆکی»، گزینگ ژمارە ١٤، ل ٥١)٤٧.

٢) پەنجاساڵەی تێکچوونی کۆمار دەکاتە ١٧ی دیسامبری ١٩٩٦( ڕۆژی داگیرکردنی مەهاباد ١٣٢٥/٩/٢٦بوو کە دەکاتە ١٩٤٦/١٢/١٧).

٣) تەنیا لادانێک لە لێکدانەوەی ڕەسمی حیزب سەبارەت بە مێژووی کۆماری کوردستان لە ماوەی پەنجا ساڵدا، لە کۆنگرەی دووهەم لە ساڵی ١٣٤٣دا بەدیدەکرێ. بەڵام لە ساڵی ١٣٥٢دا، کۆنگرەی سێهەم ڕێبازی کۆنگرەی دووهەمی وەلانا.

بڕوانە: «بیاننامە دومین کنگرە حزب دموکرات کردستان»، توفان، شمارە١٥، مهر ١٣٤٤، ص٤)٢؛ *کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان(ئێران)*، ڕەزبەری ١٣٥٢ ـ سیپتامبری ١٩٧٣، ل٢٤)٢١.

٤) تا ئێستە نامیلکەی ٥ لاپەڕەیی مەرامنامەی حزبی دیموکراتی کوردوستان ( مهاباد، سەرماوەز ١٣٢٤، چاپخانەی کوردوستان) بە کوردی بڵاونەبۆتەوە و نووسەری کورد دەبێ مەتنە فارسییەکەی [کە لە گۆڤاری توده (شمارە ١٩ ـ تیر ١٣٤٩)دا لە مەتنی کوردی وەرگێڕدراوە] لە سەرڕا وەربگێڕێتەوە سەر کوردی (بڕوانە: محمود ملا عزت، *کۆماری میللی مەهاباد*، سوید، ١٩٨٦، ل٨١ـ)٧٨، ل٨٥ پەراوێزی ٢٨). ئەو مەتنەش کە د. عبدالستار طاهر شریف لە *الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیه فی نصف قرن* ١٩٠٨)١٩٥٨، بەغدا، ١٩٨٩، ل٤٦)٣٤١ بڵاوی کردۆتەوە هەر ناخوێندرێتەوە.

٥) ئەو قسەی کاک کەریم لادانە لە باسەکەی من. لە نووسراوەکەمدا، گوتوومە دەوڵەتی سوڤیێت بە داسەپاندنی ڕێبازی ریفۆرمیستی خۆی لە ساڵانی دوای شەڕی دووەم، ملی بە زۆر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی شۆڕ کرد بەڵا چەند حیزب وەدوای ئەو ڕێبازە نەکەوتن و خەباتیان درێژە پێدا و سەرکەوتن. یەکێک لەوانە حیزبی کومۆنیستی چین بوو کە لە ساڵی ١٩٤٥)١٩٤٦خەباتی خۆی درێژە پێدا و لە ساڵی ١٩٤٩دا سەرکەوت. لە مانگی مەی ساڵی ١٩٤٦دا کە ستالین دەیگوت قەیرانی شۆڕشیی لە ئێران نییە و لە دیسامبری ئەوساڵەدا کە حیزبی توده دەیگوت هێرشی دەوڵەتی شا بۆ سەر ئازەربایجان و شکانی دوو کۆمار مەترسی شەڕی جیهانی سێیەمی لە ناوبردووە، حیزبی کومۆنیستی چین و چەند حیزبی دی بەرزگارکردنی وڵاتی خۆیان مەترسی شەڕیان دوورکردەوە. کاک کەریم ئەگەر بیەوێ لە باسەکە لانەدا دەبێ ئەو بەشەی مێژوو شی بکاتەوە و بیسەلمێنێ کە لێکدانەوەی من هەڵەیە. بە پێچەوانەی بۆچوونی کاک کەریم، ئەوە «کێشەی کۆنی بزووتنەوەی کومۆنیستی »نییە. باسەکە خۆی باسێکی مێژووییە(ڕووخانی کۆمار) و خۆبواردن لەو کێشەیە(باسی بزووتنەوەی کومۆنیستیی جیهانی لە ساڵانی ٤٦)١٩٤٥دا) یان سانسۆرکردنی مێژووی ئەو سەردەمەیە یان ناگادارنەبوون لە بارودۆخی نێونەتەوەیی سەردەمی ڕووخانی کۆمارە. دەوڵەتی کۆمار لەگەڵ دەوڵەتێک هاوپەیمان بوو کە بزووتنەوەی کومۆنیستیی جیهانی بەڕێوەدەبرد. وادیارە نە ئەودەمە ح. د. ک دەیزانی لە دنیادا چ باسە، نە ئێستە کاک کەریم پێیوایە دەبێ بزانین لە ٤٦دا چ باس بوو.

٦) ئەو قسەی کاک کەریم کە دەڵێ «چینییەکان خۆیان دەمێکە وازیان» لە مائۆئیسم هێناوە(وەک ئەو قسەی بە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی گوتووە) پێوەندی بە باسەکەوە نییە(بڕوانە پەراوێزی ١٠). ئەوەی کە کاک کەریم، بە لێکدانەوەیێکی ڕۆژنامەنووسانە، پێی دەڵێ وازهێنانی چینییەکان لە مائۆئیسم، کودیتایێک بوو کە لە ساڵی ١٩٧٦ بەشێک لە ڕابەرایەتی حیزبی کومۆنیستی چین بەیارمەتی بەشێک لە ئەرتەشی چین کردیان و زۆربەی ڕابەرە مائۆئیستەکانیان گرت وکوشت و پەرەپێدانی ئابووری سەرمایەدارییان کرد بە بەرنامەی حیزب ودەوڵەت (بێ ئەوەی مەودا بدەن بە دێمۆکراسی بورژوایی).

٧) ڕەخنەیێکی لێکدانەوەی من ئەوەیە کە پێوەندی نێوان ڕێبازی ریفۆرمیستی حیزبی کومۆنیستی سۆڤیێت و ڕێبازی ناسیۆنالیستی (ناسیۆنال شوڤێنیسمی ڕووس) ئەو حیزبەم باس نەکردووە. ئەو ڕێبازە لە حیزبە کومۆنیستییەکان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی دنیای دەویست کە بۆ پاراستنی«یەکێتی سۆڤیێت وەک بنکەی شۆڕشی جیهانی» دەست لە خەباتی خۆیان هەڵبگرن.

٨) کاک کەریم لە باسی سەروتاری گزینگی ژمارە ١٣دا، دەنووسێ کە کورد لە چەند سەدەی ڕابردوودا تەجرەبەی دەوڵەتی نەبووە و ئەمارەتە کوردییەکان وردە دەوڵەت نەبوون و تەنیا کۆماری کوردستان دەوڵەت بووە. من لە داهاتوودا کێشەی پێکهاتنی دەسەڵاتی دەوڵەتی لە کوردستانی سەدەی ١٥بەولاوە باس دەکەم (لە بەشی دووەمی «گەلی کورد و دەسەڵاتی سیاسی لە مەم و زین ی خانیدا»).

٩) ناتەواوی لێکۆڵینەوەی د. وەلی ئەوە نییە کە باسی بارودۆخی ناونەتەوەیی و ناوچەیی نەکردووە. کزبوونی لێکدانەوەکەی زۆرتر لەوەدایە کە گۆڕانی سیاسی ناوەکی بزووتنەوەی کوردایەتی (وەک هەڵوەشانی ک. ژ.ک و دامەزرانی ح. د.ک) لە گۆڕانی سیاسی نێو نەتەوەیی و ناوچەیی (گۆڕانی سیاسەتی سۆڤیێت لە ١٩٤٥ و دامەزرانی لە ناکاوی دەوڵەتی میللی ئازەربایجان) جوێ کردۆتەوە. ئەو جیاکردنەوەش ئەوەندە یەکجارەکی و تێکڕاییە کە پێیوایە دامەزرانی ح. د.ک بەهەڵکەوت (وەک تەسادوفێکی مێژوویی) لەگەڵ بەرژەوەندی و ستراتیژی یەکێتی سۆڤیێت یەکی گرتەوە ( گزینگ ١٣، ل٣٤)٣٣). بنچینەی ئەو لێکدانەوەش (لە باری تیۆرییەوە) لەو بۆچوونە دترمینیستییە(determinist)ی د. وەلی دایە کە سیاسەت و گۆڕانی سیاسی بە شێوەیێکی میکانیستی دەبەستێتەوە بە پێوەندییە ئابووری ـ کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵی کوردەواری. من پێوەم لە فرسەتێکی دیدا ڕەخنەیێکی تیۆری و مێتۆدۆلۆژییانە لەمەڕ نووسراوەکەی د. وەلی بنووسم و بۆ گزینگی بنێرم.

١٠) کاک کەریم دەڵێ ئەو کوردانەی کە لە کاتی ڕووخانی کۆماردا پەنایان بردە کوردستانی خواروو یارمەتییان نەدرا «هەروەک ئێستا ئاوارە و تێکۆشەرانی کوردستانی ئێران لە (کوردستانی ئازادبوو) لە دەستی پاسدارانی ئێرانی و تیرۆریستەکان دەپارێزن!» (ل٥٠). با وای دابنێین کەس یارمەتی پەنابەرانی ١٩٤٦ی نەداوە و بیرەوەرییەکانی مامۆستامان پێ ڕاست بنەێ (کە ئەو فەرزە زۆر هەڵەیە)، چۆن دەکرێ ڕەفتاری ئێستەی ئەو دوو حیزبەی( ینک ویدک) کە لە حکوومەتی هەرێمدا شەریک بوون بکەیە بەڵگەیێک بۆ سەلماندنی ئەو ئیدعایە؟ ئاشکرایە کە لە کارنامەی حیزبە ناسیۆنالیستەکان (بەتایبەتی دوای ١٩٦١) و دستە و دەیارە ئیسلامییەکاندا نەک هەر یارمەتی نەدانی تێکۆشەری کورد و غەیری کورد تۆمارکراوە بگرە خەیانەت و کوشتارێکی بێ ئامانیش پەروەندەکەیانی پیس کردووە. نووسینی مێژووی ئەو بابەتە ئەرکێکی زۆر گرینگە بەڵام پێویستی بە ڕوانگەیێکی تر هەیە. ■

## ● «ئاڵەکۆک» (بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم)

● نووسەر: غەنی بلووریان
● کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: حامید گەوهەری
● چاپخانە: Författares bokmaskin
● تیراژ: ١٠٠٠ بەرگ
● چاپ: ستۆکهۆڵم ـ سوێد، ١٩٩٧
● قەوارە: مام ناونجی، ٤١٦ لاپەڕە

● حەسەنی قازی ●

*««ئاڵەکۆک»»* بریتی یە لە بەرسەرهاتە سیاسییەکانی کەسایەتی ناسراوی کورد، «غەنی بلووریان» کە نزیکەی ٢٥ ساڵ لە ژیانی خۆی لە سەر مافی کورد، لە زیندانە جۆربەجۆرەکانی ڕێژیمی پاشایەتی ئێراندا بەسەربردووە.

نووسەر بیرەوەرییەکانی لە سەر شریت تۆمار کردووە و کۆکەرەوە و ئامادەکاری کتێبەکە نێوەرۆکی شریتەکانی هێناوەتە سەر کاغەز و «بۆ دیتنەوەی سەرچاوە و مێژووی ڕووداوەکان» پرسی بەخەڵک کردووە و دوایە پێیدا هاتووەتەوە.

بەڕێز بلووریان لە ئاخری سەرەتای *««ئاڵەکۆک»»*دا ڕادەگەیێنێ: «لە کۆتاییدا پێویستە بە خوێنەرانی بەڕێز ڕابگەیەنم کە کتێبی *«ئاڵەکۆک»»* تەنیا ژیاننامەی سیاسی منە کە بەڵاودەبێتەوە و جیا لەو ئەگەر نووسراوەیەکی تر بە ناوی من بڵاوبکرێتەوە، جێگەی متمانە نیە. (ل١١)

لەو کتێبەدا جگە لە چەند وێنەی نووسەر و هاوسەری، وێنەی چەند کەسێکیش کە لە کتێبەکەدا باسیان کراوە لەگەڵ چەند بەڵگەی مێژوویی چاپ کراون. نووسەر، کتێبەکەی بە بۆنەی پەنجا ساڵەی دامەزراندنەوەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران(١٣٢٦-١٣٧٦) بڵاوکردووەتەوە و پێشکێش بە هاوسەری ژیانی «یای مەرزە»ی کردووە کە هەستی قووڵی نووسەر لە ئاست ئەمەگ و وەفاداری وی نیشاندەدا.

شیکردنەوەی بابەتانە و ڕەخنەگرانە پێویست دەکا، ڕەخنەگر بێ پێشداوەری سیاسی و پێوانەی ئیدێئۆلۆژی ئەو کتێبەی لێی دەدوێ هەڵسەنگێنێ و لە ڕوانگەیەکی هەموولایەنەوە چاوی لێ بکا. ئەمن لەو نووسراوەیەدا حەول دەدەم ئاوا بجووڵێمەوە.

خوێنەرەوەی ورد و مووقەڵێش هەر لە بەندی یەکەمی کتێبەکەوە هەست پێدەکا نووسەر خۆی نەکردووەتە دەورگێڕی سەرەکی ڕووداوەکان و کاتێک باسی ئەو کەسانەی دەکا کە کاری لەگەڵ کردوون، بۆچوونەکانی زۆر کەم سۆز و بوغزی شەخسیان پێوەدیارە.

*««ئاڵەکۆک»»* بۆ یەکەمجار چەند لایەنێکی تازە لە مێژووی سیاسی بەشێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەهێنێتەگۆڕێ کە پێشتر، یان باسیان نەکراوە یان کەمیان لەسەر نووسراوە، وەک: دامەزرنی «سازمانی جەوانانی کورد» و ئەندامەتی دواتری لە کۆمەڵەی ژێکاف دا، هەر وەها کار و چالاکییە سیاسییەکانی حیزبی دێمۆکرات لە سەروبەندی بەر لە کودەتای زاهیدی: جێژنی میللی کردنی نەوت، ڕاپەڕینی جووتیاران لە ناوچەی بۆکان، ڕێفراندۆم (بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی شا) و هەڵبژاردنی خولی ١٧ی مەجلیسی شوورای میللی ئێران و خۆپێشاندانی خەڵک لە مهاباد کاتی هەڵهاتنی شا بۆ بەغدا و ڕۆم و... وەک باسکرا ئەگەرچی ئەو ڕووداوانە لە نووسراوە ڕەسمییەکانی (حدکا) و بیرەوەری چەند تاکوتەرا دا ئاماژەیان پێکراوە، بەڵام هیچکامیان ئاوا دڵپاکانە و بە دوور لە سۆز و کفوکوڵ نەنووسراون. بەتایبەتی گێڕانەوەی بەربەرەکانی حیزب لە هەڵبژاردنی خولی ١٧ لە مهابادا.

*««ئاڵەکۆک»»* هێندێک مەسەلەی پێنەزاندراو، یان لێڵی ئێوحیزبیشی لەوکاتی و لەوسەروبەندی دواتردا ڕوون کردووەتەوە، وەکوو پێوەندی لەگەڵ حیزبەکانی خوارووی کوردستان و عێراق، مەسەلەی هەڵسوکەوت و دەوری «ئەسعەدی خودایاری»، کە تەنانەت بۆ ئەو خوێنەرەوەش کە ئاگای لە هێندێک لایەنی مێژووی (حدکا) هەیە تەواو تازەن.

گیرانی بەکۆمەڵی تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکرات لە پاییزی ساڵی ١٩٥٩، لێدان و ئەشکەنجەدانی زیندانییەکان، خۆڕاگری کاک غەنی، کاک عەزیزی یۆسفی، کاک محەمەدی مەولایی، باری ڕوحی و ئاکاری کاک غەنی و ئاواڵەکانی لەو ماوەیەیدا کە چاوەڕوانی بەڕێوەچوونی حوکمی ئێعدام بوون، بە شێوەیەکی هێندە واقعی ئەخشاوە کە هەستی خوێنەرەوە دەبزوێنێ و برینی کۆن تازە دەکەنەوە.

سەبارەت بە ڕووداوەکانی دوای کۆنگرەی ٤ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (٣٠ ڕێبەندان تا ٥ی ڕەشەمەی ١٣٥٨ هەتاوی) و هێنانەگۆڕی ئەو قەسانەی لە نێوان شەهید قاسملوو و نووسەر لە بواری جۆربەجۆردا کراون، بەداخەوە ئەوانە قەت بە شێوەیەکی بابەتیانە یەکلاناکرێنەوە، چونکوو بە سەنەد و بەڵگە نەسەلماون و لە سەرێکی دیکەوەش دوکتور قاسملوو نەماوە تا دیتنی خۆی سەبارەت بەو باسانە ڕوون کاتەوە، بەڵام گشت ئەوانەی سەردەمێک لە نزیکەوە کاریان لەگەڵ وی کردبێ شێوەی ئیستیدلال و تاکتیکەکانی دەناسنەوە.

*««ئاڵەکۆک»»* زانیاریی زۆر لەبەر دەست خوێنەرەوە دەنێ و تیشک دەخاتە سەر سەردەم و لایەنی جوربەجوری ژیانی سیاسی نووسەر. ئەو کارەی بلووریان جێی سپاس و ڕێزە، چونکوو بەرەی ئێستا و داهێ لە ئەزموون و بەسەرهاتەکانی خۆی ئاگادار دەکا وکتێبەکەی یارمەتییەکی گەورەیە بۆ ڕوونبوونەوەی مێژووی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بۆیە پێویستە هەموو ڕێبوارانی ڕێی کوردایەتی *«ئاڵەکۆک»* بخوێننەوە... دیارە جێی خۆیەتی سپاسی کاک حامیدی گەوهەری یش بکرێ بۆ ئەو زەحمەتەی کە لە بەرهەمهێنانی ئەو کتێبەدا کێشاویە.

ئەمن لە خوارەوە حەول دەدەم بە پشت بەستن بە سەرچاوەی نووسراو و زانیاری شەخسی هێندێک لە کەموکوڕییەکانی ئەو کتێبە چ لە باری پاش و پێشبوونی تاریخی ڕووداوەکان، چ ←

به هەڵە ئاستەکردنی نێوەکان و هۆی واقعی چەند ڕووداو پێشکێش بکەم. پێویست بە دووپاتکردنەوە ناکا کە هیچکام لەو کەموکوڕییانە لە بایەخی ئەوکتێبە کەم ناکەنەوە.

١) لاپەڕەی ٢٩، کونسوولی گشتی بریتانیا لە تەورێز R.W. Urquhart لە ڕاپۆرتێکی نهێنیدا کە بۆ نوێنەری بریتانیا لە تارانی ناردووە[1]، دەڵێ ١٢ی مانگی ئۆکتۆبری ١٩٤٢ چووە بۆ مهاباد و لەوکاتەدا سەریعولقەلەم (سریع القلم) فەرماندار بووە، هەر لەو ڕاپۆرتەدا کونسوول دەنووسێ: «ئەمیر ئەسعەد (عەلی ئاغا)ی دێبۆکری لە مانگی ئاوریل دا چووە تارانێ و وەک فەرمانداری مهاباد گەڕایەوە... ئەو نەیتوانی ئەو جۆرەی کە دەبوو ئەو یارمەتییانەی دەوڵەت بە (عەشیرەتەکانی) دەکرد عادلانە دابەش کا و عەشیرەتە نارازییەکان، کە لە نێویاندا مەنگوڕەکان لە هەموویان زۆرترن جێگەی ئەویان گرتەوە، عەلی ئاغا گەڕایەوە بۆکان بۆ سەر ماڵ وموڵکی خۆی».

وەک دەردەکەوێ «سەریعولقەڵەم» دواتر واتە دوای ڕۆیشتنی «عەلی ئاغای ئەمیر ئەسعەد»لە مهاباد بووە بە فەرماندار و شارەبانیش هەر وەک لە لاپەڕەی ٢٦دا ئاماژەی پێکراوە لە مانگی مای ١٩٤٣دا چەک کراوە. کەوابوو بوونی قۆڵ سپی عەلی ئاغا لە مهاباد وێدەچێ لە سەرەتا یان نێوەڕاستی ساڵی ١٩٤٢دا بێ و لێرە کاتی ڕووداوەکان پاش و پێش کراون.

٢) لە لاپەڕەی ٣٢ و ٣٤دا هاتووە کە «گۆڤاری «نیشتمان» پێش ئەوەی ببێ بە ئۆرگانی **کۆمەڵەی ژێکاف**، بڵاوکراوەتەوە» لە کاتێکدا گۆڤاری «نیشتمان» یەکەم ژمارەی لە پووشپەڕی ١٣٢٢ هەتاوی(جولای ١٩٤٣) بڵاوکراوەتەوە و هەر لە سەرەتاوە بڵاوکەرەوەی بیری ژێکاف بووە.

«هێمن» لە نووسراوەیەکی دا «لە کوێوە بۆ کوێ» دەڵێ: « کۆمەڵە لە پێشدا کتێبێکی بچووکی شێعری بڵاوکردەوە بە ناوی دیاری کۆمەڵەی ژێکاف... و گۆواری نیشتمانی وەک ئۆرگانی کۆمەڵە چاپ کردووە» (بڕوانە *تاریک وروون*، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ١٩٧٤، ل ٢١).

٣) نووسەر لە گێڕانەوەی دەوری ڕەحمەتی حوسێنی زێڕینگەران(حوسێنی فروهەر) دا بۆچوونێکی هەموولایەنە نییە، باسی تێکۆشانەکانی لە سەردەمی موسەدیق دا کەمتر دەکا و هۆی زیندانی کرانی بۆ نزیک ١٥ ساڵ ڕوون ناکاتەوە، ئایا ئەوە پێوەندی بە تێکۆشانەکانی حوسێنی زێڕینگەران بۆ زیندووکردنەوەی حیزبەوە نەبوو؟ ئایا ئەو بە شێوەی سەربەخۆ کاری دەکرد؟ ئەوانە چاک ڕوون نابنەوە.

٤) لە لاپەڕەی ٥٨دا هاتووە:«بڕیاروابوو لە "کالج" واتە دەبیرستانی "ئەلبورز"ناوبنووسم و پاش تەواوکردنی خوێندن لەوێ[ باوکم] بمنێرێتە دەرەوە و لە وڵاتی ئورووپایی بۆ شوغڵی ئازاد بخوێنم و لەسەرا[ی]پێی خۆم ڕاوەستم، لە کالج دەگەڵ «ڕەحمانی قاسملوو» ئاشنا بووم، بەڵام زۆر نەمایەوە وله ساڵی ١٣٢٤-١٩٤٥ بۆ خوێندن چووە "پاریس"، من و چەند هەڤاڵ لە فرۆکەخانەی تاران ئەومان بەڕێ کرد».

ئەو تاریخە ناکرێ دروست بێ، چونکوو ڕەحمەتی قاسملوو دوای وەرگرتنی دیپلۆمی نێوەندی لە تاران چووە بۆ فەرانسە و ئەوەش دەگەڕێتەوە سەردەمی ڕووخانی کۆماری کوردستان، واتە دوای گەڕانەوەی کاک غەنی لە سۆڤیەت و چوونی بۆ تاران بە مەبەستی خوێندن. وێدەچێ ناسیاوبوونی وی لەگەڵ قاسملوو ئی ئەو سەروبەندە بێ واتە ساڵی ١٩٤٧ یان ١٩٤٨.

٥) لە باسی هەڵبژاردنی خولی ١٧ی پەرلەمانی ئێران (ل١٢٧)، نێوی کاندیدای دەوڵەت وەک «ئیمام خۆیی» هاتووە، لەکاتێکدا بە پێی سەرچاوەی دیکە ئەو شەخسە «سەید حەسەنی ئیمامی» ئاخوندێکی سەر بە دەربار بووە.

٦) سەبارەت بە ناکۆکی نێوان زیندانییە کوردەکان (ل٢٤٦)، ئەو سەروبەندی کە لە بەندی ٤ی زیندانی **قەسری قەجەر** لە تاران بەیەکەوە بوون، ئەو ناکۆکییانە تەنێ بەستراوەتەوە بەوەی کە هێندێکیان گیانی خۆڕاگریان «لاواز» بووە . ئەوانەی ئاگاداری ئەو




زەمانێن دەزانن کە ئەو کێشە و دووبەرەکییە بە داخەوە کێشابوویە دەرەوەی زیندانیش. داخودا ئەوە چ پێوەندی نەبوو بە ویستی سەربەخۆیی زیندانییە کوردە دێموکراتەکان لە ئاست زیندانییەکانی سەر بە حیزبی توودە؟

٧) لە لاپەڕەی ٢٦٥-٢٦٦دا باسی ڕووداوێک کراوە کە ڕوونکردنەوەی پێویستە. نووسەر دەڵێ: «... من جارێک لە زیندانی «بەرازجان»لە سەر ئەوەی کەسێک هاتبوو من ببینێ، بەڵام چونکوو ئیزنی دیتنی منی پێنەدرابوو، لێک ترازابووین. لەوێ قوتوە شیرنێکیان بۆ هێنابووم کە ناوی یەکێک لە خزمەکانی ١٧-١٨ساڵەمی لە سەرا[ی]نووسرابوو. من لەو سەرهەنگە تووڕە بووم و گوتم:ـ ئەو منداڵە ڕێگایەکی دووری بڕیوە هاتووە من ببینێ... ناڕەحەتی من لەوەبوو کە نەکا شتێک لە ماڵمان قەومابێ، کە ئەو منداڵەیان لە مەهابادەوە ناردۆتە زیندانی بەرازجان. لەبەر ئەوە بە تەواوی تێکچووم، بەڵام بەو حاڵەش پۆلیس ڕێگای بینینی پێنەدام و شەڕەکە بە زیانی من بڕایەوە. کابرای گۆڕین گەڕابۆوە و لە «شیراز»ەوە نامەیەک و وێنەیەکی خۆی بۆ ناردبووم بە دیتنی ڕەسم و نامەکەی زانیم ئەو کەسە «حەسەنی قازی» کوڕی کاک «ڕەحیم» بووە کە ئەو پەندەی بە سەر هێنام، بەڵام بە ئاگاداربوون لەو ڕووداوە دڵم حەسایەوە و سوکناییم هاتێ».

ماوەیەک بەر لە پێکهاتنی کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کاک «ئەحمەد تۆفیق» لە نامەیەکدا داوای لێکردبووم (ئەودەمی خەڵکێکی زۆر گیرابوون و ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەران چووبوونە خوارووی کوردستان) ئەگەر هەڵبسووڕێ لە زیندان پێوەندی بە کاک غەنی وکاک عەزیزی یۆسفی بکرێ و بیروبۆچوونیان سەبارەت بە کۆنگرە وەربگیرێ.

لە بەر ئەوەی کە خۆڕاگری کاک غەنی وکاک عەزیز بۆمن و زۆر لاوی دیکەش ئیلهامدەری بەشداری لە تێکۆشانی کوردایەتیدا بوو، سێودووم لێنەکرد و بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە حیزبییە لە تارانەوە چووم بۆ شیراز. لە وێ چاوم بە هاوڕێیەکی حیزبی ڕەحمەتی «ڕەحمەتی سوڵتانیان(شەشە)» کە لەوێ کاری دەکرد کەوت و لەوێوە چوومە بەرازجان ، بەڵام هەر وەک کاک غەنی باسی کردووە ماوەیان نەدام بیبینم، چاکم وەبیر دێ یەک لە زیندانییەکان (وابزانم سەفەرخانی قارەمانیان بوو) نانی نیوەڕۆیەی بۆ هێنام. شەوێک لە بەرازجان مامەوە، ئەگەرچی نەیانهێشت کاک غەنی ببینم بەڵام هەوێتی ڕاسەقینەی منیشیان بۆ دەرنەکەوت. ڕەنگە ئەگەر پەیامی کاک ئەحمەد بە کاک غەنی و کاک عەزیز گەیشتبایە لە کۆنگرەدا پێشنیار نەکرابان بۆ ئەندامەتی لە کۆمیتەی ناوەندی دا.

٨) نووسەر لە چەند جێدا باسی ئەوە دەکا ئەو ئەندامانەی ڕێبەرایەتی حیزب کە نەگیرابوون و چووبوونە خوارووی کوردستان هیچ لە فکری بنەماڵەی زیندانییەکاندا نەبوون.

لە ئورووپا بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٧٣ تا ١٩٧٨، چ بە دەستپێشخەری فەردی و چ لەلایەن (حدکا)وە حەولی زۆر درا بۆ ئەوەی ڕێکخراوەی نێونەتەوایەتی لێخۆشبوون -Am-nesty International لە سەر وەزعی زیندانییە کوردەکان کاربکا و بەدەنگیانەوە بێ. یەک لە کارەکانی لقی ئەمنستی لە ئینگلیستان لە ساڵی ١٩٧٣ ناردنی یارمەتی ماڵی بوو بۆ بنە ماڵەی کاک غەنی و هەروەها هەڵبژاردنی وی وەک زیندانی مانگ لەلایەن ئەمنستی بریتانیا لە یەک لە مانگەکانی ساڵی ١٩٧٤دا بوو. ئەو چالاکییە زەمینەی پێوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و ئەمنستی سازکرد و ئەو ڕێکخراوە لە ساڵانی دواتریش دا، ئەرکی وەخۆکردن و بەدەنگەوەهاتنی زیندانییە کوردەکانی لە ئێران درێژە پێدا.

٩) نووسەر یەک لە هۆیە سەرەکییەکانی نێوان تێکچوونی خۆی لە گەڵ زۆربەی ڕێبەرایەتی حیزب بە دوای بەسترانی کۆنگرەی چوار دا بە پێوەندی لەگەڵ حکوومەتی عێراق داناوە. یەک دووکەس لەوانەی بەیاننامەی (یەکشەمۆ ٢٥ی جۆزەردانی ١٣٥٩ی هەتاوی)یان ئیمزا کردووە و هەروەها کاک حەمەدەمینی سیراجی کە دواتر لەگەڵ کاک غەنی چوونە نێو حیزبی توودە و هەر بەیەکەوەش لەو حیزبە هاتنەدەرێ لە پێشینەی ئەو پێوەندییە ئاگاداربوون، بەتایبەت لەو هەراوهوریایەی کە ئەو سەروبەندی «کیانووری» و ڕێبەرایەتی حیزبی توودە بە بیانووی «بەسترانەوە»ی ڕێبەرایەتی (حدکا) بە ڕێژیمی بەعس نایانەوە. هەر وەک ئەودەمی ئاشکرا بوو، بەڵام دوایەش بۆ هەمووان دەرکەوت لە بەر دڵسۆزی لە ئاست بزووتنەوەی حەقخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبوو، بەڵکوو بۆ پاساودانی بەسترانەوەی حیزبی توودە خۆی بە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بوو.

کاک غەنی ئازایانە پێی لێدەنێ کە بە جوێ بوونەوە لە (حدکا)لەو سەروبەندیدا تووشی هەڵە بووە. داخودا ڕێبەرایەتی ئێستای (حدکا)ش وزە وتوانایی ئەوە لە خۆیدا شک دەبا بە چاوێکی ڕەخنەگرانە ئاوڕ لەو سەروبەندی بداتەوە؟

تەجروبەی ئەو ١٧-١٨ساڵەی ڕابردوو و ئەو هەموو ئاڵوگۆڕەی لە ئاستی جیهانی و لە ڕۆژهەڵاتی نێوە ڕاستدا و هەروەها لە نێو خۆی(حدکا)ش پێکهاتووە، شێوە خەباتێکی تازە و بیر وبۆچوونێکی نوێ دەخوازن.

لە کۆتاییدا پێویستە بگوترێ ئەگەرچی کۆکەرەوە زەحمەتێکی زۆری لە ئامادەکردنی ئەو کتێبەدا کێشاوە، بەڵام دیسانیش لەبەر بێ دیققەتی و پەلە، هەڵەی چنینی زۆر تێکەوتووە و ڕیزی ناوەکان لێرەولەوێ لە جێی خۆیاندا نین. دیارە لێرەدا هەر ئاماژە بە کەم وکوڕییەکان کراوە، بۆیە هیوادارم لە چاپەکانی داهاتوی «ئاڵەکۆک»دا ساخ بکرێنەوە.

٢٦ فیڤرییەی ١٩٩٧

* بڕوانە: بەڵگەی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، سێری Public Record Office, 37131391 XCD 333

# مافی ژن لە کۆمەڵی کودەواریدا

(باسێکی مێژوویی لە سەر مافی ژن)

## لێکۆڵینەوە و نووسینی؛

## «ژیلا ف» و «تەیفور»

(٧)

## یاسای ئیسلام

### ٢ـ زەمی

لە بەشی پێشوودا باسمان کرد کە خەڵکی پێرەوی ئایینەکانی جوو و مەسیحی و زەردەشتی بە زەمی دەناسران و کوردان نزیک بە چوارسەد ساڵ وەکوو زەمی ناسراون ودەبوو باج و پیتاکی تایبەتی (جزیە) بدەن و یاسای تایبەتیان بەسەردا زاڵ بووە. بۆیە لە پێشدا باسی ئەم یاسا تایبەتییە دەکەین و پاشان دەمانەوێ بزانین خودی جوو و مەسیحی چ یاسایێکیان لە نێو خۆیاندا بۆ ژنان هەبووە، چونکە لە لایەکەوە جوو هەر لە کۆنەوە لەنێو کورداندا ژیاون و لە لایەکی دیکەوە بەشیک لە کۆمەڵی کوردەواری لە ژێر دەسەڵاتی بیزانس دا بووە و یاسای مەسیحی لەوێ برەوی هەبووە و کاتێک کەوتوونەتە ژێر دەستی عەرەبان زۆربەیان لەسەر ئایینەکەیان ماونەتەوە. ئایینی جوو بناخەی ئایینی مەسیحییە و ئیسلامیش بە تایبەت لە میتۆلۆژی و شەریعەت دا زۆر کەڵکی لێ وەرگرتووە. تا ئەو ڕادەیە کە زۆر لێکۆڵەرەوان ئەم سێ ئایینەی سامی بە تەواوکەری یەک دەزانن. بۆ وێنە جورجی زەیدان پاش ئاماژە کردنی ئەوەی کە لە سەرەتادا قورئان بۆ عەرەبان ئاسان بووە چونکە زمانی خۆیان بوو و ئەگەر تێی نەگەیشتبان لە پێغەمبەر و هەواڵەکانیان دەپرسی دەڵێ: دواتر ئایەتەکان پێویستیان بە تەفسیر کردن بوو و بۆ زانینی ڕاز و ڕەمزەکانی لە "ئەهلی کتێب"یان دەپرسی. ئەم تەفسیربێژانە جوو و ←



مەسیحی و زەردەشتی تازە موسوڵمان بوون و زیاتر لە تایفەی حەمیر بوون کە لە یەمەن دادەنیشتن و دوای هاتنی ئیسلام، گەرچی ببوون بە موسوڵمان و بە دابی ئیسلام دەجووڵانەوە بەڵام ئەخبار و ریوایەتەکانیان لە کتێبەکانی خۆیان وەرگرتبوو و هەر لەناویاندا مابووەوە و کاتێک عەرەبان پرسیان پێ دەکردن لە ناوەرۆکی تەلموز و تەوراتەوە وەڵامیان دەدانەوە. ـ هەر وەک گوتمان قورئان زۆر لە بۆچوونەکانی تەوراتی پەسند کردووە بە تایبەت ئەو بابەتانەی کە سەبارەت بە چێکردنی دنیا و ئەفسانەی پێغەمبەرانە، لە قورئان دا دووپات بوونەتەوە و ئایینی جوو وەکوو ئایینێکی ئاسمانی ناسیوە. ـ لە باسەکەی ئێمەدا بۆ وێنە چیرۆکی ئافراندنی ئادەم و دواتر حەوا لە پەراسووی ئادەم ـ کە ژن بە یەکجاری دەکاتە ئامرازی ژینی پیاو و وەک مرۆڤێکی خۆ لە بۆ خۆی چاو لێ ناکا ـ هەر بەو فەلسەفەوە لە قورئاندا دووپات بووەتەوە کە لە تەورات دا هاتووە.

بەم شێوە کتێبە تەفسیرەکان پڕ بوون لە یاسای وەرگیراو لە تەورات و تەلموز و هەر بابەتێک کە وەڵامی دیاری کراوی لە قورئاندا نەبوو لە تەورات وەردەگیرا. بەناوبانگترینی ئەم "تەفسیربێژە تازە موسوڵمانانە" یەکێک "کەعب نیبن مانع" ناسراو بە کەعب الاخبارە کە لە دەوری عومەردا ببوو بە موسوڵمان. لە زەردەشتییەکان "وەهب نیبن منبە"یە کە ئێرانی بووە و نەسڵی زەردەشتییە و لەگەڵ جوو و مەسیحی دا زۆر ژیا بوو و خۆی گوتوویە کە ٧٢ کتێبی ئاسمانی خوێندووەتەوە. کە وابوو ئاماژە کردن بۆ یاسای جوو و مەسیحی ئیزنی ئەوە دەدا کە خوێنەر بەرانبەر دانانێک لە نێوانیاندا بکا.

### ٢/١ یاسا سەبارەت بە زەمی پەیماننامەی عومەر

دەگوترێ کە ئەم پەیماننامەیە لەکاتی گرتنی شام دا نووسراوە، چەندە بەڕێوە چووبێ یان نە، بە پێی سەردەم جیاواز بووە. هەرچۆنێک بێ ڕوانگەی و بۆچوونی موسوڵمانان سەبارەت بە کردەوە لەگەڵ "ئەهلی کتێب" دا نیشان دەدا.

«بە ناوی خودای رەحمان و رەحیم. ئەمە نامەی بەندەی خودا عومەر ئەمیری موسوڵمانان بۆ مەسیحییەکانی شاری (...)

ئەو کاتەی ئێوە [موسوڵمانان] هاتنە شام ئێمە داوامان کرد کە خۆمان و منداڵمان و ماڵ و موڵکمان و هاو ئایینەکانمان ئەمان بدرێن. بەو مەرجە کە [ئێمە] لەمەوبەدوا لە شارە و دەوروبەری شارەکانماندا کلێسا و دەیر بینا نەکەین و ئەوانەی کە رووخاون ئاوەدان نەکەینەوە. ئەوانەشی کە لە ژێردەستی موسوڵماناندایە بەکار نەهێنین. دەرکەی ماڵمان بۆ رێبواران ئاواڵە بکەین و ئەگەر موسوڵمانێکمان لێ وەژوورکەوت سێ شەو و رۆژ میوانداری بکەین. لەماڵ و کلێساکانی خۆماندا جاسوس (سیخوڕ) پەنا نەدەین، هیچ شتێکی خراپ لە موسوڵمانان نەشارینەوە. منداڵمان فێری قورئان نەکەین و هەوڵ نەدەین بیان هێنینە سەر دینی خۆمان. لە موسوڵمانبوونی کەس و کاری خۆمان بەرگری نەکەین. رێز لە موسوڵمانان بگرین و هەرکات هاتنە نێومان لەبەریان هەستین. لە بەرگ و کڵاو و مێزەر و پێڵاو و قژ رازاندنەوە و نازناو وەرگرتن و چۆنیەتی قسەکردندا لاسایی موسوڵمانان نەکەینەوە. سواری ئەسپ نەبین. شمشێر و چەکی دیکە هەڵنەگرین. شەراب نەفرۆشین. مۆر (تەمغە) بە زبانی عەرەبی دروست نەکەین. ملاشووی خۆ بتاشین [کۆیلەی ئازاد کراویش دەبوو ملاشووی خۆی بتاشێ] و هەر بەو شێوە کە بووین بمێنینەوە. زونار لەکەمەر ببەستین و لەسەر رێگای موسوڵماناندا کتێبی ئایینی مەسیحی و خاچ دا نەنێین. هێواش زەنگ (ناقوس) لێ بدەین. ئەگەر موسوڵمانان هاتنە کلێساکەمان لەپێش ئەوان بە دەنگی بەرز دوعا نەکەین. جێژنە ئایینییەکانمان لەماڵ نەهێنینە دەرێ. لەکاتی ناشتنی مردووماندا بە دەنگی بەرز بانگ نەدەین. لەسەر رێگای بازاری موسوڵماناندا ئاور نەکەینەوە. قەبرستانمان لە نزیک قەبرستانی موسوڵمانان نەبێ. لەبەشی موسوڵمانان کۆیلە و عەبد هەڵنەگرین. ماڵەکانمان نابێ بەسەر ماڵی موسوڵماناندابروانێ.»

کە ئەم پەیمانەیان هێنایە بەردەست عومەر دەست بە جێ ئەمانەی لێ زیاد کرد.

« لە موسوڵمانان نەدەن. هەموو ئەمانەم لەلایەن خۆم و نەتەوەکەمە قەبوڵ کرد و ئەگەر چکۆلەترین لادانێکم کرد ئەم پەیمانە بەتاڵ دەبێتەوە و وەک خەڵکی شەرکەر لەگەڵم بجووڵێنەوە.» هەروەها لێی زیاد کرد «مەسیحی حەقی کڕینی دیلی موسوڵمانی نەبێ و ئەگەر مەسیحییەک لە موسوڵمانێک بدا لە پەنا ئیسلام دەچێتە دەرێ»

دواتر ئەم پەیمانە لە کتێبە شەرعییەکاندا کرا بە ٦ مەرجی واجب و ٦ موستەحەب.

**واجب**

١ـ قورئان بە تانە و گۆڕانکارییەوە نێو نەبەن و نەگێڕنەوە.

٢ـ تۆمەت و تانە لە پێغەمبەر نەدەن و بە درۆزنی نێو نەبەن.

٣ـ باسی خراپی ئایینی ئیسلام نەکەن.

٤ـ بە شەرعی و ناشەرعی لەگەڵ ژنی موسوڵمان نەبن.

٥ـ دەستدرێژی بە ماڵ و گیان و ئایینی موسوڵمانان نەکەن.

٦ـ یارمەتی دوژمنی موسوڵمانان نەدەن و پەنایان نەدەن.

**موستەحەب**

١ـ زونار ببەستن و پلاس لەبەر کەن تا لە موسوڵمانان جوێ بکرێنەوە [دواتر رەنگی جل و بەرگ دیاری کرا ـ بۆ وێنە زەردەشتی دەبوو زەردیان لەبەر کردبا]

٢ـ ماڵیان بەرزتر لە ماڵی موسوڵمانان نەبێ.

٣ـ دەنگی ناقوسیان نەبیسترێ.

٤ـ بەراشکاوی شەراب نەخۆنەوە و خاچ

پیشان نەدەن.

٥ــ مردووەکانیان بە بێ دەنگی بنێژن.

٦ــ سواری ئەسپ و وشتر نەبن»[١]

دەکرێ هەرکام لەم بڕگانە لێکۆڵینەوەی تایبەتی لەسەر بکرێ کە بۆ دانراون و چۆن بەڕێوە چوون بەڵام لە سنووری باسەکەی ئێمە بەدەرە، ئەوەندە هەیە بزانین ئەم یاسا هەموو کۆمەڵی زەمییەکانی دەگرتەوە و کورد کە زەردەشتی بوون ناچار پێڕەوی ئەم یاسایە بوون و چ ژن و چ پیاو بەرلە هەر شتێکی نێوخۆیی ئەمەیان بەسەردا زاڵ بووە.

بۆ نیشاندانی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەم یاسایە چەند بەڵگە دەهێنینەوە.

جەوازی ناشتنی مەسیحییەک کە لە لایەن بارەگای شەرعی "دیاربەکر" ەوە دەرچووە نیشاندەدا کە ئەم زەخت کردنە لەسەر زەمی یان چەند توند بووە. ئەمە لەو سەردەمەدایە کە کورد بوونەتە موسوڵمان بەڵام دیار نییە ئەو حاکم شەرعە کە ئەم جەوازەی دەرکردووە کورد بووە یا نەء. سەرنج بدەنە وشە بەکار براوەکان.

« بۆ کەشیشی تاقمی کافرانی سوریانی: ئەی ناحەز، وا دیارە یەعقوب نێوێکی کافر لە تاقمی ئێوە کافرانی ناحەزی مەلعون سەقەت بووە و تۆپیوە و بۆ شاردنەوەی کەلاکی گەنیوی ئەو لە ژێر خاکدا، کوێخای "بەرزن" لە ئێمە داوای دەربڕینی بەزەیی کردووە هەتا باجی دیاری کراو وەرگیرێ. گەرچی زەوی کەلاکی چەپەڵی ئەو ناگرێتە خۆی، بەڵام لەبەر ئەوەی کە هەوای ئەو ناوچەیە نەگەنێ، بە نێوی بارەگای شەرعی شەریف ئیزن مان دا کە ئەو بە پێی ئایینی بەتاڵی خۆتان لە قەبرستانی خۆتاندا بکەنە چاڵ هەتا زووتر بچێتە دۆزەخ. ئەم جەوازە بۆ ئەوە دەرکرا کە کەس بەرگری نەکا.ــ ٢٦ جەمادی الاولی ساڵی ١٣٠٢ هیجری ــ تەمام.»[٢]

زەخت کردن یا نەختێک ئازاد هێشتنی زەمی بە پێی دەور و دەسەڵات گۆڕانی بەسەردا هاتووە. بۆ وێنە لە دەوری "متەوەکل" و "هارون الرشید" دا هەموو کلێساکانیان یا داخست یا رووخاندیانن ، بەڵام هادی برای هارون فەرمانیدا کلێساکانیان ئاوەدان بکەنەوە (ئەم کەف و کۆیە هیندێکیش پەیوەندی بە نێوان خۆشی یا ناخۆشی لەگەڵ ئیمپراتوری بیزانس دا هەبووە) بەتایبەت لەدەورەی شەڕەکانی سەلیبی دا مەسیحییەکانی دانیشتووی ئیمپراتوری ئیسلامی جار جار تاڵان و قەڵاچۆ دەکران و جاری واش بە کۆیلەتی دەبران.[٣]

ــ لە دەورەی مەئموونی عەبباسی دا(١٩٨ــــ٢١٨ھ ق، ٨١٣ــــ٨٣٣ ز) لە ئیمپراتوری ئیسلامیدا ١١٠٠٠ کلێسا دایر بووە و ژمارەیەکی زۆر کەنیسە و ئاگردان هەبوون. هەتا سەدەی سێهەمی ھ ق زۆربەی خەڵکی شام مەسیحی مابوونەوە.[٤]

## چەندی جزیە

« جزیە لە پێشدا بەپێی ڕێکەوت بوو و بە گشتی دادەنرا، بە پێی شار یا گوند. لە سەردەمی عومەردا کە وڵاتی ئیسلامی زۆر بەرین ببۆوە بڕیارێکی گشتی درا کە هەر پیاوێک کە خەتی دابێ لە ساڵدا دەبوو چل درهەمی زێو یا چوار دیناری زێڕ بدا. هەروەها بۆ یارمەتیدان بە خواردەمەنی موسوڵمانان هەر ئەهلی زەمێک دەبوو مانگێک دوو مەد گەنم و سێ قسط ڕۆن بدا. دواتر دیسان گۆڕانکاری تێدا کرا و بە پێی داهاتی خاوەن زەم دیاری کرا بۆ وێنە دەوڵەمەند ٤٨ درهەم لە ساڵدا و کەم دەسەڵات ٢٤ درهەم و هەژار دوازدە درهەم. ژن و منداڵ و پیاوی ئایینی و نوقستان جزیەیان لەسەر نەبوو. هەرچی کاروباری دیوان ڕێکوپێک تر دەبوو و وڵات بەربڵاوتر دەبۆوە وەرگرتنی جزیە زۆرتر ڕێکوپێک دەکرا و بە پێی ژمارەی خەڵک و بە پێی داهات دیاری دەکرا تا لە ئاخردا بوو بە ساڵێ چوار دینار. ئەگەر زەمی جەزیەی نەدابا دەبوو بە کۆیلە.[٥]

ــ لە کاتی ئەمەوییەکاندا زەمییەکان لە بەڕێوەبردنی دابی ئایینی خۆیاندا ئازاد بوون، کەنیسە و پاراستانەکانیان دایر بوو، تەنیادەبوو جلی زەرد لەبەر کەن و سەرانەیەک بدەن کە بە پێ دەست ڕویشتوویی لە یەک هەتا چوار دینار بوو. پیاوانی دینی، ژنان، منداڵان، کۆیلە و پیرو لاکەفتە و نوقوستان سەرانەیان نەدەدا.[٦]

ــ زەمی مافی خاوەن موڵکیەتی نەبووە.

ــ مافی بەشداری و ئەندامەتی لە کۆمەڵەی پێشەکاراندا نەبووە.

ــ مافی شەریکە بەش بوون لە شەریکە بازرگانییەکاندا نەبووە.

ــ لە دەورەی خەلیفە متەوەکل دا دەبوو نیشانەیەک لە جل و بەرگی خۆیان بدەن.

ــ مەسیحی زوناری دەبەست و جوو دوو نیشانە یەکێک لە پێش و یەک لەپاش لە جلەکانی دەدا.

ــ ئەگەر سوار بان و گەیشتبانە موسوڵمانێک دەبوو دابەزن.

دواتر لە دەورەی عەبباسییەکاند موالی و زەمی کە شارەزاییان لەکاردا زۆر بوو لەسەر کاری دیوانی و ئیداری دادەنران و دوکتورە هەرە بەناوبانگەکان کە دەرمان کردنی خەلیفەکانیان بە ئەستۆ بووە جوو بوون.

(بۆ چوونی فرقە جیاوازەکانی ئیسلام سەبارەت بە زەمی جیاوازە کە باسی ئێستای ئێمە نییە بۆ وێنە پێڕەوی ئیمام شافیعی دەڵێن موسوڵمان ناتوانێ ماڵی خۆی بە زەمی بە کرێ بدا، بەڵام حەنەفی دەڵێن دەتوانێ.[٧]

## ٢/٢ یاساکانی تەورات سەبارەت بە ژن

ماوەی نووسینی تەورات نزیک بە دووسەد ساڵی خایاندووە، بۆیە لەبەشە جیاوازەکانیدا جار جار یاسای جیاواز و جار دژ بەیەک دەبیندرێ، بە وتەی ویل دورانت "گەرچی شەریعەتی موسا پازدە سەدە پاش حەمورابی دانراوە بەڵام لە زۆر بابەتەوە هیچ پێشکەوتوویەکی تێدا نییە". لەم کتێبەدا ژن بۆ هەتا هەتایە لە ئاسمان دەخرێتەخوار و لە ڕادەی خودا و فریشتە و مەلایەکەتدا نامێنێ. یەک دروشم بە درشت دەنووسرێ "دەبێ چاوت لە مێردەکەت بێ،! ئەو دەسەڵاتداری تۆیە." کە وابوو باسی ژن لە میتولۆژی ئەم دەورەدا نییە و تەنیا یاساکان دەمێنن کە ئێمە هەوڵ دەدەین لەبەشی کۆن و نوێ نموونە بهێنینەوە.

*... ئەو کات کە مرۆڤ لە سەر زەوین دەستی کرد بە زیاد بوون، کچان بۆ ئەوان هاتنە دنیاوە ــ کوڕانی خودا کچەکانی مرۆڤیان دیت کە جوانن و هەرکامیان پێ خۆش بوو وەریان گرت بۆ خۆیان ــ و خودا گوتی ڕۆحی من هەموو*

کاتێک لە مرۆڤ دا داوەری ناکا چونکە ئەویش هەر مرۆڤە بەڵام ماوەی [ژیانی] ئەو سەد و بیست ساڵ دەبێ ــ ئەو کاتە پیاوانی زۆر بە قەڵافەت لە زەوین دا دەژیان و پاشان کە کوڕەکانی خودا لەگەڵ کچی مرۆڤان تێکەڵاو بوون و ئەوان منداڵیان بوو، ئەمانە زۆروێژانێک بوون کە لە کاتی خۆیاندا بەناوبانگ بوون ــ و خودا دیتی کە شەڕی مرۆڤ لە زەویدا زۆر و.... (سەفەری پەیدابوون بەشی شەشەم بڕگەی ١ تا ٦)

لێرە بە ڕاشکاوی دیارە کە خودا پیاو لە خۆی دەزانێ بەڵام ژن لەخۆی نازانێ و بۆ پیاو دروست کراوە. لە بەشی یازدەدا باسی بەرەکەت دان بە کوڕەکانی (نوح)ە و لە بەشی پێنجەم هەتا دەهەم دا باسی بەرە بە دوای بەرەدایە بەڵام باسی نێوی یەک دایکیشی تێدا نییە و تەنیا کوڕ و باب. ئەمە بە ڕاشکاوی نیشان دەدا کە دایکان بە هیچ ژمێردراون.

ــ " *ناسزا بە خودا مەڵێ و سەرۆکی قەومی خۆت لەعنەت مەکە.* " (سەفەری وەدەرکەوتن بەشی دووەم )

واتە سەرۆک لەپاڵ خودا دانراوە و ئەمە بەتەواوی پێ داگرتن لەسەر پلە بەندی باوک سالارییە.

ــ " *ساڵێک سێ جار هەموو نێرینەکانت بێنە خزمەتی خودا ــ یەهوە خودای ئیسرائیل.* " (سەفەری وەدەرکەوتن بەشی ٣٤) ژنان لە ئارادا نین و ژن لەم داب و عیبادەتە بێبەری کراوە.

ــ *بانگی بەنی ئیسرائیل بکە و بڵێ کاتێک ژنێک زکی پڕ دەبێ و کوڕی ببێ حەوت ڕۆژ بێ نوێژ دەبێ* [لێرە وشەی نجس ، سپڵۆت بەکار بردراوە] و ئەگەر کچی بوو دوو حەوتوو. (سەفەری لاویان بەشی دوازدەهەم بڕگەی ٢)

یەکەم جیاوازی لە کاتی لەدایک بوونەوە دەست پێدەکا. دواتر نرخاندن بە پێ منداڵە و بەتایبەت منداڵی کوڕ، پیاویش بۆی هەیە چەند ژنی پێکەوە هەبێ

ــ ڕەبەن بوون قەدەغە بووە و ژنی نەزۆک بە چاوی سووک تەماشا کراوە.[8]

ــ ئەگەر پیاو دەست ڕۆیشتوو با دەیتوانی چەند ژنی هەبێ یا خۆ ئەگەر ژنەکەی نەزۆک بایە دەیتوانی هاوسەری دیکە هەڵبژێرێ هەتا منداڵی هەبێ.[9]

دواتر بۆ بەرانبەرکێ کردن لەگەڵ پەرەئەستاندنی مەسیحییەت دا چەند ژنی لادراوە «ــ لە ساڵی ١٠٠٠ی زایینی دا "گرشوم ئیبن یەهودا" فەرمانی دا کە هەر جوویەک چەند ژنی هەبێ تەکفیر بکرێ. لەوکاتەوە ــ جگە لە جووەکانی ئیسپانیا ــ ئەم دابە بەڕێوە دەچێ (ئەم یاسایە ئەوانە ناگرێتەوە کە ژنەکەیان منداڵی نابێ) گرشوم هەروەها تەڵاق دانیشی (بە بێ ڕەزامەندی ژن) قەدەغە کرد. »[10]

ــ پیاو نابێ لە پشت سەر ژنەوە ــ تەنانەت ئەگەر ژنی خۆیشی بێ ــ بەڕێدا بڕوا. چونکە هەوای نەفسی دەیگرێ.

ــ ژنان لە کەنیسەدا دەبوو لە جێگای تایبەتی خۆیان دانیشن ــ یا خۆ لە پشتی پیاوانەوە بن و تێکەڵی پیاوان نەبن ــ لە ژمارەش دا (لە کۆ بوونەوە و شتی وا) قەت ژنانیان نەدەژمارد.[11]

ــ *یەعقوب لینەی خۆش ناوێ بەڵام شەش کوڕی لێ دەبێ «... لینە گوتی خودا دیارییەکی باشی داومەتێ ئێستا شووەکەم لەگەڵم دەمێنێتەوە چونکە شەش کوڕم بۆ هێناوە»* (سەفەری پەیدا بوون بەشی ٣٠)

ــ لینە و ڕاحیل ژنەکانی یەعقوب نەتەنیا بۆ خۆیان هەتا دەتوانن منداڵیان دەبێ بەڵکوو کەنیزەکانی خۆشیان بە یەعقوب دەبەخشن بۆ ئەوەی منداڵی زۆر بێ.[12]

ــ *... و لەگەڵ مەدیان (کوردەکان؟) بە شێوەیەک کە خودا ئەمری فەرموو شەڕیان کرد و هەموو نێرینەکانیان کوشت ... ژن و منداڵەکانیان بە دیل گرت و هەرچی ئاژەڵ و ماڵیان بوو سووتاندیان.... موسا لە ئامر هێزەکان تووڕە بوو و گوتی بۆ هەموو دیلەکانتان بە زیندووی ڕاگرتووە؟ ... هەر ئێستا هەرچی نێرینەیە بیکوژن و هەر ژنێک پیاوی بە خۆیەوە دیوە بیکوژن و هەرکام کە هێشتا کچن ڕایگرن بۆ خۆتان و لەگەڵیان جووت بن.* (سەفەری چوارەم ــ ئەعداد ــ بەشی ٣١)

ئەم بڕگە نیشان دەدا جگە لە ڕوانگەی توندی تەورات سەبارەت بە دوژمن و دیل، کە ژن تەنانەت وەکوو کەنیزیش ئەگەر کچ نەبا بایەخی نەبوو. ئەم بابەتە لە چەند جێگای دیکەشدا خۆی دەنوێنێ. بۆ وێنە لە بەشی بیست و یەکدا گوتراوە کە پیاوی ئایینی دەبێ کچی باکیرە بێنێ ئەویش تەنیا لە قەومی خۆی.

تەنیا جێگایەک کە ڕیزی ژن وەکوو دایک گیراوە لە دەه فەرمانی مووسا دایە کە دەڵێ "ــ *ڕێزی باوک و دایکی خۆت بگرە هەتا ئەو [ژمارەی] ڕۆژەکانی ژیانت لە زەوینێکدا کە خودای تۆ یەهوە دەتداتێ زیاد بکا.* "و لە بەشی بیست ویەکەمی هەر ئەم سەفەرەدا فەرمان دەدرێ کە ــ" *هەرکەس لە باب و دایکی خۆی بدا یا لەعنەتیان بکا سزای مەرگە* "(بڕگەی ١٥ و ١٨) بەڵام دوا بە دوای ئەوە ژن دەباتەوە ڕیزی ئاژەل و کۆیلە. ــ *تەماح لە ماڵی هاوسێ خۆت مەکە و ژنی هاوسێیەکەت و خوڵامەکەی و کەنیزەکەی و گاکەی و وڵاخەکەی و هەر شتێک کە هی هاوسێیەکەت بێ تەماحی لێ مەکە.* " (سەفەری وەدەر کەوتن بەشی بیستەم (دەه فەرمان)

ــ *ئەگەر لەگەڵت ئاشتییان نەکرد، شەڕیان لەگەڵ کردی، گەمارۆیان بدە و کە یەهوە خودات ئەوانی دایە دەست تۆ ، هەموو نێرینەکانیان بکوژە، بەڵام ژنان و منداڵان و ئاژەڵەکانیان و هەر چی کە لە شاردا بمێنێتەوە دەستکەوتە و بە تاڵانی بەرە و ئەو دەستکەوتانەی خودا داونی بیخۆ.* (سەفەری پێنجەم بەشی ٢٠)

ژنان وەکوو دەستکەوت لەڕادەی ئاژەڵدا ژمێردراون ــ (بڕوانە بەشی پێشوو هەر ئەم یاسا سەبارەت بە کەنیز لە ئیسلامدا)

ــ *...ئەگەر لەنێو دیلەکاندا ژنێکی جوانت دیت و ئاشقی بووی ویستت بیکەی بە ژنی خۆت بیبە ماڵی خۆت و ئەو سەری خۆی بتراشێ و نینۆک بگرێ و جلی دیلی لەبەر دەربێنێ و لەماڵی تۆدا دانیشێ، یەک مانگ بۆ دایک و بابی ئازیەتباری بکا و پاشان لەگەڵی بە و تۆ مێردی ئەو دەبی و ئەو ژنی تۆ.* (سەفەری پێنجەم(تثنیە) بەشی ٢١)

لێرە چەند شت دەردەکەوێ یەکەم ئەوەی کە دیل جلی تایبەتی لەبەر بووە و مافی سەرتاشین و نینۆک گرتنی نەبووە دووەم مافی ئازیەداری و ←

بەجێ هێنانی دابی خۆیانیـــان نەبووە، بەشی دووەم ســـەبارەت بە مـــارە کـــردنی وەکـــوو ئەو دەستوورەی ئیسلامە کە دەڵێ کۆیلە دەبێ ئازاد بکرێ هەتا بکرێ مارەی شەرعی بکرێ.

ـ *ئیبراهیم بە خزمەتکارەکەی گوت "قسەمت دەدەم بۆ کوڕەکەم لەم کەنعانیانە کە تیاندا دەژیم ژن نەهێنی، بچۆ بۆ زێدگەی خۆم و لەوێ ژنێک بۆ ئیسحەق بهێنە" خزمـەتکارەکـەش دەڕوا و کچی مـامی ئیسحـەقی بۆ دێنێ.* ( سـەفـەری پەیدابوون بەشی ٢٤ )

ئەمـە لەلایەک نیشـان دەدا کـە هاوسەری نێـو عـەشـیـرەیی چەند گـرینگ بووە و لەلایەکی دیکەوە ژن هێنان بێ ئەوە کوڕ و کچ یەکتـریان دیبێ یا بناسن بەڕێوە چووە. و هەمـووی لەژێر دەسەلاتی باب دا بووە.

ــ *یەعقـوب عـاشقی راحیل بوو و گـوتی بۆ کـچە چووکـەکەت راحـیل حەوت سـاڵ خزمـەتت دەکەم . ... پاشان یەعقوب حەوت ساڵ خزمەتی [بە بابی راحیل]کـرد. وا پێش هات کـە سـەری وەخت کاتی شێوان کچەکەی دیکەی " لیئە"ی برد و پێی دا و ئەویش لەگـــەڵی نووست ــ ... (کـچی گـەورەی لەباتی کـچـە چکۆلەکـە پێی دەدەن) بەیانی دیتی ئەمە لیئەیە بە لابان (بابی کچە و مامی خۆی) گوت ئەمە چییە، مەگەر من بۆ راحیل خزمەتی تۆم نەکرد، بۆ منت فریو دا ـ لابان گوتی لە ولاتی ئێمـە وا ناکەن کـە چووکە بەر لە گەورە بە مێرد بدەن ـ ... ئەویشت دەدەمێ ئەگـەر حـەوت سـاڵی دیکە خـزمـەت بکەی ــ یەعقوب وای کرد و حەوتەی ئەویشی تەواو کرد ئەوجـا راحـیلیـان دایێ.* (سـەفـەری پەیدا بوون بەشی بیست نۆهەم)

حەوت سـاڵ کـار کـردن لەباتی مـارەیی نرخی ئەو دەمی کچ دیاری دەکـا ، گەورە وەپێش چووک خستن ئێـسـتـاش لای ئێـمـە هەر مـاوە، دیارە ئێـسـتـا ناکـرێ کـابرا پێی نەزانێ. گـرینگ لەم بەشـە ئەوەیە کـە دوو خـۆشک بە جـارێـک دەبنە ژنی یەک کـەس سـەرەڕای ئەمـە لە تەورات دا سنووری مەحرەمان بەم شێوە دیاری دەکرێن:

ــ *دایک، باوەژن، خـۆشک، زڕ خـۆشک، کوڕەزا و کچەزا، پور (خۆشکی باوک و دایک)، نامۆ ژن، بووک، ژن برا، کچ و ئەو منداڵانەی ژن کـە لە مـێـردێکی دیکەی بووبێ، دوو خۆشکی پێکەوە، ژن لەکـــاتی پۆن دا، ژنی هاوسێ، و جـووت بوون لەگـەڵ نێـر و ئاژەڵدا.* (سەفـەری لاویان بابی هەژدە)

ــ هیچ کـەس ناتوانێ [دوای مـردنی بابی] ژنی بابی خۆی بهێنێ .

مـارەیی وەکـوو نرخی ژن و مـوڵکیـەتی باوک بەسـەر منداڵدا کـە تایبـەتی کـۆمـەڵی باوک سالاری توندە و هەروەها زینا کە دەستدرێژی بۆ مـوڵکی پیـاوە لە هەمـوو شـتـێـک زیاتر لە تەوراتدا باس کراوە، بۆ وێنە

ــ ئەگـــەر بابێک نەدار بوایە، دەیتـــوانی کچەکانی خۆی، بەر لە بالق بوون، وەکوو کەنیز بفرۆشێ.[١٣]

ـ *ئەگەر کەسێک ژنی هێنا و لەگەڵی نووست . ئەودەم بڵێ ئەم ژنە بنی نەبوو (باکێرە نەبوو) ئەوجار باب و دایکی کچە نیشانەی بەکارەتی کچەکە [دەستماڵی خوێنەکەی] بەرنە لای گەورە پیاوانی شار ـ بابی کچە بڵێ کە کچم بەم پیاوە داوە ئێستا قسەی بۆ ساز کردووە لێی دەتۆرێ و دەڵێ بنی نەبووە، کـەچی ئەمـە نیشـانەکـەیە و دەستماڵەکە لەبەردەم ئەواندا بکاتەوە ونیشانیان بدا. ئەودەم گەورە پیاوان شووەکە دەگرن و سزای دەدەن ـ سزا سەد مثقال زێوە کە دەدرێ بە بابی کـچـە چونکە بەدناوی بۆ باکـێـرەی ئیـسـرائیل دروست کـردووە ئەوجـار ئەو ژنە هەتا کـۆتایی ژیانی ناکـرێ تەلاق بدرێ و ژنی ئەو مـێـردە دەبێ. بەلام ئەگـــەر تۆمـــەتەکـــە ڕاست بێ و نیـشـانەی کـچـە دیار نەبێ، دەبێ کـچـە بێنن و هەمـوو خـەڵکی شـار بەردە بارانی کـەن تا بمرێ چوون لەماڵی بابی خۆیدا زینای کردووە و لە نێو ئیـسـرائیل دا " قـەباحـەت" (شوورەیی)ی پێک هێناوە، خـراپە دەبێ دوور بخـرێتـەوە.* (سەفەری پێنجەم بەشی ٢٢)

کەوابوو مێـژووی دەستمـاڵی خوێنی کچ زۆر کـــۆنە و ئەوەندەش گـــرینگ بووە کـــە تاوانی بەردەبارانی بۆ دانراوە ـ تەنانەت ئەگـــەر ژن وەکـوو کـەرەسـەیەکی کـڕدراویش چاو لێ کرابا، ئەگەر فرۆشیار درۆی لەگەڵ کڕیار کردبێ و کڕیار کـەرەسەکە بهێنێتـەوە، پارەکەی وەردەگرێتەوە و دەڕوا و کـەرەسـەکـە فـڕی نادەن و لەنێـوی نابەن کەچی لێرە وەکوو گۆشتی گەنیو دەبێ فڕێی بدەن و لەم فڕێدانەدا هەموو خەڵکی شار بەشدار بن. بەردەباران کردنیش لێرەوە هاتۆتە نێو شەریعەتی ئیـسـلام. لە جێگای دیکە تاوانی زینا بە ئاور سووتان دیاری کراوە.

... *خەبەریان بە یەهودا گـەیاند کـە بوکـەکـەت تامـار زینای کـردووە وئێـسـتـا زکـیشی پڕ بووە. یەهودا گوتی بیهێنن هەتا بیسووتێنین.* (سەفەری پەیدا بوون بەشی ٣٨ )

ـ *ئەگەر پیاوێک لەگەڵ کەنیزەکەی کە هێشتا ئازاد نەبوو یا لەگـەڵ نێـوزەدەکـەی کـە هێـشـتـا مارەییەکەی نەداوە ڕابوێرێ جەریمە دەکرێ بەلام ناکوژرێ. جەریمەکەی ئەوەیە کە دەبێ کـەنیزەکە ئازاد بکا ، مـارەییـەکـە بدا و یا قـوربانی بکا* (سەفەری لاویان بەشی نۆزدە )

ـ *ئەگەر پیاوێک کچێکی نێوزەدنەکراو بگرێ و لەگەڵی بنوێ و بیان گرن. پیاوەکە دەبێ پەنجا مثقال زێو بدا بە بابی کچە و کچە دەبێتە ژنی و لەهەمـوو ژیانیدا ناتوانی تەلاقی بدا.* (سەفەری پێنجەم بەشی ٢٢ )

ـ *ئەگـەر کـەسێک نێـوزەدی کـچێک نەبێ و فـریوی بدا و لەگـەڵی بنوێ دەبێ بیکا بە مـارە براوی خـۆی ــ و ئەگـەر بابی کـچـە ڕازی نەبوو کـچـەکـەی بداتێ، دەبێ بە ئەندازەی مـارەیی کچێک تاوانی پێ بدرێ* (سەفەری وەدەر کەوتن بەشی دوەم)

دەبینی کە بۆ پیاوی زیناکار تاوانی کوشتن و بڕین نیـیـە ، ڕەزامـەندی کـچی زۆر لێکراویش مەرج نییە و پارەی تاوانەکەش باب دەیستێنێ و ئەمـە لەکاتێکدایە کـە لە سێ بڕگـە ئەولاتردا دەڵێ "هەرکـەس لەگـەڵ ئاژەڵێک نزیکی بکا دەبێ بکوژرێ (بڕگەی ١٩ )

ـ *ئەگەر کچێکی باکێرە نێوزەدی پیاوێک بێ و یەیکی دیکە "لەشـاردا" زینای لەگـەڵ بکا . هەردووکـیـان بهێننە دەرەوە لەشـار و بەردەباران بکرێن هەتا بمرن. کچە لەبەر ئەوە کە بۆ هاواری نەکردووە کە کەسێک بەدادیدا بگا و پیاوەکەش لەبەر ئەوە کە ژنی هاوسێ خۆی زەلیل کردووە. ، بەلام ئەگـر ئەو پیـاوە کـچـەکـەی لە "دەرەوەی ئاوەدانی" زۆربگـیـر کـردبێ تەنیـا پیـاوەکـە دەکوژرێ. چونکە لە بیابان بەگیری هێناوە کەس نەبووە بە فـریایدا بگا.* (سەفەری پێنجەم بەشی ٢٢ )

ـ *ئەگەر پیاویک لەگەڵ ژنێکی شوودارداا زینا*

بکا هەردوویان دەکوژرێن. (سەفەری پێنجەم بەشی ٢٢)

– شەکیم نیین حەموور دستدرێژی بە کچی یەعقوب "دینە" دەکا. پاشان نەتەنیا ئامادە دەبێ بیکا بە ژنی خۆی بەڵکوو تەواو پیاوەکانی شارەکەی خۆی خەتەنە بکا، بەڵام یەعقوب و کورەکانی لێی خۆش نابن و هەموو خەڵکی شار دەکوژن و ئەمە لەبەر ئەوە بووە کە لە لایەن بێگانەیەکەوە ئەم دەستدرێژییە کراوە. (سەفەری پەیدا بوون بابی سی و چوار)

## حیجاب

... خۆی لە چارشێوێکەوە پێچا و لەبەر دەروازەی حەینام کە لە ڕێگای تەمنەدایە دانیشت ... کاتێک یەهودا ئەوی دیت پێی وابوو بەستۆک (فاحشە)یە چونکە ئەو خۆی داپۆشی بوو. (سەفەری پەیدا بوون بەشی ٣٨)

لێرە وا دەردەکەوێ کەخۆ داپۆشین تایبەتی بەستۆک بووە، کە ئەمە دابی ناشوورییان بووە، بەڵام دواتر خۆداپۆشین بۆ هەموو ژنان فەرز کرابوو.

– ئەگەر ژنێک بێ ئەوەی سەری داپۆشیبا چووبایە نێو خەڵک یا لەبەرچاو خەڵکەوە خوری ڕستبا یا لەگەڵ پیاوێک قسەی کردبا. یان دەنگی ئەوەندە بەرز بوایە کە هاوسێ بژنەوێ – پیاو مافی ئەوەی هەبوو بێ ئەوەی مارەیی بدا، تەلاقی بدا.[14]

– پیاوی جوو نابێ لە پێش ژنێک کە مووی سەری بەدەرەوەیە دەستی دوعا بەرەو خودا هەڵبێنێ.[15]

## تەڵاق

– پیاو دەتوانێ ژنەکەی تەلاق بدا.[16]

– تەلاق بە ڕەزامەندی هەر دوو لایەن نیزن دەدرا – ژن بە ڕەزامەندی مێردەکەی دەیتوانی جوێ بێتەوە بەڵام ژن بێ ڕەزای خۆی دەکرا تەلاق بدرێ.[17]

– ئەگەر ژن هەتا دە ساڵ منداڵی نەبوایە تەلاقی نیزن دەدرا.[18]

– ئەگەر کەسێک ژنێکی هێنا و بەدڵی نەبوو چونکە شتێکی ناشایستی لێ دیوە، ئەوە تەلاق نامە دەنووسێ و دەیدا بەدەستییەوە و لەماڵی خۆی وەدەری دەنێ. ئەگەر ئەم ژنە ببێ بە ژنی یەکێکی دیکە، ئەو پیاوەش پێی ڕازی نەبێ و تەلاقی بدا یا پیاوەکە بمرێ مێردەکەی یەکەم ناتوانێ دیسان مارەی بکاتەوە چونکە ناپاک بووە و خودا ئەمە بە مەکروە دەزانێ. (سەفەری پێنجەم بەشی ٢٤)

کە وابوو ئەو شەریعەتانەی ئیسلام کە مارە بەجاش بە حەرام دەزانن زیاتر پارێزەری نەسڵەکەن.

## میرات

– ... ئیبراهیم تەواوی موڵکەکەی خۆی بەخشی بە ئیسحەق – بەڵام بە کورانی کەنیزەکانی دیاری دا و لە کاتی ژیانی خۆیدا لە ئیسحەقیانی دوور خستەوە بەرەو ڕۆژئاوا. (سەفەری پەیدا بوون بەشی ٢٥)

کە وابوو منداڵانی کەنیز لەگەڵ منداڵانی دیکە بەشیان وەک یەک نەبووە.

ئەگەر خاوەن کۆیلەیەک ژنێک بهێنێ بۆ کۆیلەکەی و بێ بە خاوەنی کوڕ و کچ ئەو منداڵانە هی خاوەن کۆیلەکە دەبن. (سەفەری وەدەرکەوتن بەشی٢١)

– ئەگەر کەسێک بمرێ و کوڕی نەبێ داراییەکەی بە کچەکەی دەگا، ئەگەر کچی نەبوو بیدەن بە براکانی و... (سەفەری چوارەم (ئەعداد) بەشی ٢٧)

– کچێک کە میراتی پێ گەیشتووە تەنیا دەتوانێ لە قەومی خۆیاندا مێرد بکا هەتا میراتەکە هەر لەو تایفەدا بمێنێتەوە، (سەفەری چوارەم (ئەعداد) بەشی ٣٦)

ئەمە بەو مانایە کە ئەگەر مێردی بە دەرەوە کرد لە میرات بێوەری دەبێ. یەکێک لە هۆکانی مێرد بە هێوەر کردنیش هەر ئەوەیە کە داراییەکە لەو بنەماڵە نەچێتە دەرێ.

– پاش مردنی مێرد ژن جگە لە مارەییەکەی میراتی دیکە نابا – کچ کاتێک میرات دەبا کە بنەماڵەکە کوڕی نەبووبێ، دیارە ئەرکی سەرشانی برا ئەوە بوو کە خەرجی دایک و خوشکەکانی بدا.[19]

– ئەگەر براکەت بمرێ ژنی براکەت بهێنە و یەکەم منداڵەکەت میراتی براکەت دەبا (ئەمەوەکوو یاسای زەردەشتییانە) ئەگەر برا بەم کارە هەڵنەستێ ژن دەتوانێ دادخوازی لای گەورە پیاوانی قەوم بکا. (سەفەری پێنجەم بەشی ٢٥)

پێشتر باسمان کردووە کە ئەم دابە – تەنانەت ئێستاش – لە برێ ناوچەی کوردەواریدا هەر ماوە. یەکێکی دیکە لە هۆکانی ئەم دابە ئەوەیە کە ژن ناتوانێ ببێتە کەفیلی منداڵەکانی خۆی.

– دوایە یەهودا بە ئونا ی گوت لەگەڵ ژن براکەت دا بنوو بەرەیەک بۆ براکەت ساز بکە – ئەو لەکاتی جووت بووندا تۆاوەکەی لەسەر زەوی کرد هەتا بەرە بۆ براکەی چێ نەکا – ئەم کارە بەلای خوداوە پەسند نەبوو و ئەوی مراند (سەفەری پەیدا بوون بەشی ٣٨)

لەم برگەدا جگە لە مێردکردن بە هێوەر باسی تۆماو لە زەوی کردن هاتووە کە لە ئاییینی زەردەشتیش دا گوناهێکی گەورە بووە و نیشانەی ڕێزی زۆر بۆ پیاو وەکوو چێکەری ژیان بووە.

– ئەگەر دوو پیاو شەڕیان بێ و ژنی یەکیان بێتە پێشێ و لەسەر شووەکەی بکاتەوە و ئەندامی نێرینەی کابرا بگرێ دەبێ دەستی ژنەکە ببڕن و بەزەییان پێدا نەیێتەوە. (سەفەری پێنجەم بەشی ٢٥)

– زکات بە غەریب و هەتیو و بێوەژن دەدرێ. (سەفەری پێنجەم بەشی ٢٦).

درێژەی هەیە

## سەرچاوەکان


١– تاریخ تمدن اسلام، جرجی زیدان، جواهر کلام. ل ٧٣٦ –٧٤٠
٢– سەرچاوەی پێشوو ل ٧٧٤ – ٧٧٥
٣– پێشوو، ل ٧٤٠ – ٧٥٠
٤– تاریخ تمدن، ویل دورانت، بەرگی ٢ ل ٢٨٠
٥– اسلام در ایران، پطروشفسکی، ل ١٩٩
٦– تاریخ تمدن، ویل دورانت، بەرگی ٢ ل ٢٨٠
٧– اسلام در ایران پطروشفسکی، ل ١٩٩
٨ – تاریخ تمدن، ویل دورانت بەرگی ٤ ل ٣٣٨
٩– پێشوو، ل ٣٣٨
١٠– پێشوو، ل ٤٨٥
١١– پێشوو، ل ٤٨٦
١٢– پێشوو، ل ٣٣٨
١٣– پێشوو، ل ٣٣٨
١٤– پێشوو، ل ٤٦١
١٥– پێشوو، ل ٤٨٤
١٦– پێشوو، ل ٣٨٩
١٧ – پێشوو، ل ٣٣٩
١٨– پێشوو، ل ٤٦١
١٩– پێشوو، ل ٤٨٦

# چەند خاڵێک لە مەڕ ڕەخنەی دۆستانەی خاوەنڕایان

## سەبارەت بە وتووێژی من لە «گزینگ»ی ژمارە ١٣دا

● د. گوڵموراد مورادی ●

ماوەیەک لەمەوبەر، «گزینگ»ی ژمارەی ١٤م پێگەیشت، لە لوتف و چاکەی بەرپرس و بەڕێوەبەرانی دیکەی گۆڤارەکە مەمنوون و سپاسگوزارم. هیوادارم گۆڤاری گزینگ لەو ئەرکە گرینگەی کە لە بواری ڕۆشنگەرییەوە وەئەستۆی گرتووە، بتوانێ بە هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانی یەک یەکی بەڕوەبەران بەئەنجامی بگەیێنێ.

ڕێگام بدەن، قسەکانم کە زیاتر پێوەندییان بە نووسراوەی هاونیشتمانیی بەڕێز کاک عەلی کەریمی و هەروەها ڕێنوێنییەکانی ڕێزدار مامۆستا کەریمی حیسامی یەوە هەیە، لەپێشدا بە هێنانەوەی شێعرێکی مەولەوی[ ڕۆمی] کە دەڵێ:

وا حەوت شاری ئەوین، عەتتار گەڕا
ئێمە هەر ماوین لە سووچی کوچەیەک*

وە پاشان وێڕای پێشەکییێکی کورت دەست پێبکەم. بەرلە هەموو شتێک و بەگشتی ڕووی قسەم لەگەڵ تەواوی ئەو مامۆستا و خاوەنڕایانەیە کە سەبارەت بە مەسەلەی سیاسی وکۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ستەملێکراوی گەلی کورد، لە هەر بارێکەوە کۆڵێکیان تاقیکردنەوە هەیە کە بەرەی داهاتووی کۆماری کوردستان، بەچاک و خراپیانەوە شانازیان پێوەدەکەن. دۆستان و بەروەرێنەرانی ئازیز! ئەوە ئێوەبوون کە بەرەی دوای تێکشکانەکانتان دەبیردەوەبرد، کە هۆیەکان بدۆزنەوە و تاڕادەیێک دوژمنانی بەڕواڵەت دۆست بەگەل بناسێنن. ئەگەر تا ئێستە سەرکەوتنێکی دڵخواز بەدینەهاتووە، دەبێ دیسان هۆ و سەبەبەکان لێکبدرێنەوە. لەوەدا شک نییە کە دۆزینەوەی هەڵەکان و چارەسەرکردنیان ئەرکی سەرەکی مامۆستایان و خاوەنڕایانە. ئەرکێکی دیکە کە پێوەندی بە هەمووانەوە هەیە، تێنەکەوتن لە چاڵاوی قووڵی دوژمنانە کە پڕە لە زبڵ وزاڵی پەنجاساڵە. هەروەها وریاکردنەوەی لاوان لە هەڵدێری درۆودەلەسەی«گوبلز»ییە کە بەداخەوە بەشێک لەوان نەخوازانە لێی هەڵدێراون. بە عەقیدەی بەندە توێژی«پێشڕەو» و قەڵەم بەدەستانی خاوەن نێو، لە کۆمەڵگەی زۆڵم لێکراوی ئێمەدا لە عاست هەڵە و کەموکوڕییەکانی فەرهەنگی و پەروەردەیی گەلی خۆیان، ئەگەر هیچ ئەرکێکی ڕاپەڕێنانەشیان نەبێ، بەرپرسیارن.

لێرەدا دوو خاڵی سەرەکی شیاوی سەرنجن: یەکیان ئەوەیە نابێ کارێک بکەین کە ناڕاستەوخۆ ببینە بڵیندگۆی دوژمنانی گەل؛ دووهەم، بۆ ناسینی دۆست ودوژمنانی گەلی کورد دەبێ هەنگاوی خورتتر هەڵێندرێتەوە. ئەگەر دۆستانێک کە لە ئینگلستان هەن و لەندەن دەژین، زەحمەت بکێشن و سەرێک لە ئارشیڤی ئاواڵەی وەزارەتی کاروباری دەرەوە(PRO)ی ئەوێ بدەن، بێشک گەلێک مەسەلە لەمەڕ سیاسەتی ڕۆژئاواییەکانی وەک بڵێین جیهانی ئازاد لە پێوەندی لەگەڵ گەلی کوردیان بۆ ڕوون دەبێتەوە. ئەوڕۆ ئیدی شۆڕباوەکە ئەوەندە سوێرە کە خۆی کابانەکەش عاشای لێناکا، وە ئەو مەبەستە بۆ گەلێک لە سیاسەتکارانی ولاتانی پیشەسازیی سەرمایەداری خاوەنپشک لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا داپۆشراو نەبووە و نییە کە دوای شەری یەکەم و دووهەمی جیهانی، گەلانی ئەرمەنی وکورد(بەتایبەت کورد) لە پێناو سیاسەتی کێبەرکێیی دەسەلاتخوازانە و شەری سارددا قوربانی کران. وە ئێستەش هەر ئەوانن ئیدی ترسێکیان نییە کە بڵێن، لەو سەردەمەدا بۆ ڕاگرتنی دەسەلات و خیچاندنی ڕەقیب، پێویست بوو و دەبوایە ڕاستییەکان هەتڵە بن، درۆکانی گوبلزی گەورەتر بکرێنەوە و بە هۆی گەلێک ڕاسپاردەی زیرەک وەکوو ئارچی ڕوزڤێلتی ئەمریکایی و لانگریک و ئێدمۆندزی ئینگلیسی و دواتر ئیگلتۆن و زۆر فلان وفیساری دیکە لەوبوارەدا، دە تووزەلەی پروپاگەندە بتوڕێنن.

لێرەدا، گێڕانەوەی چیرۆکێک بێ کەلک نابێ. ئەوانەی لوتکەی پروپاگەندەی شەڕی ساردی ساڵەکانی ٥٠و ٦٠یان لە بیر بێ، چیرۆکی «ئێریک بوچکەڵە»یان بیستووە کە چۆن چەند حەوتوو و چەندمانگ، دوو تانکی زرێپۆشی ئینگلیسی لە دەرگای ماڵەوە تا قوتبخانە(ی یەکێک لە شارۆچکەکانی نێوان دوو ئالمانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلاتی پێشوو)ڕەوانەیان دەکرد گوایە لە چنگ سالداتی ڕووسی کە نەیاندەهێشت بچێتە قوتابخانە بیپارێزن. ساڵی ڕابردوو «ئێریک بوچکەڵە»ی ٤٧ ساڵانە لە سەر شاشەی تەلەڤیزیۆن قوتدەبێتەوە و لە وتووێژێکی یەکسەعاتیدا لە حاڵێکدا چەند کوتە فیلمی پروپاگەندەی ئەوزەمانیش نیشان دەدرێ، ئەو «ئێریک»ئاغایە دەڵێ: هەموو ئەو شانۆیانە درۆ بوون. «ئەمن گەلێک ڕۆژان حەوسەلەی مەدرەسە چوونم نەبوو، جانتاکەم لە نێو دارەکانی(نێوان دوو گوند) دەشاردەوە و دەڕۆیشتمە لای ئەنک(دایەگەورە)م. دوای چەند جار خۆدزینەوە کاتێک مامۆستاکەم پێیزانی، گوتم سەربازەکانی ڕووسی ناهێڵن بێمەوە قوتابخانە. مامۆستا ئەو مەسەلەی بە کاربەدەستانی سەرتر

---

* هفت شهر عشق را عطار گشت
ما هنوز اندر خم یک کوچه‌ایم

ڕاگەیاند و ئەوە بە گوێی هێزە هاوپەیمانەکانیش ڕاگەیشت. ئەوەبوو ئەوان دەست بەکاربوون و چەند سەربازی ئینگلیسی ودوو زرێپۆشیان بۆ تەرخان کردم. هەرچەند دواتر، لە ترسان هەموو شتێکم گوت، بەڵام ئەوان پاراستنی منیان هەر درێژە پێدا و بەمجۆرە لە تەلەڤیزیۆندا نێویانگم دەرکرد»!

گەلێک ڕووداوی ئەو سەردەمە وەک چیرۆکی «ئێریک بوچکەڵە» وابوون. بۆ نموونە یەکێک لە فرۆفیشاڵی ئەو ئاغایانە ئەوەبوو کە بە خەڵکی ناوچە وجیهان بسەلمێنن کە ڕێکخراوی «کۆمەڵەی ژ. ک»، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و کۆماری کوردستان سازکراو و پەروەردەبووی دەستی سۆڤێتە و بەتایبەت لەوەش ژوورتر بە ئیشارەی باقرۆف و غەیرە بووە؛ ئەگەرچی خۆیان لە زمان باقرۆفەوە لەمەڕ لێژنەی نوێنەرایەتی گەلی کورد دەنووسن: ئەو (باقرۆڤ) حیزبی تودە بە گرووپێکی ئاژاوەچی و ناکاربڕ و «کۆمەڵەی ژ.ک»یش کە لە عێراق لە ژێر سایەی ئێنتلیجێنس دا دەستی بەکارکردووە و جگە لە بووکەچینییەک لە دەستی ئیمپریالیزمی ئینگلیس دا نییە، هەڵدەسەنگێنێ و هەردووکیان ڕەتدەکاتەوە»[1].
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەدەپرینگانەوە کە هەر تاوانێکی دیکە و لەوانە تاوانی ڕاسپاردەیی بە سۆڤێت، لەو ڕێکخراوە نەدەن.

ڕێگام بدەن بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست کەمێک بگەڕێمەوە دواوە و هەنگاو بە هەنگاو چاوێک بە هێندێک بەڵگەدا بخشێنین. لێرەدا لە سەفەری یەکەمی پێشەوا قازی محەمەد بۆ باکۆ لە ڕێکەوتی ٢٥ی نوڤامبری ١٩٤١ڕا دەست پێدەکەین:

لە ڕاپۆرتی مانگانەی ئۆکتۆبر و نۆڤامبری ١٩٤١ی کونسوولی ئینگلیس لە تەورێزدا هاتووە کە: «کوردەکانیان بەکردەوە دە ماشێنک پەستاوت (تێکیانەوەپێچان) و وێڕای جۆرێک مێهرەبانی و میوانەوازی بەدابی سۆڤێت بۆ تەورێزیان بردن... وە لە ماوەی ڕۆژێک یا دووان ئەوانیان بۆ حەوتوویێک دیدار لە ئیعجازەکان بۆ باکۆ ڕاگواست (ڕادا)». هەر ئەو کونسوولە لە تێلگرافێکی دیکەدا دەنووسێ: «ڕێبەرانی کوردیان بۆ دیدارێکی فەرهەنگی بۆ باکۆ بردووە. بەڵام فرە بەڵگەی باوەڕپێکراوله دەست دایە کە کوردەکان بە تۆبزی و هەڕەشە بۆ ئەم دیدارە بردراون»[2] سەرنج دەدەن کە بە چ شێوەیێک قەڵەم دەسووڕێنن، هەردەڵێی ڕێبەرانی کورد کووتەڵێکی بێ ئیرادە وبێ گیان بوون کە وەک قوماش بە ویستی یەکی دیکە ڕاگوێزراون! سەبارەت بە پێکهاتنی «کۆمەڵەی ژ.ک»، ئاغای ئارچی روزڤێلت وێڕای تیفتیفەدانێکی فرە لە نووسراوەبەناوبانگەیدا، یەکەم هێناویە کە: «کۆمەڵەی ژ. ک» لەلایەن دوانزەوانەیێک(١٢ کەس) لە لاوانی کورد زۆربەیان بازرگانی گچکە و کاربەدەست لە پلەی نزمدا، لە ڕۆژی ١٦ی ئووتی ١٩٤٣ پێکهات. ئەندامەکانی بۆ نهێنیکاری لە سنووری سەد کەسدا ڕاگیران.[3] لێرەدا بە ئانقەست یان بە هەڵە ساڵرۆژی «کۆمەڵەی ژ.ک»ی لەگەڵ ڕۆژی پێکهاتنی لێ تێکچووە کە لە باسی ئێمە بەدەرە؛ چونکە لە هەمووان ڕوونە کە «کۆمەڵەی ژ.ک» لە ١٦ ئووتی ١٩٤٢ دامەزراوە نەک ١٩٤٣. دووهەم؛ لە هەمان سەرچاوە، ل ١٣٨دا دەڵێ: « عەبدوللایێوف (ڕاسپاردەی سۆڤێت) لە مەشروبفرۆشییێکی ئەرمەنیدا، کوردێک بە جلی خۆماڵی دەبینێ و سەرنجی ڕادەکێشێ و بە لیباسەکەی هەڵدەڵێ(کە گوایە) ئەو برا کوردە یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بووە... وە لەو تاریخە بەدواوە کۆمەڵە دە نێو بازنەی (قەڵەمڕەو)ی سۆڤێت کەوت».

سەبارەت بە سەفەری دووهەمی قازی محەمەد لەگەڵ لێژنەی نوێنەرایەتی کورد بۆ باکۆ دەنووسێ: سەروان نماز عەلییێوف فەرماندارى نیزامی[عەسکەری]شاری میاندواو لە ١٢ی سێپتامبر(١٩٤٥) سەرۆکە سەرەکییەکانی عەشایری کورد ڕادەدێڵێ و وێڕای قازی محەمەد و سەیفی قازی بەڕواڵەت بۆ دیداری کونسوولی سۆڤێت لە تەورێزیان دەبا. کاتێک ئەوان دەگەنە ئەوێ، لەناکاو بە کوردە مات و حەبەساو و( لە هەموو شت بێ خەبەر)ەکان دەگوترێ کە بەرەو ئیستگەی ڕێگەی ئاسن بکەونەڕێ کە لەوێ بە تۆبزی(!!)سواری قەتاریان دەکەن و ڕەوانەی باکۆ دەکرێن. بەگوێرەی وتەی ئارچی روزڤێلت، ئەوان سێ ڕۆژان لە ڤیلایێکی دەرەوەی شار وەک سەیاحەتچی مانەوە. لەوێندەرێ باقرۆف وێڕای ئاماژە بە ڕەنج و ستەمێک کە لە زەمانی ڕەزاشادا چێژتوویانە دەستی کرد بە قسە و ئامۆژگاری وگوتی دەوڵەتی سۆڤێت بە حیزبی دێمۆکراتی تازە کە لە پێناو ڕزگاری لە زۆڵم و ستەم هەنگاوی هەڵێناوە، یارمەتی دەگەیێنێ و بەتاڵووکە داوای لێکردن کە تێکەڵاوی بن».[4] سەرنج دەدەن کە بە چ شێوەیەکی سووک و بادانی قەڵەم کوردان وەک کەسانی گێل و ڕاسپاردە دەناسێن کە شوورەوییەکان وەک مەڕ بەتۆبزی دە قەتاریان پەستاوتوون و دوایەش باقرۆڤ هەموو شتێکی بۆ دیکتە کردبوون!!
لێرەدا لەلایێک لە حیزبی دێمۆکراتی تازە کە وجودی هەبووە قسەدەکرێ و باقرۆڤ لێیانی دەوێ تێکەڵاوی ببن و لەلایێکی دیکە بەو قسانەی خوارەوە لە پێکهاتنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دوای گەڕانەوەی قازی محەمەد دەدوێن: ئاکامی ئەو سەفەرە زوو ڕوون بووەوە. دوای گەڕانەوە، زۆری نەخایاند کە قازی محەمەد دانیشتنێکی لە کوردەکان پێکهێنا و بوونی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ڕاگەیاند و خۆی قازی محەمەد و ١٠٥کەسی دیکە لە ڕێبەرانی کورد ژێری ڕاگەیێندراوی پێکهاتنی حیزبیان مۆر کرد»[5]. بەڵام لێرەدا یان خەبەردەرەکان خۆئاسایی هەڵەیان کردووە یان ئاغای روزڤێلت بە هەڵە بیستوویە. یەکەم؛ ڕاگەیێندراوی دامەزرێنەرانی حیزبی دێمۆکرات تەنیا ٧٢ کەس مۆریان کردبوو.( بڕوانە: کەریم حیسامی، *کۆماری دێمۆکراتی کوردستان یان خودموختاری*، ل٥٦ ). دووهەم؛ لە کتێبی ئیوانۆف، "تاریخ نوین ایران" (ل١١٣) دا هاتووە: «لە نێوان ٢٥ تا ٢٨ی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٤٥ یەکەمین کۆنگرەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە شاری مهاباد ناوەندی ئوستان پێکهات». بەوپێیە لەوانەیە ئارچی روزڤێلت بۆ مەقبولکردنی تێزەکەی یەکەمین کۆنگرەی حیزبی بە پێکهاتنی لەقەڵەم دابێ و یان...؟

ویلیام ئیگلتۆن لە کتێبەکەیدا (کۆماری کوردی ١٩٤٦، ل٥٧)، نموونەی ئەو تێزەی ئارچی روزڤێلتی دەستاودەست دوای نزیکەی ١٥ساڵ دواتر(١٩٦٣)بەمجۆرە هێناوەتەوە: « چونکە کۆمەڵە وەک ڕێکخراوەیێکی نهێنی تا ئەوکاتە هێشتاش شوێنێکی بۆ کۆبوونەوەی دەسبەجێی ئاشکرا نەبوو، لەبەرئەوە گرووپێکی ٦٠ کەسی لە سەرۆک عەشیرە و هۆزەکان و گەورەپیاوانی شار کە لەلایەن قازی محەمەد

بانگکرابوون، لە یەکێک لە ڕۆژەکانی نۆڤامبری ١٩٤٥ لە ناوەندی فـەرهەنگیـدا کـۆبوونەوە. سـەرەڕای ئاگـاداربوونی شـوورەوییـەکـان لەو دانیشـتنە، ڕاسپـێراوکانی ڕووسی خۆیان دوور ڕاگرت و ئەوکـارەیان بەکـوردەکـان ئەسـپـارد. لە گوتاری قازی محـەمەددا ئیشـارەکراوە کـە: «برا ڕووسـەکـانی ئێـمـە، بە حـیـزبی تازە یارمـەتی دەگەیێنن». بنوارن، ئەو ئاغایانە مەبەستێکیان لەبەرچاو گرتووە و ئەویش بە شێوەی نەرم و نیان نیشـاندانی «بەستراوەیی» ڕێبەرانی گەلی کورد بووە بە شوورەوییەکان. سەبارەت بە ڕاگەیاندنی کۆماری کـوردستانیش کەسێک بە نێوی **جۆرج لنچۆڤسکی** لە لاپەڕەی ٢٩١ی کـتـێـبـەکـەی ( *روسـیـه و غـرب در ایران* ١٩١٨)١٩٤٨ ) هـەر ئەو سـازەی دەژەنێـتـەوە و دەنووسێ: «لە ١٥ی دێسامبری ١٩٤٥ژمارەیێک لە ڕێبەرانی حیزبی دێمـۆکـراتی کـوردسـتـان لە حزوری ئەفـسـەری سـۆڤـێت (نێـو؟) لە مـهـاباد کـۆمـاری گـەلی کوردیان ڕاگەیاند». سەرنج بدەن کە ئەو ئاغایانە هەر شـتـێکیـان لە پێـوەندی لەگـەڵ مـەسـەلەی کـورددا گـەلالـەدەکـرد، دەبوایە ڕاسـپـاردەیێکی ڕووسیشیان بۆ مەزە، قوتکردبایەوە.

کـاتێک قازی مـحـەمـەد لە سـەفـەری خۆی بۆ باکۆ لە جێژنی دامـەزرانی فـیـرقـەی دێمـۆکراتی ئازەربایجان لە ١٢ی سـێـپـتـامـبـری ١٩٤٥دا بەشـداری کـرد، نامـەی پیـرۆزبایی لەلایەن ٢٠هەزار ئەندامی حـیـزبی دێمـۆکـراتی کـوردستـانەوە دەخوێنێـتـەوە؛ کەوا بەشـێک لەو نامە پیرۆزباییە کە بە فـارسی لە نامیلکەیێکدا لەژێر عـیـنوانی « ٣٠ سالْ» (لە بڵاوکراوەکانی فـیـرقـەی دێمـۆکـراتی ئازەربایجـان، ١٣٥٧، ل١٥)دا هاتووە، بە بەڵگە دەهێنینەوە: «نامـەی پیرۆزبایی ٢٠هەزار ئەندامی حیزبی دێمۆکراتی کـوردسـتـان لەوبارەدا پڕ ناوەرۆک و سەرنجڕاکێشـە. لەونامـەیەدا ڕاگەیێندرابوو "براکوردەکانی ئێوە بە بۆنەی دامـەزرانی فیرقـەی دێمۆکراتی ئازەربایجان بە دڵێکی پڕ لە ئەوینی نیشـتمـانپەروەرییەوە بە ئێوە لە کانگای دڵەوە پیـرۆزبایی دەکـەن... گـەلی ئازەربایجـان! ئێـوە دەتوانن ئەرخـەیان بن کە گەلی کـورد نە بە قسە بەڵکوو بە گـیـان و مـاڵ بۆ خـەبات لە پێناو مـەرامی پیـرۆزی ئازادی وێڕای ئێـوە بەشـداری دەکا و تا کۆتایی خەبات، سادق دەبێ"».

کەوابوو مـەسـەلە بەو شـێوەیە نەبووە کـە ئارچی روزڤـێلت بە تەوس و سـووکـایەتی دەریبـڕیوە. بەوپێیە ئەگەر حیزبێکی دێمۆکراتی کوردستان لە ١٢ی سێپتامبری ١٩٤٥دا نەبووە، چۆن دەکرا لەلایەن ٢٠هەزار ئەندامـەوە بە حـیـزبێکی تازەسازکراو کە لە بەیانییەی ١٢ی سێپتامبر ٧٦ کەس بەیانییەی دامەزرانیان ئیمزا کردووە، نامـەی پیـرۆزبایی پێشکێش بکرێ؟ بەهەرحاڵ دەتوانرێ قـەبوڵ بکرێ کـە حـیـزبی دێمـۆکـراتی کـوردسـتـان لانیکەم پێش ١٢ی سـێـپـتـامـبـری ١٩٤٥ دامـەزراوە و ئەندامـەتی ٢٠هەزار کـەس لە هەلومەرجی ئەوکاتەی کوردستاندا ناتوانرێ بە ڕۆژێک و دووان ببەسترێتەوە.


دەڵێن لە کـۆمـاری وایمار لە ئاڵمـان لە نێـوان ساڵەکانی ١٩١٩ و ١٩٣٣، ڕۆژێک یەکێک لە سـیـاسـەتمەدارەکـانی چەپ لە کـاتی وتاردانی پارلمانیدا، لەپڕ نوێنەرانی ڕاستی بەرژەوەندخواز چەپڵەیان بۆلێدا. بە سەرسوڕماوی سەری هەڵێنا وچاوێکی لە دەوروبەری خۆی کرد و پاشان لەبەر خۆیەوە گوتی: گێلەپیاو! چ چەپکە گوڵێکت بە ئاودا داوە کە ئەوانە چەپڵەت بۆ لێدەدەن؟

ئێستا ئاوالان، ئەمن نامەوێ ئارچی روزڤلێت ی گچکە وگچکەتر چەپڵەم بۆ لێبدەن. هیوادارم هاوولاتی بەرێز کـاک عەلی کەریمی لانیکەم لەو نوکتەیەدا لەگەڵ من هاودەنگ بێ. هەڵبەتا ئەو، بە هـەق یـان نـاهـەق، لـە گزینگ(ژمـارە ١٤، ل٢٨)دا، وێڕای باسـێکی دوورودرێژو دیفـاع و ڕەخنە، ئیـرادی لە من گـرتووە وفـەرمـوویە: «... تەنانەت چاوێک لە نووسراوەکانی ئەوسەردەمی کـۆمـار ناکـا و ڕۆژی ١٦ی ئووتی ١٩٤٥ بە ڕۆژی دامـەزرانی حـیـزبی دێمۆکراتی کوردستان دادەنێ! یان بێ هیچ بەڵگەیەک بۆ یەکەمین جار دەنووسێ: ٢٢کـەس لە ڕۆشنبـیـران و سـیـاسـەتمەدارانی کـورد کـۆمـەڵەی ژ. ک یان دامەزراند! ئێمە لەو سەرچاوانەی کە تائێستا لەبەر دەسـتـدان، ٨ کـەس و ١٢کـەس و... مـان بیسـتـووە و لە ١٤کـەسـمـان زیاتر نەبیسـتـبوو، چۆنە کـاک دوکـتـور دەیانکا بە ٢٢کـەس و هیچ ئاماژەیەک بۆ سەرچاوەکەی خۆی ناکا؟!»

ئەمن ئەو ئێـرادە و ڕەخنەکـانی دیکەش، بە گـوێرەی ئەو پەندە ئاڵمـانیـیـەی کـە دەڵێ: «ڕژدترین ڕەخنەگـری من، لە هەمـان کـاتدا باشترین دۆسـتی منە»، بە هۆیەکی پۆزێتیڤ لە پەرەپێدانی بازنەی دۆستایەتی دەزانم. هیوادارم ڕۆژێک ئەو بازنەیە بە گەورەیی کوردستان بێ.

ئـەمـن بـە وردبـوونـەوە لـەو سـەرچـاوە جۆراوجۆرانەی کە وەدەستم هێناوە و بە گوێرەی ئەم پرس وڕایانەی کە لە گەڵ کەسانی خاوەنڕا هەمبووە، گەیشتوومە ئەو ئاکامە کە ئەوانەی لەم بوارەدا نووسـیـومن لە ڕاسـتـیـیـەوە نزیکن و تا ئەمـڕۆ پێـچـەوانەی ئەوانم بۆ دەرنەکـەوتووە. وە چونکە ویشکەڕۆیی نابەجـێـشم لە سـەر ئەو مەسـەلە دەستی دووانەدا نییە، بێتوو ئیدیکە ئەیسـەلمێنن و لە سەر جەختی خۆیان سووربن، ئەمن بە چاوی ڕێزەوە دەیانڕوانم. سـەبارەت بە ژمـارەی پێکهـێنەرانی «کـۆمـەڵەی ژ.ک»؛ بۆ لابردنی دڕدۆنگی دەبێ ئەو مـەتڵـەبەش عـەرز بکەم کە ئەمن ئەو ٢٢ کەسەم لە کوێڕا هێناوە. کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٠بوو کە ئەمر **مامۆستا هەژار** تەشریف دێنێتە پاریس و بەندەش بە هۆی یەکێک لە دۆستـانی دێرینەم بە نێوی دوکـتـور فـیـزنەژاد، شـانازیی ئاشنایی لەگـەڵ مامۆسـتاهەژار بە نسیب بوو. ئەمن چەندجاران بە تەلەفۆن سەبارەت بە تێزی دوکتوراکەم کە دەهات تەواببێ لە گەڵی دوام و پرسیارگەلێکم لێکرد و لە زانیـارییـەکـانیشی کەڵکم وەرگرت. لەونێوەدا دوکتور فەیزنەژاد وێنەیێکی مێژوویی کە سـەرجەم ٢٢کـەسی تێدایە(بڕوانە: ل٢٧) و یەکێکیش لەوان مامۆستا هەژار بوو، پێشکێش کردم. ئەوە هەلێک بوو کە فەیزنەژاد و من نێوی ئەوکـەسـانەی لە وێنەکـەدا بوون لە مـامـۆسـتـا بپرسین. ئەسڵی ئەو وێنە(٩×٧) ڕەش وسپییە مێژووییە ئێستە لەلای منە و لە لاپەڕەی ٢٢٢ی کـتـێـبـەکـەم(بە ئاڵمـانی)دا چاپ کـراوە. نێـوی هێندێک لەکەسەکان لەلایەن مامۆستاوە بە ئێمە گـوترا و دوکـتـور فـەیزنەژاد ئەوانی نووسـیـوە. لەوانەیە چەند کـەسێک لەوان لە پێکهـێنەرانی «کۆمەڵەی ژ.ک» نەبن بەڵام بێشـک هەمـوویان ئەندامی کۆمەڵە بوون.

مـەتڵـەبێکی دیکە کـە هەم مـامـۆسـتـا کـەریم حیسامی جەختاندوویە و هەم کاک عەلی کەریمی ئامـاژەی پێـکردووە، مـەسـەلەی خـودمـوخـتـاری وەیان کـۆماری کـوردستـان و کـوردستـانی ئازاد و سەربەخۆیە. لەپێشـدا ئیرادەکان وەک خۆی لێرەدا دەگـێـڕمـەوە ودوایە قـسـەکـانم درێژەپێـدەدەم. مـامۆستا کـەریمی حیسامی دەنووسێ: «دوکـتـور




وێنەیێکی مێژوویی، لە باغی سیسەی سابلاخ (مهاباد)، بەهاری ١٩٤٤ز.

موورادی لە کتێبەکەیدا بە زمانی ئالمانی... گزینگیش هەر لەم ژمارەیەدا ئاساندوویەتی، هەر لە سەرەتای ئاولێنانی کتێبەکەوە تووشی ئەم هەڵەیە بووە کە زۆربەی نووسەرانی کورد تووشی هاتوون و ناوی کۆماری کوردستانیان بە (کۆماری مەهاباد) ناونووس کردووە. لە تەواوی نێوەرۆکی کتێبەکەشدا ئەم هەڵەیە دووپات کراوەتەوە. جگە لەوە دوکتور موورادی کوتوپڕ حوکمی (خودموختاری) بە سەر کۆماری کوردستاندا دەدا. بێ ئەوەی تاقە بەڵگەیەک لە بەڵگە و دوکۆمێنت و نووسراوەکانی کۆمار نیشانبدا، کە باسی خودموختارییان کردبێ» (گزینگ، ژمارە ١٤، ل ٤٨،ک١، د١).

کاک عەلی کەریمی دوای ئەوەیکە ڕستەیێک لە قسەکانی من لە پێوەندی لەگەڵ یەکێک لە فەرمایشتەکانی نەمر قازی محەمەد، دەگێڕێتەوە، دەنووسێ: «لێرەدا مەجبورم وەبیر کاک دوکتور بێنمەوە کە کاکەگیان! قازی محەمەد پەنجا ساڵ لەوەی پێش شەهید کراوە ونەماوە! پیاو بە خوێندنەوەی ئەو چەند دێڕانە وادەزانێ کە هەر ئێستا قازی محەمەد لە مەحکەمە، محاکەمە دەکرێ و کاک گوڵموورادی لە خۆشەویستییەکی زۆر کە بۆ قازی محەمەدی هەیە، دەیەوێ بە هەر جۆرێک کە دەکرێ قسەکانی پێشەوا تەفسیر بکا و بڵێ کە قازی مەبەستی «خوای نەخواستە»سەربەخۆیی کوردستان نەبووە، تا بەڵکوو لە ئێعدام ڕزگاری کا!» (گزینگ، ژمارە ١٤، ل٢٩،ک١، د١٢).

ئەمن لەگەڵ ئەوەیکە «ژێرعینوان»ی کتێبەکەم هەر لەو نێوە جێکەوتوو و لە نێو خەڵکدا باوی «کۆماری مەهاباد» کە یەکەمجار ئارچی زوزڤێلت جێگری ئاتاشەی ئەمریکا لە ئێران بۆ بەسووکزانینی جووڵانەوەی گەلی کورد بەکاری هێنابوو، هەڵبژاردووە؛ بەڵام خۆم هیچ باوەڕێکم بەعینوانەکەی نییە. هەر کەس کتێبی منی خوێندبێتەوە کە لە سەرەتاکانی ١٩٩٢ بە زمانی ئالمانی چاپکراوە، بۆی دەردەکەوێ کە ئەو«عینوانە» بەهیچجۆر ڕەنگدەرەوەی بیروبۆچوونی من نییە. ئەمن دەمتوانی لە باتی ئەو عینوانە کە ئیدی کەس کڕیاری نییە بۆنموونە «حکوومەتی کوردستان و کوردی بازیچەی دەستی سۆڤێت» یان « کوردستان و سیاسەتی ڕووسەکان لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست» و غەیرە هەڵبژێرم کە لەوانەبوو تەنانەت لەبەر عینوانەکەی بە چاپی چەندوم گەیشتبا و بە زمانی جۆراوجۆریش تەرجەمە بووباوە. چونکە مەبەستی من خزمەت بەگەلی ستەمەلێکراوی کوردە کە بۆخۆشم ئەندامێکی گچکەی ئەوم و بووم ودەبم، هەر لە هەوەڵێشڕا عینوان بۆمن گرینگ نەبوو. بۆیە بە شانازییەوە لەو بارەدا خۆم ڕاست دەکەمەوە و سپاسی مامۆستا حیسامی ش دەکەم کە ئەوەی بیر خستوومەوە. بەڵام سەبارەت بە عینوانی «یەکساڵ حکوومەتی خودموختار لە کوردستان»، بە عەقیدەی بەندە ئەوە ناوێکی شیاوە بۆ کۆماری کوردستان(هەڵبەتا لە تیۆریدا بەڵام بەکردەوە خۆگەردان). ئەوە بەو مانایە نییە کە من دژ بە کۆماری کوردستانی سەربەخۆ بم. چونکە ئەوە خواز و ویستی هەر ئەندامێکی نەتەوەی خاوەن فەرهەنگی کۆن و زمانی دەوڵەمەندە کە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی لە دەست خۆیدا بێ و بێشک ئەمن خۆم بە یەکێک لە ئالاهەڵگرانی دیفاع لەو مافە دەزانم و بۆشی تێدەکۆشم. بەڵام نابێ مەسەلەیەکمان لەبەر چاو بزر بێ و ئەویش ئەوەیە لە واقیعدا بژین نەک لە خەیاڵ. ناکرێ دوو شووتیان بە دەستێک

هەڵبگرین. گوتنەکەی زۆر هاسانە، لە ئورووپا و ئەمریکا دانیشتن و تەبەعەی ئەو وڵاتانە قەبوڵ کردن و سەبارەت بە چارەنووسی گەلی کورد کە شەو ورۆژ لەگەڵ چوار دیکتاتۆری مێشک پووک و هێندێک ناسیۆنالیستی کوێری تورک و عەرەب وفارس دەست وپەنجە نەرم دەکا؛ نەخشەکێشان و ڕێبازی حکوومەت دیاریکردن...!

هەروەک مامۆستا کەریم حیسامی بە دروستی فەرموویانە، لە زەمانی کۆماری کوردستاندا و پێشتریش زۆرکەم لە وشەی خودموختاری یان خۆگەردانی لە بڵاوکراوەکانی ئەوکاتەدا قسەدەکرا. ئێستە لەوبارەدا لە من پرسیار دەکرێ کە بۆچی و بە چ دەلیل لە خودموختاری قسەدەکەم. بەڵگەی من هەروەک بڵاوکراوەکانی هەندەری و خۆماڵی ئەوکاتە نووسیویانە، سیاسەتی عاقڵانە و ویست وخوازی گونجاو و لەباری نێونەتەوەییەوە سەلماو و ماقوڵ، شەخسی نەمر قازی محەمەد بوو. ئیجازەم بدەن لەوبارەدا بەڵگەیێک دووپات بکەمەوە کە لە وتووێژەکەم(گزینگ، ژمارە ١٣)دا ئیشارەم پێکردبوو.

ڕۆژی هەوەڵی ژوئێنی سالی ١٩٤٦ هەواڵنێری ئاژانسی فرانسپرێس لەگەڵ پێشەوا قازی دیدار دەکا و لە وتووێژێکی دوورودرێژدا لێی دەپرسێ، بارودۆخی ئێستای کوردستان لە ئاست دەولەتی ناوەندی دا چۆن دەبینێ؟ لە وەڵامدا سێ مەسەلەدەستنیشان دەکا:

١) ئەگەر دەولەتی ناوەندی بڕیاربدا کە قانوونە دێمیکراتییەکان بەڕاستی لە سەرانسەری ئێران بەڕێوەبەرێ و قانوونەکانی ئێستای شیاوی بەجێگەیاندن لە کوردستان لەوانە خوێندن بە زمانی کوردی، خودموختاری ئیدارەکان و ئەرتەشی خۆماڵی بە ڕەسمی بناسێ، کوردان ڕازی دەبن.

٢) دەولەتی ناوەندی جارێ ناتوانێ ئەو قانوونانە بەجێبێنێ.

٣) ئێمە دەمانەوێ کە هەڵبژاردنی پارلمان هەرچی زووتر بەڕێوەبچێ، بەمەرجێک لەوپەڕی ئازادی و بێ فشاری ئەرتەشی ئێران بێت.

لە وەڵامی ئەو پرسیارە، « لەوە ناترسی کە ناکامی گرژیی نێوان دەولەتی ناوەندی وکوردستان، خۆتێهەڵقوتانی هەندەری بەدوادابێ؟» قازی محەمەد دەڵێ: دۆخی کوردستان لەگەڵ دۆخی ئازەربایجان زۆری جیاوازی هەیە. خاکی ئێمە هەرگیز لەلایەن هێزەکانی سۆڤێت داگیرنەکراوە و لە زەمانی وەلانرانی ڕەزاشا، نە ژاندارمەری و نە ئەرتەش لە کوردستان نفوزیان نەبووە. لەوکاتە تائێستا، ئێمە بەکردەوە سەربەخۆین... هەروەها ئێمە هەرگیز تێهەڵقوتانی هەندەری لەلایەن هەرکەسێکەوەبێ قەبوڵ ناکەین. مەسەلەی کوردستان مەسەلەیێکی تەواو ناوخۆیی یە و دەبێ لە نێوان کوردان ودەولەتی ناوەندی چارەسەربکرێ»[٦] سەرنج دەدەن نەمر قازی محەمەد مەسەلەی کوردستانی وەک مەسەلەیێکی ناوخۆیی لە نێوان دەولەتی ناوەندی و گەلی کورد زانیوە. هەڵبەتا لە شوێنێکی دیکە ویلیام ئیگلتۆن لەوبارەدا مەتڵەبێکی نووسیوە کە تێیدا گوایە قازی محەمەد لە دیسامبری ١٩٤٥، عەبدولرەحمانی زەبیحی و عەلی ڕیحانی ڕادەسپێرێ کە لە تەورێز کونسوولی ئینگلیس ببینن و لێی بپرسن کە ئایا بوار هەیە، دەولەتی ئینگلستان و هێزە ڕۆژئاواییەکانی دیکە لەگەڵ حکوومەتی خودموختاری داهاتووی کوردستان جۆرێک پێوەندیی ڕەسمی پێکبێنن. گوایە کونسوولی ئینگلیس وەڵامێکی لێڵ و سەربەستەی دابووەوە و کوردەکانی قانع نەکردووە» ( ویلیام ئیگلتۆن... ل٦١). سەرەڕای تەواوی ئەوانە لە دەورانی پێنجساڵەی خۆگەردانی کاروباری بەڕێوەبردنی بەشێکی کوردستانی ئێران بە دەست خۆیان کوردان، ڕێبەران و نوێنەرانی کورد لە هەر دانیشتنێک و قسەکردنێک چ لەگەڵ دەولەتی ناوەندی و چ لە دیدارگەلی نوێنەرانی نیزامی(عەسکەری) و غەیری نیزامی دەولەتانی هەندەری و هەروەها لەگەڵ هەواڵدەران، هەروەخت قسە لەسەر مافی ڕەوای گەلی کورد کرابا، ئەوان لە سەر لانیکەمی ئەو داخوازییانە واتە هەمان خاڵەکانی ٦مادەیی و ٨ مادەیی کە «کۆمەڵەی ژ.ک» ودواتریش حیزبی دێمۆکراتی کوردستان گەڵاڵەیان کردبوو، پێیان دادەگرت.

لێرەدا دوو نموونەی دیکە وەڕوودەخەم. ئەو جۆرەی کە لە ڕاپۆرتی مانگانەی ئۆکتۆبر و نۆڤامبری ١٩٤٤ی کونسوولی ئینگلیس لە تەورێز هاتووە، قازی محەمەد وێڕای لێژنەیێکی نوێنەرایەتی پێنج کەسی لەلایەن کۆمەڵەوە لە ڕێکەوتی ١٦ی ئۆکتۆبری ١٩٤٤، لەپێشدا بۆ تەورێز ڕۆیشت و لەوێ لە ڕۆژی ٢١ی ئۆکتۆبری ١٩٤٤ بەرەو تاران چوو. لە تاران هاوبەری گفتوگۆ لەگەڵ لێژنەی نوێنەرایەتی کورد، یەکێک لە وەزیرەکانی کابینەی ساعید بەنێوی فەخیمی بوو کە دواتر خۆی دەبێتە سەرۆک وەزیر. لەو دیدارەدا نوێنەرانی گەلی کورد بەڕاستی بۆ چاری هێمنانەی مەسەلەی خۆیان لە بەشێکی زۆر لە لانیکەمی داخوازییەکانیان چاوپۆشییان کرد.[٧]

نەمر قازی محەمەد هەر لەو سەفەرەیدا هەل دەقۆزێتەوە و وێڕای نەمران سەدری قازی وسەیفی قازی لەگەڵ ئەرفەع ڕەئیسی ستادی ئەرتەش دیداری کردبوو و عەینی مەسەلە واتە شڵەژاویی بارودۆخی کوردستان، ئەوجۆرەی کە ئەرفەع خۆی باسی دەکا، بە توندی دەخاتەڕوو بەڵکوو ئەرفەع بتوانێ ببێتە نێوبژیکەر و ئەو لانیکەمی داخوازە ڕەوایانەی کوردان وەربگیرێ.[٨]

بە پێی ئەو فاکت و بەڵگەیانەیە کە من ئیجازەم بە خۆم داوە لە خودموختاری قسەبکەم. هەڵبەتا لێرەدا زۆر مەسەلەی شیاوی باس هەن کە حەوجێ بە وەختێکی فرە دەکا تا بکرێ لە ڕوانگەی جۆراوجۆرە شیبکرێنەوە. بەندە بۆ وەڵامی هەر پرسیارێک لەوبارەدا لەخزمەت دام.

لەگەڵ ئارەزووی سەرکەوتنی هەرچی زۆرتر، خوازەری ئێوە

گوڵموراد مورادی

هایدلبێرگ، ٢٠ی ژانڤیەی ١٩٩٧

**پەراوێز:**

1,2) FO 371-31388/File No.21, Teleg. No. 76, 15th Jan. 1942

3, 4, 5) Archie Roosevelt Jnr., *in people without a Country*, p. 136-140

6) Lucien Rambout, *Les Kurds et le Droit*, Paris 1947, p. 106-10

7) FO 371-40178/File No. 138, Tabriz Diary 12th Oct. to 30th Nov. 1944

8) Hassan Arfa, *The Kurds*, London 1966,p. 75-76

****

• **تێبینی:** ئەو نووسراوەیە بە زمانی فارسی نووسراوە و لەلایەن « س.ج هێرش»وە کراوەتە کوردی.

# خۆماندووکردنێکی دڵسۆزانە

● کەریم حیسامی ●

ڕەنگە هەست ودڵسۆزی و بڕوای کۆمەڵانی خەڵک بۆئەوە بەس بێ کە تارادەیەک تیشک بخاتەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی مێژوو و، تەقەلای هێندێ ڕۆشنبیری کوردیش بێ ڕەنگ و بۆ بکا کە بۆ هێنانەخواری پلەو پایەی کۆماری کوردستان ١٩٤٦ بەناوی دۆزینەوەی ڕاستی خۆیان هیلاک دەکەن.

تۆ بڵێی لەنێو میللەتانی دیکەشدا، ڕۆشنبیری ئەوتۆ پەیدابن کە هزروخامە و وشەی خۆیان بۆئەوە تەرخان بکەن کە دەسکەوتی مێژوویی نەتەوەکەیان بەهیچ دابنێن و لەڕووداوە مێژووییەکانی خەباتی نەتەوەکەیان کەم بکەنەوە؟ پیاوبڵێ چی؟ مرۆڤ ئەگەر زۆرئاگاداری مێژووی گەلان نەبێ، ناچارە هەرسەیری دەوروبەری خۆی بکا و ئەوەی لە نێومیللەتی خۆیدا دەیبینێ، باسی بکا.

لەسەرانسەری مێژووی نەتەوەی کورددا، ٥٠ساڵ لەمەوبەرهەلومەرجێکی سیاسی نێونەتەوەیی هەڵکەوت و ڕۆڵەکانی فیداکارودڵسۆزیکورد قۆستیانەوە ودەوڵەتێکی نەتەوەیی خاوەن سەرکۆمار وهەیئەتی وەزیران و ئالاو هێزی بەرگری ودامودەزگای فەرمانڕەوایی میللی یان پێکهێنا. ئەم دەوڵەتە دەسەڵاتی گرتەدەست و بەشێکی زێدوخاکی نیشتمانی لەدەسەڵات ودامودەزگای دەوڵەتی داگیرکەر پاک کردەوە و بەگوێرەی تواناودەرەتان و بەتەمەنێکی کورت و پڕلەشانازی، دامودەزگای دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دامەزراند. بەڵێ! ئەوە پێش پەنجاساڵ ڕوویدا کە کوردستان لەوپەڕی دواکەوتوویی وژێردەستیدا دەژیاو لەسەتانەوەدی خەڵک نەخوێندەواربوو. پەنجاساڵیشە نەک هەرخەڵکی کورد لەکوردستانی ڕۆژهەڵات، بەڵکووگەلی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستان ڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، وەک ڕۆژێکی نەتەوەیی، وەک ڕۆژێکی گرینگی مێژوویی یاددەکەنەوە. پەنجاساڵە سرودی کۆماری کوردستان بۆتە سرودی نەتەوەیی کورد وهەموجێژن و ئاهەنگ وکۆنگرەوکۆبوونەوەی ڕەسمی حیزب و ڕێکخراوەکوردییەکان بەسرودی میللی کۆماری کوردستان دەکرێنەوە.

بەڵام پاش پەنجاساڵ هێندێ ڕۆشنبیری نیشتمانپەروەری کورد باسکی لێهەڵدەماڵن تاخەتێکی ڕەش بەسەر کۆماری کوردستاندا بکێشن و بەنووسین ودووپات وسێ پاتکردنەوەی هێندێ وشەورستە، لەخودموختارییەکی خەیاڵی ونەبوودا قەتیسی بکەن. بێ ئەوەی ئەم تەقەلاو وخۆماندووکردنە هیچ قازانجێک بەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بگەیێنێ. خۆزگەر ئاخنینی مێشکی خەڵک بەوشەی خودموختاری لەبەرژەوەندی بزووتنەوەی کورد دابایە، دەبوایە دەستخۆشانە بەم نووسەرانە بگوترایە.

یەک لەو ڕۆشنبیرانەکە بەدڵسۆزی بەلێکۆڵینەوەی مێژووی کۆماری کوردستانەوە خەریکەو بەهەق زەحمەتێکی زۆریشی لەگەڵ کێشاوە، بەڕێزکاک مەحمودی مەلاعززەتە. شوکر لەم دواییەشدا بۆ هێنانەخواری پایەوشوێنی مێژوویی کۆماری کوردستان هاودەنگێکیشی بۆپەیدابووە وکوتومت لەگۆڤاری *«ڕابوون»*ی بەڕێزدا بڕیاری خۆی دەدا ودەنووسێ: «...کۆماری مەهاباد یان کۆماری کوردستان(دیارەناوەکەی بۆساخ نەبۆتەوە) دەوڵەت نەبووە بەمانای چەمکی زانستی دەوڵەت...» ئەم بڕیارە جێگای مناقەشە نییە وکاتی ئەوەشم نییە چەمکی زانستی دەوڵەت بۆئەم نووسەرە ڕوون بکەمەوە. بەڵام هەروەک لەوتاری ژمارە١٤ی گزینگی بەڕێزدانووسیبووم، لەسەر بنچینەی پەند و ئامۆژگارییەکانی کاک مەحمود پێداچوونەوەی وتار و بۆچوونەکانی ئەو بێ زەرەر دەزانم.

کاک مەحمودی بەڕێز لەژمارە١٤ی گزینگ دا، بەخەستی هەموو ئەوشتانەی وەردداونەوە کە پێشتریش لەکتێبەکەیدا(کۆماری میللی مەهاباد) و لەوتارەکانی جۆربەجۆریدا باسی کردوون. ئەوەندەیە لێرەدا گۆڕانێکی بەرەو ڕاستکردنەوە بەسەرنووسینەکانی ڕابردوویدا هێناوە، بەومانایە(کۆماری مەهابادی) کردۆتە(کۆماری کوردستان) و وشەکوردییەکەی(کۆماری) کردۆتە(جەمهووریەت). دیارە ئەم وشە عەرەبییە لەزاران خۆشترەو نابێتە ئیراد. بەتایبەت کە لەسەردەمی دامەزرانی کۆماری کوردستانیشدا، خەڵک کوردی پەتی نەدەزانی و، وشەی جەمهووری کوردستانیان بەکاردەهێنا. بەڵام سەرنج ڕاکێش ئەوەیە کاک مەحمود بۆ دواوە گەراوەتەوە. لەسەرەتاوە کتێبەکەی ناوناوە(کۆماری دێموکراتی کوردستان)پاشان کردوویەتە(کۆماری میللی مەهاباد)جارێکی دیکەکردوویەتەوە(کۆماری کوردستان)و ئاخرەکەشی وا دەبینین کردوویەتە(جەمهووریەتی کوردستان). هەرئەوساخ نەبوونەوەش بەداخەوە وای لەکاک مەحمودکردووە کەلە نێوان سەربەخۆیی کۆماری کوردستان وخودموختاریدا ساخ نەبێتەوە. کاک مەحمود بەناچاری لەنووسینەکانیدا دان بەسەربەخۆیی کۆماری کوردستان دادەنێ، بەڵام دەیکاتە(سەربەخۆیی لەئازەربایجان). وەک بزووتنەوەی کورد لەهەمبەر ئازەربایجان بووبێ، نەک لەهەمبەردەوڵەتی ئێراندا!

پاشان کاک مەحمود بۆچوونی ئەوەمی نوێنەرانی کورد بەکەیفە تەفسیردەکاو لەزمانی «ئیگلتۆن»ەوە دەنووسێ: «... جەعفەرباقرۆڤ سەرەک کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت، زۆرهەوڵیدا لەناوکۆماری خودموختاری ئازەربایجاندا کوردبەخودموختاری رازی بن. بۆ ئەوە نمونەی ژیانی گەل و نەتەوەکانی ناوسۆڤیەتی بۆباسکردن.» لێرە وتەی ئیگلتۆن تەواودەبێ. ئەمجارکاک مەحموددەڵێ: «بێ ئەوەی ناوبراو بتوانێت نوێنەرانی کورد بەوەرازی بکات، وە کورد سووربوون لەسەر سەربەخۆیی بۆکوردستان. پاشان دەڵێ: مەبەست لەوە سەربەخۆیی بووە لە ئازەربایجان و قایلبوون بەخودموختاری لەناوئێراندا.»[1]

نازانم کاک مەحمود بەچی دەزانێ کە (سووربوونی کوردەکان لەسەرخودموختاری)مەبەست لە سەربەخویی بووە لە ئازەربایجان؟ ئەوە کە حیزبی دێموکرات لەژێرگوشاری باقرۆف دا بەرنامەی خودموختاری بۆخۆی داناوە، جێگای باس ومووناقەشە نییە. ئەو رووداوانەی دوایی ونەوهەنگاوانەی وەک راگەیاندنی کۆمار و پێکهێنانی دامودەزگای دەوڵەت ودەسەڵات بۆ هێندێ رۆشنبیرو نووسەرانی کورد بۆتە مەتەڵ وگرێپوچکەو بۆیان ناچێتەوەسەریەک. رەنگە تاقیکردنەوەی ئەم دواییەی کوردستانی خواروو شوێنی خۆی دانابێ بۆ ئەوەی کە کورد بەشایانی ئەوە نەزانن کەدەوڵەت ودەسەڵات وفەرمانرەوایی میللی خۆی هەبێ؛ باشە. ئەگەر ئەزموونی کوردستانی خواروو پاش پەنجاساڵ و دوای شەری کەنداو نیشانیدا کەکورد لەخۆخۆری وخۆکوژی و نۆکەری بۆ دوژمنی نەتەوەکەی چیتری لەدەست نایە، پێش ٥٠ساڵ هەبوون رێبەرونیشتمانپەروەری کورد کە بۆدامەزرانی کۆمار وپێکهێنانی حکوومەت ودەسەڵاتی نەتەوەیی سێ ودوویان لێنەکردو بە فیداکردنی گیانی خۆیان ئەم شانازییەیان بۆکورد لە مێژوودا تۆمارکرد.

کاک مەحمود دەڵێ: «لەدامەزراندنی جەمهووریەتی کوردستاندا ئەگەر بریاری سەربەخۆیی درابایە وادەبوو پێشەکی(ح.د.ک)پرۆگرامەکەی بگۆرییایە، یان دوای ئەوە ئەوگۆڕانە بکرایە یاخود لەدووی رێبەنداندا سەرەک کۆمار بلاوی دەکردەوە یان لەو رۆژەدا بلاودەکرایەوە ویان لە رۆژنامەوگۆڤاری کوردستاندا تۆماریان دەکرد.»[2]

بۆروون بوونەوەی زیاتر با چەند تێبینییەک تۆماربکەین و بزانین داخوا ئەمانە گۆڕین وگۆڕانی سیاسەت وهەڵوێست نین؟

**یەکەم:** لام وانییە هیچ هێزێکی سیاسی شۆرشگێڕ و ولاتپارێز، کە هاتوو هەل ودەرفەتێکی بۆهەڵکەوت، لەسەرئەوە رابوەستێ کۆنگرەی حیزب پێکبێنێ وسێ رۆژ چەقە ودمبەدمە بکا تا لە سەرگۆڕینی پێرەوو پرۆگرام ساخ دەبێتەوە. ئەم بارودۆخەی کوردستانی ئەوسا تێیدابوو، لام وانییە بۆ هەنگاوێکی ئاوا گرینگ و شۆرشگێرانە پێویستی بەکۆبوونەوەوگۆڕینی پرۆگرام بووبێت. هەرئەم وتارەی پێشەواقازی محەممەد، رۆژی١٩/١/٤٦، سێ رۆژ پێش راگەیاندنی کۆمار لەمیتنگی مزگەوتی سووردا، رەنگە خۆی گۆڕینی پرۆگرامی حیزب بووبێ. پێشەوا دەڵێ: «لاوان وگەنجانی مەهاباددەستیان کرد بەکارومەرامی موقەدەسیان تەعقیب کرد... هەمووکوردیان بۆکار ئامادەکردو خۆشیان بەهێزکرد، تاوابوو چەند لەمەوبەر مەرامی دێموکراتیان بەدنیا راگەیاند و تەقازای خودموختاریان لەحدودی دەوڵەتی ئێراندا کرد(پێشەواناڵێ حدودی دەوڵەتی ئازەربایجان. ح)بەلام دەوڵەتی ئێران بەجنێوو هەرەشەو بەتانگ وتۆپ وفرۆکەی وەلامی دانەوە... دنیای ئەورۆ دنیای تەنازوعی بەقایەو هەرنەتەوەیەک دەیەوێ بۆخۆی سەربەست بێ».[3]

ئالێرە دایەکە ئیتر بەرنامەی حیزبی دێموکرات گۆڕانی بەسەرداێت. تۆ بڵێی ٢٠هەزارکەس لەسەرانسەری کوردستان بەچلەی زستان لەمەهاباد کۆببوونەوە تا خودموختاری رابگەیێنن و یا بەقسەی کاک مەحمود لەئازەربایجان سەربەخۆ بن؟

**دووەم:** راگەیاندنی کۆماری کوردستان، بێنەوەی وشەی خودموختاری بێتە نێو وتارونووسین ودەربرین، خۆی گۆڕانێکە لەپرۆگرامی حیزبی دێموکرات دا. خۆ ئەگەر بەدەقی پرۆگرامی حیزبەوە نووسابان وەک ئێستا کاک مەحمود دەیکاتە بەڵگە، دەبوایە لەرێژیمی پاشایەتیدا(جەمهووریەتی خودموختار) رابگەیێنن وبەپێشەواش گوترابایە( سەرکۆماری خودموختاری کوردستان).

**سێیەم:** سوێندی پێشەوا «... ئەمن بەخودا، بەکەلامی عظیمی خودا، بەنیشتمان بەشەرافەتی میللی کورد، بەئالای مقدسی کوردستان سوێنددەخۆم کە تا ئاخرهەناسەی ژیانم و رژاندنی ئاخرتنۆکی خوێنم بەگیان و بەماڵ لەرێی راگرتنی سەربەخۆیی و بەرزکردنەوەی ئالای کوردستاندا تێ بکۆشم و نسبەت بەرئیسی جەمهووری کوردستان و یەکیەتی کوردوئازەربایجان مطیع ووەفاداربم.»[4]

**چوارەم:** وتاری پێشەوا: «... ئەورۆ کە ئەمە ئیستقلالمان دەوێ پێویستەکەهەمووکارێک خۆمان جێ بەجێی بکەین. ئەوەڵێ ئیدیعای خۆمان کردکە لەحدودی دەوڵەتی ئێراندا خودموختاریمان دەوێ، یانی ئیران ئیحتیاجی ئێمە رفع بکاومیللەت کاربکا. دوودەفعە لە ئازەربایجانەوە بۆ تەورێزیان بانگ کردم کەلە ئازەربایجان گرێمان هەبێ، ئەمن پێشنهادی ئەوانم قەبوڵ نەکرد. چون میللەتی کوردچوارساڵەکەخودموختارەوداوای ئیستقلال وتێک خستنەوەی تەواوی خاکی کوردستان دەکا. زۆرم پێ گران بووکەلەوهەقە دەست هەڵبگیرێ و ئیحساساتی ئێوە مانیعی ئەوەی بووکەئێمە بەخودموختاری رازی بین چونکوکە مودەی ئەوچەند رۆژەی کە جێژن گیراوە ئیحساساتێکی ئێوە نواندوتانە وێنەیەکی حساس وکاملەو دەبێ دنیابزانێ کەکوردلیاقەتی ئیستقلال وسەربەستی هەیە.»[5]

ئیشارەی پێشەواکەدەڵێ (بۆتەورێزیان بانگ کردم)هەرئەوەیەکە ئیگلتۆن باسی دەکاو دەڵێ: «... میرز ئیبراهیمۆڤ وەزیری فەرهەنگی ئازەربایجانی سۆڤیەتی لەتەورێز بەپێشەوا دەڵێ: کێ رێگای بەئێوەداوە کە حکوومەتی سەربەخۆ دابمەزرێنن؟» پێشەوادەڵێ: بەرماکۆڤ لەسەرەتاوە ئاگاداربووە. حاجی بابەشێخ وسەیفی قازی دەڵێن: راگەیاندنی کۆماری کوردستان ویستی خەڵک بووەوکاری شەخسی ئێمەنەبوە...»[6] بۆ روون بوونەوەی زیاتر بروانە: (کەریمی حسامی، *پێداچوونەوە*)

**پێنجەم:** هێنانەخواری ئالای ئێران و هەڵکردنی ئالای کوردستان بە بەشداری

نوێنەرانی هەموو بەشەکانی کوردستانی گەورە. پێشەوا بە بۆنەی هەڵکردنی ئاڵاوە دەڵێ: «... ئەی رۆڵەکانی کوردستان روحی پاکی شەهیدانی کوردمحاسەبەتان ئەکات بەرامبەر بە هەمووکورتی و سستییەکتان لە پێناوی پاراستنی سەربەخۆیی کوردوناوی کوردستانی پیرۆزدا.»(٧)

گۆڕینی ئاڵای ئێران وهێنانەخواری وهەڵکردنی ئاڵای کوردستان، یەکێ لەم تاوانە مەزنانە بووە کە لە دادگای نیزامیدا پێشەوای بەئیعدام پێ مەحکوم کرا. بەمحاڵەش کاک مەحمود دەڵێ : «... ئاڵای کوردستان جیاوازیەکی گەورەی نەبوولەگەڵ ئاڵای تاران. دیارە ئەمەش هەر بۆنیازپاکی و ئاشکراکردنی نەبوونی خولیایی جیانەبوونەوە بوە.»(٨)

بۆچوونێکی سەیر! جیاوازی ئاڵای کوردستان لەگەڵ ئاڵای ئێران ئەوەندە زۆرو بەرچاو و بۆ دەوڵەتی ئێران قورس بوو کەدەبێتە بەڵگەی حوکمی ئیعدام. مەسەلەی ئاڵارەنگی پەڕۆیەکان نییە. مەسەلەی ئارم ونیشانی ئەم دەوڵەتەیەکە بەسەمبولی نەتەوەیی دەژمێردرێ. گۆڕینی نیشان وسەمبولی میللی ئێران کەلەرێژیمی ٢٥٠٠ ساڵەی پاشایەتیدا سەمبولی ئێران بووە، بەپێچەوانەی بۆچوونی کاک مەحمود نەک هەر(نیازپاکی وخولیایی جیانەبوونەوە)نییە، بەڵکوو ڕاست بەپێچەوانە نیازومانای جیابوونەوەیە و لابردنی ئارم ونیشانی دەوڵەتی تارانە.

لەهەموو جیهان ولە نێوهەموو میللەتانی دنیا هەر دەوڵەتێک ئارم و نیشانی خۆی لەسەر ئاڵایەو بەم ئارم ونیشانە دەناسرێتەوەوسەمبولی نەتەوەیە. رێژیمی ئاخوندی هەر لەگەڵکوو هاتەسەرحوکم، هەوەڵین کاری گۆڕینی ئارم و نیشانی رێژیمی پاشایەتی بوو. جگە لە هەڵکردنی ئاڵاراگەیاندنی جەمهووری، دامەزراندنی دەوڵەت و پێکهێنانی هێزی بەرگری وگۆڕینی لیباس وناوی ئەفسەران و بەستنی پەیمان لەگەڵ دەوڵەتانی بێگانە و... بەڵگەی دیکەی حوکمی ئیعدامی پێشەوا بوون. ئەوەش بەپاڵپشتی مادەی ٣١٧ی قانوونی ئێران کەئیعدام سزای ئەوکەسانەیە کەدەیانەوێ ئێران لەت بکەن ولە ئێران جیابنەوە. تۆڵێی ئەوانە خودموختاری بووبن ولەسەر راگەیاندنی

(خودموختاری لەئازەربایجان) رێبەرانی حیزب وکۆماری کوردستان ئیعدام کرابن؟ «... لەسەردەوڵەتی کۆماری کوردستان دەبێ بگوترێ کە ئەم ناوە یەکێک لەشانازییە گەورەکانی حیزبی دێموکراتە. چونکە یەکەم رێکخراوی سیاسییەکەلەسەردەمی شاهەنشاهیدا ئاڵای جەمهووری وجەمهووریخوازی بەرزکردۆتەوە.»(٩)

شەشەم: وتاری پێشەوا؛ «...کورد گەلێکە زاتیەتی تایبەتی خۆی، ئەرزی تایبەتی خۆی هەیە وەکوو هەمووگەلان مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە. کورد لەنوستنێکی دوورودرێژ راپەریوەو دۆستی بەهێزیشی هەیە. ئینجا بڵاوی کردەوە کە ئیترولاتی سابلاغ لەحکوومەتی تاران جیابۆوەوله ئێستا بەدواوە رادەگەیێنێ کەسەربەخۆیە.»(١٠)

حەوتەم: راگەیەندنەکانی رۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان:

– جێژنی سەربەخۆیی و ئیستقلالی کوردستانی یا درەوشینی ئەستێرەی خۆشبەختی کوردان.

– جێژنی شیرکەتی تەرەقی بە بۆنەی سەربەخۆیی کوردستان.

– وتاری پێشەوا: «بەدڵێکی بەهێز پایەدارمان کردو ئیدامەمان بەفەعالیەتی خۆماندا، تائیستقلال وئازادی نەتەوەی کوردمان وەدەست هێنا.

– جێژن لەئیدارەی رۆژنامەی کوردستان بە بۆنەی سەربەخۆیی وناساندنی سەرکۆمار.

– تابلۆی وەزارەتی فەرهەنگ: (دەوڵەتی جەمهووری کوردستان)

پرسەکە ئەوەیە بۆچی لەوهەموو نووسین و راگەیاندن و وتارانەدا وشەی خودموختاری بزرە و تەنیا کاک مەحمود دۆزیویەتەوە؟

لام وایە پێویست نییە لەوە زیاتر ئاماژە بۆ بەڵگەو نووسراوەکان بکەم. کاک مەحمود خۆشی لە نووسینەکانیدا پێ لەم ڕاستییە دەنێ کە کۆماری کوردستان سەربەخۆ بووە و پێشەواو رۆژنامەو رێبەرانی کۆمار باسی سەربەخۆیی یان کردووە. بەڵام ئەو ئەم سەربەخۆییە بەسەربەخۆ لەئازەربایجان دادەنێ نەک لەئێران. ئەوە بە بۆچوونی من لەواقعیەت دوورە. کێشە و هەرا و خەبات لەگەڵ حکوومەتی ئێران بووە نەک لەگەڵ

ئازەربایجان. ئەوەی کە پێشەوا لە هێندێ وتووێژی چاپەمەنی و وتاری رەسمیدا بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی رۆژ و نێونەتەوەیی باسی خودموختاری و ئازادی سەرانسەری ئێران دەکات وکاک مەحموددەیانکاتە بەڵگەی خودموختاری کۆماری کوردستان، هیچ لەم واقعیەتە ناگۆڕێ کەکۆماری کوردستان بەکردەوە لەبواری دامودەزگاو دەسەلاتی نەتەوەییەوە، دەوڵەتێکی نەتەوەیی وحکوومەتێکی سەربەخۆی کوردبووە لەکوردستاندا.

کاک مەحموود بۆسەپاندنی ئەم بیرە کە کۆماری کوردستان١٩٤٦، خودموختاری بووە پەنای بۆفتوای «ماموستاشێخ عیزەدین»یش بردووە ولە قەولی ماموستاوە دەنووسێ: «...کاتێ ئەرتەشی سوورهاتە ناوچەکە دامودەزگای رەزاشا رووخا، فەزایەکی ئازادخولقاوخەڵکی بەئاشکراباسی سەربەخۆبوون و ئازادیان دەکرد.کەکۆمەڵەی (ژ.ک )یش دامەزرا زیاترجێگر و بەربلاوتربوو. چونکە ئامانجی(ژ.ک)سەربەخۆیی هەمووکوردو دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردستان بوو. ئەوە تەئسیرێکی گەورەی لەسەربیری دامەزرێنەرانی جەمهووریەتی کوردستان کرد، لە ناودڵ ودەروونی خەڵکدا جێگەی خۆی کردەوە. لەگەڵ ئەوەشداسەربەخۆبوون بەمانایجیابوونەوەلەئێران نەبوە،...»(١١) من سەرم لەکاری شەرعی دەرناچێ ولە بەرانبەرفتوای ماموستادا هیچ قسەیەکم نییە.

بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ کاک مەحمود دەڵێ: «... لە باسی سەربەخۆ یاخودموختاربوونی جەمهووریەتی کوردستان دەبێ ئەوەش بڵێم کەدامەزرێنەرو میراتگرەکەی، مەبەستم حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، زۆر بەئاشکراو بێ پێچوپەنا خودموختاربوونەکەدەسەلمێنێ. لاشم وایە ئەوحیزبە ئەدوێنێ و نە ئەمرۆ نەیویستووە و هەوڵی نەداوە ڕاستیەکانی هاوپێوەند بەم باسە بشێوێنێ و بەجۆرێکی ترلەسەری بنووسێ.»(١٢)

لەم بوارەدا دەبێ بڵێم مەسەلەی ڕووداوی مێژوویی میللەتێک نەبەستراوەتەوە بەسەلماندن وبۆچوونی حیزبێک لەهیچ شوێنی دنیادا.

حیزبەکانی کوردستان بە تێکڕایی چەند دەزگاو ئەنستیتووی ناوەندی لێکۆڵینەوەی مێژووی کوردو نێونەتەوەیی یان پێک هێناوە، تانووسەر بۆ بەڵگە و دوکۆمێنت دەستیان بۆدرێژ بکات؟ بەڵام جگەلەوە لام وایەکاک مەحمود زۆر لەسیاسەت و هەڵوێست وخەباتی رابردووی حیزبی دێموکرات ئاگادارنییە. ئەو تەنی اشارەزای پڕۆگرام و بۆچوونی (ئەمڕۆی)حیزبی دێموکراتە کە(دێموکراسی بۆئێران وخودموختاری بۆکوردستانی) کردۆتە ستراتێژی خۆی. ئەوە سیاسەتی ئێستایەو بەگوێرەی مەسلەحەتی خەباتی بزووتنەوە ئەم دروشمەی هەڵگرتووە. هەرچەند دەشبینین کە (دیاریکردنی مافی چارەنووس) یش لە بەرنامەی حیزبدا هاتوە کە دەبێتە سەربەخۆیی ودامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد. بەڵام لەبارەی(دوێنێ)دەبێ بڵێم حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێکخراوێکی بەستەڵەک و وشک و بێ جوڵە نەبووە. بەگوێرەی بارودۆخ و بەرژەوەندی بزووتنەوە لەگەڵ ڕووداوەکان هەڵسوکەوتی کردووەو حیزبێکی بزۆز بووە. ئەوەتا دەبینین بەلە بەرچاوگرتنی بارودۆخی ڕۆژ لەسەرەتاوە خودموختاری کردۆتە پڕۆگرام. بەڵام هەردوای کۆنگرەی یەکەم، بەدەرفەت هێنان لەهەلومەرجی پێکهاتوو، ئالای سەربەخۆیی هەڵکردووە، کۆماری کوردستانی دامەزراندووە، حکوومەت وئەرتەش ودامودەزگای و دەسەڵاتی نەتەوەیی پێکهێناوە. بۆتە پەناو قیبلە بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان.

کۆماری کوردستان ڕووخاوە و حیزب پاشەکشەی کردووە. سەردەمێک لەژێر ڕێنوێنی و ڕێبەرایەتی حیزبی تودەی ئێراندا، ڕێکخراوەکانی خۆی زیندووکردۆتەوە. خەباتی چینایەتی گرتۆتەپێش. هەلومەرجی تازەی تێکۆشان پێکهاتووە. دروشمی سەرەکی بۆتە(یەکیەتی، خەبات، سەربەخۆیی، دێموکراتی. لەژێر ئەم دروشمەدا کۆنگرەی دووەمی پێکهێناوە و خەبات بۆسەربەخۆیی کردۆتە ڕێباز. «... ١٩ساڵ لەمەوبەر هێرشی درندانەی حکوومەتی تاران بۆسەرخاکی ئازادو سەربەخۆ و حکوومەتی میللی ودێموکراتی کوردستان ئاڵقەی تەناف و سێدارە و ویزەی گوللەو رەشاشی ئاڕاستەی گەردن وسنگی باشترین و پاکترین رۆڵانی نەتەوەی کوردو رابەران وکاربەدەستانی حکوومەتی سەربەخۆودێموکراتی کوردستان کرا... حکوومەتی سەربەخۆی کوردستان بۆ هەوەڵین کەرەت ئاوات وئارەزووی خەباتکارانی نەتەوەی کوردی لەکوردستان وەدیهێنا...» (١٣)

لە ترسی سەرنووسەری بەڕێزی (گزینگ ی خۆشەویست)ناوێرم پتردرێژە بەباسەکەم بدەم. بەڵام بۆ سەلماندنی بۆچوونی خۆم سەبارەت بەسەربەخۆ بوونی کۆماری کوردستان ودەوڵەتی نەتەوەی کورد، پەنا بۆ هێندێ نووسین و بۆچوونی کاک مەحمود خۆی دەبەم.

«...کۆماری نەتەوایەتی بوو. چونکە بۆ یەکەمجار لەمێژووی کۆن ونوێی نەتەوەی کورددا ڕژێمێکی لەوجۆرە لەسەرزەمینەی کوردستان ولەپێناودانیشتوانیدا دابمەزرێت... بۆ یەکەمجار نەتەوەی کورد لەو شێوە نوێیەدا رزگاری بەخۆوە ببینێ و بوون و زیندوویی بنچینەکانی نەتەوە لەوقەوارەیەدا بسەلمێنێت.» (١٤)

«... هەر وەزارەتە هەر وەزیرێک لەگەڵ رئیس وکاری وەزارەتەکەی خەریک بوو. دڵسۆزانە هەوڵیان ئەدا ئیش وکاریان بڕوێنن ودیەنی دەوڵەتێکی ڕێکوپێک نیشان بدەن و ئاشکرای بکەن وبیسەلمێنن کەنەتەوەی کورد لەوزە وتوانای دا هەیە بەرێکوپێکی ولێوەشاوەیی کاروباری خۆی ببات بەرێوە وەک گەلێکی هوشیاری تینوی سەرفرازی وسەربەستی.» (١٥)

«کۆمار بوە مەڵبەندو قەڵای نیشتمانپەروەرانی کوردستانی عێراق وتورکیاوسوریا... ئازادیخوازانی نەتەوەی کوردی گرتەباوەش. کۆماری کوردستان کۆمارێکی دێموکراسی بوو... دەرگای خستەسەرپشت بۆ رۆڵەکانی نەتەوەی کورد بۆئەوەی چی لە مێشک و بیریاندا پەنگی خواردبۆوە دەریخەن، چونکە ئەو سەربەستی یەی لەمێژەوە خەویان پێوەدەبینی وابەدیهات...

کۆمارێکی دێموکراسی بوو: لەبەرئەوەی کۆمەڵانی خەڵک بە بەدیهێنەری ئامانجە نەتەوایەتیەکانیان دەزانی... دێموکراسی بوو: چونکە کۆمار رزگاریخوازو دژ بەکۆنەپەرستی بوو.» (١٦)

«کۆماری مەهاباد نیشتمانی بوو. چونکە گەلی کوردلەوبەشەدا بوە خاوەنی نیشتمانی خۆی ودەسەڵاتی سیاسی خۆی دامەزراند وبوە فەرمانڕەوای کاروباری بەرێوەبردن. کۆماردەسەڵاتداریەکی نیشتمانی نەتەوەیی کوردبوو بۆ بەدیهێنانی هەموو ئامانجەکانی نەتەوەو رزگارکردنی لەهەژاری ودواکەوتوویی وکۆیلەتی وبۆ بەرەوپێشەوەچوون بەرەوئازادی تەواوژیانێکی بەختەوەر لەژێرسایەی فەرمانڕەوایەکی خۆماڵیدا.» (١٧)

نووسەرانی دیکەی کوردو بێگانەش لەبارەی گرینگی کۆماری کوردستان نووسیویانە. بەڵام هیچ بەپێویستی نازانم پتر نووسراوەکان وەرد بدەمەوە. لام وایە هەر ئەوەندە بۆچوونەی کاک مەحمود بەس بێ، بۆئەوەی کە ڕوون بێتەوە ئەم سروشت وخاسیەت وکردەوانە، تەنیا لە کۆمارێکی دێموکراتی پێشکەوتوخوازی نەتەوەیی و سەربەخۆ دەوەشێنەوە، نەک لەخودموختارییەکی بێناوەرۆک. ■


## سەرچاوەکان:

١) مەحمودمەلاعززەت، *«با بۆچوونە شێواو و هەڵەکان ڕاست بکەینەوە»*، گۆڤاری گزینگ، ژمارە ١٤، ١٩٩٦

٢) سەرچاوەی پێشوو.

٣) ڕۆژنامەی *کوردستان*، ژمارە ٢٢، ٤ی مارسی ١٩٤٦

٤و٥و٦) کەریمی حسامی، *پێداچوونەوە*، بەشی حەوتەم، ١٩٩٦

٧) مەحمودمەلاعززەت، *کۆماری میللی مەهاباد*، ١٩٨٦، ل ١٠٠)١٠١.

٨) هەمان سەرچاوە، ل.١٠٠.

٩) دکتور عبدالرحمن قاسملو، *چل ساڵ خەبات لەپێناوئازادی دا*، ١٩٨٥، ل ، ٩٨

١٠) مەحمودمەلاعززەت، سەرچاوەی پێشوو، ل، ٩٩

١١و١٢) مەحمودمەلاعززەت، گزینگ، ژمارە ١٤، ١٩٩٦

١٣) بەیاننامەی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان، خاکەلێوە، ١٣٤٤

١٤ و١٥ و١٦ و١٧) مەحمودی مەلاعززەت، *کۆماری میللی مەهاباد*،١٩٨٦،ل ، ١٨٠.١٢٧.١٢٨.١٢٩.١٣٠.


---

## ڕاستکردنەوە

لەگەڵ داوای لێبووردن لە خوێنەرەوان، لە نووسراوەی **«بەسەرهاتی دوکتور مستەفا شەوقی»**، گزینگ ژمارە١٤، ل ٤٤، ک١، د٢٠و ل ٤٦، ک١، د١٠دا (٢٥٠٠٠)دۆلار هەڵەیە و (٢٥٠)دۆلار ڕاستە.

(حەسەنی قازی)

# ڕەوتی سەرهەڵدانی شێعری نیشتمانی و سیاسی لە موکریان

**(سەردەمی کۆماری کوردستان)**

بەشی دووهەم

● س.ج. هێرش ●

لە بەشی یەکەمی ئەوباسە (گزینگ، ژمارە ١٣، ل ٦٣-٧٠) دا، ئیشارەکرا کە بە هۆی پێشێلکرانی مافی نەتەوایەتی و سیاسی و تەنانەت ئینسانی وکولتوورییەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات لەلایەن دەوڵەتی ڕەزاشای پەهلەوییەوە، یەکێک لە ئەرک و ئامانجی ڕۆشنبیران و شاعیرانی نیشتمانپەروەر، وەخۆخستنی هەستی نەتەوایەتی و هاندانی بیری کوردایەتی بووە لە عاست سیاسەتی کوردتواندنەوەی حکوومەتی ناوەندیدا. هەروەها گرینگترین چەکی بەرەنگاریش بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو سیاسەتە، کە توانیبێتی لە نێوان مانی فیزیکی و ئیتنیکی تا مانی مەعنەوی و میللی چەشنە بالانس و پارسەنگێک ڕاگرێ، شێعر بووە. کەوابوو ئەگەر بمانەوێ باری شێعر و شاعیری لە نێوان سالانی ١٣٢٠-١٣٢٥(١٩٤١-١٩٤٦) شیبکەینەوە، بێشک دەبێ لەو ویست و ئامانجانەیان گرێبدەینەوە کە لە شەڕی یەکەمی جیهانییەوە لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا بە هۆی شاعیرانی دەستەی یەکەمی لقی موکریانی سەر بە ڕێبازی سۆرانی سەریان هەڵداوە و بە هۆی شاعیرانی دەستەی دووهەم (کە جگە لە «سەیفولقوزات» زۆربەیان تازەکار بوون) پەرەی پێدەدرێ و لە هەر سێ دیاردەی بەیەکەوە گرێدراوی «کۆمەڵەی ژ.ک» و «حیزبی دێمۆکراتی کوردستان» و «کۆماری کوردستان» ڕەنگ دەدەنەوە.

هەوڵ و خۆشکردنی بەستێنی بیر و بۆچوونی نەتەوایەتی بۆ وەدیهێنانی مافی ئازادی و سەربەستی و سەربەخۆیی کوردستان، بەر لەوەی بە هۆی ڕێکخراوێکی سیاسی دەست پێبکرێ، لە شکڵ و چوارچێوەی شێعردا خۆی نواندووە کە سەرەتای پڕۆسەکەشی دەگەڕێتەوە سەردەمی خانی لە «مەم و زین»دا. دیارە بە پێی ئەو جیاوازییەی کە لە نێوان واقیعی مێژوویی و کر و ئاکاری کۆمەڵایتی کۆمەڵگەی کوردستاندا هەبووە، ئەو پڕۆسەیە لە هێڵێکی ڕێکوپێک وڕاستەکیدا بەرەو پێش نەچووە و زۆرجار لە بەرانبەر لەمپەر وکۆسپەکاندا، کوێر بووەتەوە.

ڕێبازی شێعر بەتێکڕایی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەر لەوەی لە گەوە و پێچی واقیعە مێژووییەکان تێپەڕێ و پێ بنێتە نێو جەغزی واقیعە کۆمەڵایەتییەکان ئەو ئامانجانانەی لەبەر چاو بووە:

ـ بووژاندنەوەی زمان و کولتوور وەک یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی دیاردەی نەتەوایەتی.

ـ بەرجەستە کردنەوەی هۆ و ئامرازی دواکەوتوویی، هاندان و وەخۆخستنی هۆز وعەشیرەت و ڕێبەرە ئایینییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بۆ تێپەڕکردنی قۆناغی ژیانی خێڵەکی بەرەو ژیانی شارستانی.

ـ سەرکۆنەکردن و لەقاودانی ئاکار وکردەوەی دژی نەتەوایەتی بەشێک لە چین و توێژەکان وەک لەمپەری سەرەکی و جەمسەری ئاڵقەی پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتی نەتەوە سەردەستەکان.

ـ بیرخستنەوەی زوڵم و زۆری و سەرەڕۆیی کارگێڕان و بەڕێوەبەرانی سیاسەتی دەوڵەتی ناوەندی و جەخت کردنەوە و وەدەستهێناوەی مافە زەوتکراوەکان.

ـ پەسن و پێهەڵگوتنی تۆخمە جۆراوجۆرەکانی ماکەی خێر(سروشتی و ئەفسانەیی و ئینسانی) و ماکەی شەڕ(شەیتانی و ئەفسانی و نائینسانی).

ـ دەرخستن و نواندنی هۆ و دیاردە دەرەکی و ناوەکییەکانی کۆمەڵایەتی و پڕڕەنگ کردنەوەی دروشم و داوخوازەکان وەک ڕەمز و سیمبۆلی نەتەوەیی.

ـ وەڕووخستنی ئەرک و ئاوات و ئامانجەکان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی یەکگرتووی نەتەوەیی.

ئێمە ئەگەر بەو خسڵەت و تایبەتمەندییانەی سەرەوە، ڕێبازی شێعری ئەو سەردەمە بنواڕین، بەو ئاکامە دەگەین کە بەر لەوەی کۆماری کوردستان(وەک شکڵێک لە دەوڵەتی یەکگرتووی نەتەوەیی) لە چوارچێوەی واقیعی کۆمەڵایەتیدا دابمەزرێ، لە چوارچێوەی شێعری کوردیدا دامەزراوە. «سیفولقوزات» دەڵێ:

کوردینە تاکەی ئێمە لە کێوان میسالی دێو
دێین و دەچین و، بۆ مە قەت، نییە خودان وخێو
خەڵکی هەمووی لە باغ و لە شارانە کەیف خۆش
ئێمە بڵاو و بێ سەرە ماوین لە دەشت و لە کێو!
بۆ عاسمان دەڕۆن و لە بەحران دەکەن سەفەر
هەر عەرزە نیشتگاهی مە، سنعاتە وەرد و شێو
ژێردەستیی و، ئیتاعەتی بێگانە تا بەکەی؟
شەرمە لە بۆ مە هێندە بژین بێ نیشان و نێو
ئازادی، سەربەخۆیی، میری و گەورەیی
داوا بکەن بە زار و زبان و ددان و لێو[1]

کاتێک «هێمن» شاعیری لاوی ئەو سەردەمە لە هۆنراوەی «کوردم ئەمن»دا دەڵێ:

گەر لە برسان ولەبەر بێ بەرگی ئەمرۆ ڕەق هەڵێم
نۆکەری بێگانە ناکەم تا لە سەر هەردم ئەمن

⬅

من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نییە
لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن[2]

دیارە مەبەستی «هێمن» لە(کوردبوون) تەنیا مانا ئیتنیکییەکەی نییە بەڵکوو ناوەرۆکی نەتەوەیی ـ سیاسییەکەیەتی کە لە بەرانبەر بیر و بۆچوونی نەتەوەخوازی(ناسیۆنالیزم)ی ئێرانی دا دەریدەبڕێ و رایدەگەیێنێ.

هاوکات لەگەڵ هەڵایسانی ئاگری شەڕی دووهەمی جیهانی لە نێوان ساڵەکانی ١٣٢٠- ١٣٢٥(١٩٤١-١٩٤٦)ەوە وەلانانی ڕەزاشای پەهلەوی لە سەر تەختی پادشایەتی لەلایەن دەوڵەتە هاوپەیمانەکانەوە، بارودۆخ و بەستێنێکی زۆر لەبار، لە کوردستانی ڕۆژهەڵات(موکریان) دێتە ئاراوە کە یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی و نەتەوەیی کورد بە نێوی «کۆمەڵەی ژ.ک» وەک ڕەنگدەرەوەی ویست و خوازی نەتەوایەتی و مێژوویی زۆربەی خەڵکی کورد لەدایک دەبێ و تێکۆشانی خۆی لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی کوردستاندا دەخاتە نێو جەغزێکی بیرکردنەوەی نوێ و نەوڕۆیی؛ کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان زیاتر شێوەی کاری سیاسی بە کاربڕ دەزانێ تا بەکارهێنانی چەک و شێوەی زەبر و زەنگ.[3]

هەر لەسەرەتای دامەزرانی «کۆمەڵەی ژ.ک»ەوە، سەرەڕای چەند کەس لە شاعیرانی موکریان کە تێیدا دەبنە ئەندام و لە گۆڤاری «نیشتمان» ئۆرگانی ئەو ڕێکخراوەیەدا، چالاکی قەڵەمی و شێعری خۆیان دست پێدەکەن؛ گەڵێک شاعیر و نووسەری بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بەتایبەت کوردستانی گەرمێن لە دەورەی کۆدەبنەوە و بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی یەکگرتوو(جەمهووری) تێدەکۆشن. شاعیرێکی بەناوبانگی ئەو سەردەمە، لە هۆنراوەی (بیکەین بە جەمهووری)دا، بە ڕوونی ئەو مەبەستەی دەخاتەڕوو و دەڵێ:

برا بیری چرایێکی بکەن تاریکە شەو دادێ
قیامێکی بکەن تا فرسەتە بیکەن، بە جەمهووری
کەسێ میللەت پەرست و خاوەنی فیکر و سیاسەت بێ
تەرەققی میللەت و ئاسایشە مەقسوود و مەنزووری[4]

بە پێچەوانەی بیر و بۆچوونی نەیارانی کورد، «کۆمەڵەی ژ. ک» نە تەنیا سەر بە هیچ هێزێکی دەرەوەیی نەبووە، بەڵکوو وەک یەکەمین ڕێکخراو و سەنگەری سەربەخۆی خۆماڵی لە نێو دڵی نیشتماندا سەری هەڵداوە و هەڵگری ئاڵای ڕزگاری و سەربەخۆیی بووە و ڕاگر و پەرەپێدەری بیری نیشتمانپەروەری.

«هێمن» وەک ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵە و نووسەری گۆڤاری «نیشتمان» بە ئاشکرا داوای مافی پێشێلکراوی خۆی دەکا و دەڵێ:

کوردم و داوای حقوقی پایەماڵی خۆم دەکەم
ماڵی خۆمە ملکی کورد؛ داوایی ماڵی خۆم دەکەم
گەرچی لای ئاغا خەیاڵی خاوە فیکری میللیەت
من لە لام باشە هەتا ماوم خەیاڵی خۆم دەکەم
من لە دەست بێگانە قەت ناکەم شکایەت ئەی ڕەفیق
گەر شکایەت کەم لە چەنگی مام وخاڵی خۆم دەکەم
یا دەڕێژم خوێنی پاکی خۆم لە سەر ئەم مەقسەدە
یا نە فیکرێک بۆ برای ڕووت و ڕەجاڵی خۆم دەکەم

چاوەدێری ڕۆژی خۆشی جێژنی سەربەستیم ئەمن
گەر مودارا وا دەگەڵ ئەم ڕۆژی تاڵی خۆم دەکەم[5]

لەگەڵ داگیرکرانی ئێران لە لایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە (بەشی باشوور: ئینگلیس و ئەمریکا، بەشی باکوور: یەکیەتی سۆڤیەت)، ناوچەی موکریان و بەتایبەت شاری مهاباد، دەبێتە ناوچەیێکی ئازادکراو و زۆربەی کاروبارەکانی ئیداری و خۆماڵی بە دەست کوردانەوە ڕادەپەڕێ. بەڵام سەرهەڵدانەوە و تۆخبوونەوەی مەسەلەی هۆز وعەشیرەتەکانی کوردەواری کە لە نێو جەغزی بەرژەوەندخوازیی خێڵەکیدا قەتیس مابوونەوە و ئاگایی نەتەوەییان لەو پلەیەدا نەبوو کە بەرەوئامانجە سەرەکییەکان هەنگاو بنێن؛ بۆ «کۆمەڵەی ژ.ک»، کۆسپێکی بەرچاو بوو. دەوڵەتی ناوەندی ئێران، کە بە کردەوە وزەی مانۆڕدانی لە ناوچەی موکریان و دوروبەردا نەمابوو، بۆ بەرژەوەندی خۆی، لەو دیاردەیە کەڵکی وەردەگرت. جێی سەرنج ئەوەیە کاتێک دەوڵەتی سۆڤیەت ژمارەیێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی کورد بۆ باکۆ(١٩٤١) بانگهێشتن دەکا، دەوڵەتی ناوەندیش ترسی ڕێدەنیشێ و ئەویش هێندێک سەرۆک عەشیرەتی دیکە بۆ تاران بانگ دەکا و بە پارە و دراو و باربووکردن پلانەکانی خۆی بە هۆی ئەوان لە ناوچەی موکریان دادەڕێژێ... لەلایێک گەنمی ناوچەی موکریان بە نرخێکی هەرزان دەکڕن تاکوو خەڵکی کورستان تووشی ئاستەنگی و دستەنگی و برسیەتی بکەن. لەلایێکی دیکەوە کۆپینی قەند و شکر بە سەر ئەو سەرۆک عەشیرەتانەدا دادەبەشنەوە تا زاریان شیرین بکەن و دژی ئامانجەکانی «کۆمەڵەی ژ.ک» هانیان بدەن. هەربۆیەش ناوەرۆکی شێعری زۆربەی شاعیرانی سەر بە «کۆمەڵەی ژ.ک»، سەرکۆنەکردنی ئەو کاروناکارانە و بەرپەرچدانەوەی ئەو پیلان و پروپاگەندانە بووە کە دژ بە کۆمەڵە وەڕێدەخران.

«هەژار» کە یەکێک لە چالاکترین یارانی کۆمەڵە بووە، لە زۆر شوێنی «دمەتەقێ»یەکانیدا باسی ئەو ئاکارە ناشیرینانە دەکا و بۆ نموونە دەڵێ:

بایز ــ ئەدی ئاغامان خەریکی چییە؟
لەمێژە ئاگام لە حاڵی نییە
باپیر ــ ئەمن چوزانم هیچ ناسەلمێنێ
خەریکە دیسان قەندی بستێنێ
بایز ــ جا قەندی بۆچی دەدەنێ کاکە؟
خۆ ئاغا نەیبووە قەت بۆ وان چاکە
باپیر ــ قەندی دەدەنێ، دەبەستن دەستی
هەتاکوو نەکا بیری سەربەستی
بایز ــ لەباتی قەندی چی دەدا قیمەت؟
شەرەف و نامووس، ویجدان و غیرەت...[6]

«هێمن» لە پارچە هۆنراوەی (ئەمن دەیڵێم وبێ باکم)دا، کردەوەی دزێوی ئەو سەرۆک عەشیرەتانە لەقاودەدا و دەڵێ:

ئەوەندە گێژ و بێهۆشن، حەیا و نامووس دەفرۆشن
لە بۆ ئازادی ناکۆشن، ئەمن دەیڵێم و بێ باکم
خودای ئەم میللەتە قەندە، لە بۆ قەندن هەموو بەندە
بە حاڵی وان دەکەم خەندە، ئەمن دەیڵێم و بێ باکم[7]

«هەژار» لە هۆنراوەی(بەخت و عەقڵ)دا سەبارەت بەو سەرۆک عەشیرەتانەی کە سەرەڕای ئەو هەموو بێ حورمەتییەی کە لەلایەن ڕێژیی

⬅

پەهلەوییەوە پێیان کرابوو، بەڵام هێشتا دەستیان لە کاری دزێو و شەڕەخۆری هەڵنەدەگرت، دەڵێ:

کامەیان دەولەمەندە مەرد و ڕەند
تۆنێ ناموس دەدا بە تۆنێ قەند
کێهە یەکجار نەجیب و ژیر و کوڕە
دەچتە سەودا، شەرەف دەدا بە شەڕە[8]

مەسەلەی وەرگرتنی کۆپینی قەند و شکر، ئەوەندە گرینگ و بەرچاو بووە تەنانەت «هەژار» لە یەکێک لە جوانترین و پاراوترین غەزەلەکانی خۆیدا دەیکاتە ئیستیعارەی شێعری و دەڵێ:

ڕوحت بردم بە قەندی لێوەکانت
دەزانی کورد بە قەند وێرانە ماڵە[9]

هەروەک دەزانین، کەسانێک هەبوون کە بە پروپاگەندەی نارەوا بۆ «کۆمەڵەی ژ.ک»یان تێدەچاند و بە سووکی باسیان دەکرد، «هەژار» لە هۆنراوەیێکی دا لە عاست ئەو کەسانە هەڵوێست دەگرێ و دەڵێ:

لە خۆشی کۆمەڵەوە چەند خۆش ورینگە ورینگم
بزانە کوردە ئەمن کێم کە هێندە ژیر و زرینگم
بە ڕێی نەجاتی وەتەن دا دەڕۆم بە عەزمی مەتین
موحافیزی وەتەن ئەمنم مەتاڵی گوللەیە سینگم
لە عیشقی شیرینی میللی لە بیستوونی موخالیف
لە باتی تیشەیی فەرهاد ئەمن مژۆڵە قوڵینگم
لە دەم برینی ئەوانەی لە کۆمەڵەم بەدگۆن
لەبار وتیژە دەمی، موو دەکا مقەست وبرینگم[10]

مەسەلەیێکی گرینگی دیکە کە لەو سەردەمەدا سەرنجی شاعیرەکانی ڕاکێشاوە، مەسەلەی «ژن»بووە. هەروەک دەزانین، «ژن» لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، شان بەشانی پیاوان لە زۆر کاری سەختی قۆناغی هەردوەزی(نێوماڵ و مەزرا و زەویوزار)دا بەشداری کردووە و بگرە زۆرجار ئابووری ماڵەوەشی بەڕێوەبردووە. یەکێک لە دیاردە نوێیەکانی شێعری ئەو سەردەمەی کورستان، سەرنجدان بەو مەسەلەیە بووە کە «ژن (دایک)»یش ـ وەک نیوەی کۆمەڵگە ـ دەبێ لە پرۆسەی ژیانی کۆمەلایەتی و شارستانی و بەتایبەت لە تێکۆشانی سیاسیدا بەشدار بێ...

«هەژار» لە هۆنراوە زۆر بە نرخەکەی:«لای لایە»دا، هەوڵ دەدا لە زمان دایکانەوە کە جگەرگۆشەکانیان بە دەست دوژمنی زاڵم لە ناودەچن، ئەو مەبەست و ئامانجە زەق کاتەوە کە لە بەشێکیدا دەڵێ:

بۆت بەخت دەکەم عومری درێژم
سەد تاڵ و سوێریت لە سەر دەچێژم
ئەمامی باڵات بە فرمێسکی چاو...
شەو و نیوەشەو لێی دەنێم شەواو
سەدچاک و پیرت بۆ دەخولێمەوە
لە بن سێبەرت بحەسێمەوە
هەر ڕەسیدە بووی دوژمنی زاڵم
دەتبڕێ بزەیی نایە بە حاڵم
هەی لای لایە ڕۆڵە لای لایە
دەک خاکم بەسەر ڕەنجم بە بایە
پەشێو پێت خۆشە یەخسیر نەمێنی؟
سەربەستیت پێ بڵێم بکەویە شوێنی؟
قەڵەم دەست دەیە، ببە مەکتەبی
وەخت و بێوەخت لە خوێندن نەبی
ئەو کاتی لەگەڵ کاکت دووبەدوو
بکەن هاواری حەقی لە دەست چوو
دەس دەنە دەس یەک بە ڕا و تەکبیر
یەکتان بە قەڵەم یەکتان بە شمشیر
هەی لای لایە ڕۆڵە لای لایە
شیریش جەوهەری لە قەڵەم ڕایە[11]

«هێمن» لە هۆنراوەی«ئاخافتنی خوشک و برایان» بۆ یەکەم جار ئەو مەبەستەلە کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەدا باس دەکا و لە زمان برایانەوە خوشکان بەرەو گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشان هاندەدا و دەڵێ:

دێدەگیان، کچی کوردی ژیکەڵە
داوێنی پاکت دوور بێ لە پەڵە
«لەنین» هەڵستا زوڵمی «چار»شێوا
تۆ هێشتا حەپسی لە نێو چارشێوا
کچی هەموو کەس ئیمڕۆ سەربەستە
هەر هەقی کچی کوردی پێ پەستە
بپسێنە لەپێ تۆ زنجیر و کۆت
«دێدە» گیان بدە یاریی «برا»ی خۆت
لە ڕێی نیشتمان بە هیوای خودا
خەریکی کار بین با خوشک و برا
لە گوێن «ژاندارک» هەستە وەک مەردان
دوژمن وەدەر نێ لە خاکی کوردان[12]

ئاشکرایە کە«هێمن » لێرەدا ویستوویە بە تیرێک دوو نیشان بنگێوێ: یەک؛«ژن» لە کۆت وزنجیری کۆمەڵایەتیدا ئازاد بێ و دوو؛ بە هۆی بەشداری «ژن» لە خەباتدا، نیشتمان ڕزگار بکرێ...

هەروەک دەزانین و زۆریش ڕوونە، هیچکام لە دامەزرێنەرانی «کۆمەڵەی ژ.ک» و تەنانەت دواتریش بەڕێوەبەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، خاوەنی ئیدەئۆلۆژی چەپی سەر بە سۆڤیەت نەبوون. بەڵام هەروەک لە سەرەتای چالاکی کۆمەڵە ڕا دەردەکەوێ، سیاسەتی کۆمەڵە و تەنانەت بەشێک لە پیاوماقووڵانی سەر بە چین و توێژەکانی شار، بە تێکڕایی پێشبردنی خەتێکی گشتی لایەنگری بووە لە هێزی هاوپەیمانەکان( ئینگلیس و ئەمریکا، سۆڤیەت) لە ناوچەدا. کاتێک یەکیەتی سۆڤیەت بەپێی ئەو بارودۆخەی کە لە ناوچەدا بۆی ڕەخسا و توانی ئەو هەلە بقۆزێتەوە کە لە نێو چوارچێوەی سیاسەتی گشتی خۆیدا ئاوڕ وە مەسەلەی کوردان بداتەوە؛ هیوا و هومێدێکی زۆر کەوتە نێو دڵی بەشێک لە بەڕێوەبەرایەتی «کۆمەڵەی ژ.ک»ەوە ( بەر لەوەی بە «حیزبی دێمۆکرات»وەرچەرخێ). دیارە ئەو دیاردەیە سەرۆک عەشیرەت و هۆزەکانیشی دەگرتەوە کە سالی ١٩٤١ بەشێکی زۆریان بۆ باکۆ بانگهێشتێ کرابوون، کە هەر لە نێو ئەو داروودەستەیەدا لایەنگرانی خەتی ئینگلیس و ـ هەر بەو پێیەش لایەنگرانی خەتی سەر بە دەوڵەتی ناوەندی

ئێران دەبینران.

هەروەک لە ئاکـامی ڕووداوەکـانیش ڕا دەردەکـەوێ، خـەتی لایەنگری گشتی کاتێک بە لانی سۆڤیەت پڕ ڕەنگتر دەبێتەوە کە بۆ «کۆمەڵە» و تەنانەت بۆ زۆربەی پیاوماقووڵان و ڕۆشنبیرانی کورد ڕوون دەبێتەوە کە ئینگلیس خـوازەری لایەنگری لە مـافی کـوردان نییـە (پێشـێل کـردنی پەیمانی«سێڤر»، سەرکوتکردنی بزووتنەوەی شێخ مەحمودی نەمر و دواتر بۆمبـاران کـردنی ناوچەی بارزانییـەکـان و هاتنی ئەوان بۆ ئێـران... بەڵگەیێکی ئاشکرای ئەو ناخۆشەویستییە بوون). هەرچەند خەتی هیوا بەستن بە دەوڵەتی ئینگلیس تەنانەت لە نێـو بەشـێک لە ڕۆشنبیـرانی پێشکەوتووی سەر بە «کۆمەڵەی ژ.ک»یش هێشتا تەواو ڕەش نەبووبۆوە، بەڵام ئینگلیس بە پێی سیاسـەتی بەرژەوەندخـوازی خۆی نەیهـەویست یارمەتی نەتەوە زۆرلێکراوەکان بکا.

لە ڕاستیشدا ئەوکاتە، قورسایی چالاکی و سیاسەتی دەوڵەتی ئینگلیس لە بەرانبەر ئاڵمان(و تەنانەت سۆڤیەتیش کە هاوپەیمانی خۆی بوو) زیاتر کەوتبوە ناوچەی نەوتەڵانی کوردستانی گەرمێن و بایەخێکی ئەوتۆی بە مەسەلەی کورد نەدەدا.

«فایق بێکەس» شاعیری ناودار و ئەندامی کۆمەڵەی «ژ.ک/ هیوا»لە هۆنراوە بەناوبانگەکەی خۆی ــ بیست وحەوت ساڵە ــ کە لە ئاهەنگێکدا لەبەردەم «ئیدمۆندز»کاربەدەستی دەوڵەتی ئینگلیس دەیخوێنێتەوە، سیـاسـەتی دژایەتی ئینگلیس لە عـاست مـەسـەلەی کـوردان بە ڕوونی دەردەخا، کە لێرەدا برگەیێکی دەخەینە ڕوو:

بیـــست وحـــەوت ســـاڵە دڵم لێت پڕە
ئەحـــــواڵم بە دەست تۆوە زۆر شـــــڕە
ســـــــەد بەڵێن بـدەی لە لای مـن تڕە
بەســـیـــــەتی ئیـــنـتـــــر ئەم وڕە ـــ وڕە
ئۆکـــــەریت ناکـــــــەم ورگم هەڵدڕە
گـــــوناهم چی بـوو بەم دەردەت بـردم؟!
بۆچی بە ناهەق وا ســــووکت کــــردم؟!![13]

دیارە ڕەوا نییە لە سەکۆی تێخوێندنەوە و هەڵسەنگاندنەوە نوێیەکانی ئەورۆ ڕا چاو لە دۆینیی ئاڵۆزی ئەو سەردەمە بکەین، بۆیە دوور لە هەر چەشنە خـۆش خـەیاڵی و بەرچاوتەنگی و پاکـانەکـردنێک، لێرەدا هەوڵ دەدەین هۆی ئەو دیاردەیە واتە پێوەندیی سیـاسی کـورد و سۆڤیـەت کە تانەت بەستێنی شێعر و شاعیریشی گرتەوە، ڕوون بکەینەوە:

١) سیاسەتی زوڵم و زۆری و سەرەڕۆیی حکومەتی سەردەمی ڕەزاشای پەهلەوی دەرهەق بە کـوردان ئەوەندە توند و تیـژ و دڕندانە بوو، تەنیـا پریشکەیێک پێویست بوو کە ئاگری خەبات لە نێو کۆمەڵگەی کورددواریدا هەڵگیرسێنێ و، ئەو پریشکەیەش بە هۆی شەڕی دووهەمی جیـهـانی و هاتنی هێزی هاوپەیمانەکان و وەلانانی ڕەزاشا، کەوتە نێو باڕووتی ئاوات و ئامانجە لەمێژینەکان.

٢) هەڵسوکەوت و ئاکـار و ڕەفـتـاری «ئەرتەشی سوور» لە بەرانبـەر خەڵکی بێچەکی کـورد، بەتایبەت بە بەراوردکردن لەگەڵ تاڵان و بڕۆ و کوشتاری «ئەرتەشی سپی» شەڕی یەکەمی جیهـانی کە تائەوکاتیش لە زەینی خەڵکیدا مابۆوە[14]؛ وەک فریشتە دەهاتە بەرچاو.

٣) تا ئەوکاتە هیچ هێزێکی گەورەی هەندەری نەبوو کە لە مافی گەلی کورد پشتیوانی بکا، تەنانەت ئەگەر ئەو پشتیوانییەی یەکیەتی سۆڤیەت بۆ مـاوەیێکی کـاتیش بووبێ، توانی وەک پارسـەنگێک لە ناوچەدا، مانۆڕی دەوڵەتی ناوەندی لە سەر کوردان لاواز و بێ بایەخ بکاتەوە.

٤) نە ئینگلیس و نە ئەمریکا، حازر نەبوون یارمەتی کوردان بکەن، ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە قـازی محەمەد پێشەوای گـەلی کـورد هەر لە سەرەتاوە بۆ نزیکبوونەوە لەوان زۆری هەوڵدا.

٥) بوونی خەتێکی لایەنگری کردن لە دەوڵەتی سۆڤیەتی زاڵبوو بە سەر نازیسم دا لە نێو خەڵکی کورد و بەتایبەتیش لە نێو «کۆمەڵەی ژ.ک» و دواتریش لە نێـو«حیـزبی دێمـۆکرات»، هەڵبەت وەک هێزێکی دۆست و ڕاگری پارسەنگ، نەک وەک هێزێکی مەرامی و ئیدەئۆلۆژیکی.

٦) بارودۆخی ناوچەیی و ژێئۆپۆلیـتیـکی کـوردسـتـان (مـوکـریان) و هەلومەرجی سیاسی و دیپلۆماسی.

٧) بەشـداری نوێنەرانی ڕاسـتـەوخـۆی ڕووسـەکـان لە زۆربەی کـۆڕ و کۆبوونەوە ومیتینگەکانی ناوچەی موکریان و پێوەندییان لەگەڵ خەڵکی کورد بەگشتی و سەرۆک عەشیرەتەکان بەتایبەتی.

٨) بڵاوبوونەوەی نێو و نیـەتی خێرخوازانەی یەکیـەتی سۆڤیـەت، لە شۆڕشی ئۆکتۆبر(١٩١٧) بەو لاوە.

بەمجۆرە، بە ئاوێتەبوونی سەرجەمی ئەو خاڵانە بەیەکەوە، چارەنووسی مەسـەلەی کوردان لە سیاسـەتی یەکیـەتی سۆڤیـەت گرێدەدرێ و هەر بەو پێیەش زۆربەی شاعیرانی موکریان بۆ بەرژەوەندی مەسەلەی کورد، ئەو دیاردە سیاسییە لە نێو شێعردا دەگونجێنن.

«سەیفولقوزات» پیرە پێشەنگی شاعیـرانی موکریان کە لە ساڵی ١٣٢٣ﻫ(١٩٤٤)کۆچی دوایی دەکا و ڕووداوەکانی دواتر بەچاو نابینێ، لەوبارەوە گوتوویەتی:

کـوردینە ئەورۆ ڕۆژی گـەپ وکـەیف و شـادییـە
لەو نیـعـمـەتە کـە بۆمـە سـتـالینە حـامـییـە
دەسـتی وە ئێـمـە داوە کـە چیـدی زەلیل نەبین
بانگمـان دەکا کە ئێرە جێگەی ئێـتـمینـانییـە[15]

«هەژار» هاتنی ئەرتەشی سوور، بە(فریشتەی ئازادی) دەشوبهێنێ و لە بەشێکی هۆنراوەی «بەخت وعەقڵ»دا دەڵێ:

هات بە گـرمـە فـرۆکـە لە لای مـەسکەو
بۆ عــەجــەم، وەک شــەهێن دەچێ بۆ کــەو
هەڵمــەتێکی گــەیانـدە تەخــتی جــەم
تێکی دا شــەوکــەت وجــەلالی عــەجــەم
بە بـڵاوبـوونـی دوو پـەڕ ئـاگــــــاهـی
بـوو بـڵاو ئـارتێــــشی شـــاهەنشـــاهی
شـا کـــە شـێـــر بوو لە ڕاوی مـــسکین دا
دیم کـــە مـــشکە لە ژێر ســـتـــالین دا
ئەوی خــواردی گــەرووی جــەفــاوجــەوری
دی، فــــڕۆکـــــە و ڕشــــایەوە فــــەوری
چ فــڕۆکــێک؟ مــوجـەســەمـەی شـادی
کــێـتی تێــدابوو؟ فــریشــتــەی ئازادی[16]

«کۆکەی سانی» وەک کەسێک کە «غافڵ لە وەزعی ڕۆژگار»بێ، مۆژدەی پێدەگا و دەڵێ:

مـــوژدەیان دامێ کـــە تۆی غـــافڵ لە وەزعی ڕۆژگـــار
تۆ مەگەر نەتبیستووە یەک دەوڵەتی شەوکەت قەوی
دایرەی فـــەرهەنگی ئێـــرانی بە دەســـتووری ســەحیح
تـا غـایش پێ بـدا ئـەوزاعی کـــوردی مـــونـزەوی
مـیللەتی ئێـمـەش لە سایەی پەرچەمی داس و چەکوچ
فـــەرشی شـادی ڕابخـا بیکاتە بەزمی خـوسـرەوی
خۆ بە گیان و مـاڵ و ڕوحیش حـازرە هەر ساعەتێک
گەر تەڵەب کەن شاعیری سانی لە نەسلی کۆکەوی[17]

«هەژار» و «هێمن» کە دوو ئەندامی چالاکی «کۆمەڵەی ژ.ک» بوون و دواتریش دەبنە **شاعیری میللی** کۆماری کوردستان؛ «دەوڵەتی سۆڤیەت» وەک بەدیهێنەری ڕاپەڕین و هەستان و پارێزەری کۆماری کوردستان چاو لێدەکەن. هەربۆیەش قـورسایی باری پەسن و تەبلیغـاتی ڕەسمی ئەو دیاردەیەی سەردەمی کۆماری کوردستان زۆرتر دەکەوێتە سەر شانی ئەو دوو شاعیرە. ئەوان، وێڕای پەسن و تاریفکردنی قازی محەممەد وەک پێشەوا و ڕەئیس جەمهووری کوردستان کە بەهەق لێی دەوەشاوە؛ بۆ خۆشکردنی ئەندووری ئاواتەکان، ئێوی «هۆردووی سوور» و «ستالین»یشیان دەکردە دەستەچیلەی شێعرەکانیان. «هێمن»لە جێژنی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و هەڵکردنی ئالادا، لە بەشێکی هۆنراوەکەیدا دەڵێ:

ڕۆژی خـــەم هاتەوە ئەیـیــــامی ســـــروور
جـــێـــژنەیە و بەزم و زەمـــاوەندە وســـوور
تـازە ئـاوێـرێ بـە خـــــاکی وانـدا
نەتەوی وغـــەیرە بکا چیـــدی عـــبـوور
چونکوو لایەنگری مـــــەزڵومـــــانە
چونکوو بۆ کـــوردی هەژارە چاوســـوور
هەربژی تاکـــوو ئەبەد ئیـــســـتـالین
پـایدار بێ و ئـەبەزێ هۆردووی ســـوور
بۆ فـــیداکـــاری لە ڕێی کـــوردی دا
هەر بژی ڕەببی ڕەئیـسی جـەمـهـوور[18]

«هەژار» بە بۆنەی هەڵکردنی ئالا لە شـاری بۆکـان، لە پارچە هۆنراوەییکیدا دەڵێ:

بێ ببینێ ئەو کـەسەی پێی وایە کـورد سەرناکەوێ
کێ بوو پێی وابوو تەمی نەگبەت لە سەرمان ئاڕەوێ
ڕێی ئەجـاتمانە پەنا بۆ ئیتیحـادی شـوڕەوی
سورمەیە بۆ چاوی ئێمە خاکوخۆڵی مەسکەوێ
ڕەببی(ئیستالین) بژی بۆ لاگری مەزڵوومەکان
تا زەمانە خولدەدا و تا ڕۆژ دەبەخشێ پورتەوێ
ڕەببی هەرکەس دوژمنی ئەو میللەتە دڵپاکەیە
ژێرکەوێ، کۆستی کەوێ، ڕەببی سەعاتێک نەسرەوێ[19]

«هێمن» لە هۆنراوەی (بەهاری ژانین)دا، سوورایی گوڵی مێلاقە بە سەربازی سوور و شێواویی گوڵی سونبول بە سوپای ژاپۆن و ئاڵمان دەچوێنێ و، ئازادی کوردان لە سەرکەوتنی سوپای سووردا دەبینێ کە لێرەدا بەشێکی دەخەینە ڕوو:

ئەوا هات مـانگی خـۆشی خـاکـە لێـوە
ئەمـــا ســــەرمـــا و بۆران و کـــرێوە
لە لێـوی جـۆگـەلە مـێلاقـە ئەوڕۆ
لە گـوێن سـەربازی سوور وێستـا بە پێـوە
ئە وەک کـاکـۆڵی یارم، بەڵکە سـونبـول
وەکـو ژاپۆن و ئاڵمـانێ پەشـێـوە
هەمـوو قـەومێک وسەر کەوتووە لە هەوراز
بەشی تۆ کوردە تاکەی هەر نشێوە
هەتا پێ یێک لە بێرلین بچـتە پێـشی
سوپای سوور، دێتە پێش ئازادی ئێـوە
بژی مـارشـال ستـالین پێـشەوای ڕووس
کـە ئازادی لە گـیتی دا بەشێـوە[20]

«هەژار» شاعیری میللی لە شوێنێکی دیکەدا، بە بۆنەی بەخێرهێناوەی سێ کەس لە دامەزرێنەرانی «کۆمەڵەی ژ.ک»: «دلشاد ڕەسوولی»، «عەبدولڕەحمانی زەبیحی ـ بیژەن» (خەڵک دەیانگوت: بێژن) و «قاسمی قادری» کە پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ورمێ لە لایەن دەوڵەتی ئێران گیرابوون، دیداری سەرلەنوێی ئەوان و «ئیسیقلالی کوردستان»و پەسنی «پێشەوا قازی» و «هۆردووی سوور» تێکدەخاتەوە و دەڵێ:

«بیـــژەن» کــە تۆم دی بـڕوات ببێ پێم
جـێـژنی ئیـسـتـیـقلال تازە بۆوە لێم
«دلشـاد» هەر شـاد بی وەک شـادت کـردم
لە زینـدانی خـەم ئازادت کـردم
«پیـاوە»ی ئازا و ژیر بەخێـر بێتـەوە
دوامین گـرێی دڵ بەو دەکـرێتـەوە
پێتـان دڵخۆشە دایکی نیشتمـان
ڕووسوورن لە ڕاست ناموس و ویجـدان
کـۆتاییـو نەکـرد بۆ سـەربەرزی گـەل
بەڵان ڕووی ڕەش بێ لێی قـرانـدن قـەل
یاخـوا هەربژی پێشەوای بەڕێز
سـەرۆکی گـەورە و سـەربەرز و بەهێز
شـادە کـورد هەتا پێشەوا هەیە
خـودا شـادمـان کـەی تا دنیا هەیە
بژی هۆردووی سـوور بە فـەتح وزەفـەر
وەک بۆ هەژاران خـۆی کـردە لەمپـەر[21]

«خالیدی حیسامی ـ هێدی(شێواو)» لە ئاهەنگێکی ئالاهەڵکردندا کە ڕۆژی ۱۳۲٤/۱۱/۹ بەڕێوەچووە لە بەشێکی هۆنراوەکەیدا دەڵێ:

ئۆخەی کە قەومی کوردیش پێکهات مەرام ومەیلی
لە هەوری ڕەش وەدەرکەوت ئەستێرەکەی سوهەیلی
ڕەببی بژی ئیستالین بە هۆی ئەو قارەمانە
کوردیش بە خۆشی ئەوجار گەلێکی نێو گەلانە
هەر شاد بێ ئەرتەشی سوور ئەو لشکرە حەلیمە
تا پشتیوانی چاتر مەحکەم ببێ گەلی مە

پیرۆز بێ جێژنی کوردان دڵشاد بێ لەشکری سوور
هەربژی خۆشەویستمان سەدر و ڕەئیسی جەمهوور[٢٢]

هەر وەک لەو هۆنراوانەی سەرەوەڕا دەردەکەوێ پەسن و پێهەڵگوتنی دەوڵەتی سۆڤیەت، سەرەڕای ئەوە کە تێخوێنەرەوەی بارودۆخی سیاسی و دیپلۆماسی و ڕەنگدەرەوەی زەوقی کۆمەڵایەتی و بیروڕای گشتیی بووە، تاڕادەیێکش جەختکەرەوەی تەبلیغاتی ڕەسمی حکوومەتی کۆماری کوردستانیش بووە.[٢٣]

دیارە لە نێو شاعیرانی موکریاندا هێندێک کەس هەبوون لەگەڵ ئەوەش کە پشتیوانیان لە حیزب و کۆماری کوردستان کردووە، بەڵام کەمتر خۆیان لەو دیاردەیە داوە. ئەوانە بریتی بوون لە«خاڵەمین بەرزنجی»، «هەباسی حەقیقی»، «سەید کامیلی ئیمامی ـ ئاوات(زرینگ» و «محەمەدی گلۆلانی(عەتری)» و... کە هەر کام بە بۆنەی جۆراوجۆر شێعریان گوتووە و لە کۆڕوکۆبوونەوەکاندا بەشداریان کردووە. «خاڵەمین» لە هۆنراوەیێکدا کە لە جەلسەی ڕۆژی ١٣٢٤/٨/٢٤دا دەیخوێنێتەوە، لە سەر یەکێتی و برایەتی پێدادەگرێ و دەڵێ:

بە گوێی دا وای سریواندم فریشتە
گوڵی هیوای کوردستان دەپشکوێ
شەفای دەردی دڵە حیزبی دێمۆکرات
دەوایە بۆ برینی جەرگی توێ توێ
بڵێ: بەو دەستە، دیکتاتۆری زگ زل
زگی دەدڕم لە جێی خۆی هەر ببزوێ
براین پیاوی چا بن دوژمنی خۆ و
بە هەمووان ڕێی کەون تا ئەسپو دەسوێ
هەتا هەڵکەوتووە بۆت ئەو هەلی خۆش
دەلینگی لێ بدە و قامک مەنێ گوێ
لە بۆ قازانجی کوردان نای پسێنم
ئەگەر سەدسالی دەستم بەستی بەموێ
ئەگەر خوێندبێتەوە باوەڕ دەکەی پێم
قەسیدەی بانەمەڕ یا خدرە گروێ[٢٤]
کە دەستی برا لە هەر کارێکی ببڕی
بزانە لاقی خۆت دەبڕی بە تەشوێ
ڕەببی هەرکەس لە کوردان ماڵی تێکدا
شەویلکەی ڕەق بێ چاوی زەق بێ نەجوێ
تکای خالم لە هێمن هەر ئەوەندە
ئەپێوێ نیوە شێعرانم بە دەزوێ[٢٥]

«سەید کامیلی ئیمامی(زرینگ)» لە هۆنراوەیێکدا تاریفی «پێشەوا قازی» دەکا و دەڵێ:

هاتەدەر ئەوڕۆ لە میحنەت میللەتی مەغدووری کورد
گەینە ئاوات و مەرامی خۆ، هەموو ڕەنجووری کورد
بێ کەس و بێ دەربوون ئەمما تۆ گەیشتی بوویە کەس
هەر بژی بۆ لاگری مە، ئەی ڕەئیس جەمهووری کورد
هیممەتی تۆ بوو لە سەر هەر هەرد و بەرزایی وڵات
دەیشەکێنێ بای فەڕەح بەیداخی سەوز وسووری کورد
ئەی زرینگ تۆش ڕوح وگیانی خۆت فیدای ئەو زاتە کە
تا بڵێن پێت ئافەرین ئەی ڕۆڵەکەی مەشهووری کورد[٢٦]

«هەباسی حەقیقی» لە هۆنراوەیێکدا بە بۆنەی جێژنی هەڵکردنی ئاڵا لە شاری بۆکان، کوردەکان بۆ پاراستنی نیشتمان و ئاڵای کوردستان کە وەک ڕۆژ لە بورجی میناڕەنگ هاتووە دەرێ هاندەدا و دەڵێ:

هاتەدەر ڕۆژ لە بورجی میناڕەنگ
لاچوو تاریکی تێپەڕی شەوەزەنگ
گوڵی شادی لە باغی ئازادی
هاتە دەر زۆر بە ناز و عیشوە و ڕەنگ
بولبولی نیشتمانی کوردستان
دەچریکێنێ بۆی، بە سەد ئاهەنگ
حافزی نیشتمان و ئاڵا بن
مەپرینگێنەوە لە تۆپ و تفەنگ[٢٧]

«محەمەدی گلۆلانی(عەتری)» کە یەکێک لە شاعیرە بە تەمەن و خاوەن ئەزموونەکانی موکریان بووە و زۆرتر ئامانجە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی لە قالبی غەزەلدا دەربڕیوە، لە هۆنراوەیێکیدا لە زمان (دایکی وەتەن)ەوە خۆشحالی خۆی وێڕای پەسنی قازی محەممەد، لە وەزعی پێکهاتوو ڕادەگەیێنێ ودەڵێ:

لاوەکان دایکی وەتەن ئەوڕۆکە زۆر خۆشحالە لێو
چون لە سەر نێو ونیشانی، دەستی مەردیو کردەوە
ئەی بژی (سەدری موعەززەم) پێشەوای قەومی کورد
چون لە سەر تەختەی زەمانە ئەردی کوردی بردەوە
هەر بژی (سەدری موعەززەم) ڕێنوێنی قەومی کورد
هەر بژی، ناموسی نۆ میلیۆنی کورد کۆ کردەوە[٢٨]

بە گوێرەی ئەو بەڵگە شێعرییانەی کە لێرەدا وەک دەستاوێژ خرانەڕوو، دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە بە هۆی گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و توند و تیژبوونی ڕەوتی خەبات لە ماوەی کۆماری کوردستان دا، شکڵ و ناوەرۆکی شێعری کوردیش، تاڕادەیێک گۆڕانی بەسەردادێ و، هەربەو پێیەش ئەرک و ئامانجی شێعر بەتایبەت بۆ کۆمەڵەگەی نەخوێندەواری ئەو سەردەمە کە وەک گرینگترین کەرەسەی تەبلیغات و ڕاگەیاندن چاوی لێکراوە، دەگۆڕدرێ. بۆیە بە کورتی دەکرێ چەند خسڵەت و تایبەتمەندیی جیاواز لە جاران بۆ ئەو ڕەوتە کەمخایەنەی سەردەمی کوردستان دەستنیشان بکەین و بڵێین:

ـ شێعر، تا ڕادەیێک لە قاپیلکەی شێوازی کلاسیکی(سۆفیگەری و ئەوپەڕی سروشتی) و بێلایەنی و دوورەپەرێزی ڕەها دەبێ، لە چوارچێوەی مزگەوت و خانەقا و دیوەخانان دێتە دەر و ڕەنگی کۆمەڵایەتی و سیاسی و بەرەنگاری بە خۆوە دەگرێ.

ـ شێعر، سەرنج دەداتە مەسەلەی «ژنان» و بۆ تێکۆشانی کۆمەڵایەتی و سیاسی هانیان دەدا.

ـ شێعر، هێڵی زمانی ڕەق و دەقی باوی فکری و فەلسەفی بەردەدا و دێتە سەر هێڵێکی پەتی و پاراو ساکار.

ـ شێعر، جەغزی کێشی عەرووزی و ناخۆیی دەشکێنێ و دێتە نێو سنووری کێشی پەنجەیی و خۆماڵی و خەڵک پەسندەوە.

ـ شێعر بۆ یەکەمجار دەبێتە سەنگەر و پێداهەڵدەری ئامانجی وەدیهاتووی قۆناغێکی مێژوویی و نەتەوەیی گەلی کورد، کە لە «کۆماری کوردستان» دا خۆی نواندووە.

ئەوەی ڕاستی بێ، هەرچەند قەڵەمڕەوی جوغرافیایی کۆماری کوردستان لە چاو خاکی بەرین و بەربڵاوی کوردستان (و تەنانەت بەشی ڕۆژهەڵاتیش) زۆر تەسک و تەنگەبەر بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک ناکامی پرۆسەیێکی مێژوویی و نەتەوەیی گەلی کورد چاوی لێکراوە. هەر بۆیەش، بە تێکڕایی لەلایەن شاعیران و ڕووناکبیران و تێکۆشەرانی نیشتمانپەروەری هەموو بەشەکانی کوردستان بەتایبەت کوردستانی گەرمێن وەک دەستکەوتێکی گرینگی نەتەوەیی پشتیوانی لێکراوە.

ڕاستە کۆماری کوردستان، بە هۆی پیلانی دوژمنانی ناوخۆیی و هەندەری و بەتایبەت پاشگەزبوونەوەی سۆڤیەت لە بەڵێنییەکانی، زۆر زوو جوانەمەرگ بوو و بۆی نەلوا وەک دەوڵەت شکڵی قانوونی و نێونەتەوەیی بە خۆوە بگرێ و سەقامگیر بێ؛ بەڵام توانی وەک نوختە وەرچەخانێکی گرینگی مێژوویی بکرێتە بەڵگە و شەقڵی خۆی لە لاجانگی مێژوو بدا و بدرەوشێتەوە.

بە کورتی، هەروەک لە ناوەڕۆکی باسەکەشدا دەردەکەوێ، ئەگەر گرینگترین ئەرکی شێعر لەو ماوە کورتەدا، پەسن و تەبلیغات و پڕ ڕەنگ کردنەوەی هەموو ئەو دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسییانە بێ کە لە خزمەت بەرژەوەندیی ئەو کۆمارە ساوایەدا بووبن، کۆماری کوردستانیش سەرەڕای تەمەن کورتی و کەمخایەنی، ئەو بوارەی ڕەخساند کە ئەو ڕێبازە ئەدەبییەی کە بە هۆی شاعیرانی دەستەی یەکەمی موکریان سەری هەڵدابوو، بە هۆی شاعیرانی دەستەی دووهەم(سەر بە کۆمار) وەک: «هەژار» و «هێمن»و ... پەرە پێبدرێ و تا ئێستەش درێژەی هەبێ...[30]

لە کۆتاییدا، بەر لەوەی ڕشتەی قسەکانم لێ ئاڵۆز بێ، دەخوازم بە یادی هەموو شاعیرانی ئەو دەورەیە، لە ئاوریشمی شێعر پەنجا گوڵینگی ڕەنگاوڕەنگ بە باڵای «چوارچرا»ی «کۆماری کوردستان» هەڵاوەسم و بەو تاکە شێعرەی «هێمن»ی ماشەری باسەکەم هەڵوێژنم:

ئەی پەریزادی مەهابادی! ئەتۆ ون بووی لەمن
تۆ بەدیکەم کوا پەریزادە و پەری چینم دەوێ

•••

**تێبینی:**

١) هۆنراوەی هەموو شاعیرەکان لەو باسەدا بە ڕێنووسی (ستاندار) ئەوڕۆیی نووسراونەتەوە.

٢) لێرەدا، جێی خۆیەتی، پڕ بەدڵ سپاسی کاک مەحمود مەلا عززەت، د. ئەمیری حەسەنپوور و حەسەنی قازی بکەم کە فتۆکۆپی هێندێک لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی «کۆماری کوردستان»یان لە پێوەندی لەگەڵ ئەوباسەدا بۆ ناردووم.

**سەرچاوە وپەراوێزەکان:**

١) بڕوانە: *دیوانی سیف القضات*، گردەوەکۆیی ـ قازی ئەحمەد، ل٣٥و٣٦.
٢) **هێمن**، *تاریک وڕوون*، ل ٤٩، چاپەمەنی سەیدیان، مەهاباد.
٣) **جەمال نەبەز**، *گۆڤاری نیشتمان*، ل ٢/ 3، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوێد، ١٩٨٥.
٤) ــــ ل ١٩/ 114.
٥) ــــ ل ١٩/ 48.
٦) ــــ ل ١٠/ 132.
٧) ــــ ل٢١و٢٢/ 116-117.
٨) **هەژار**، *ئاڵەکۆک*، ل ٧)١٢، چاپخانەی تەورێز، ١٩٤٥(١٣٢٤ﻫ).
٩) **هەژار**، *بۆ کوردستان*، ل ٣١٤، چاپی چوارەم، سوێد، ١٩٨٨.
١٠) **جەمال نەبەز**، *گۆڤاری نیشتمان*... ل ٢٢ /79.
١١) **هەژار**، *بۆ کوردستان*، ل ٣١٠ تا ٣١٢، چاپی چوارەم، سوێد، ١٩٨٨.
١٢) بڕوانە: **جەمال نەبەز**، *گۆڤاری نیشتمان*... ل ٢٣/80.
١٣) ــــ لاپەڕەی ٧٢ تا ٧٧.
١٤) بڕوانە: بەشی یەکەمی ئەو باسە، گزینگ ژمارە ١٣، ل ٦٤.
١٥) بڕوانە: *دیوانی سیف القضات*، گردەوەکۆیی ـ قازی ئەحمەد، ل ٦٩.
١٦) **هەژار**، *ئاڵەکۆک*، ل ٧)١٢، چاپخانەی تەورێز، ١٩٤٥(١٣٢٤ﻫ).
١٧) *گۆڤاری کوردستان*، ١٥ی سەرماوەزی ١٣٢٤(٦ی دیسامبری ١٩٤٦).
١٨) *ڕۆژنامەی کوردستان*، ژمارە ٢٠، ٨ ی ڕەشەمەی ١٣٢٤(١٩٤٦).
١٩) *ڕۆژنامەی کوردستان*، ژمارە ١١، ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٢٤(١٩٤٦).
٢٠) *گۆڤاری هەڵاڵە*، ژمارە ١، لاپەڕەی ١٨، ڕەشەمەی ١٣٢٤، چاپخانەی بۆکان.
٢١) *ڕۆژنامەی کوردستان*،ژمارە ٢٠، ٨ ی ڕەشەمەی ١٣٢٤(١٩٤٦).
٢٢) *ڕۆژنامەی کوردستان*، ژمارە ٢٠، ٨ ی ڕەشەمەی ١٣٢٤(١٩٤٦).
٢٣) ئەو دیاردەیە جارێکی دیکەش لە ساڵی ١٣٥٨(١٩٧٨) سەبارەت بە بزووتنەوەی کورد، سەری هەڵدایەوە و تەنانەت شادڕەوان دوکتور قاسملوو وەک ڕێبەری (حدکا)، هاوینی هەر ئەوساڵە لە ئوتقێکی خۆیدا لە «چوارچرا»ی مهاباد، ئەو دیاردەیەی جەخت کردەوە و گوتی: «... دەمەوێ مزگێنیتان بدەمێ کە سۆڤیەت لەهەر بارەوە پشتیوانیمان دەکا...».
ئەو کاتە کە خۆم لە تەنیشتی ڕاوەستابووم دوای قسەکان عەرزم کرد: کاک دوکتور بە ڕاستیتە، لە وەڵامدا گوتی: لەوەی گەڕێ، جارجار دڵگەرمی پێویستە»!
٢٤) «خدرە گڕوێ» کەسێک بووە کە لە زمانی ڕەزاشادا، لە بەرانبەر کردەوەیێکی بێ ناموسانەی کاربەدەستانی شا، لە ماڵە خۆی مەتەرێزدەگرێ و دوای کوشتنی چەند ئەمنییە(ژاندارمە)بۆخۆشی پیاوانە دەکوژرێ.
٢٥) *گۆڤاری کوردستان*، ١٥ی سەرماوەزی ١٣٢٤(٦ی دیسامبری ١٩٤٦).
٢٦) *ڕۆژنامەی کوردستان*، ژمارە ٨، ٨ ی ڕێبەندانی ١٣٢٤(١٩٤٦).
٢٧) *گۆڤاری هەڵاڵە*، ژمارە ١،، ڕەشەمەی ١٣٢٤، چاپخانەی بۆکان
٢٩) *گۆڤاری کوردستان*، بانەمەڕی ١٣٢٥(١٩٤٦).
٣٠) بە لەبەر چاوگرتنی ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە باسەکەدا، ئاماژەی پێکراوە، ئەو ڕێبازە بە هۆی شاعیرانی وەک: حەریق و ئەدەب و وەفایی و... بە شێوازی کلاسیکی ( عیرفانی و غەرامی و... )سەری هەڵداوە و دواتر بە هۆی کۆمەڵێک شاعیری دیکە وەک: مەلا مارفی کۆکەیی و شەوقی و سەیفولقوزات پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێ ترەوە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بە نێوی ڕێبازی ئەدەبیی موکریان جێگیردەبێ. ئەو ڕێبازە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، بە بەشداری و چالاکی گەلێک شاعیری هەڵکەوتوو وەک: هەژار، هێمن، خاڵەمین، ئیمامی(ئاوات)، هەباسی حەقیقی و خالیدی حیسامی(هێدی) و... هەروەها دەستەیێک نووسەری لێهاتوو وەک: سەید محەممەدی حەمیدی، دڵشاد ڕەسوڵی، عەبدولڕەحمانی ئێلخانیزادە(موهتەدی)، عەبدولڕەحمانی زەبیحی، حەسەنی قزڵجی و... پتەوتر دەبێ و دواتریش پەرە پێدەدرێ.
زۆربەی ئەو شاعیر و نووسەرانەی کە لە دەورەی کۆماری کوردستاندا چالاکیان نواندووە، جگە لە یەک دووکەس نەبێ، هەموویان کۆچی دواییان کردووە و ئەرکی درێژەدانی ئەو ڕێبازەیان بە بەرەی داهاتوو سپاردووە. ■

# كۆمەڵەی ژیانەوەی كورد لەبەر ڕووناكی بەڵگەنامەكانیدا

● حامید گەوهەری ●

چونكە خەریكی نووسینی «مێژووی كۆمەڵەی ژیانەوەی»كوردم، بە تەما نەبووم لە گزینگدا بابەتێك دەربارەی ئەم ڕێكخراوە بنووسم، بەڵام بەدیتنی گزینگی ژمارە ١٣، پاییزی ١٩٩٦؛ ژمارە ١٤، زستانی ١٩٩٧و خوێندنەوەی چەند بابەت لەمەڕ مێژووی خەبات و دامەزرانی ژ.ك بڕیارمدا بەرلە چاپ و بڵاو كردنەوەی كتێبی «مێژووی كۆمەڵەی ژیانەوەی كورد»، بۆ ڕوونكردنەوەی زەینی خوێنەرانی بەڕێز، ئاماژەیەكی كورت بە چەند بابەتی سەرەكی ئەم دیاردە گرینگەی ژیانی سیاسیی نەتەوەكەم بكەم.

## چۆنیەتی دامەزرانی كۆمەڵە

نەتەوەی كورد لە ڕەوتی ژیانیدا بەپێی تێكەڵاوی ڕەگەزیی، ژیانی نیوە كۆچەریی و پێداویستییەكانی كاری ڕۆژانەی، زۆری گوێی بۆ سنووره دەسكردەكانی دوژمن لەنێو خاكی كوردستاندا شل نەكردووه و سەرەڕای زەبروزەنگ وتوندو تیژی دەوڵەتە داگیركەرەكانی كوردستان نەیهێشتووه پێوەندییەكانی كۆمەڵایەتی و ئابووری نێوان كوردی هەرێمە جیاوازەكان لێك بپچڕێ.

كۆتایی سەدەی نۆزده و سەدەی بیستی زاینی قۆناخی وشیار بوونەوە و سەرهەڵدان و گەشە كردنی بیری نەتەوەیی‌و پەرەستاندنی ڕاپەرین‌و بزووتنەوەكانی نیشتمانی كوردە. ئەم ڕستەیە یاخود ڕستەی هاوتای لە زۆربەی كتێب‌و نووسراوەكانی مێژووی پارچە جیاوازەكانی كوردستاندا دەبیندرێ. بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری، چاپی یەكەم ڕۆژنامەی كوردستان لە لایەن «مقداد مدحت بەدرخان»ەوە،

پەسند كردنی پەیمانی «سێڤر» بۆ سەربەخۆكردنی بەشێك لە كوردستان لە لایەن وڵاتە هاوپەیمانەكان، دامەزرانی دەوڵەتی كورد لە لایەن شێخ مەحمود، بزووتنەوەكانی شێخ سەعید، سەید ڕەزا، سمایل ئاغای سمكۆ، سەرهەڵدانی پەیتا پەیتای بزووتنەوەكانی ناوچەیی‌و دروست بوونی دەیان كۆمەڵەو كلوبی سیاسی‌و فەرهەنگی‌و بڵاو بوونەوەی كتێب‌و ڕۆژنامەی جۆراوجۆری كوردی لە بەشە جیاوازەكانی كوردستان بەڵگەی زیندووی ئەو ڕاستییەن كە كورد لە كۆتایی سەدەی نۆزدەو سەدەی بیستی زاینیدا پێی ناوەتە قۆناخی وشیار بوونەوەی سیاسی و بیری نەتەوەیی پەرەی ستاندووه. ڕووناكبیرانی خەباتگێڕی كورد لەم ڕوانگەوە هەمیشە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بەیەكەوە هەبووەو هاریكاری یەكتریان كردووەو نەیانهێشتووە پێوەندی نێوان بەشەكانی كوردستان لێك بپچڕێ. ئەوان لە پلەی پێشڕەوانی نەتەوەیەكی كۆلۆنیدا، بە دوای هەڵوەشانەوەی پەیمانی «سێڤر»و پەسندكردنی پەیمانی «لوزان»، لەنێو جەوی دیكتاتۆرییەت و زەبرو زەنگی داگیركەرانی كوردستاندا، بە خەیاڵی تواندنەوە و لەنێو بردنی كورد، بەچەشنی ڕووناكبیرانی وڵاتانی جیهان، كە بەتایبەت پاش سەركەوتنی شۆڕشی ئۆكتۆبر بەرەو دامەزراندنی ڕێكخراوی كۆمەڵایەتی، فەرهەنگی‌و سیاسی هەنگاویان هەڵگرتبوو، بەپێی بارودۆخی كوردستان بەرەو دامەزراندنی ڕێكخراوی سیاسی جەماوەری چوون.

بەرلە دامەزرانی كۆمەڵەی ژیانەوەی كورد لە مەهاباد، لە باشووری كوردستان «كۆمەڵەی لاوان» دامەزرا. ئەو كۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩٣٣دا گۆڤاری «یادگاری لاوان»ی بڵاو كردەوە. لە ساڵی ١٩٣٥دا، كۆمەڵەیەكی نهێنی لە سلێمانی دامەزرا، كە ناوی «كۆمەڵەی پێشرەوی نیشتمان بوو».[1] هەرچەندە ئەو دوو كۆمەڵانە نەیانتوانی بۆ ماوەیەكی زۆر درێژە بەتەمەنی خۆیان بدەن، بەڵام ڕووناكبیرانی كوردی بەشی باشوور و ڕۆژهەڵاتیان بۆ دامەزراندنی ڕێكخراوی سیاسی نەتەوەیی هانداوە. پێویستە ئەوەش بڵێم كە كۆمەڵەی ژیانەوەی كورد یەكەم ڕێكخراوی سیاسی كورد بووە لە ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا و ڕاگەیاندراوەی پێشوازیكردن لە هاتنی ئەرتەشی سۆڤیەت بۆ نێو خاكی كوردستان لە لایەن ژ.ك بڵاو بۆتەوە.[2] حیزبی ئازادیخوازی كوردستان لە ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا چالاكی نەبووە.[3]

دەوڵەتەكانی ئێران، عێراق‌و توركیا بە زانیاری لەو بیرە هەڵقوڵاوە لەنێو ڕووناكبیرانی نەتەوەی كورددا، بۆ ئەوەی جموجۆڵی كوردان لەنێو بەرن‌و نەهێڵن شكڵێ نوێی خەبات بە بزووتنەوەكەیان بدەن‌و تەنانەت ئەگەر بۆیان بلوێ كورد لەنێو خۆیاندا بتوێننەوە، لەگەڵ دەوڵەتی ئەفغانستان یەكیان گرت‌و لە مانگی شەشی ساڵی ١٩٣٧دا لەژێر چاوەدێری دەوڵەتی ئینگلیس لە كۆشكی «سەعدئاباد»ی تاران كۆبوونەوەو پەیمانێكیان مۆر كرد، كە لە مێژوودا بە پەیمانی «سەعدئاباد» دەناسرێ. ئەو دەوڵەتانە بەمەبەستی كۆتایی هێنان بە بزاڤی شۆڕشگێرانەی نەتەوەی كورد لە بەندی حەوتی پەیمانی سەعدئاوادا بەڵێن دەدەن هیچ جموجۆڵێكی چەكداری دژ بەخۆیان لە ناوچەدا نەهێڵن‌و ئیزنی تێكۆشانیش بە هیچ ڕێكخستنێك نەدەن، كە دژی بەرژەوەندی ئەوان پێكبێ. هەروەها بۆ ئەوەی پێوەندی نێوان بەشەكانی كوردستان لێكبپچڕن، پاراستن‌و دابینكردنی ئاسایشی سنووره دەسكردەكانیان كردبوە خاڵی سەرەكی پەیمانەكەیان.[4]

لەو هەلومەرجە ناسكەدا، كۆمەڵێك لاوی ڕووناكبیری بەهەستی شاری مەهاباد، بەپێی دابو نەریتی ئەو كاتی شەوانی ڕەمەزانی كوردستان هەر شەوەی لەماڵێك كۆبوونەتەوەو یاری «جۆرابێن»یان كردووە. ئەوان لەو كۆبوونەوانەدا بەرە بەرە بەگوێگرتن لە دەنگی قەوانی سەید «عەلی ئەسغەری كوردستانی»و

خوێندنەوەی شێعری شاعیرانی کورد، بەتایبەتی شێعرەکانی «حاجی قادری کۆیی» بەرەو باسی سیاسی کێشراونو سەرئەنجام بەو ئاکامە گەیشتوون، کە بەچەشنی کوردەکانی باشووری کوردستان کۆمەڵەیەک دامەزرێنن. هەوێنی فکری دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ.ک بۆ یەکەمجار لە دەروونی ئەو ژمارە لاوانە هەڵقوڵیوە. ئەوان هەرچەندە ژمارەیان کەم بووە، بەڵام خۆڕاگرو بەتاقەتو لەخۆبردوو بوونو توانیویانە لەژێر کۆنترۆڵی توندو تیژی حکوومەتی ئێراندا کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد دامەزرێنن.

ئیدارەی ناوەندی ژ.ک لە راپۆرتێکی گشتیدا، کە لەمەڕ چۆنیەتی دامەزراندنی ژ.ک، مێژووی خەباتی، چۆنیەتی پێوەندیگرتنو دابینکردنی دۆستایەتی لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت، قەوارەی تەشکیلاتی، پرۆگرام، شێوەی ئەندام وەرگرتنو ژمارەی ئەندام، دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردو چەند بابەتیتر بە ژمارە نامەی ٤٤٤ی رۆژی ٧ی بەفرانباری ساڵی ١٣٢٣(٢٨ی دیسامبری ساڵی ١٩٤٤) بۆ «مۆلۆتۆف» وەزیری دەرەوەی سۆڤیەتی ناردوە[٥]، لەمەڕ دامەزراندنی ژ.ک دەڵی:

«حیزبی ئێمە لە مانگی یونی ساڵی ١٩٣٨ دامەزراوە، بەڵام بەهۆی کۆنترۆڵی توندو تیژی حکوومەتی ئێران چالاکییەکی زۆری نەبووە. تا ئەو جێیەی کەسێک بە تەواوی جێی متمانەی ئێمە نەبووبێ داوای ئەندامەتی لێنەکراوەو سیاسەتی ئێمە لەمبارەدا ئێستاش بەمجۆرەیە. لە مانگی مای ساڵی ١٩٣٩، کوردەکانی عێراق داوای پێوەندییان بە حیزبی ئێمەوە کرد. هەر لەو مانگەدا ئەندامێکی نوێنەری حیزبی ئێمە چووە ناوچەی سەرسنووری عێراقو چاوی بە دوو ئەفسەری کوردی عێراقی کەوت. لەو چاوپێکەوتنەدا بڕیاردرا هاوکاری دوولایەنە پەرەی پێبدرێ. دوو کوردی شەخسی (سویل)یش لەو کۆبوونەوەیەدا بوون. بەهۆی خیانەتی یەکێک لەو ئەفسەرانە بەناوی «فایق ئەمین» حکوومەتی عێراق ئاگاداری بڕیارەکانی ئەو کۆبوونەوەیە بووە. عێراق چونکە لە پەیمانی «سەعدئاباد»دا بوو، چۆنیەتی ئەم دیدارەو بڕیارەکانی بە ئێران راگەیاندو ئێرانیش کوردستانی خستە ژێر کۆنترۆڵو چاوەدێری توند.» بەپێی ئەو راپۆرتو بەڵگانەی بەدەستەوەن کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لە نێوان مانگەکانی جۆزەردان ــ پووشپەڕی ساڵی ١٣١٧(نووتی ١٩٣٨) دامەزراوە.[٦]

**ساختمانی ژ.ک و شێوەی ئەندام وەرگرتنی**

ساختمانی ژ.ک لەسەر پایەی کەتلە، ئیدارەی مەحەللی، ئیدارەی ناوەندی، کۆنفرانسی مەحەللیو کۆڕی باڵای راوێژی ئیدارەی ناوەندی دامەزراوە. شوێنی ئیدارەی ناوەندی لە مەهاباد بووە. هەرکام لە شارەکانی مەهاباد، بۆکان، شنۆ، سەردەشت، کرماشان، هەولێرو سلێمانی ئیدارەیەکی مەحەللیو پێنج کەتلەیان هەبووە. هەرکام لە کەتلەکان پەنجاوپێنج ئەندامیان هەبووەو لێپرسراوی کاروباری ناوچەی خۆیان بوون. ئیدارەی ناوەندی و ئیدارەکانی مەحەللیو کەتلەکان بەیەک شکڵ رێکخراون. هەرکامەیان سەرۆک، سکرتێر، لێپرسراوی لێژنەی راوێژو لێپرسراوی ئابووریو لێژنەی راوێژیان هەبووە. هەموو کارەکانی حیزب بە رێگەی راوێژکردن ئەنجامیان گرتووەو ئەگەر لە خەباتی نێوخۆی حیزبدا، ناکۆکی لەنێوان ئەندامانی حیزب ڕووی داوە، لێژنەی راوێژ چارەسەری کردوون. هەموو ساڵێ بە بۆنەی ساڵرۆژی دامەزرانی ژ.ک ئیدارەکانی مەحەللی کۆنفرانسیان بەستووەو نوێنەرەکانیان لە کۆڕی باڵای راوێژی ئیدارەی ناوەندیدا بەشداریکردووەو بڕیاریان داوە. کۆنگرەکانی ژ.ک هەموو ساڵێ لە یەک کاتو زەماندا ئەنجامی نەگرتوەو بەپێی هەلومەرجی خەباتی نهێنی ئەنجام دراوە، بۆ وێنە جێژنی ساڵرۆژی دامەزرانی کۆمەڵە کە هەموو ساڵێ بە دوای تەواو بوونی کۆڕی باڵای راوێژی ئیدارەی ناوەندی ئەنجامی گرتووە، جارێک لە مانگی گەلاوێژو جارێکیش لە بەفرانباردا بەڕێوە چووە. کۆمەڵە دوو شێوە ئەندامی هەبووە، ئەندامی بەستراوە بە ئیدارەکانی مەحەللیو کەتلەکانو ئەندامی نەبەستراوە بەو رێکخستنانە. کەسانێک بەئەندامی ژ.ک وەرگیراون، کە خاوەنی رابردووی خاوێن بوونو کاریان کردووەو بێکار نەبوون. لەو بەڵگانەی ژ.کدا ئاماژە بە ناوی دامەزرێنەرانی نەکراوە، بەڵام مودیری بەشی راگەیاندنی ژ.ک مامۆستا زەبیحیْ لە وڵامی نامەیەکی «سەرکونسولی یەکیەتی سۆڤیەت لە شاری تەورێز»، لە رۆژی ١٩٤٤/١٢/٢٣دا لیستەیەکی ئاراستە کردووە، کە ناوی ٢٢ ئەندامی هەڵسوورو بەبیرو باوەڕی حیزبێ تێدایە.

**پێوەندی ژ.ک بە کوردی بەشەکانیتری کوردستانەوە**

رێبەرایەتی ژ.ک لەمەڕ پێوەندی بەکوردی بەشەکانیتری کوردستان دەڵێ: جیا لە رێکخراوەکانی ئێمە لە کوردستانی عێراق، حیزبێکیتر بە ناوی هیوا هەیە، کە بۆ بەرژەوەندی گەلی کورد تێدەکۆشێ لەو بەشەی کوردستاندا. چەند ئەندامی ئەو حیزبە پێوەندییان بە ئەندامانی حیزبی ئێمەوە گرتووە، کە پاشان ئەو پێوەندییە شێوەی رەسمی بەخۆوە گرتووە. ئامانجە بنچینەییەکانی حیزبی هیوا لەگەڵ ئامانجەکانی حیزبی ئێمە یەک دەگرێتەوەو تەنیا جیاوازی ئێمە لەگەڵ حیزبی هیوا لە پێوەندی لەگەڵ شێوەی ئەندام وەرگرتنو سیستیمی ئیدارەکردنی حیزب دایە.

بەپێی راپۆرتی گەیشتوو لە ئیدارەی مەحەللی حیزب لە هەولێر، لەو دواییانەدا لاوانی کوردی کوردستانی عێراق حیزبێکی کومونیستیان دامەزراندوەو دەیانەوێ لەگەڵ حیزبی ئێمە پێوەندی دامەزرێننو نوێنەر بنێرنە لای ئێمە. بۆ دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ ئەو حیزبە، نوێنەرایەتی بە ئیدارەی مەحەللی هەولێر دراوە. هەم لە لایەن ئیدارەکانی مەحەللی حیزبی ئێمە لە عێراقو هەم لە لایەن حیزبی هاوپەیمانمان «هیوا» لە ئێمە داواکراوە پێوەندی غەیرە رەسمی ئێمە لەگەڵ کوردەکانی «سووریا» شێوەی رەسمی بەخۆوە بگرێ.[٧]

**ژ.ک و یەکیەتی سۆڤیەت**

راپۆرتی رێبەرایەتی ژ.ک لەمەڕ چۆنیەتی پێوەندیگرتنی بە سۆڤیەتەوە دەڵێ: حیزبی ئێمە تا رۆژی ١٣ی مای ساڵی ١٩٤٣ پێوەندی بە هیچ دەولەتێکی بێگانەوە نەبووە. لەو رۆژەدا، ٢٥ ئەندامی ژ.ک لە چیایەک کۆبوونەوە، کە بە «قەڵای سارمێ» دەناسرێ. لەو کۆبوونەوە باشکۆیەدا پرۆگرامی حیزبمان لە بەرامبەر پرۆگرامی یەکیەتی سۆڤیەت داناو ئەومان

هەڵسەنگاند. لە ئاکامی ئەو هەڵسەنگاندنەدا بە زۆربەی دەنگەوە بڕیاردرا گشت ئەندامانی حیزب بۆ نزیک بوونەوەو دامەزراندنی پێوەندی بە یەکیەتی سۆڤیەت هەوڵ بدەن. یەکەم ژمارەی ئۆرگانی ئێمە بەناوی «نیشتمان ـ بڵاو کەرەوەی بیری ژ.ک» بەدوای ئەو کۆبوونەوەیەدا بڵاو کرایەوە.[8] لەو ژمارەیەو ژمارەکانی دواتردا بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو بڕیارە، یانی راکێشانی رای یەکیەتی سۆڤیەت بۆ لای حیزبەکەمان، خۆشەویستی سادقانەی حیزب بۆ دامەزراندنی ئەو پێوەندییە دۆستانەیە لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت بەڕوونی دەبیندرێ. رێبەرایەتی ژ.ک لە بەندی ۷ و ۸ ی داواکارییەکانی لە سۆڤیەت رادەگەیەنێ:

۷) «داوا دەکەین ئەو هەرێمانەی ئاماژەمان پێکردوون بەکوردستانی ئازاد بناسرێن‌و بەهۆی کوردە گەنج‌و خوێندەوارو زانایانی کوردستانی ئێران، عێراق‌و سوریا دەوڵەتێکی کاتی کوردی دابمەزرێ‌و دەسەڵاتی ئابووری‌و ئیداری ئەو هەرێمانە بەدەستەوە بگرێ.

۸) بەپێی بەندی پ مادەی ٢٤ی یاسای بنەرەتی یەکیەتی سۆڤیەت داوا دەکەین، ئەو دەوڵەتە کاتییە بەرەسمی بناسن‌و ئەو بە برای کۆمارەکانی یەکیەتی سۆڤیەت قەبوڵ بکەن‌و بیکەن بە ئەندامی یەکیەتی سۆڤیەتی مەزن.»[9]

**پەراوێزەکان**

١) گۆڕانکارییەکانی رامیاری لە عێراق (١٩٤١) ١٩٥١ نووسینی جەعفەر عەباس حەمیدی وەرگێڕانی فەهد گردوانی.
٢) بەڵگەنامەی ژ.ک
٣) حیزبی ئازادیخوازی کوردستان لە باشووری کوردستان دامەزراو ماوەیەکی کورت ژیا.
٤) دەقی پەیمانی «سەعدئاباد».
٥) درێژەی ئەم راپۆرتە لە مێژووی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورددا بخوێنەوە.
٦) درێژەی ئەم باسە لە مێژووی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورددا بخوێنەوە.
٧) لە هاوینی ١٩٩٦دا لە ستۆکهۆڵم چاوم بە د. عەبدوڵلای مەردوخ کەوت. ناوبراو لەو دیدارەدا باسی وتارێکی خۆی بۆکردم، کە کەسێک بەبێ بەڵگە وڵامی داوەتەوە. کاک عەبدوڵلا پاشان رایگەیاند، لێکۆڵینەوەیەکی شەش مانگەی دەربارەی ژ.ک کردووەو بەو ئاکامە گەیشتوە، کە ژ.ک لقی کۆمەڵەی هیوا بووە. لە دیداری دووهەمدا کە پاش نزیکەی ٢٠ رۆژ لەگەڵ ناوبراو ئەنجامی گرت، داوام لێکرد پتر سەرنج بداتە مەبەستەکەی، چونکە من بەڵگەی سەربەخۆ بوونی ئەو دوو ڕێکخراوانەم لە یەکتر بەدەستەوە یەو تەنانەت گوتم ژ.ک بەر لە هیوا دامەزراوە. چوار لاپەڕەی بەڵگەنامەکانم پێشاندا، بەڵام چونکە ناوبراو شارەزای زمانی ئازەری نەبوو، نەیتوانی کەڵکیان لێوەرگرێ. من کورتەیەکەم بۆ خوێندەوەو ئەویش چەند ناوی یادداشت کردو پاشان گوتی: «هەرچەند زەحمەتی شەش مانگەی من بەخەسار چوو، بەڵام سوپاست دەکەم کە وشیارت کردمەوە. من ناوی نووسراوە تەحقیقییەکم دەگۆڕم‌و دەیکەم بە لێکۆڵینەوەیەکی ئەزەری‌و پاشان دەنووسم کاک حامیدی گەوهەری بە بەڵگە، وتارێک دەربارەی ژ.ک لە گزینگ دا بڵاو دەکاتەوە.»
کاتێک چاوم بە پەراوێزی ١٨ی وتاری د. عەبدوڵلای مەردوخ کەوت (بڕوانە: ژمارە ١٣ی گزینگ، ل ٦٢)، بەراستی واقم‌وڕما‌و لای خۆم گوتم کاک عەبدوڵلا بۆچی ناوی مامە غەنی بلوریان تێکەڵی باسی بەڵگەنامەکانی ژ.ک کردووەو مەسەلەی تێزی دوکتورای د. رەحیمی قازی چی بە لێکۆڵینەوەی تەحقیقی ناوبراو داوە؟ ئەگەر کاک عەبدوڵلا لەم باوەڕە دایە «ئەو بەڵگانەی کە بەڕێزیان جیا لە چەند بابەت شتێکی تریان لێنازانێ» و بەدەست د. رەحیمی قازی دروست کراون»، بۆچی بەبێ ئەوەی ناوی سەرچاوەکانیان بنووسێ‌و ئیزن لە من وەرگرێ لە وتارەکەیدا لە دوو بابەتی ئەم بەڵگانە کەڵکی وەرگرتووە؟
د. عەبدوڵلا ناوی محەمەد سەعیدی حافدی، سەید تاهیری هاشمی، نافع‌و عەبدولقادری دەباغی لەکوێ هێنا؟ بۆچی ئەوانی لە ڕووی بەڵگەنامەکانی لای من بە ناکامڵی یادداشت کردو وەک بەڵگەی تەحقیقی خۆی بڵاوی کردەوەو ناوی بەڵگەی سازکراویشی لەسەر بەڵگەکانی لای من دانا؟ بەپێچەوانەی گوتنی کاک عەبدوڵلا، ئەو بەڕێزانە دامەزرێنەرانی ژ.ک نەبوون. باشتر ئەبوو کاک عەبدوڵلا سەرنجی نووسینی کاک عەبدولقادری دەباغی بدات کە لە لاپەڕەی ١٠ی راپەڕینی کۆمەڵەی ژ.کدا دەڵێ: «لە بانەمەڕیساڵی ١٣٢٢دا بەهۆی کاک محەمەد ئەمینی شەرەفی، سەدیقی حەیدەری و رەحمانی کەیانی لە ماڵی حوسێنی فروهەر سوێندی خواردوە و بۆتە ئەندامی ژ.ک.» بۆ ئاگاداری خوێنەران، ئەو بەڕێزانە ئەندامانی هەڵسوری ژ.ک بوون لە ساڵی ١٩٤٤داو ئەندامی دامەزرێنەری ژ.ک نەبوون.
لە کۆتاییدا پێویستە ئەو دێڕەش وەبیر کاک عەبدوڵلا بخەمەوە، چۆنە بەڕێزیان ئەو تێبینییەی کە لە پەراوێزی ٦٠ی لاپەڕەی ٣٤ی گزینگی ژمارە ١٤دا بۆ مامۆستا جەماڵ نەبەزی نووسیوە، بۆخۆی لەمەڕ دوکتور رەحیمی قازی لەبەر چاوی نەگرتووەو بەدوای مەرگی ناوبراودا ئەوی وەبەر پەللاری رەخنەی ناڕەوا داوە؟
٨) یەکەم ژمارەی گۆڤاری نیشتمان دوو مانگ پاش ئەو کۆبوونەوەیە لە پووشپەڕی ساڵی ١٣٢٢دا دەرچووە.
٩) چۆنیەتی پێوەندی ژ.ک بە سۆڤیەتەوەو داواکارییەکانی ژ.ک لە یەکیەتی سۆڤیەت لە مێژووی کۆمەڵەی ژیانی کورددا ببینن. ■

## ڕاگەیاندنێکی کولتووری

لە ١٩ی دیسامبری ١٩٩٦دا، «Stiftelsen framtidens Kultur»ی سەر بە وەزارەتی کولتووری سوێد بڕیاری دا کە یارمەتی پڕۆژەی دامەزراندنی ئەرشیڤێکی کوردیی لە تاراوگە (Ett Kurdiskt arkiv i exil) بدات کە **مەحمود مەلا عززەت** داوای کردووە و پێی هەڵدەستێ.

یەکەم پلەی ئەم ئەرشیڤە کە لە سەرەتادا لە «Riks arkivet» (ئەرشیڤی دەوڵەتی سوێد) لە ستۆکهۆڵم دەبێت، ئەو بەڵگەنامە ودیکۆمێنتانە دەگرێتە خۆی کە پێوەندییان هەیە بە جەمهوورییەتی کوردستان بە تایبەتی و ئەزموونەکەی مەهاباد بە گشتی؛ بۆ ئەمەش خاوەنپڕۆژە و ئەنجامدەرەکەی، (٦٠,٠٠٠) شەست هەزار کرۆنی سوێدی وەک یارمەتی بۆ بڕیاردراوە.

پلەی دووەمی پڕۆژەکە، سەرجەمی شوێنەوار و بەڵگەنامەکانی ئەو ئەزمونە و هەروەها مێژووی کورد بەگشتی دەگرێتەخۆی.

**ئامانج لەوکارە:**

ـ دامەزراندنی ئەرشیڤێکی کوردیی و پاراستنی سامانی مێژوویی کورد کە لە فەوتان ڕزگاریان بووە.

ـ هەموارکردنی زەمینەی دامەزراندنی ئەرشیڤێکی گشتیی و هەوڵی پێکهێنانی ئەرشیڤێکی نەتەوایەتی لە کوردستان.

ـ بۆ ئەوەی ئەم مەڵبەندە ببێتە جێگەی لێکۆڵینەوە و نووسینی بابەتی و زانستییانەی مێژوویی...

**تێبینی:** ئەوەی دەیهەوێ یارمەتی خاوەنپڕۆژەکە بدات یان بیهەوێ زانیاریی زۆرتر لە سەر ئەم پڕۆژەیە (کە بەزمانی سوێدی نووسراوە) وەرگرێ، تکایە بەم ژمارە یە: FoxTel: 018-315682 پێوەندیی بە ناوبراوەوە بکات.

# ئایا سۆفیگەریی
## خاوەنی لایەنی زانستی و فەلسەفی یە؟

● د. خەلیقی ●

لە ژمارە۲۹ی گۆڤاری «مامۆستای کورد» بەهاری ۱۹۹٦دا، وتارێکم لە ژێر ناونیشانی«میتافیزک»دا نووسی. هەر لەو ژمارەیەدا، وتارێک بە ناونیشانی «لایەنی زانستی لە فەلسەفەی سۆفیگەریدا»لە کاک لەتیف هەڵمەت بڵاوکرایەوە، لەبەر ئەوە باسەکەمان لەیەک سەرچاوەوە هەڵقوڵیوە، بە پێویستم زانی بۆ ڕۆنکردنەوەی هێندێک لایەنی باسەکە و خستنە سەر پشتی دەرگای وتووێژێکی ژیربێژییانە، وتارێکی لەسەر بنووسم. لەسەرەتادا بە پێی توانا واتای ئەو وشانەم لێکداوەتەوە کە مامۆستا هەڵمەت لە پەنای یەک داینـاون و ناوێکی هاوبەشی بۆ دیاریکردوون.

لە نێو ئەوانەدا، دەستبەجێ وشەی«زانستی»، «فەلسەفە» و «سۆفیگەریی» سەرنجی ڕاکێشام. زانست بریتییە لە ناسینی ئەزمە جۆراوجۆرەکانی بوونەوەر، یان بریتییە لە ناسینی ڕاستەقینە لە ڕێگای ئەزموونەوە و بە پاڵپشت بەستن بە فەلسەفەیەکەوە. مەبەستی زانست وەک تێکۆشانەکانی تری مرۆڤ، بریتییە لە زاڵبوون بە سەر دیاردە ڕاستەقینەکاندا و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕلە سروشت و کۆمەڵ وسەرئەنجام ئاسانکردنی باری ژیانی مرۆڤ. بەمجۆرە ناسین لە ڕێگای ئەزموونەوە وەدەست دەکەوێ. بە لەبەرچاوگرتنی جۆراوجۆربوونی دیاردەکانی بوونەوەر، زانست بە سێ دەستە دابەش دەکرێ:

ئەلف) زانستە فیزیکییەکان(Physical sci-ences) یان زانستەکانی مادەی بێگیان.

بێ) زانستە ژیانییەکان( Biological sci-ences) یان زانستی بوونەوەرەکان.

جێ) زانستە کۆمەڵایەتییەکان(Social sci-ences)یان زانستە ئینسانییەکان.

بۆ لێکۆڵینەوە لەم بابەتانە کەڵک وەرگرتن لە ڕێوشوێن(method) یان ڕێوشوێن ناسی(methodology)پێویستە. ڕێوشوێنە زانستییەکان دەبێ لەم پلە جۆراوجۆرانەوە تێپەڕبن:

١) دیاریکردنی مەسەلە

٢) ئەزموونی سەرەتایی

٣) گەڵاڵەکردنی گومان

٤) ئەزموونی بەربڵاو بۆ لێکۆڵینەوەی گومانەکە

٥) دۆزینەوەی یاسا

٦) ڕێکوپێکردنی گریمان(ئەزەرییە)

لەبەر ئەوە باسەکەمان زۆر درێژ نەبێتەوە، تەنیا بە ناساندنی یاسا ئاماژەدەکەم: یاسا بریتییە لە ڕاگەیاندنی پێوەندییە بەردەوامەکان و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ڕاستەقینە.

فەلسەفە: ناسینی فەلسەفی لە ڕابوردوودا گشت ناسینەکانی مرۆڤی دەگرتەبەر. بە جیابوونەوەی زانستەکان لە فەلسەفە، ناسینی فەلسەفی ئێستە ئەو ناسینەیە کە لە تێکەڵکردن و گشتیکردنی زانیارییە زانستیی و هونەرییەکانی هاوچەرخ، وەچنگ دەکەوێ و بۆ تێگەیشتن لە سروشت و نیشاندانی جموجۆڵی کۆمەڵ پێویستە. لەبەر ئەوە ئەم ناسینە گشتی یە، ناسینی زانستی وهونەری پێکەوە وەبەردەگرێ. بە واتایەکی تر، پاڵپشتی چەندایەتی زانست و چلۆنایەتی هونەر لە فەلسەفەدا یەکدەگرنەوە.

فەلسەفە بریتییە لە ڕوانین بۆ گەردوون بە گشتی و تێڕوانین لە ڕاستەقینەی شتەکان. هێندێک پیانوایە کاری زانست بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە ڕواڵەتەکانی ئەم گەردوونە و ناسینی ڕێکوپێکی و کارە سروشتییەکانی. بەڵام فەلسەفە بۆ دۆزینەوەی بنەمای گەردوون، هۆیەکەی وڕاستییەکەی تێدەکۆشێ. لە ڕێنسانس بەم لاوە، ئامانجی فەلسەفە بێجگە لە ناسینی گەردوون گۆڕینەکەشیەتی.

سۆفیگەری یان عیرفان(Mysticism)

ئەزموونی عارف بریتییە لە هەستکردن بە یەکبوون لە گەڵ خودا یان لە گەڵ «ڕوحی جیهان»دا. لە کاتێکدا هێندێک لە ئایینەکان لە سەر ئەو پێوەندییەی نێوان خودا و خوڵقاوەکان پێدادەگرن، عارف بە ئەزموونی خۆی ئەم بەڵگە پێشکەش دەکا کە ئەم پێوەندییە وجودی نییە. ئەمە جۆرێکە کە تاکەکەس لە گەڵ خودا دەبێتە«یەک» ولەودا دەتوێتەوە. لێرەدا بیری«من» خۆی مات داوە کە منی ڕاستەقینە نییە. چونکە ئێمەی عارف لە چرگەکانی تیشکدانەوەدا لە ئەزموونی بەرزبوونەوە بەرەو «من»ێک هەڵدەکشێن کە زۆر بەرفراوانترە و هێندێک پێیدەڵێن«الله» وهێندێکی تر پێیدەڵێن«ڕوحی جیهان». عارف یان سۆفی ڕێگای خۆخاوێنکردنەوە و تیشکدانەوە دەگرێتەبەر بۆ ئەوەی بگات بە خودا.

ئەم ڕێگایە پڕە لە ژیانی دژوار و ڕاهێنانی سەخت. بۆ ئەوەی ڕێپێوەر بتوانێ ڕۆژێک ناڵەی «من خودام»یان «من تۆم» بەرزبکا.

ئەم شێوە سەرنجدانەی سۆفی لە گشت ئایینەکاندا دەبیندرێ. دەربڕینی ئەم ئەزموونە لە گشت فەرهەنگە جیاوازەکاندا یەک چەمکی هەیە. لە سۆفیگەریی ڕۆژئاواییدا، کە سێ ئایینە یەکپەرستیی(یەهودی، مەسیحی و ئیسلام)ەکە شوێنی لە سەر داناوە، سۆفی بەوە ئاماژە دەکا کە بە ئەزموونی گەیشتن بە خودایەکی تاکەکەسییەوە خەریکە. پێیوایە ئەو خودایە ئەگەر لە سروشت و ڕوحی گشت بوونەوەرێکدا هەبێ، هەمیشە بە سەر جیهاندا دەسوڕێتەوە.

لە سۆفیگەریی ڕۆژهەڵاتییدا، وەک هیندوستان و چین(بودایی) و ڕێبازە ڕوحییەکانی، ئاماژەکردن بەوە باوە کە سۆفی لەو مەیدانەدا، دەگاتە ئەزموونی تواندنەوەی تەواو لە خودا یان «نیرڤانا» یان «ڕوحی جیهان» و دەتوانێ ناڵە بکا و بڵێ: «من ڕوحی جیهانم»

←

یان «من خودام». ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە خودا لە جیهاندا نییە وتەنیا لە دڵی ئەودایە.

فەرهەنگی هیندوستان پێش ئەفلاتون ڕێبازە ڕوحییەکانی ناساندووە. «سوامی فیفکانا»، ئەوەی ڕۆژئاوا بە بیری ڕۆژهەڵاتیی دەناسی، دەڵێ: «هێندێک لە ئایینەکان، بەو کەسە کە بڕوای بە بوونی خودا لە دەرەوەی کەسایەتیی خۆیدا نییە، دەڵێن «وەرگەڕاو/ مولحید»، ئێمە وەرگەڕاو بە کەسێک دەزانین کە بە زات و سەرسوڕمانی خۆی بڕوای نەبێ».

هێندێک لە خەڵک، لەم پێوەندییەدا بێنەوەی پێڕەوی ئایینێک بن، مل لەملی ئەزموونی سۆفیگەریی دەنێن و لە نەکاو هەست بەوە دەکەن کە لە بازنەی کات وەدەرکەوتوون و جیهان لە گۆشەی هەتاهەتاییەوە دەبینن. هێندێک «سروشتی جیهان» یان «گشت جیهان» دەبینن. لە کاتی دیتن(تەجەللی)دا سۆفی خۆی ون دەکا، خۆی دەشارێتەوە تا لە زاتی خودادا بتوێتەوە. ڕاست وەک دڵۆپێک ئاو کە چووە نێو دەریاوە، خۆی ون دەکا و زاتی خۆی لە دەست دەدا.

یەکێک لە سۆفییە هیندییەکان ئەم بۆچوونە وا شیدەکاتەوە: «کاتێک من بووم، خودا نەبوو... لەوکاتەدا خودا هەیە، من نیم». بەڵام لەم پێوەندییەدا سۆفی مەسیحی «ئەنگلۆس سیلیسیوس»(١٦٢٤)١٦٧٧ز)دەڵێ: دڵۆپێک ئاو کاتێ لەگەڵ دەریا تێکەڵ دەبێ، دەبێتە دەریایەکی تەواو، ڕاست وەک ڕوح کاتێک بەرزدەبێتەوە دەبێتە خودا».

لە فەرهەنگی بەربڵاوی هێلینی یا ئیمپراتوریی گەورە وکۆنی یۆناندا، گۆڕینەوەی بیر وڕا سەری هەڵدا. ئەو ئایینانەی لەم دەورەدا بە بیری خۆیان بەرەو ڕووناکی هەنگاویان هەڵگرت لە یەک شتدا هاوبەش بوون. ناسینی فێرکردنێک کە مرۆڤ لەودا بە ژیانی هەتاهەتاییەوە پێوەندی هەبێ. بە زۆربەیی ئەم فێرکردنە نهێنی بوو. پێڕەوەکانی لەسەر ئەم بڕوایە بوون کە بە ئەنجامدانی هێندێک ڕێوشوێن، مرۆڤ دەتوانێ بە هەتاهەتایی ڕوح وژیان هیوا پەیدا بکا. بەڵام ئەوکاتە تێڕوانین لە سروشتی ڕاستەقینەی جیهان، لە ئامانجی ڕزگارکردنی ڕوح یان نەفس لەم ڕێگایەوە نرخی کەمتر نەبوو. ئەوکات فەلسەفەش زۆرتر بەرەو خاوێنیی ژیان هەنگاوی هەڵدەگرت. نرخی بیری فەلسەفی پێوەندی بە توانینی مرۆڤەوە هەبوو بۆ ڕزگارکردن لە دڵەکوتەی مەرگ ورەشبینی.

بەمجۆرە دەبینین سنووری نێوان فەلسەفە و ئایین چەند بەرتەسک بووە! ئەمەش بەرهەم و کاکڵەی بیری سوقرات و ئەفلاتون وئەرەستوو بوو کە مەسەلەی بنەڕەتییان بریتی بوو لە دیاریکردنی ڕێگایەکی شیاو بۆ مەرگ وژیانی مرۆڤ.

هەر بۆیە لە کۆمەڵگای هێلینی دا، ئەخلاق(ڕەوش) بوو بە گرینگترین بەشی فەلسەفە. گشت مەسەلەکە ئەوەبوو کە خۆشبەختیی ڕاستەقینە لە چیدایە وچلۆن دەتوانین وەدەستی بێنین؟

ڕێبازی فەلسەفی سەگژیانی(کەلبی)یەکان کە بەشێک لە ڕەنگدانەوەی بیری سوقراتە، پێیوایە خۆشبەختی لە پلە وپایە ولەشساغی و خۆشڕابواردندا دەستناکەوێ. تەنیا ڕێگا، خۆ ڕزگارکردن لەوانەیە مرۆڤ دەبێ خەریکی کاروباری خۆی بێ و نابێ گوێ بۆ دەردی کەسانی تر شل بکا.

ساباتی(ڕەواقی)یەکان وەک هیراکلیتوس، پێیانوابوو گشت مرۆڤ لە هۆشی جیهان(لوگوس logos) کەڵک وەردەگرن یان بەشێکن لەو. هەر تاکەکەسێک جیهانێکی بچووکە و ڕەنگدانەوەیەکە لە جیهانی گەورە. پێیانوابوو هیچجۆرە جیاوازییەک لە نێوان مادە و ڕوحدا نییە. چونکە سروشتیان بە یەک شت لە قەڵەم دەدا: «یەکبوون». ئەمەش دژ بە ئەفلاتوون بوو کە بڕوای بە دووفاقەبوونی ڕاستەقینە بوو.

بەکورتی، ئەم دوو ڕێبازە بەختەوەریی مرۆڤیان لە ئازادبوونی لە ئاسایش و خۆشیی مادی دا دەبینی. لەبەر ئەوە گرینگترین ڕێبازی فەلسەفی لە چەرخە کۆنەکانی دواییدا، لە بیروبۆچوونی ئەفلاتون شوێنی هەڵگرت و بە «نوێ ئەفلاتوونی» ناوبانگی دەرکرد.

فلوتین(٢٠٥)٢٧٠پ ز) یەکێک لە پلە بەرزترین فەیلەسوفەکانی ئەم ڕێبازەیە. ئەفلاتون لە نێوان جیهانی هەست و جیهانی بیردا و هەروەها لە نێوان لەش و ڕوحی مرۆڤدا جیاوازی دانا. بەمجۆرە، ڕوح لە لەشی مرۆڤدا وەک گلۆپێکی بچووک وایە، هەرچی دووربکەوێتەوە بەرەبەرە ڕووناکییەکەی بزر دەبێ. کاتێک تاریکایی زۆر دامانەگرێ، ناتوانین شتێک ببینین. ئەوەی ڕووناکە خودایە، تاریکاییش ئەوەیە خوڵقاوەکانی لێ دروست بووە. بیروڕای هەتاهەتایی بە دەور خودادا دەسوڕێتەوە. پێش هەموو شتێک ڕوحی مرۆڤ «شکڵێکە لەو ناگرە»، بەو حاڵەش گشت سروشت بەشێک لە بەخششی.خودایە. ئەوەی وجودی هەیە لە نوری خودادا بەشدارە، لە گشت دیاردەکانی سروشتدا هەست بەو نورە دەکەین. بە یارمەتی ڕەحمان تا ئەو شوێنە بگونجێ دەتوانین بە خوداوە نزیک بینەوە. لێرەدایە کە لەگەڵ «نوری ژیانی گەورە» یەکدەگرینەوە. جاری وایشە هەست بەوە دەکەین ئێمە خودی ئەو نورە خوداییەین.

فلوتین بەپێچەوانەی ئەفلاتون پێیوایە هەموو شتێک یەک شتە. چونکە هەموو شتێک خودایە. جاری وابوو فلوتین هەستی بەوە دەکرد کە ڕوحی لە ڕوحی خودادا دەتوێتەوە. ئەمەش کاکڵەی ئەو شتەیە کە پێی دەگوترێ: ئەزموونی سۆفیگەریی. ئەو، تاکەکەس نەبوو کە هەستی بەم جۆرە تەجەللییە کردبێ. لە گشت فەرهەنگەکان و لە گشت چەرخەکاندا، چەندین مرۆڤ لەم بارەوە ئەو ڕووداوەیان ڕاگەیاندووە. ئەوەی ئەوان لەم بارەوە گوتوویانە، هەرچەند لە ئەزموون وچوارچێوەکانیاندا جیاوازییەکی کەم نیشان دەدەن، بەڵام وەک دیتمان لە تیشکە بنەڕەتییەکاندا وەک یەکن.

هەرچەند دەکرێ دان بەوەدابنێین کە فەلسەفەی ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوای کۆن سەرچاوەی سۆفیگەریین، بەڵام بە هێندێک جیاوازیی بۆچوون لەو پێوەندییەدا ئاماژە دەکەین:

١) سۆفیگەریی، دیاردەیەکی نا ئیسلامی یە و میراتی مەسیحییەت و بەرهەمی فەلسەفەی «نوێ ئەفلاتونی»یەکانە.

٢) لە ڕیشەی فێرکردنەکانی «زەردەشت»ەوە سەرچاوە دەگرێ.

٣) میراتی ئایینی عیرفانی هیندی یە و بە هۆی ئێرانییەکانەوە گەیشتووەتە کۆمەڵی ئیسلامی.

٤) دیاردەیەکی ئیسلامی یە و بەرهەمی بەندەگیی توندی هێندێک لە موسوڵمانەکانی چەرخی یەکەمی کۆچی یە. خودی سۆفییەکان پێیاوایە سۆفیگەری کاکڵەی قورعان و وتەکانی پەیامبەرە. ئاکامی دووباری دۆزینەوە(کەشف) و دیتن(شهود)ی دۆستەکانی خودایە. گشت پەیامبەرەکان سۆفی ڕاستەقینەن. ئیمام محەممەدی غەزالی، عیسا بە سۆفییەکی ڕاستەقینە لە قەڵەم دەدا و پێیوایە شیاوی پێڕەوی لێکردنە.

لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە، عیرفان وسۆفیگەریی بەرهەمی هەژاریی و ناهومێدی، لاوازیی و بێ توانایی ئەندامە ←

ستەملێکراوەکانی کۆمەڵن. هەربۆیە ئەم بیرە زیاتر لە نێوان چینە هەژار و بێ بەشەکانی کۆمەڵدا برەوی هەیە.

جیاوازیی ئامرازی ناسین: ئامرازی ناسین لای زانست و فەلسەفە هۆش و هەستەکانن و لای سۆفی بریتی یە لە زەوق و چلەکێشان. وا دەزانن پەرهێزکاریی، دڵیان ڕووناک دەکاتەوە. پاش ڕووناکبوون و خاوێنکردنەوە، دڵ دەبێتە شوێنی نووری خودا. تیشکی زاتی ئەو، لەودا هێلانەدەکا. بەمجۆرە لای ئەوان دڵ(نەک مێشک) دەبێتە ئامرازی زانین و ئەوە کە زانستە تایبەتییەکانی ڕێبازی سۆفیگەریی وەردەگرێ. سۆفی بڕوای بە بەڵگەهێنانەوە و هەڵسەنگاندنی لە نەختەوە بۆ گشت(استقراء) و ئاکام وەرگرتن نییە.

سۆفی دەیهەوێ بە کەڵک وەرگرتن لە دڵ وەک ئامرازی ناسین و بە هۆی تنشکدانەوە و تێگەیشتن لەو پەڕی جیهانی سروشتی، بە ڕاستەقینە بگا. ئاکامی ئەم بەشە ئەوەیە: هەوڵ بۆ دۆزینەوەی هەڵسوڕێنەری جیهان، تێکۆشان بۆ خۆ نزیککردنەوە لەو و ڕازیکردنی لە خۆی بە هۆی بەندەگییەوە و دڵنیابوون لە چلۆنایەتی ئەم سۆفیگەرییە. ئەو پێیوایە زانیاری ئەوپەڕی سروشت مەعنەوی یە وبە دەروونەوە پێوەندی هەیە. لە بازنەی ماددەدا نییە. هەر بۆیە ئامرازی ناسینی ماده وەک هەستەکان، و هۆش و ئەزموون بە گشتی، ناتوانێ بچێتە پشتی پەردەی ئەوپەڕی سروشتەوە. چونکە عیرفان و سۆفیگەری دوو وشەی دووبراله[ لەیەک نزیک]ن، ناچارین بە وشەی عیرفانیش ئاماژە بکەین:

گەوهەری عیرفان بریتییە لە جۆرە هێز و قوولایی هەستپێکردنێک لە بارەی ئەو بیروڕایانەی کە مرۆڤ سەبارەت بە جیهان هەیەتی. فەلسەفەی عیرفانی بەرهەمی بیری هیراکلیتوس، ئەفلاتون و پارمیینندس و چەند کەسێکی ترە و خاوەنی چەند تایبەتمەندی یە:

١) بڕوا بە دیتن(شهود) لە بەرامبەر زانستی بەڵگەهێنانەوە و شیکردنەوەدا.

٢) بڕوا بە یەکبوون(وەحدەت)و نکولی کردن لە زۆربەیی(کەسرەت)و دژایەتییەکان.

٣) ڕەتکردنەوەی کات و نەبوونی جیاوازیی نێوان ڕابوردوو و داهاتوو.

بە لەبەرچاوگرتنی ئامرازی ناسین لە سۆفیگەریی و ئامانجەکە، دەتوانین ڕابگەیێنین: مامۆستا هەڵمەت بە زۆرەملی سۆفیگەریی بە ملی زانستەوەبەستووەتەوە و هیچیان نابێتە پەسنی ئەوی تریان.

خودی مامۆستا لەتیف لە وتارەکەیدا دەڵێ: «تەسەوف لە بنەمادا هەوڵدانێکە بۆ دۆزینەوە و بەکارهێنانی هێزەکانی ڕوح» (مامۆستای کورد، ل١٧). لە کاتێکدا کاری زانستی هەوڵدانێکە بۆ دۆزینەوەی یاسا سروشتییەکان و خولقاندنی ئامراز و ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لە سروشت و کۆمەڵ و باری ژیانی کۆمەڵدا. بەمجۆرە ئەمانە پشتیان لە یەکترە و ئاویان بە جۆگەلەیەکدا ناچێ. لە شوێنێکی تردا دەنووسێ: «فەلسەفەی سۆفیگەری لە سەر بیر وباوەڕی یەکتایی خوا دامەزراوە بەڵام لە تەرز و لق و چلی.فەلسەفەکەدا، جیاوازی ئاشکرا بە دی دەکرێ لە نێوان دوو سۆفی سەر بە دوو ئایینی جیاوازدا. ئەبو عومەر دیمەشقی دەڵێ: گەردوون لە چاوی سۆفیدا پڕە لە کەموکووڕی. هەربۆیە سۆفی دەیەوێ لە جیهانی پڕ لە کەموکووڕی دوور کەوێتەوە و عەوداڵی ئەو کەسە بێت کە هیچ کەموکووڕییەکی نەبێت» (مامۆستای کورد، ل١٨).

بەمجۆرە دەبینین سۆفی لەبەر جیهان هەڵدێ و ناوێرێ بچێ بە گژیدا و بۆ خۆدەربازکردن لە ئەرکی ئاڵوگۆڕپێکهێنان، بە دوای خولقێنەری کەم وکووڕییەکاندا دەگەڕێ( ئەوان خوا بە خولقێنەری هەموو لایەنەکانی جیهان دەزانن، یەک لەوان کەم وکووڕییەکان لەجیاتی چارەسەرکردنیان بۆ خولقێنەری دەگەڕێن). بەڵام زانا و زانست یاساکان دەناسن ودەچن بە گژ جیهاندا و کەموکووڕییەکانی ڕێکوپێک دەکەن و ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێنن. مامۆستا هەڵمەت لە وتارەکەیدا شاعیر وسۆفی دەکاتە هاوشان و بە پێچەوانەی وتەی پێشووی ڕادەگەیێنێ: شاعیر وسۆفی دەیانهەوێ جیهانێکی بێ کەموکووڕی دروست بکەن. (هەمان، ل ١٨)

پرسیار ئەوەیە چلۆن ولە کام ڕێوشوێن بۆ دروستکردنی ئەو جیهانە کەڵک وەردەگرن؟ بێجگە لە شاعیر، گەردووناس و پزیشک و کیمیاگەر و فیزیکدان و هیتری کردووەتە سۆفی! واتا ئەوانیش بەکەڵک وەرگرتن لە باری ڕوحی و(کەشف وشهود)، یاساکانی سروشتیان دۆزیوەتەوە و ئەو هەموو سەرکەوتنەیان لە بواری ئەزموونداوەدەست هێناوە! سەیر ئەوەیە پێشبینی یان(ئەزەرییە)ی لێکۆڵەرەوە زانستییەکان کە بەرهەمی دیاریکردنی مەسەلە ودیتن، ئەزموونی سەرەتایی، گەڵاڵەکردنی گومان، ئەزموونی بەربڵاو، دۆزینەوە و لەسەر یەکخستنی چەندین یاسا و بۆچوونە، کردووەتە ئاکامی بیری سۆفیگەریی ئەو زانایانە!(هەمان، ل ١٨، پاراگرافی٤)

هەروەها دەنووسێ: «سۆفیگەریی لای سۆفییەکان، بەندکردنی خواستە خۆ پەرستییەکانی لەش و ئازادکردنی ڕوحە، تا ڕوح بگاتە ترۆپکی گەورەیی وخوا بدۆزێتەوە و تێیدا بتوێتەوە» (هەمان، ل١٩). ئەگەر ئامانجی سۆفیگەریی ئەمەیە، چ وێکچوونێک لە نێوان ئەم ئامانجە و ئامانجی زانستدا هەیە؟ کەسێک ئامانجی ئەوە بێ پاش بەندەگی کردنێکی توانابڕ و نەخواردن و ئازادکردنی ڕوح، واتا دوای جیاکردنەوەی لە لەش(مردن)لە خودادا بتوێتەوە، کەی و چلۆن لە سروشتدا ئاڵوگۆڕ پێکدێنێ؟! وەک گوتمان لە ڕاستیدا گشت ئەم بیر وبۆچوونانە دەگەڕێنەوە بۆ بۆچوونی ئەفلاتون سەبارەت بە ڕوح. ئەو، دەڵێ: «ڕوح جورە شەوقێکی ئەویندارانەی هەیە بۆ گەڕانەوە بەرەو سەرچاوەی خۆی واتا جیهانی موسولی(نموونە). لەوکاتەدا کە ڕوح دەبێتە خاوەنی ئەم ویستە، لەش وگشت ئەو شتانەی بە هەستەکانەوە پێوەندییان هەیە، بە ناتەواو و کاتیی لەقەڵەم دەدا. ویستی ڕوح ئەوەیە سواری باڵەکانی ئەوین بێ وبگەڕێتەوە بۆ هێلانەکەی خۆی و لە بەندیخانەی لەش ڕزگار بێ». ئەمەش جۆرێک ژیانی موسولی یە و هیچ پێوەندییەکەی بە زانست و ئەزموون و ئاکامەکانییەوە نییە.

عیرفان بە واتای گشتی: ئەگەر ڕێبازی سۆفیگەریی بە لقێک لە عیرفان یان پاشماوە و گەشەکردووی بیری عیرفانی بزانین، ئەوا بارەکە بە لایەکی تردا دەکەوێ. چونکە لە عیرفاندا هێندێک تایبەتمەندی هەیە کە لەگەڵ ئامراز و ئامانجی ئەم عیرفانەی مامۆستا هەڵمەت باسی دەکا، جیاوازن. بۆ نموونە عیرفان بە گشتی بەو شێوە خواناسییە کە مامۆستا ئاماژەی پێکردووە، نابەسترێتەوە. سینوهە پزیشکی تایبەتیی فیرعەون ئەخناتون، دەنووسێ: «فیرعەون دەچوە نێو خەلسە یان بێهۆشییەوە و پێیوابوو ئاتون خواکەی، خۆی پێی نیشان داوە و دەنگیشی دەبیستێ. فیرعەون ئەوەندە لە وجودی خوای خۆیدا ڕۆچووبوو، پێیوابوو چەندین شت لە لایەن خواکەیەوە بەو ڕاگەیێندراوە یان

چەندین شتی دیوە. ئەو دەیگوت بە هۆی پێوەندی گرتنەکانی ئاتون، ڕاستەقینە دەبینم و دەتوانم لە نهێنی دڵی تاکەکەسەکان ئاگادار بم. من لە مەرگ ناترسم، سەرچاوەی من هەتاوە و پاش مردن دەگەڕێمەوە هێلانەی خۆم. ئەو بە نەخواردنی خواردەمەنی، لەشی خۆی خاوێن دەکردەوە تا باشتر ئاتونی بۆ ئاشکرا ببێ. (سینوهە... ج ٢ ل ٦٨٢)(٦٤٨) وەک دەبینین ئەمە سۆفیگەریی نییە و بەرهەمی تێکۆشانی زەینی عارفانەیە و ئەم شێوە بیرکردنەوەش ئەخناتونی شێت کرد و وڵاتی میسریشی تووشی کوشتار و قاتی وقڕی کرد.

بێرتراند راسێل لە نووسراوەی عیرفانی ژێربێژیی خۆیدا دەنووسێ: «ئەو ژێربێژییەی بۆ پارێزگاری لە عیرفان کەڵکی لێوەرگیراوە، واوێدەچێ هەڵەبێ. جیا لە بەڵگە هێنانەوە و بڕوا بە شتێکی ڕاستەقینە، جیا لەوەی لە هەستەکانمان خۆی دەنوێنێ، لە هێندێک لە لایەنە ڕوحییەکاندا سەرهەڵدەدا. ئەم لایەنانەش سەرچاوەی زۆربەی ڕێبازە عیرفانییەکان و زۆریان بابەتی ئەوپەڕی سروشتین. تاکاتێک ئەم لایەنانە هەبن، هەست بەوە ناکەین کە نیازمان بە ژێربێژی هەیە. هەربۆیە عارفە بێ خەوشەکان لە ژێربێژی کەڵک وەرناگرن و بەرهەمی گەشت و ڕەفتاری خۆیان دەستبەجێ ڕادەگەیێنن. لایەنگرانی ئەم عیرفانە بە وتەی «سانتایانا» لەگەڵ زانست وتێگەیشتنی باو دوژمنن. ئەمانە کتێبی سروشت ناخوێننەوە، چونکە پێیانوایە پڕ وپووچ و وەهمی یە. ئەمەش ڕێگای ناسینی سروشت نییە» (واتا فڕی بە باری زانینەوە نییە).

بۆ پشتیوانی لە بۆچوونی مامۆستا لەتیف هەڵمەت، بۆچوونی ژان پول سارتر فەیلەسوفی ئەم چەرخە سەبارەت بە عیرفان دەنووسم: «عیرفانی تەواو لە بڕوا بە دیتن، یەکبوون، ڕەتکردنەوەی کات و ڕواڵەتی بوونی خراپەدا، تووشی هەڵە بووە. بەو حاڵەش ئەگەر بتوانین دەسەڵاتمان بە سەر بیر و ئەندێشەی خۆماندا هەبێ، لە ڕێبازی عیرفاندا (نەک سۆفیگەریی) فەلسەفەیەک وەدەست دەکەوێ کە لە هیچ ڕێگایەکی ترەوە وەدەست ناکەوێ». بێرتراند راسێل دەڵێ: «ئەگەر ئەم بۆچوونە دروست بێ، پێویستە ڕێبازی عیرفانی وەک شێوە بەرەوڕووبوونێک لە گەڵ ژیان نەک وەک بیر و بڕوا سەبارەت بە جیهان، پەسن بکرێ.»

لە شوێنێکی تردا دەڵێ: «لایەنی ئەو پەڕی سروشتی جیهان هەڵەیەکە سەرچاوەکەی سۆزی عیرفانی یە». لە ڕاستیدا ئەم سۆزە بە ناوی سەرچاوەی ڕەنگ و دیمەنەکانی هەستپێکردن و بیرکردنەوەکانی تر، بزوێنەری باشترین لایەنەکانی نادەمیزادە. تەنانەت تێکۆشانی ئارامی زانست بۆ گەیشتن بە ڕاستیش کە خاڵی پێچەوانەی متمانەکردنی لەنەکاوی عیرفانی یە، دەتوانێ لە سەرچاوەی ئەو ڕوحە پڕ لە کڕنۆش و حورمەتە کە مەیدانی ژیان وجموجۆڵی عیرفانی یە، تێربێ».

دوایین شتێک کە دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کە ڕێبازی سۆفیگەری ڕێبازێکی ڕوحی و دەروونی یە و هیچکام لە گەورەکانی ئەم ڕێبازە، لافی ئەوەیان لێنەداوە کە شێوە کارەکەیان شێوەیەکی زانستی بە واتای باوی جیهانی زانستە. کەوابوو زانست وەک خشڵێک هیچ نرخێکی تایبەتی بەم ڕێبازە نابەخشێ.

زۆر شت ماوە تا ئێستە زانست ڕێی تێنەچووە یان ناگونجێ زانست بەلایدا بڕوا. کەوابوو با تووشی ئەو پڕوپاگەندە نەبین ئەگەر بارێکی دەروونی و ڕوحی مرۆڤ وەک عیرفان وسۆفیگەریی ڕاستەقینە، خشڵی زانستی پێوە هەڵاوەسین، بە نرختر دەبێ و پلە و پایەیبەرز دەبێتەوە! هەر شتێک نرخی خۆی هەیە و لە چوارچێوەی جموجۆڵ و تێکۆشان و بەرهەمەکانیدا نرخەکەی دەردەکەوێ. لەبەر کردنی جلوبەرگی مرۆڤێکی بەبەژن و باڵا لە لایەن کورتەباڵایەکەوە، نابێتە جلوبەرگی شیاوی ئەو قەڵافەتە و پێچەوانەکەشی جێی پێکەنینە. هەر شتێک لە کۆی گشتیی چوارچێوەی خۆیدا جوانە.

**سەرچاوەکان**



١) *دونیای سۆفی*، یوستێن گاردر (Josten Gard-er) مامۆستای فەلسەفە لە نورویژ.
٢) *زمینەی جامعەشناسی*، دکتر امیر حسین اریانپور
٣) *عرفان منطقی (فارسی)*، برتراند راسل
٤) *سینوهە پزشک مخصوص فرعون*، اقتباس ذبیح الله منصوری
٥) *کۆمەڵناسی کوردەواری*، حوسێن خەلیقی
٦) *فەلسەفە و کۆمەڵ*، حوسێن خەلیقی
٧) *لایەنی زانستی لە فەلسەفەی سۆفیگەریدا*، لەتیف هەڵمەت، گۆڤاری *مامۆستای کورد*، ژمارە ٢٩، بەهاری ١٩٩٦.
٨) *عیرفان وژێربێژی*، حوسێن خەلیقی، گزینگ، ژمارە ١٠، زستانی ١٣٧٤(١٩٩٦).


## شێعری فۆلکلۆری گۆرانی

**دیاری: سیامەک**

ئەو سەر سەراوی، ئەو سەرسەراوی
یە ڕووژ ڕاگەم کەفت، ئەو سەرسەراوی
دیم ک نیشتیە تەرک تەراوێ
کونە پڕ مەکەی باوان خەراوێ
کونە پڕ مەکەی لە دەریای بی پەی
پەنجە شمشاڵی قامەت وێنە نەی
پەنجەی شمشاڵی مەژەن وە ئاودا
وسەر مەکیشا خەیاتەی خاودا
دڵ نامە گیان، سڵامش کەردەم
باڵ شەو هێزدا، خوەم ڕووح سپردەم
باڵ چەو هێزدا، لێو بە خەندەوە
عەلەیکم وە بان دیدە سەندەوە
وەتم: ئاو بیەپێم، وە دەس وجامد
نسمد سەنگینە، نازانم نامد
وەت: جامێ دەم پێد وە دەس و وە دڵ
ئەسڵم بەگزایە ناوم سەمەنگوڵ
وەتم: سەمەنگوڵ دەم نوقڵ ونەوات
لە لاد چو بچم من وەبێ مراد
وەت: هەزارچو تو وەی داخەو مردەن
هیچکام پەڕەی گوڵ لە لام نەوەردەن
ـ وە تێخ مەکوشەم زامم دیارەن
خەڵقان مەواچان، یە گوناکارەن
تاڵێ لەو زڵفە بنە وە گەردەن
تا باچان وە حوکم ئیلاهی مردەن
ـ هەفت برا دێرم، چو سێف خونسار
یە داڵک دێرم چو هەلوچەی دار
یە باوگ دێرم لایق وە خانی
لەکەی روسیە ناخەمە شانی
ـ شوون باواند هەزار هەزار بوو
هەر هەزارەگەی روو وە مەزار بوو
وەت: ها! جوان نەکە نووڕ باوانم
لە دیدە کور بیید دەس وە دامانم
ـ شوون باواند وە چەپەی نەی بوو
ئاگر بچوە لێ شەماڵ لە پەی بوو
وەت: ها! جوان نەکە نووڕ باوانم
لە دیدە کور بیید دەس وە دامانم
ـ ماشتەی سوریەگەد، وەر پیێڵد بوو
لە پرس براگەت، گەشت گیێڵد بوو
وەت: ها! جوان مەکە نووڕ باوانم
ئاخر مە گری دەس وەداوانم
ئەر دووس هەزار بوو هەر خوەد یارمی
ئەوەڵ نەونەچیر ئەو شکارمی
وەتم: سەمەنگوڵ، گشتی دروو بوو
یەکیگی ڕاس ئەو، گشتی چروو بوو.

***



### هاوپرسەکی لەگەڵ:

# دوکتور ڕەزای بەراهێنی

### نووسەر و ڕەخنەگری گەورەی ئێرانی

● ئامادەکردن: حەسەنی قازی ●

**ح. قازی: کاک دوکتور بەراهێنی، بەسپاسەوە بۆ قەبوڵکردنی ئەم وتووێژە لەگەڵ گۆڤاری گزینگ، پێمخۆشە بەر لەوەی پرسیارتان لێ بکەم بە کورتی لەسەر ئەم گۆڤارە هێندێکتان زانیاری بدەمێ.**

**گزینگ بڵاوکراوەیەکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە کە لە چوار ساڵ لەمەوبەر بە زمانی کوردی ـ خواروو لە سوێد بڵاودەبێتەوە. ئەم گۆڤارە حەول دەدا خۆی لە کێشە وهەرا و جەنجاڵی سیاسی بە دوور ڕابگرێ و بە پێشکێشکردنی بابەتی قووڵ وەمەند چ بە قەڵەمی نووسەرانی کورد و چ وەرگێرانی نووسراوەی ئەو لاوەییانەی سەروکاریان لە تەک کوردۆلۆژیدا هەیە و هەروەها بە وتووێژکردن لەگەڵ خاوەن نەزەران، لە قەدەر خۆی لە بەرەوژووربردنی ئاستی فەرهەنگی خوێنەرەوەکانیدا بەشداری بکا.**

**بەم کورتە ناساندنە، پێمخۆشە ئێوەش بە کورتی خۆتان بە خوێنەرەوەکانمان بناسێنن.**

بەراهێنی: ئەمن لە ساڵی ١٣١٤ی هەتاوی (١٩٣٥ی زایینی) لە شاری تەورێز لە دایک بووم، خوێندنی سەرەتاییم لەو شارە بووە و دوایە لە ساڵی ١٣٣٦(١٩٥٧) هەر لەو شارە لە کالیجی ئەدەبیاتی زانکۆی تەورێز دەرەجەی لیسانسی زمان و ئەدەبی ئینگلیسی م وەرگرت. دواتر لە ساڵی ١٣٣٩(١٩٦٠) لە زانکۆی ئێونەتەوەیی ئەستەمبووڵ دەرەجەی دوکتوری ئەدەبی ئینگلیسی و ئەدەبی بەراوردی م وەرگرتووە. پاشان گەڕامەوە ئێران و دوای خزمەتی ئیجباری (عەسکەری) لە زانکۆی تاران لە پێشدا بووم بە ئوستادیار ودوایە دانشیار. من نووسراوە وبەرهەمەکانی خۆم لە ساڵی ١٣٣٩ (١٩٦٠) بەملایەوە بەرەبەرە چاپ کردووە. لە ساڵی ١٣٥١(١٩٧٢)وە لە زانکۆکانی یوتا، تێگزاس، ئایوا، ئیندیانا لە بێلمینگتونی ئیندیانا، لە کالیجی بارد لە نیۆیورک و لە زانکۆی مێریلەند لە بالتیمۆر (UMBC) لە پێشدا دانشیاری میوان و دوایە پرۆفسۆر بووم. لە ساڵی ١٩٨٧ وەک باشترین نووسەر لە بابەتی ئینسانی لە ساڵی ١٩٧٧دا، خەڵاتی (Overseas Press Club of America Award)م بردەوە. نزیکەی بیست و دوو ڕۆژ بەر لە شۆڕشی ١٣٥٧(١٩٧٩) گەڕامەوە ئێران و تا ساڵی ١٣٦١ (١٩٨٢) هێشتا مامۆستای زانکۆی تاران بووم، دوای ئەوە لە کار و خزمەتی دەوڵەتی وەلانرام و لەو دەمییەوە خەریکی نووسین و هەروەها بەڕێوەبردنی کارگەی شێعر و چیرۆک و بەڕێوەبردنی کارگەی تیئۆری ئەدەبیم کە خۆم دامەزراندووە و کۆبوونەوەکانی لە ماڵەخۆم پێکدەهاتن. تاکوو ئێستا زیادتر لە پەنجا بەرگ کتێبی: هۆنراو، ڕۆمان، ڕەخنەی ئەدەبی، وەرگێڕان و بابەتی کۆمەڵاتیم چاپ کردووە.

**ح. قازی: تا ئەو جێیەی ئەمن بزانم، بیدعەتی کاری ڕەخنەی ئەدەبی سەبارەت بە ئەدەبی مۆدێرنی فارسی لەلایەن ئێوەوە داندراوە. هێزی دنەدەری خۆتان بۆ ئەمکارە و دەستکەوتەکانتان لەم بوارەدا چۆن لێکدەدەنەوە؟**

بەراهێنی: ئێران لە بەرایی ساڵی ١٣٤٠(١٩٦٠)دا لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە زۆر لاواز بوو. ئەمن بە نووسینی وتار و بڵاوکردنەوەی کتێبی جۆربەجۆر لە زەمینەی ڕەخنەی شیکاری ئەدەبی هاوچەرخ و پێشووی ئێران و لێکدانەوەی تیئۆرییە ئەدەبییەکان، بەشێک لە کارە بنچینەییەکانی هاوچەرخم لە بواری ڕەخنە و ڕەخنەی ئەدەبیدا کردووە، نزیکەی دە بەرگ کتێب و زیادتر لە پێنج هەزار لاپەڕە.

**ح. قازی: بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە فارسی زمانی یەکەمی ئێوە نییە و دەزانم کە دەرەتانی خوێندن بە زمانی زگماکی خۆتان واتە تورکی ئازەربایجانیتان نەبووە، شێوەی بەیەکەوەژیانی ئەو دوو زمانە لە پێگەیاندنی ڕووناکبیرانەری ئێوە و داهێنانی هونەریتاندا چلۆن ڕەخساوە؟**

بەراهێنی: لەبەر ئەوەی لەو سەروبەندیدا کە ئەمن هاتمە مەیدانەوە زمانی تورکی پاوان بوو، بە خێرایی دەستم کرد بە فێربوونی زمانی فارسی و بە تەنیشتییەوە ئینگلیسی. فەرانسەش دەزانم کە دەتوانم پێی بخوێنمەوە و کەلکی لێوەرگرم. عەرەبییش تا ڕادەی کەلکوەرگرتنی هاسان لە دەقە کلاسیکییەکانی ئەدەبی فارسی فێربووم. لەهجە جۆربەجۆرەکانی تورکی دەزانم. بە هەرا وزەنای ئەم زمانانە لە زەینمدا بە فارسی وجارجار بە ئینگلیسی دەنووسم.

**ح. قازی: بە زمانی تورکی ئازەربایجانی نووسراوە یان شێعرت هەیە؟**

بەراهێنی: زۆرم شێعر بە تورکی گوتووە کە بەشێک لەوان لە گۆڤاری جۆربەجۆردا بلاوبوونەتەوە، جارجار شێعری مولەمەع، واتە تورکی و فارسیم داناوە. کتێبێکی من بە نێوی"یار خوش چیزی است"(یار شتێکی خۆشە) لەلایەن شاعیرێکی لاوی ئازەربایجانییەوە ( ئازەربایجانی ئێران) بە زمانی ئازەری وەرگێڕدراوە، من بۆخۆم چاوەدێریم بە سەر ئەو وەرگێڕانەدا کردووە. لێرولەوێ لە ڕۆمانەکانمدا (بە زمانی فارسی) بڕگەی زمانی تورکیش هەن. بەشێک لەو نووسراوانە بڕیاروایە لە ئازەربایجان چاپ بکرێن.

**ح. قازی: دەزانین کە لە قانوونەکانی ئێستای ئێراندا کەلک وەرگرتن لەو زمانانەی کە نێویان ناوە "ناوچەیی" یان... پێشبینی کراوە و ڕەنگە ئاگادار بی لە ورمێ و تاران دوو گۆڤاربە زمانی کوردی بلاودەبنەوە. ئاسۆی چالاکی فەرهەنگی بە زمانە نافارسییەکان لە ئێرانی ئێستادا چۆن لێکدەدەیەوە؟**

بەراهێنی: ئەو قانوونە لەقەدەر خۆیان باشن، بەلام کەلک وەرگرتن لەم زمانانە دەبێ زۆر زیادتر بتەنێتەوە، بۆ وێنە لە مەدرەسە و زانکۆیان بخوێندرێن و هەر ناوچەیەی دەبێ بە زمانە خۆجێییەکان ڕۆژنامە وگۆڤاری جۆربەجۆریان هەبێ. ئەمن بڕوام بە وەکوویەکی زمانی هەموو قەومە ئێرانییەکانە و لە ڕوانگەی منەوە دەکارکردنی ئەو یەکسانی زمانییە یارمەتییەکی زۆر دەدا بە بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی دێمۆکراسی.

**ح. قازی: لە بەر بەکارهێنانی خەت و ئەلفوبێتکەی جۆربەجۆر بۆ نووسینی کوردی و ئازەربایجانی ئەو زمانانە لەو بارەیە هەڵکەوتیان وەک یەک دەچێ. بۆ وێنە ئەو ئاسەوارەی لە ئازەربایجانی سەروو بە خەتی سیریلی چاپ کراون، لە ئازەربایجانی خواروو هەرەمەی خوێندەواران ناتوانن کەلکیان لێوەرگرن. هەڵکەوتی کوردیش وایە بۆ وێنە ئەو نووسراوانەی کە بە گشتی لە ئورووپا بە خەتی لاتین یان لە ئەرمەنستان بە خەتی سیریلی چاپ بوون هەرەمەی خوێندەوارانی کورد لە ڕۆژهەلات یان خوارووی کوردستان ناتوانن کەلکیان لێوەرگرن. لە ڕوانگەی ئێوەوە ئەو گیر وگرفتە چۆن دەکرێ یەکلابکرێتەوە؟**

بەراهێنی: بە بیروڕای من، بە ئاڵوگۆڕی ئیسلاحی لە خەتی عەرەبیدا کە سەدان ساڵە لەلایەن ئێرانییەکان و تورکەکان و کوردەکان ڕا کەلکی لێوەرگیراوە بە هاسانی دەکرێ ئەم ڕێنووسە وەک بناخەی خەتی هەموو زمان و لەهجەکانی ناوچە بناسرێ. ئەمن دژی گۆڕینی بنچینەیی ڕێنووس و کردنی بە ڕێنووسی وەک لاتین و هتد م.

هەڵبڕان لە ڕیشەی چەندین سەدەیی، هەڵبڕان لە ڕیشەی ئاسینی زماننایسیانە، هەڵبڕان لە پێوەندی نێوان شێوەی دەنگ و جۆراوجۆرییەکانی دەنگیی و خەتیی بە زەرەری نەتەوەکان وقەومەکانی ناوچە دەزانم. ئیسلاح کردنی ڕێنووس با، بەلام گۆڕینی نا. سەرباقی ئەوەش ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە ڕێنووسدا پێکهێنان بەبێ ئەوەی ڕوو لە خەڵکی ناوچە بنرێ وپرسیان پێبکرێ بە کارێکی نادێمۆکراتی و نائینسانی دادەنێم. ئەمن دژی گۆڕینی خەت لە سەرەوەڕام، چ ئەوە لەلایەن دەستەیەکی هەڵبژاردەی فەرهەنگییەوە بکرێ و چ لەلایەن دەوڵەتەکان و گرووپە سیاسییەکانەوە. لە پرسێکی ئاوا گرینگدا خەڵکی ناوچە دەبێ خۆیان بڕیار بدەن.

**ح. قازی: ئاسیاویتان لە تەک فەرهەنگ و زمانی کوردیدا چەندەیە؟**

بەراهێنی: زۆر کەم و ئەوە جێگای داخە بۆمن. دیارە زۆر لەو کتێبانەی وا لە مەڕ فەرهەنگی کوردین و بە زمانی فارسی دەرچوون و، جارجار بە ئینگلیسی کەلکم لێوەرگرتوون. هێندێک لایەنی فەرهەنگی کوردی شوێنیان لە سەر کارەکانی من کردووە. بەشێک لە شێعرەکانم ــ ئەگەر ئەمن لەگەڵ فەرهەنگی دەفەلێدانی کوردیدا ئاسیاویم پەیدا نەکردبا نە دەنووسران. کتێبی " خطاب به پروانەها"(بۆ پەپوولەکان)ی من ئەو شوێن تێکردنە بە قووڵی نیشان دەدا.

**ح. قازی: ئەم پرسیارە گشتی یە. دەمەویست ڕوانگەی ئێوە لەمەڕ دەوری زمان لە هەوێتی نەتەوایەتیدا بە گشتی بزانم؟**

بەراهێنی: من لە جێی دیکەدا بە وردە ڕیشە لەوبابەتە دواوم. ئەمن گرینگییەکی زۆر دەدەم بە زمان لە خۆگرتنی هەوێتی نەتەوایەتیدا. هەروەها بە ئەدەب و وێژەی زمانەکە. لێکدانی زمانەکانیش بۆ خۆپاراستن لە هەموو جورە شۆڤێنیزمێک بە پێویست دەزانم. ئەمن دژی هەموو جورە پان تورکیزم ، یان پان فارسیزم و پانەکانی ترم.

**ح. قازی: لە ئەدەبی کوردیدا کاری ڕەخنە و توێژینەوە زۆر بەربلاو نییە. پێشنیاری ئێوە بۆ پێشوەچوونی ئەم ژانرە هونەرییە چییە؟**

بەراهێنی: وەرگێڕانی دەقە تیئۆرییەکان بە کوردی، بەتایبەتی دەقە تیئۆرییە هاوچەرخەکان. وەرگێڕانی دەقی ڕەخنەگرانە بەتەنیشت ئەو شیعر و چیرۆکانەی وا دەخوێندرێنەوە. دۆزینەوەی زاراوەی پێویست بۆ نووسینی ڕەخنەی ئەدەبی، پێوەندی پێکهێنان لە نێوان ئەدەبی کورد و ئەدەبی جیهان و، وەدەستهێنانی پایەی بەراوردی ئەدەبی بۆ ئەدەبی کوردی لە پێویستییەکانە.

**ح. قازی: سپاس بۆ ئەم وتووێژە و دیتنتان.**

بەراهێنی: زۆر سپاستان دەکەم.

***

* دەقی ئەم وتووێژە بە فارسی کراوە ودوایە وەرگێڕدراوەتە سەر کوردی ــ حەسەنی قازی.

# شەوی شین

## وتووێژ دەگەڵ خێزانی مامۆستا هێمن

ئامادەکردن: مێهری پاکزاد

نووسینەوە و پێداهاتنەوە: ،هێدی،

**● تکایە نێـوی خـۆت و بنەمـاڵە و باوکی بەڕێزتان بفـەرمـوون، هەروەها لە چ شـوێنێکدا ژیاون.**

ـ لە "باجـــەوەند"ی ژیاوین. بابم ئەولادی شێخییە، کوڕی شێخی بورهانییە.

**● نێوی چییە؟**

ـ شێخ عەبدولڕەحیم. عەرزت دەکەم ئەمن بۆ خۆم لەوێم زیندەگـــانی کـــردووە تا هاتووینە "شیلاناوێ".

**● ... دوای ئەوەیکە مـێـردت کـردووە بە مامۆستای؟**

ـ بەڵێ.

**● تکایە بفـەرمـوون ئاشنایەتیـتـان دەگـەڵ مـامـۆسـتـای مـەزن چۆن بوو؛ ئایا خزمایەتیتان هەبووە، چۆن بوو یەکتریتان بۆ ژیانی هاوبەشی هەڵبژارد؟**

ـ خـزمـایەتیـمـان هەبوو، ئەمن خـاڵۆزام و ئەو پوورزا. چارەنووسی خولای، خولاش کردوویەتی؛ ناردوویەتە سەرم و مێردم پێکردووە.

**● دەپێشدا یەکتریتان قەت دیبوو؟**

ـ ناوەڵڵا، نەمدیبوو.

**● بڕێکمان باسی زەماوەندی خۆت بۆ بکە.**

ـ [پێدەکەنێ]... زەمـاوەند زەمـانـی "قـازی مـحـەممەد"ی بوو، هەتا خـودا حـەزێ دەکـا بە زەریفی و بە جـوانیـیـان خواسـتم. زۆر شـایی و هەڵپـەڕینێکی خـۆش بوو، بە تەقـەی دەهۆڵ و زوڕنای...

**● تکایە بفەرموون ئێوە دەرستان خوێندووە؟ تا چ ڕادەیـەک لـە مـــــەیدانی شێعروشاعیریدا یاریدەدەر و دنەدەری مامۆستا هێمن بوون؛ ئێوە لە باری شـێـعروشاعـیـریدا دەورێکی ئەوتۆتان هەبووە یان نا؟**

ـــ دایـکـت چـەنـدی دەزانــێ ئـەمـنـیـش ئەوەندە...[پێدەکەنن]، نەوەڵڵا خۆ سەوادمان نییە و نەمانخوێندووە.

**● ئەگەر شێعرێک، شتێکی دەنووسی، قەت هەبووە بۆتان بخوێنێتەوە؟**

ـ ئەرێوەڵڵا.

**● ئەو شـێـعرەی بۆ تۆ گـوتووە کـە دەڵێ:" تۆ بەڵێنیم پێ بدە تـا من بەرەو ژوان بیـمەوە "؟**

ـ نا، ئەو هەر بۆ « مـاملێ » ی دەنووسی و بۆی دەنارد.

**● بۆ تۆی نەگوتووە؟**

ـ نەوەڵڵا بۆ منی نەگوتووە.

**● دەنا دەڵێن بۆ ئێوەی گوتووە، وەختـێکی کە لێتان دوور بووە.**

ـ نا، نا... هێشتا نەڕۆیبوو.

[دەو دەمەیدا بووکی مامۆستا هێمن (ئایشێ خانم)[١] وەبیـری دێنێـتەوە کە مـامـۆستـا ئەو شێعرەی لە ئاوارەییدا بۆ ئەو گوتووە.]

ـ ...[بە پێکەنینەوە] وەبیـــرم هاتەوە، بۆ منی گوتووە.

**● ئایا مامۆستا هیچ هاوسەری دیکەی هەبووە؟ چەند منداڵتـــان هەیە و نێویان چییە و ئێستا چدەکەن؟**

ـ نەوەڵڵا، لە کـــوڕێی بوو فـــەقـــیـــرە! هەر منداڵێکمان بووە. نێوی « سەلاح »ە. ئێستا لە سـەر زەمـیـنی خـۆی کـەشـاوەرزێ دەکـا. هیچ منداڵی دیکەشمان نەبووە.

**● تکایە بفەرموون چۆن بوو مامۆستا لە ئێران وەدەرکەوت و لەودیوی تووشی چ کەندوکۆسپێک هات و ئەو ڕۆیشتنە چ دەورێکی لە ژینی ئێوە دا گێڕا؟ ئێوە دوای ئەو چـتـان کرد و چۆنتان ژیان بردە ســــــەرێ؟ تـکـایـە لـەو بـارەیەوە هـەچ بیرەوەرییەکی هەتانە بۆمان بگێڕنەوە.**

ـ مـامۆسـتـا ڕۆیشـتـنەکەی لە بەر دەوڵەتێ بوو. بەهانەیان پێدەگرت، دەیانگوت دەبێ ئەتۆ ڕۆژێ دە تفـەنگت دە ئیـخـتـیـار دابن و هەڵیـانگری، تفـەنگێکیش ون بێ ئیـعـدام دەکـرێی! ئەویش دەیگـوت ناتوانم تفـــەنگی دەوڵەتێ هەڵگرم. بەشکەم پیاویان نارد و لێیـان دزیمەوە. عـەرزت دەکەم لەبەر ئەوەی ڕۆیی.

**● چەند ساڵان ڕۆیشت؟**

ـ یازدە ساڵان.

**● دەو ماوەیەیدا هیچ پێوەندی هەبوو، نامە و شتی بۆ دەناردنەوە؟**

ـ نا..نا، نەوەڵڵا هیچ. یەک جاری نەبێ ژنێک هاتوچوێی دەکرد.

**● ئەواریشی بۆ نەناردوونەوە؟**

ـ هیچ هیچ، ناوەڵڵا، دەیگوت هیـچی بۆ نانێرم لەبەر « سەلاح »ی، نەوەک لێی بگرن.

**● ئەودەمی کـە کـاک سـەلاح ژنی هێنا و شاییتان بۆ کرد مامۆستا هێمن تەشریفی لێرە بوو یا لێرە نەبوو؟**

ـ ناوەڵڵا لێـــــرە نەبوو. بۆخـــۆم بۆم هێنا و شـاییـیـەکی زۆر گـەورەشم بۆ کـرد و چاردە ڕۆژم خـەڵک هەڵپـەڕاند و ژنەکـەمـان بۆ گـوێزتەوە. ژنەکەشی خزمی خۆیەتی.

**● ئی ماڵە کێیە؟**

ـ ماڵە شێخی، شێخی بورهانی.

**● دەو مـاوەیەیدا کـە ئەو لێرە نەبوو کێ ئاگـای لەنگۆ دەبوو؟**

ـ وەڵڵا هەر بۆخـۆم بووم. کـەس ئاگـای لێـمـان نەبـووە. ئەودەمـی دەوڵـەمـــــەندیش بووین و زۆریشمان هەبوو خولا هەڵناگرێ.

**● قەت واهەبووە، وەختێکی کە مامۆستاتان لە کن نەبووە، لە ژیان دەگەڵ وی دڵسارد بنەوە؟ زۆر ژن هەن، دەبینی بەینێک مێردەکەیان دەڕوا، بە هێندێک هۆیان سـەفـەرێک دێتە پێشێ یان دوو سێ ساڵان دە زیندانێ دەکرێ، دەبینی لەوی پەشیمان دەبێتەوە؛ مومکینە نەتوانێ دانیشێ. ئەنگۆ قەت وانەبووە لێی دڵسارد بینەوە، ئەگەر دڵسارد نەبوونەوە هۆیەکەی چییە؟**

ـ وەڵڵا قـەت لێی دڵسارد نەبوومەوە، ئەلحانیش لێی دڵسارد نەبوومەوە، دە مردنێشدا، ناوەڵڵا. پیاوێک نەبوو پیاو لێی دڵسارد بێتەوە. سەت ڕەحمەت لە گۆڕەکەی! هێند پیاوی چاک بوو.

[ئیـنشـاڵڵا جێگای هەمـیـشـە بەهەشـتی بەرین دەبێ و یادی لە دڵماندا هەر زیندوو دەمێنێ.]

**● لە هاتنەوەی مـامـۆسـتـا لەودیو بۆ وڵاتی موکریان، واتە مەهابادی خۆشەویست، مامۆستا و ئێـوە چ هەسـتـێکتـان هەبوو؟ بیـرەوەری ئەو ڕۆژەیان بۆ بگێڕنەوە کە هاتەوە.**

ـ عـەرزت دەکـەم شـەوێ ئەمن و ئایشێ خـاتوون دانیشتبووین ناغمان دەخوارد، سەلاحیش لە ماڵ نەبوو. لە "سـەردەشت"ێڕا مـاڵە ئامـۆزایەکم تەلەیفـوونیـان کـرد، قـسـەیان دەگـەڵ ئایشێ

خاتوونێ کرد. گوتیان: " ئایشێ خاتوون! مامۆستا هاتۆتەوە ئێرە، گەیشتۆتەوە سەردەشتێ." ئەمن هەر باوەڕم نەدەکرد. سەلاحیش لێرە لە ماڵە خزمێکی دەعوەت کرابوو، ناردمان لە دووی هاتەوە. مامۆستا ئەوێ شەوێ کوتبووی مەیەن لە دووم. عەرزت دەکەم سەلاح خۆی پێڕانەگیرا، چوو لە دووی. عالەمەکەش سبحەینێ هەموو بەرەوپیری چوون.

● **هەر بەو شەوەی کاک سەلاح چوو؟**

- بەخولای بەعزێکی دیکەش، خزم و قەوم و خێش، چوون. بۆخۆی دەستووری دابوو کە خەڵکی سابلاغێ ئەورۆ نەیەن، چونکە ناهێڵن بێمەوە.

● **دوایە ئەگەر هاتەوە خەڵک چۆن بەرەوپیری چوون؟ چ بیرەوەرییەکتان هەیە لەو ڕۆژە؟**

- خەڵک وەڵلا زۆر جوان بەرەوپیری چوون. خەڵک هەتاکوونێ سەردەشتێ چوون. لێرەش ژنان هەتاکوو "تاقەدار"(٢) ێ چوون.

● **بۆخۆتان تا کوێ چوون، یان هەر لە ماڵێ بوون؟**

- ئایشێ خاتوون[ی بووکی مامۆستا] چوو، دەگەڵ پووره نوسرەتێ و وان.

● **ئەگەر هاتەوە ئەنگۆ چتان کرد؟**

- وەڵلا چمان نەکرد، چدەکەین؟!... [پێدەکەنن]

● **تکایە لە خوو و خدە و ئەخلاقی مامۆستا هێمن و ئەوەیکە چجۆرە ئینسانێک بووە، بڕێکمان بۆ بدوێ!**

- مامۆستا بێحەدوحیساب ئینسان بوو، پیاو بوو. شلوێ نەدەبوو، لە کەس تووڕە نەدەبوو؛ تووڕەش بایە بە فەورییەن پەشیمان بوو. عەرزی بە حزوورت دەکەم بابی دەیفەرموو: " ئەگەر منداڵ بووە دەچوو ولاتی دەنووسی، لێم دەدا و دەمکوت: کوڕە ئەتۆ بۆچی وادەکەی!؟ ئەوە کێ فێری کردووی؟ دەیگوت: تەماشای کتێبی تۆم کردووە." پێشی نەدەخوێند، دایکی بە زۆری ناردوویەتە خانەقای شێخی. لەوێ پێیان خوێندووە؛ چیواشیان پێ نەخوێندووە. لە " کولیجە"ی لە کن " مەلا فەوزی" خوێندوویە. عەرزت دەکەم زۆر زیرەک بووە. ئاغا دەیفەرموو: "بۆیەی پێناخوێنم تێدا دەچێ؛ کوڕەکەم لە بەر زیرەکێ تێدا دەچێ." عەرزت دەکەم شەش کەلاسی خوێندووە. دەیزانی قورئانیش بخوێنێ، قورئانیشی دەخوێند.

● **دەرسی مەلایەتیی خوێندبوو؟**

- بەڵێ دەرسی مەلایەتیشی خوێندبوو.

● **پێموابێ بۆخۆی پێی خۆشنەبووە کە دەرسی مەلایەتێ بخوێنێ، بابی ناردوویە.**

- ناوەڵلا، نا.. دایکی پێی خۆش بووە.

● **ئەودەمی ڕەفیقایەتیی مامۆستا هێمن و مامۆستا هەژاری چۆناوچۆن بوو، هیچ خەبەرێکت لە ڕەفیقایەتییەکەیان هەیە یان نا؟**

- دەستە برا بوون، لە خانەقایە لە کن یەکیان خوێندبوو. عەرزت دەکەم هاتوچۆیی یەکتریشیان دەکرد.

[ئێستا پرسیار لە "ئایشێ خانم"ی بووکی مامۆستا هێمنی دەکەین کە بیرەوەری خۆیان لە ڕۆژی گەڕانەوەی مامۆستا هێمن بۆ ئێران، دوای یازدە ساڵ ڕۆیشتن، بۆ بگێڕێتەوە.]

- مامۆستا یازدە ساڵ دەربەدەر بوو، لەنێو مە ڕۆیشتبووە دەرێ. لە ١٣٤٧[١٩٦٨]ی ڕۆیبوو. من ١٣٤٩[١٩٧٠]ی دەگەڵ کوڕەکەی مامۆستای زەماوەندم کرد. مامۆستا ١٣٥٧[١٩٧٨]ی تەشریفیان هێناوە. لە سەردەشتێ بە تەلەیفوون خەبەریان بە مە دا، گوتیان مامۆستا تەشریفیان هاتۆتەوە و ئەوە لە سەردەشتییە. ئەمنیش ئاغاکەم لە ماڵ نەبوو، لە ماڵە بابم بوو. هەستام بەغار مزگێنیم بۆ برد و کوتم وەرەوە! کاکت هاتۆتەوە، ئەوە لە سەردەشتێیە. خۆلاسە بۆ بەیانەکەی تەواوی جەماعەت خڕ بۆوە، خزم و بێگانە و ئەهلی شاری و لە بانە و سەقز و بۆکان و هەموو، تەواوی بە پێشوازی چوون بۆ سەردەشتێ. سەعات نۆی بەیانی کە لەوێ وەدەر کەوتبوون، سەعات چواری ئێواری گەیشتنە " تاقەدار"ێ(٢). ئەمەش، بۆخۆم و خزمەکانم و خوشکەکانم و پووره نوسرەت بۆخۆی و کچەکان و هەموو، بەرەوپیری مامۆستای چووینە " تاقەدار"ێ. مامۆستا ئەگەر هاتە نێو شاری، دابەزی و ئێمەی دی، زۆر ناڕەحەت بوو، دەستی کرد بە گریانێ. دەستی دە ئەستۆی پووره نوسرەت و مە کرد. ئەگەر ئەمنی دیبوو لە دوورەوە فەرمووبووی: "زانیم ئەوە بووکی خۆمە، وەک ئەنکم چووە؛" وەک دایکی دایکی، ژنی حەزرەتی شێخی. هەتا لە نێو شاریش گەیشتینەوە ماڵێ سەعات بوو بە پێنج. تەقریبەن سەعاتونیوێکی کێشا.

● **پێشوازیی خەڵکی چۆن بوو؟**

- وەڵلاهی پێشوازییەکی بێحەدوئەندازە جوانیان کرد. تەواوی خەڵکی مەهابادێ لەدەرێ بوو. ئیدی هیچکەس لە ماڵە خۆی نەمابوو، تەواوی بە شوعار خوێندنەوە بەرەوپیری مامۆستای چووبوون.

● **دەو دەمەیدا هیچ شێعری خوێندەوە؟**

- ئەمن زووتر لەوانیدیکە گەڕامەوە ماڵێ، نازانم. چون میوانمان هەبوو، بۆخاتری وەیکە بە میوانان ڕابگەم ئەمن زووتر هاتمەوە. نازانم شێعر و شتی وا خوێندرابۆوە یان نا.

● **دەڵێن لە خۆشییان زۆر گریاوە.**

- بەڵێ، وەڵلا گریانەکەی زۆر بوو، بۆی ڕانەدەوەستا. دیارە ئینسان پاش یازدە ساڵان بێتەوە وەتەنی خۆی و نێو خزم و تایفەی، ناڕەحەت دەبێ. ئەمنیش بە ناشوکری ناڵێم زۆری دەگەڵ نەبووم؛ بیرەوەرییەکی زۆرم لە مامۆستای نییە. مامۆستا، یەک حاڵەتی هەبوو، دەماڵێدا ئینسانێکی بێحەدوئەندازە ئارام و مەتین بوو. کە یەک نەفەر هاتبا تەواوی ئەو ماڵەی خڕ کردباوە و بردبای ئەسڵەن ئەهمییەتی پێنەدەدا. سەری لە سەر کتێب و خوێندنەوەی خۆی بوو. ئەسڵەن کاری بەوەی نەبوو ئەو ماڵە چی لێهاتووە.

● **زۆری میوان دەهات؟**

- میوانی بێحەد زۆر بوو، زۆر میواندۆست بوو. هەمیشە دەیفەرموو: "نابێ قەت دەرکەی من داخرێ." ئەگەر دەرکە دادەخرا قەڵس دەبوو. دەیفەرموو: "ئەنگۆ بۆ دەرکەی دادەخەن؟ یانی چی؟ چۆن دەبێ دەرکەی من داخرێ؟" تا دوازدەی شەوێ دەبوو دەرکە ئاوەڵا بێ. شەووڕۆژ میوانی هەبوو.

● **ئەدی قەت لە میوانداریی ماندوو نەدەبوون؟**

- نەوەڵلا، چونکە هێندە خۆشحاڵ بووین کە ئەو هاتبۆوە و لە نێومان بوو، قەت ئیحساسی ماندووبوونمان نەدەکرد. وەختێکی ماڵمان لە ڕەزایەی(ورمێ) بوو، شەوی وابوو ئەمە بۆخۆمان لە ئاشپەزخانەی دەنووستین؛ لەو هەمووە دیوەی جێگاوبان نەبوو، میوانەکان ئەوەندە زۆر بوون.

● **دیسان هەر خۆشحاڵ بوون؟**

- ئەرێوەڵلا هەر خۆشحاڵ بووم. ئیوابوو دەیگوت: "ئەوە چۆن دەتوانن ئەو هەمووە میوانداریی و ئەو هەمووە ئاشپەزیی و ئەو هەمووە شوشتن و لێنانەی بکەن!" دەمکوت: "جا وەڵلاهی چووزانم، ئەمن ماندوو نابم." ئینسان وەختێکی شەخسێکی ئاوای بێتەوە، پاش یازدە ساڵان لێی نیزیک بییەوە ...

**● هیچ بیرەوەرییەکی خۆشت لێی هەیە، لەگەڵ خۆت؟**

- وەڵڵا بیرەوەرییەکی خۆشم ئەوەیە لێی: لە "خانەی جەوانان" شەوێکیان بەرنامەیەکی شێعروشاعیریی هەبوو، دەستی دە ئەستۆی کردم، فەرمووی: "هەستە رۆڵە دەگەڵ من وەرە!" ئێوارەیەکی درەنگ بوو چووین. ئەمنیش کوتم: " قوربان بەجێم نەهێڵی، ونم کەی!"... [ پێدەکەنێ ] ؛ فەرمووی: "وەرە دەی رۆڵە ون نابی، هەر دێیەوە خۆ، بۆ کوێ دەچی!" خۆلاسە لای ژنان بەجوێ بوو، لای پیاوان بەجوێ. وەختێکی کە پیاو بلاوەیان کرد مامۆستا هەر وەک ئەمنی دەگەڵ نەبم، رۆیبوو، بۆخۆی هاتبۆوە! پوورم لێرە کوتبووی: " ئەدی ئەوە کوا بووکەکەمان؟!" کوتبووی: "وەڵڵا نازانم!"[ پێدەکەنن ]. ئەمنیش دەگەڵ زێنەب خانمی خوشکی مامۆستا هەژاری وەرێکەوتین هاتینەوە. ئەگەر هاتمەوە کوتم: " قوربان ئەمن دەمزانی ونم دەکەی، جا بەس نەبوو لە ولاتی خۆمان بووین، ئەگەر لە جێیەکی دیکە بام چی!" فەرمووی: "ون نابی رۆڵە، دەزانم ون نابی، دەڵێی ددانی ماری کوا ون دەبی!"...[ پێدەکەنن ].

**● زۆر مەمنوون.**

[ لێرەوە بەولاوە دیسان " ئایشێ خانم"ی خێزانی مامۆستاهێمن وەلامی پرسیارەکان دەداتەوە. ]


**● ئایشێ خانم، قەت واهەبووە کە میوانێک بێ، بەتایبەت کچ و کاڵ کە دەورەیان دەگرت و دەتدی کچ لە دەورەی خڕ دەبوونەوە، ئەویش شێعری بۆ دەکوتن و بۆی دەخوێندنەوە، یان رێنوێنی دەکردن؛ ئەتۆ قەت لەو مەسەلەی نارەحەت نەبووی کە کچ دەورەیان دەگرت؟...[ پێدەکەنن ].**

- ناوەڵڵا، هەر ئەو سەعاتەم پێخۆش بوو کە ئەو دڵی پێیان خۆش بوو.

**● بۆخۆی پێیخۆش بوو کە ئاوا لە دەورەی خڕ دەبنەوە؟**

- ئەرێوەڵڵا زۆری پێخۆش بوو. کەیفی پێدەکردن...[ پێدەکەنێ ]. ئەمنیش پێمخۆشبوو ئەو دڵی خۆش بێ. قەت وەڕەز نەدەبووین.

**● وادیارە ئەودەمی هێندەتان میوان هەبوو، زۆر کەم هەڵدەکەوت دوو بە دوو دانیشن، ئەدی ئەوە کەنگێتان پێکەوە دوو قسەی خۆش کردووە؟**



- [ بە پێکەنینەوە ]... وەڵلاهی بەشی وەش بووە. دەورەی قەت چۆڵ نەبووە، قەت.

**● خۆشحاڵن لەوەی کە خێزانی یەکێک لە شاعیرە هەرە گەورەکانی کوردن؟**

- ئەرێوەڵڵا زۆر زۆر خۆشحاڵم. ئیفتیخاری پێوە دەکەم؛ هەمیشەو دایم، بە هەموو شتێکییەوە، ئیفتیخاری پێوە دەکەم.

**● قەت واهەبووە دە عەینی شێعر نووسینێ دابێ، شێعرێکی بۆ هاتبێ، دانیشتبێ بینووسێ و ئەنگۆش دەو دەمەیدا قسێکتان دەگەڵ کردبێ و هەودای خەیاڵیت پساندبێ و...**

- ... ئەوەم زۆر بوو.

**● دەیگوت چی، دەو دەمەیدا کە لێت تێکدەدا؟**

- هەر ئەوەندە بوو توورە دەبوو، قەڵەمی بە عەرزێ دادەدا و دەیگوت: "نەدەکرا ئەو قسەیەت نەکردبایە و لە منت تێکنەدابا؟" دەمگوت: "بۆخۆم ئیشتیام لێبووە وا بکەم."

**● دوایە چی دەکوت؟**

- هیچ وەڵڵا، هیچی نەدەگوت.

**● بفەرموون ئایا مامۆستا لەو ئاخرییانە دا نەخۆشیی هەبوو؛ ئایا سەردەمی مەرگی چاوەڕوان نەکراوی، ئێوە لە لای بوون؟ ئەگینا ئەو هەواڵەتان چۆن زانی؟**

- عەرزت دەکەم سەری شەوێ زۆر ساغ بووە، دانیشتووە زۆری جەفەنگ لێداوە. عەرزت دەکەم گەلێکمان گەردنی یەکتری ئازا کردووە. دانیشتین قسەمان کرد، گوتی: "موژدەیەکم بۆ هاتووە." کوتم: "چییە، بۆ بە من ناڵێی؟" گوتی: "پێتدەڵێم، ئەمما جارێ نا." هەروا جەفەنگی لێدا و دوایە گوتی: "ئەتۆ زۆرت ئەمن ئەزێت داوە!" کوتم: "بەخێر ئەمن ئەتۆم ئەزێت داوە یان ئەتۆ ئەمنت ئەزێت داوە؟" گوتی: " گەردنت خۆش و ئازا بێ دە رێی خودایدا؛ ئایا ئەتۆ گەردنم ئازا دەکەی یان نا؟" ئەمنیش کوتم: "وەڵڵا حەوت جارت گەردن ئازا بێ، گەردنت خۆش و ئازا بێ دە رێی خودایدا. جا خۆ ئەتۆ ئەمنت ئەزێت نەداوە، برێک...، ئەزێتێکی وانەبووە." پێمکوت: "لە سەر ئارەق خواردنەوەی ئەزێتت داوم، دەنا هیچی دی." وەڵلاهی بەقەد ئەو گەلای وانێکەی بۆم زەرەر نەبووە، هیچ، قەت.. قەت ، قەت.

**● قەت بۆی گێڕایەوە کە چۆن بووە ئارەقی خواردۆتەوە؟**

- بەڵێ، گوتی: " لە عێراقێ زۆر نارەحەت بووم. نەخۆش بووم، بردیانمە ئوروپایە. لەوێ گوتیان خوێنی نییە. دەبێ خوێنی دە قالبی کەنەوە. چەند دوکتوریان هێنا سەرم، گوتیان دەبێ ئابجۆی(بیرە) بخواتەوە؛ ئابجۆیان دامێ. لەوەیڕا ئیدی وردە وردە ئەگەر ئابجۆ یەکەشم خواردەوە، بوو بە ئارەق خواردنەوە و فێرە ئارەق بووم و ئارەقم هەر خواردۆتەوە."

**● هەر لەبەر نەخۆشییەکەی؟**

- ئەرێوەڵڵا.

**● دوایە کە کوتت: برێکت نارەحەت کردووم.**

- ... کوتم: "نارەحەتت کردووم، لە سەر ئەوەی بووە. ئێستاش گەردنت خۆش و ئازا بێ." گوتی: "وەڵلاهی ئافرەت حەوت هەزار جار گەردنت خۆش و ئازا بێ دەرێی خودایدا." دەنا ساغ و سلامەت بوو. شەوی جومعەی بوو،(٣) میوانمان هەبوو. پاشی سەعات یازدەونیوی میوانەکە رۆیی و ئەمنیش جێگاکەم راخست و عەرزت دەکەم ئیستێکی درێژ بووین. دوایە کوتم: " ئای لە بیرم چوو! دا توخودا هێمن ئەو ئاوەم دەیە و حەبێکیشم دەیە! ئەمن هێند نەخۆشم ناتوانم هەستم." بۆی هێنام و دامێ وعەرزت دەکەم خواردم و گوتی: "خۆت مات کە! وەڵلاهی هیچ نییە." کوتم: " ئەتۆ هەر دەڵێی هیچ نییە و ئەمنیش ئەوە دەمرم." ئیدی نازانم درەنگی خەو لێکەوت؛ خەوی لێکەوت، خەوی لێنەکەوت؛ ئەمن خەوم لێکەوت.

**● خەریکی نووسینێ بوو ؟**

ـ ناوەڵڵا، لەبەر من نەینووسی، گوتی سبحەینێ زوو هەڵدەستم دەنووسم. عەرزت دەکەم خرتێک و هەستێکم گوێ لێبوو، وەخەبەر هاتم، هەستم راگرت؛ وەکوو هەنیسکێکی بدا وابوو. کوتم: "هێمن! هێمن! ئەیەڕۆ، ئەوە بۆ دەمترسێنی؟!" پێموابوو هەر بە قەستی وادەکا. هیچ جوابی نەدامەوە. دەستێکم لە چڕوچاوی خشاند، سەری هاتبوو بێتە سەر سەنیر و بەربۆوە! لای دەموچاوی سارد سارد بوو. ئیدی ئەمنیش گورجێکی بەرقەکەم هەڵکرد. ئەگەر هەڵمکرد زانیم. هەرچەند حەولمدا و بانگم کرد، هیچ. سەلاح لە سابلاغێ بوو، ئایشێ خاتوون لە سابلاغێ بوو. وەڵڵا ئیدی دڵیشم نەدەهات بەجێی هێڵم. هەر بە پانێی لاقم، لە ژوورێڕا لە دەرکەکەم دا. شۆفیرەکە لە سەرێڕا هات. گوتی: "چییە خاڵۆژن، چییە؟" کوتم: "وەڵڵا هێمن مرد!" گوتی: "ئای قوڕم وەسەری! ئەتۆ بۆ وا دەڵێی!" غاری دا سەری، زانی دە حاڵی خۆی دایە...

● ... هێشتا تەواو نەبیبوو؟

ـ تەواو نەببوو.

● قسەی نەکرد؟

ـ هیچ. عەرزت دەکەم ئیدی ئەو [شۆفیرەکە] رۆیی، هەرچەند کوتم مەڕۆ، بەجێم مەهێڵە! رۆیی، جوابی نەدامەوە. چوو دوکتوری هێنا.

● بە تەنێ بووی؟

ـ بە تەنێ بووم. دوکتوری هێنا و دوکتور گەیشتە بەر دەرکێ، هەنیسکی ئاخری دا. ئەمنیش ئەوە هەر لە سەری بووم و لە بنی دانیشتبووم. عەرزت دەکەم دوکتورەکە گوتی: "خانم هەستە بچۆ دەرێ!" کوتم: "بۆ دەچمە دەرێ؟! خۆ ئەمن نامەحرەم نیم، بۆ دەچمە دەرێ؟" گوتی: "دەبێ بچییە دەرێ." چوومە دیوی پەردەکەی، لە راست خۆی دایانپۆشییەوە. زانیان خەلاس بووە. شۆفیرەکە دوکتورەکەی بردەوە و «مورتەزا» ش ـ گەورەی ئەو عەجەمانە، نازانم چبوو،... نی ئینتیشاراتێ بوو(٤) ـ هاتە خوارێ؛ نوێژی دەکرد، هەر قسێکی دەگەڵ من دەکرد، ئەمنیش نەمدەزانی دەڵێ چی. کوتم: "بابم، ئەمن ئەو غەڵتە غەڵتەم ناوێ؛ ئەمن هۆشی تۆم نییە دەڵێی چی!" سبحەینەکەی بۆ سەلاحی گێڕابۆوە، کوتبووی پێمگوتووە: "قورئانی لە سەر بخوێنم؟ جوابی نەداومەوە." قورئانی زۆر خۆش دەخوێند. هێمن زۆری پێخۆش بوو. عەرزت دەکەم شۆفیرەکە دوکتورەکەی بردەوە و ماشێنێکی کورد هێنا. هەر ئەو ماڵەی شەوێ چووبوونەوە، ئەوانی هێنا. هێندیان لە خۆ دا، هێندیان لە خۆ دا...! گوتیان: "ئەلحان ئەمە رۆیشتووینەوە، سەعاتێکە!" کوتم: "جا بڵێم چی، سەعات بێ، دوو سەعات بێ، حاڵەکە ئاوا بووە."

● بەو شەوەی خەبەریان بە کاک سەلاحی دا؟

ـ خەبەریان نەدایە هەتا لای رۆژێ. هەر هاوارم کرد، هەر ئەوەڵی سەعات کوتم: "تەلەیفوونێ بۆ سابلاغێ بکەن، بۆ هەچ ماڵێکی!" «کەریمی قەییوومی» دەیگوت: "بۆ کێی بکەین؟" کوتم: "هەرکەس بێ، هەمووی هەر یەکە؛ خۆ یەک کافر نییە یەک موسوڵمان! بۆ من هەر کوردە و هەر یەکە. بە سەلاحیش بڵێن." گوتیان: "بەڵێ، تەلەیفووغان کردووە." وابوو ئیدی زۆرم نارد لە دووی مەلایان بێن بیشۆن، یەک مەلای کوردان نەیوێرا بێ!

● بۆ؟

ـ ئاخر عەجەم ناهێڵن مردووی بشۆن! ئاغا سەید رەحیمی جەعفەری هات؛ هەر لە پێشخانەی گەلێکی بەخۆی دادا. هێندی کوت: "ئەی برا رۆ! پشتت شکاندم حەمەدەمین!" گوتی: "خۆ گەورەمان هەر ئەتۆ بووی، کەسی دیان نەما!" دوایە کوتبووی: "بە دایکی سەلاحی بڵێن قەیدێناکا، دەیبەینەوە سابلاغێ دەیشۆین، نارەحەت نەبێ." عەرزت دەکەم ئیدی هێنایانەوە سابلاغێ. عالەمەکە سبحەینێ هەموو گەیشتنە ...[ کوڵی گریانێ دەیگرێ].

● [ئیشاڵڵا روحی هەر شاد دەبێ و خودا لێی خۆش دەبێ]. **ئایا وەسێتی کردبوو کە لە کوێی بنێژن؟**

ـ هەر ئەوەندە لە کنەخۆمی کوتبوو. گوتی: "لە خانەقایەم بنێژن؛ ئەمما ئەگەر بمبەیەوە نێو سابلاغییان ناهێڵن." هاتیشینەوە، سابلاغیی گوتیان: "وەڵڵا تەزاهوراتێ دەکەین و پیاوی دەکوژین لەبەر دەرکی سەید بایزی و ناهێڵین!" لە دووی منیان نارد و ئەمنیش کەسم نەدەناسی؛ کوتم: "براله حاڵێکی وایە و ئەمە قەت مردوومان لە هیچکوێ نەناژتووە لە خانەقای شێخی نەبێ." گوتیان: "بە زیندوویی ئی تۆ بووە، بە مردوویی ئی مەیە." ئەگەر زۆریان هێنا کوتم: "ئەوەتا خۆ سەغیری نییە، کوڕەکەی لەنگۆ پیاوترە، بە کوڕەکەی بڵێن؛ لە کوێی دەنێژێ بینێژن..."

● **ئاواتی بەجێنەهێنراوی ئەوە بوو کە کوردستان ئازاد بێ؟**

ـ قەت ئازاد نەبوو، بەڵێ، ئەو ئاواتەی بەجێنەهات.

● **چ ئاواتی دیکەی هەبوو؟ لە باری نووسین...**

ـ ... جا وەڵڵا ئاواتی زۆر هەبوو دە نووسینێدا، چوزانم.

● **کتێب و شتی لەبەر دەستی بوو؟**

ـ بەڵێ، ئەرێوەڵڵا، بە نیوەچڵی بەجێی هێشت.

● **لە کۆتایی دا وێڕای رێزو درووود لە روحی پاکی مامۆستا هێمن و سپاسی بێ ئەژمار لە ئێوەی خۆشەویست، تکایە ئەگەر بۆخۆتان مەبەستێکتان هەیە، پێمانخۆشدەبێ لە خۆتانی ببیسین. هەر مەبەستێکی لە هەر بارەیەکییەوە هەبێ.**

ـ چت پێبڵێم خانم گیان؟

● **ئێستا چ ئارەزوویەکتان هەیە؟**

ـ ئارەزوویەکم نییە،... ئارەزوویەک بوو کە کوڕەکەم ئاوا نەبێ. (٥) بە ناشوکری خولای ناڵێم، ئەویش ئەوە خولا ئارەزووەکەم بۆ بەجێناهێنێ. ئارەزووەکەم ئەوەیە. پەنا بە خولا و پێغەمبەری، ئیشاڵڵا بە هومێدی خولای کوردستان ئازاد بێ و بە دڵی خۆتان بێ؛ ئەمە نەماندی، ئەنگۆ ببینن.

● **زۆر زۆرتان سپاس دەکەین کە وەختی خۆتان دە ئیختیار ناوین و ئەو ماوەیەی موزاحیمتان بووین.**

ـ موزاحیم نین، موزاحیمن و ماڵە خۆشتانە.

***

**پەراوێزەکان**

١) بووک و خێزانی مامۆستا هێمن، هەردووکیان، نێویان «ئایشێ»یە.

٢) "تاقەدار" دارێکە لە رۆژاوای مەهاباد هەڵکەوتووە و پیرێکی لە ژێر نێژراوە.

٣) مامۆستا هێمن لە بەهاری ساڵی (١٣٠٠)ی هەتاوی [١٩٢١] دا لە گوندی «لاچین»ی نیزیک مەهاباد لە دایک بووە و لە شەوی جومعە دا، (٢٩)ی خاکەلێوەی ساڵی (١٣٦٥)ی هەتاوی[١٩٨٦]، لە تەمەنی (٦٥) ساڵیدا، لە شاری ورمێ کۆچی دوایی کرد.

٤) مەبەست "ئینتیشاراتی سەلاحەددینی ئەییووبی ـ ورمێ" یە. مامۆستا هێمن، دوای گێڕانەوەی گوندی "شیلاناوێ"، لە شاری "ورمێ" نیشتەجێ بوو و لەو ناوەندە دا [ئینتیشاراتی سەلاحەددینی ئەییووبی] خەریکی دەرکردنی گۆڤاری «سروە» بوو.

٥) ئارەزووەکەی ئەوە بووە کە کوڕە تاقانەکەی و بووکەکەی منداڵیان ببێ.

تێبینی: ئەو وتووێژە لە رێکەوتی ١٨/١٠/١٣٧٢[١٩٩٣] دا، لە مەهاباد، کراوە.

# نامەیەکی درەنگ وەخت

**حەمەسەعید حەسەن**

دڵی تەنگم سێ تارێکە
کاتێ پەنجەی خۆشەویستیت
تاڵی کەزیەی تاسەکانی ئەبزوێنێ،
لەوساتەدا بیری دووریت
دڵی ماندووی ئەلەرزێنێ،
ئاوازی خەم لێ ئەدات و
پڕ بە زاری
شیعرێکی نوێ ئەچریکێنێ.

ژیلا حوسێنی

کەسانی وا هەن نەمان دیون، کەچی وا هەستدەکەین دەیانناسین. ژیلا حوسێنی یەکێک بوو لەوانەی ئەگەرچی نەمدیبوو، بەڵا وام هەستدەکرد، لە نزیکەوە دەیناسم. هەر لەناکاو لە دوورەوە بووینە ئاسیاوی یەکتر. هەر لەیەکەم نامەوە گەرموگوڕ، وەک ئاسیاوێکی دێرین هاتەگۆ. جێی داخە منیش یەکێکم لەوانەی حەزدەکەم نامەم پێ بگا، بەڵام نامەنووسێکی چالاک نیم.

لەمێژ بوو بیرم لەوە کردبووەوە، باسێک دەربارەی شیعری کوردی لە کوردستانی ئێران بنووسم... لای خۆمەوە بە هیوابووم لە سەر سێ شاعیری نەوەی دوای سوارەکاربکەم، یەکێکیان ژیلا بوو. ئەو سەفەری ژیانی تەواو کرد و من هێشتا دەستم بەو گەشتە نەکردووە.

جاران هێندە خۆرەتاوم خۆش نەدەویست، لەوەتەی لەم بەفرستانەم هەمیشە خەیاڵم لای خۆرەتاوە. نامە وشیعرەکانی ژیلا لەگەڵ خۆیاندا چەپکە تیشکی گەرموگوڕی خۆریان بۆ دەهێنام.

من نەمدەتوانی کۆچی سووری ئەو دوا بخەم، کەچی کە هەواڵەکەم بیست، شەرمەزاریی دایگرتم. ژیانی ژیلا لەو دارستانی شمشێرەدا، لەو مەڵبەندی بڤە و حەرام و قەدەغەیەدا، ئەگەرچی کورت بوو، بەڵام‌تا داهاتوویەکی دوور، مانگێکە تریفەکەی ڕێی ڕێبوارانی کاروانی ئازادی و یەکسانی ڕۆشندەکاتەوە. ژیانی پەڕ وباڵە بۆ ئەوانەی نیازی فڕینیان هەیە. ژیانی مامۆستای گوتنەوەی دەرسی یاخیبوون و بەرەنگاربوونەوە بوو. ئەو نامە پیرۆزەی ئەو ناردی گەیشت، ئەو وەڵامەی ژیلا ئامەزرۆی بوو نووسراوە، بەڵام لە پێچی عەمامەی سانسۆردا گیری خواردووە. نامەی ژیانی ژیلا دیوارێکی ڕووخاند، دەرگایەکی خستە سەرپشت، پەنجەرەیەکی کردەوە...

هێندێ شاعیر هەن، هیچیان پێ نییە شیاوی گوتن بێ، کەچی شتیش دەڵێن، هێندێکی تر شتیان پێیە بەڵام پێت ناڵێن. ژیلا هەمیشە شتێکی پێ بوو، هەمیشە شتێکی دەگوت. قسەی باڵداری ئەو هۆنراوەکانی بوو.

کە دایان بە شوو (کە دڵیان کوشت ولەشیان هەڵپەڕاند)، ژیلا پازدە ساڵان بوو»[1] ئیدی چوار پێنج ساڵی لە تەلاری دڵگیر و بڵندی ژن ومێردایەتیدا، یان ڕاستتر لە ژووری تاکەکەسیی زیندانی ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆردا بەسەربرد.

ژیلا تەوارێ بوو، چەندین جار پێکرا، بەڵام دیل نەکرا. کە باسی ژیانی خۆی دەکرد، باس تەنیا هەر باسی خودی خۆی نەبوو، باسی سەردەمەکەیشی بوو. ئەو دەیزانی ناتوانێ بە شنەی شیعر ڕێڕەوی کەشتیگەلی چارۆکەداری کۆمەڵ بگۆڕێ، بەڵام لەوە دڵنیابوو: شیعر تیرۆژێکە سەر بەو زیندانە بەرینە تاریکەدا دەکا، کە بە ناڕەوا ناوی ـ ژیان ـ ی لێنراوە.

ژیلا دەیویست بە شیعر جیهان جوانتر بکا. بە درەختی وشکهەڵاتووی ژیانی ژێر مێزەری زەردەوە، شیعری ئەو گەڵایەکی سەوز بوو. ژیلا دەیویست مانایەکی نوێ بۆ ژیان بدۆزێتەوە.

کۆنفیشیۆس دەڵێ: «ئافرەتی بەڕێز و باڵا، ئافرەتی نەزانە.» ژیلا دەیویست پێچەوانەی ئەم تێڕوانینە نا ئینسانییە بسەلمێنێ.

جەلالەدینی ڕۆمی دەڵێ:«ئافرەت تیشکێکە لە ڕووناکیی پیرۆز.» ژیلا لە کوردستانی ژێر باڵی شەوی یەلدادا چەپکە تیشکێ بوو. ئیبنولعەرەبی هەقی تەنیا لە ژندا دەدی. ژیلا هەقیقەت بوو لە شێوەی ژندا. ژیلا ژنێک بوو لە هەقیقەت.

ئەدونیس دەڵێ: «بۆ ئەوەی بتوانی بچیتە ناخی خۆتەوە، وشەیەکی نهێنی هەیە دەبێ بیزانی.» ژیلا کلیلی دەرگای دەروونی خۆی پەیدا کردبوو. کە بە منداڵی مێردی کرد، وەک لەش ماڵی باوکی بەجێهێشت، دڵی لەگەڵ خۆی نەبرد. زۆری ئازار چێشت تا فێربوو بتوانێ بۆ هەر کوێ چوو، پێشوەخت دڵی بنێرێ.

هەڵگرانی بیروباوەڕی وشکی سەردەم بەسەر چووە، بە زیندووییش مردوون. ژیلا بە مردووییش زیندووە. ئەو تینوو بوو، تینووی هەوری ئازادی. بڵند فڕی، فڕی تا دەمی گەیشتە کانیاوی هەوری پیرۆز. «ئەوانەی توانای فڕینیان نەبوو ئەو ئافرەتە مەزنەیان بچووک دەبینی.»[2]

ئەوە ئەم زستانەی سنە، بۆچی هێندە ساردە؟ تۆ بڵێی لەبەر کۆچی ناوەختی ژیلا نەبێ! ژیلا فریشتەیەک بوو دەیویست بە هێزی شیعر باڵی ئەهریمەنی تاریکیی لە ڕەگەوە دەربکێشێ. دەیویست بە تیری تیشکی مۆمی خۆشەویستی، شاسواری شەوەزەنگ بگلێنێ. بۆیە، وای دەنووسی: جەماوەر تێیدەگەیشت، هەڵبژاردەیش بە شاعیری دەزانی. شیعرەکانی ساکار بوون وەک خۆی، تەمومژاوی و ئاڵۆز نەبوون، بەڵام تەنکیش نەبوو، قووڵ بوون.

ژیلا دەروازەی ئاسنینی بیروباوەڕی دێرینی شکاندبوو، سنووری شوورای چین ئاسای ڕێسای نەریتی باوی بەزاندبوو. ئەو سەلماندی: ئینسان لەوە باڵاترە، وەک کاڵایەک سەرەنجی بدرێ و گەر بخوازێ و هەوڵی بۆ بدات، دەتوانێ پێوەندە کۆمەڵایەتییە ئایینییەکان بپسێنێ و خۆی سەروەری خۆی بێ.

«هیچ هۆنراوەیەک لە سەداسەد شیعر نییە.»[3]

ژیانی ژیلا درامایەکی شیعریی بوو، پێش ئەوەی بگاتە لوتکە، دەرهێنەری مەرگ پەردەی دادایەوە. چیت لە دەست دێ درێغی مەکە ئەی پیرە گەردوون! ژیلات بە جوانێتی کوشت، بەڵام شیعری جوانی ژیلا هەر بە گەنجێتی دەمێنێتەوە.

ئەوی خاوەنی ژیانێکی ڕاستەقینە بێ، خاوەنی هونەرێکی ڕاستەقینەیشە. شاعیری ڕاستەقینە لە هەموو کاتشوێنێکدا بەرەو ڕووی ئەرکێکی دژوار دەبێتەوە. چۆن لەم جیهانە پڕ لە ستەم ودوڕوویییەدا بژی و سەری لێنەشێوێ؟ چۆن بەرگەی ئەم جیهانە نائینسانییە بگرێ؟ چۆن لەم جیهانە پڕ لە کارەساتەدا ئاوەز لە دەست نەدا؟ چۆن ڕێ نەدا توانای خۆشەویستی و داهێنان و خەوبینینی لێ زەوت بکرێ؟

ژیلا لە سزای کۆمەڵ نەدەترسا، ژیانی گەڕان بوو بەدوای ماندوێتی و سزادا. دەیزانی ژیانێکی نوێ بە شێوازی کۆن بەڕێوەناچێ...

←

شێوازێکی ناباوی بۆ ژیان هەڵبژارد. ئەوەی بە شیعر نەیگوت، بە ژیانی گوتی. شیعرەکانی درێژەپێدانی ژیان بوون، ژیانی شیعرێکی درێژ بوو.

لە ناو شیعری ژیلادا هەستێکی گەرم هەیە، دەڵێی درەختە و پەلی کێشاوە، دەتوانی دەست درێژ بکەیت و تەوقەی لەگەڵ بکەی. ژیلا شاعیرێک بوو یاخی، ژنێک بوو ئازاد، چونکە یاخیبوونی هەڵبژارد، بۆیە چەند ساڵێک ژیا، ئەوانەی بە کۆیلەیی دەمێننەوە، هەموو ژیانیان مردنە، با سەد ساڵیش بژین.

کەلەپوور باوکێکی کەللە ڕەقە، فرۆید فێری کردووین، تا نەیکووژین ئازادیمان دەستگیر نابێ. ژیلا خۆی لە دابونەریتی باوکسالاریی ڕاپسکاند و هاواری کرد: ڕیشی پاشای وڵات تەنافە و پەتی سێدارە. ژیلا نموونەی جوانیی بوو، لە جانەوەر یاخی بووبوو.

مامۆستا برۆدۆن فەرمووی: مرۆڤ بۆ ئەوە لە دایک نەبووە، باوەڕێکی حازر، ئاسمانی بێ یا زەمینی، ببێتە زنجیری دەست و پێی بیرکردنەوە و ڕوانینی. بۆیە شوێنی سروشتیی ژیلا سەنگەری یاخیبووان بوو. ژیلا باڵندەیەک بوو کە سنووری دەبەزاند داوای مۆڵەتی نەدەکرد.

ژیلا بە نامۆیی ژیا ولەگەڵ دەوروبەری ڕانەهات. هەمیشە وەک کارمامزێ کەوتبێتە بۆسەوە چاوی دەگێڕا و گوێی قوڵاخ دەکرد و بیری لە دەربازبوون دەکردەوە. نەیدەهێشت ڕاوچییەکان بیگرن ومالیی بکەن. ژیلا گوڵێکی کێوی بوو، گوڵە پلاستیکێکی سەر مێز نەبوو، دەیزانی هەر لەگەڵ دەوروبەر بگونجێ دەمرێ. لە «ئیبسن»ەوە فێربووبوو: هەمیشە کەمایەتی لە سەر هەقن، هەمیشە زۆربە بە هەڵەدا دەچن.

ژیلا دەیزانی بە ئازادیی بیرکردنەوەو بە ئازادیی ژیان محاڵە، ئەگەر لە باوەڕی کۆن، کە درەختێکە بە زەبروزەنگ ئاو دەدرێ و دەژی، خۆت ڕزگار نەکەی. غەزالی دەیەوێ: ئەوی لە ڕێی ڕاست لایدا بە زەبروزەنگ بهێنرێتەوە ژێر بار. ژیلا لەو ڕێ ڕاستە لایدابوو، لەبەر دەم دێوی زەبروزەنگدا چۆکی دانەدابوو.

مارکس دەڵێ: «تا چینێکی شۆڕشگێڕ سەر هەڵنەدا، بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە لەدایک نابێ.» لە کوردستانی بن جبەی ئیسلامدا، چینی شۆڕشگێڕ بزربوو، بەڵام ژنێکی شۆڕشگێڕ حازربوو، ژیلای ناو بوو. بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە: شەمەندەفەرێکە، دەوەستێ تا سەرکەوێ، ناوەستێ تا دابەزێ، ئەوی وەک ژیلا بە ڕاستی سەرکەوێ هەرگیز دانابەزێ.

ڕژێمی سەرکوتکەری هاوچەرخ دەیەوێ چرای ناخی ئینسان خامۆش بکات، ڕێ لە هەڵچوونی گڕکانی خواستەکانی دەگرێ، دەیەوێ مرۆڤ چاو نەبڕێتە داهاتوویەکی گەشتر، دەیەوێ جیهان بۆ ئینسانیش باخێک بێ لە شێوەی باخچەی ئاژەڵان. ژیلا لەو چوارچێوە و مەرزە داسەپێنراوانەدا گیری نەخوارد و کەویی نەکرا و ئینسانبوونی خۆی لە دەست نەدا.

ژیلا هەوڵی بۆ ڕووخاندنی دیوارەکان وشکاندنی بتەکان بوو. دەیویست ئەم جیهانە پڕ ستەمە خاپوور بێ. چەکی دەستی شیعر بوو. شیعر پەپوولەیە و دوژمنەکانی شمشێروەشێنن. ژیلا لەوە زێتر چی پێدەکرا، ئافرەتێکی ئاسایی بوو، نەک جادووگەر، دەیویست بە جوانیی شیعر پشتی جیهانی دزێو لە زەوی بدات. ژیلا ژنێک بوو شاعیر، هەر ڕۆژەی بەشێک لە جوانییەکەی دەنارده گۆڕەپانی شەڕێکی نابەرانبەرەوە، هەر ڕۆژەی شیعرێکی دەنووسی.

ژیلا خۆی بۆ گەلێ شت ئامادە کردبوو، چاوەڕێی زۆر شتی دەکرد، بەڵام خۆی بۆ مردن ئامادە نەکردبوو، نەیدەزانی وا زوو دێت. هێشتا بە تەواوی بە هەورازی سەختی ژیاندا هەڵنەگەڕابوو، چ زوو بە نشێویدا شۆڕبووەوە و گەیشتە داوێنی! زوو بوو، زۆر زوو بوو، کاتی ماڵئاوایی کردن نەبوو. ژیلا، لۆرکا گوتەنی: «کوترێکی سپی بوو، لەبەردەم پڵنگی مەرگدا، هیچی بۆ نەکرا.» چیرۆکی ژیانی ژیلا هێشتا نیوەی زێتر مابوو، پیرێژنی سەر ئاسنینی شیرینکوژی ڕێکەوت چ زوو گوتی: چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز. ■

١) ژیلا... هیوای دوارۆژی ژنی کورد.. ئەحمەدی شەریفی. مامۆستای کورد، ژمارە١٣، زستانی ١٩٩١،ل٣٥)٣٧.

٢) نیتشە[نیچە]

٣) ئەدۆنیس

## نامە و پارچە شیعرێکی ژیلا حوسێنی

بەڕێز مامۆستا حەمە سەعید حەسەن

ڕێز و سڵاوم بەوپەڕی ئاواتی سەربەرزی و سەلامەتیتانەوە... شارۆخی هاوسەرم ڕێز وسڵاوی بۆتان هەیە. نەورۆزە وساڵی تازە، پیرۆزبایی.گوڵ وجوانی و بەهارتان لێ ئەکەم. بەو هیوایە بەهارانی داهاتووی گەلەکەمان چرۆی شادی و هیوای گەشاوەتر بێت.

ماوەیەکی زۆرە هەواڵتان نازانم، پێش ئەم نامەیە، دوو نامەی ترم ناردۆتە خزمەتتان وڵامێکیان نەبووە. هیوادارم هەرچۆنێک بێت، موشکیلەتان نەبێ...

ڕێز و سڵاوی زۆرم بۆ مامۆستا (محمد فریق)هەیە و دەستخۆشانەی چیرۆکە جوانەکانی پێ ئەڵێم. هیوادارم قەڵەمی هەروا بە بڕشت بێت. ئەو دوو کۆمەڵە چیرۆکەی کاری زۆریان تێکردم(دووربین و پەریخان)، دەرسی زۆرم لێ وەرگرتن و بوونە هۆی ئەوە بڕێک ڕێگای نووسینیان بۆ خۆش کردم کە ئەو چیرۆکانەی نووسیمن لە ئەیرە بەرچاوی یەک دوانێ لە مامۆستایانم دا، بە دڵیان بوو. نازانم ئەم نامە بە دەستتان ئەگا یان نا، زۆر سوپاستان ئەکەم ئەگەر نێو نیشانەکە ڕاستە و نامەکەتان پێ گەیشت ئاگادارم کەنەوە. چیرۆکەکانیش بنێرمە خزمەتتان، نیازم بە ڕێنومایی ئێوە بەڕێزانە. بڕیاریان داوە هەتا بیستومی گولان شیعرەکانم بەچاپ بگەیەنن ئەگەر بە درۆزن دەرنەچوون ئەوە ئەوانیش ئەنێرمە خزمەتتان. لە کۆتاییدا تازەترین شیعرم پێشکەش ئەکەم. ئیتر شادی وسەربەرزیتان. (خوشکتان: ژیلا حوسەینی)

### ئاکامێکی چاوەڕوان نەکراو

ئەم ئەزانی
خۆشەویستیت
ئەو «ئۆخەی»یەی یەکەم ڕۆژانی دیتنم
لێ ئەگۆڕێ بە هاواری
سووتام.. برژام.
ئەم ئەزانی
ڕۆحم ئەبێ بە کۆڵەکە و
لاولاوی هەناسەکانم بە باڵایا
هەڵئەگەڕێت.
تاسەی دووریت
دڵم ئەکا بە زریان و
ئەم شاخ، ئەو شاخی پێ ئەکات.

کەی ئەمزانی ئەم ڕۆژە دێت
بە جێم ئێڵی
دڵ ئەگۆڕی
خەندەم لێ ئەکەی بە زاری.
سنە: ٧٤/١/٢١



# پەنجەرەیەک ڕووەو ڕۆژهەڵات

● پشکۆ نەجمەددین ●

منی لەخۆدا دووکەرتبوو، لەسەر کورسییەک لەبەرسنگی مێزەکەدا دانیشتووم. مێزەکە، بە لەخۆڕابینین و لوتبەرزییەوە لەسەر دامێنی پەنجەرەکە شانی شکۆیی داداوە. دنیای ئەمدیوی پەنجەرەکە، گەرم و هێمنە. ئاوازی مۆسیقای «کامکارەکان» بەئاستەم دەبیستریێت.

ئەم بەیانییە من دەمەوێت شتێک بنووسم... نیگاکانم بەچاوی ئاونگ لێنیشتووی پەنجەرەکەدا، بۆ دنیای ئەودیو دەنێرم، بەو هیوایەی لەوێڕا چەند ڕەگەزێکی ڕەسەن بۆ خولقاندنی تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگی بە وشە نەخشێنراو ببینمەوە...

دنیای ئەودیو، ڕووی ئەودیوی دنیای ئەمدیو... دنیایەکی پڕ بێدەنگیی و سارد و ڕچیو... پیادەڕێییەکی سپیی، بێجوولە دەکشێتە نێو دارستانێکی لەبەفردا هەڵکورماو... کۆمەڵێک ئاپارتمانی ڕەقهەڵاتووی مردوو... کێڵگەیەکی لەپێخەفی بەستەڵەکدا خەوتوو... جیاوازیی نێوانی هەردوو دنیاکە تەنیا لە بەرزیی و نزمیی پلەی گەرمییدایە!... ناچارم کە بۆ دنیای خودی پەنجەرەکە بگەڕێمەوە، بۆ هەناوی دنیایەک کە لەنێوانی دەرەوە و ناوەوەدا بووەتە سنوورێکی ڕەنگاورەنگ و خەونئامێزی نەبەدیی... سنوورێک لەنێوانی (من)ێکی لەمەنگەنەدراوی سندمکراو و (من)ێکی دیکەی یاخیی و سەرهەڵگرتوو... جەستەی بزۆزی پەنجەرەیەک کە دەشێ ببێتە پردێک... پردی دیدار و دیالۆگی منی لەگۆمی گوماندا نوقومبووی ئێستا و منی لەسێبەری بیابانی ڕابردوودا تەرە و ونبوو... منێکی دووکەرتبوو کە دەمەوێ کەرتی ئامادەی ئێستام و کەرتی نائامادەی رابردووم لەجەستەی ئاوێنەیەکی تایبەت بەخۆمدا ببنەوە بەیەک. ئاوێنەیەک کە هەردوو (من)ـەکەم لەدنیایەکی تەبادا لەتەک یەکەوە نیشان بدات...

جگە لەپەنابردن بۆ ناخ و هەناوی پەنجەرەکە چ پەسیوێکی دیکە نییە... وەک دەڵێن: ڕەگەزە ناوەکییەکان فاکتەری ئامیان و خولقاندن و رسکاندنی هەموو دیاردەکانن!... تێڕامانێکی قووڵی سۆفییانە لەسیمای پەنجەرەکەوە... تێڕامانێک هەتا چاوەکانمان لەیەکدیدا بتوێنەوە و ببن بە یەک.

پەنجەرەکە!... هەر هەمان پەنجەرەی باڵا لە
ئاونگ هەڵژنراو،
کە لەنێوانی شەو و ڕۆژدا بەئەسپایی
دەکرێتەوە
تاپۆی دەستێک، بەسێبەری پەنجەکانی
چمکی بەڕەنگی خەون ڕەنگگرتووی لێفەکەی
سەرم هەڵدەداتەوە...
فریشتەی گیانی تیشکێکی زیوین
ماچدەکا پێڵوم، خۆی دەخزێنێتە بیناییمەوە
هەستم هەستدەکا، چیتر شەو نییە
ڕادەبێ جەستەم:
تا پیاڵەیەک چا دەمبکا،
جگەرەیەک ئاگر بدا،
گوێقولاخ بێ:
بۆ دەنگی هەناسەی (نالیی) کە بێجوولە
لەژووری خۆی ڕاکشاوە...
بۆ هەواڵێکی نیشتمان... داخۆ بەگۆڕیان
نەسپاردووە؟!

***

هەر هەمان پەنجەرەیە، کە بە تاڵە تیشکێکی سەرابیی، بۆ دوێنێ و ئێستا و سبەینێی منی ڕۆژهەڵاتیی و ڕۆژهەڵاتی (من)م دەباتەوە... ڕۆژهەڵاتی دوێنێ و ئێستا و خوا بزانێ چەند سەدەی تر لەچڵپاوی نەزانین و زەبر و خوێن و خێڵدا گەوزاو. منی دوێنێی لەبەفری بناری گێلییەتیدا تا نێوقەد چەقیو، پێخواس و کۆڵێ کتێب بەکۆڵەوە، بەدەم زریانی مەرگەوە، بەرەو لوتکەی نائومێدیی بەنیخەنیخ و هەنکەهەنک هەنگاوی بێهیوایی دەهاوم... منێکی لەژێر ڕەهێڵەی ژەهر و لەنێو گەوەی زنجیری بەفر و ئاگری گەوجێتیدا گیرخواردوو کە بۆ سووککردنی باری جەستەی داڕزاو و نیوەمردووم، لاشەی تەزیو و ڕۆحی گڕگرتووی کتێبەکانم لەگۆڕستانی شەختەدا دەنێژم!...

بەچاوی خۆم، خۆمی دوێنێ دەبینم کە ل ژێر کاوێکی بەرگەردنی زناردا، لەپەل و پۆ کەوتووم و بزماری زریانەکە زمانمی بە دیواری ملاژوومدا داکوتاوە... چاوەکانم فرمێسکی ترس و کۆست و هەرەسیان تێدا ڕچیوە... جەستەم بۆنی سیرێکی کوشندەی گرتووە... لاقەکانم کە ناتوانن بەرەو هەوراز هەڵمگرن، ڕوو لەنشێو گلۆرم دەکەنەوە... لاقەکانم لەزیندانی ئاوەڵای سروشتەوە، بەسەر جەستەی پەنەمیوی مناڵ و ئافرەت و سەرباز و چەکدارانی بێریش و ریشداردا، بۆ زیندانێکی دەرکەگاڵەدراوم کێشدەکەن... زیندانێک کە لەدووکەڵدا خنکاوە!...

لاقەکانم... دەمەوێ خێراترم بشاژۆن، بەڵام لاواز و ماندوون. پێیەکانم ماسیاو و ڕووت و مردوون... پێیەکانم هێندەی هەموو چیاکان، هەموو گۆی زەوی ئاوساون!... وای بۆ جووتێ پێڵاو!... جووتێ پێڵاوی گەورە، گەورە هەزارهێندەی کەشتییەکەی نوح تاجێگای هەموو دنیا و پێیەکانی منیشی تێدابێتەوە!

لە تیشکی فەنتازییای هەستی دووربینی پەنجەرەدا... پەنجەرەی سەر تخووبی قەڵەمڕەوی زیندانی ڕۆح لەڕۆژئاوادا، ڕووەو دۆزەخی هەموو بوونێکی ئینسانیی لە ڕۆژهەڵاتدا، (من)ـە ونبووە هەڵاتووەکەی خۆم دەبینم کە پەل بۆ پەلی (من)ـە تەسلیم بووەکەی ئەمدیو ڕادەدات...

دووکەرتە دژەکەم، لەنێوانی شۆڕشێکی سەرشێتانە و متبوونێکی ئاقڵانەدا، لەنێوانی بکوژێکی چەکدار و جەللادێکی دەستبەتاڵدا، لەنێوانی کۆچێکی خوێناوی و سەفەرێکی سپیدا، لەسۆمای پەنجەرکەدا مۆڕە لەیەکدی دەکەن و لێو لەیەکدی دەکرۆژن... ئەوان نەدەچنەوە نێو یەک و نەدەست لەیەکتریش بەردەدەن... ئەوان لەهەناوی پەنجەرەکەدا هەروا ئامبازی یەکتر بوون و تا ئەبەد کێشمەکێش دەکەن... پەنجەرەیەک بەرەو ڕۆژهەڵات!! ■

دیسامبەری ٩٦

شێعر: هێدی

## پرد

ڕێبەندان و بەستەڵەکە،
پێم لە هەنگاوان دەترسێ
قامکەکانم لە گۆ کەوتوون
بەو سەرمایە کەسیرە بووم.

لەو غەریبستانە
چوار وەرزم زستانە!

❊

«کریسمەس» پردێکە
لە زستانێکەوە بۆ زستانێکی دی
لە ژانێکەوە بۆ ژانێکی دی.

چ سارد و سڕن ئەو خەڵکە!
زستانێکیان لە دڵ دایە
تا لێرە بێ دوایی نایە!

لە بەر سەرمای چاوەکانیان ڕەق هەڵاتم،
جێژنەیانە و بۆ مەمانان
بزەش ناکەن بە جێژنانە!
لە گوێسوانەی دڵم
چلوورەی پەیڤەکانیان نەشتەرن و شۆڕ بوونەوە!

سەهۆڵبەندانی هەناویان
تا لێرە بێ ناتوێتەوە!

❊

چاوەڕوان بووم «نەورۆز»
لەو زستانەم بستێنێ و بە بەهارم بسپێرێ،
هەی داخ ... لێرە
نەورۆزیشمان سۆزی جارانی نەماوە
لە هەندەران ئەویش پردێکی ڕووخاوە!

٩٧/١/١

---

## چیدی زەردەپەڕ پێناکەنێ!!

گۆران قەرەداغی

چل ساڵ بەر لە ئێستا
من منداڵ بووم،

هەروا تەمەن سێ ـ چوارساڵ بووم
بەبێ دایک، بێ فریشتە..
چاوەڕوانی دواڕۆژێکی تاڵ بووم

بەیانییەک..
بەبێ ئەوەی تێبگەم بۆ؟
زەردەخەنەی زەردەپەڕێ
بۆم هاتە گۆ:
دەدوا.. دەدوا
لە دووچاوی بەڵەکی گەش
دەدوا.. دەدوا
لە پرچێکی وەک قەتران ڕەچ.
باسی هۆرەی هۆزاران و
نازکێتی نەرمەسەمای گوڵی دەکرد،
باسی ئەڤین،..
چەند «فەرهاد»و چەندین«شیرین»،..
گڕگرتنی گوڵی دەکرد.
باسی گفتی ژوانانی باخی بەهێ و سێوی دەکرد

باسی نازی پەرییان و
لەنجەی جوانی کاراسکی کێوی دەکرد.

منی زارۆ
هێشتا سەرم لەو ڕازانە دەر نەدەکرد
لێوی هەستم
بە شەرابی گۆنای گوڵرەنگ تەڕ نەدەکرد.
زۆر ساوا بووم.. نەمدەزانی
بە چاوی دڵ..
کڕنۆش بەرم بۆ قەتارەی ڕێگای کانی.

منی منداڵ نەمدەزانی
زەردەپەڕ بۆ.. بۆ من دەدوێ؟
نەمدەزانی
چ سرێکە.. لێوی زەردە..
وا.. بە ستران بۆمی دەچڕێ؟

پاش هەژدەساڵ
کە تۆم ناسی وخۆشمویستی..
خۆشمویستی و پێتگەیشتم..
ئەوجا ئیدی
هێدی.. هێدی
لە تەلیسمی ئەو زەردەیە، ئەو خەندەیە
تێگەیشتم.

گیانە ئێستاش هەموو ساڵێ
لەو ڕۆژەدا
بەو یادەوە
سبەینان زوو ڕادەبم و
چاوەکانم لە بەرزایی بەندەن دەبڕم
بە دوو باڵی تیژی خەیاڵ
چل دانە ساڵ
بەرەو دواوە زەمەن دەفڕم.
بەڵام کاتێ زەردەپەڕ دێ و دەدا لە شاخ
تینێ چییە.. ناگاتە ناخ
بزەیەکیش دەربارەی تۆ
هەرگیز نایەتە گۆ
نازانم بۆ؟

گریلبی ـ ١٩٩٢/٧/٢

بۆ ١٨ی مارسی هەڵەبجە،

# گوڵ و تەرم

شەوان حەمە شەریف



چ ماسییەکی نەوسن بوو
ئاوی ڕووبارتی خواردەوە،
چ هەورێک بوو...
خوێنی ڕژان بە سەر باڵای پێکەنینی نێوەڕۆتا
چ خزرێک بوو...
بەتاو سووتانی پرچی کانیت
چ پیاوێکی گێل بوو...
توانی لە پەنجەرە ئاسنینەکانی ئاسۆوە
گوڵی کچێتیت بوەرێنێ و لە ژێر پێی نێ!
ئای شارەکەم...
بیرمە و بیرم ناچێ،
چەند ئەسپێکی توندڕەو بووی،
چەند باڵندەیەکی لەباڵ بووی،
شەو ئەبوو ئاوە شووشەییەکەی کانی «عاشقان»
ئەخۆیتەوە و کەمێ لای «حەمەوغان» دائەنیشی
پاشان...
کورە نێرگیزێکت لە گوڵاڵەکچێک مارەکرد و
بارانت بە دەمیانەوە دەهێشتەوە.
بەڵام ئەفسووس... ئێستا
نە ئەو ئەسپە توندڕەوەی جارانیت و
نە ئەو باڵندە ڕەنگاڵەی بدەی لەباڵ و
سەردانێکی نالی بکەی.



ئەوەتانێ
پرچەکانت سپێن وەکوو بەفر
باڵەکانت دوو درەختی لق شکاون
هەنگاوت لە سێبەری دارە ڕووتەکانی بن گۆمەکان دەچن.
ئای شارەکەم...
با بە ئاونگێک برژێمە سەر گۆڕتەوە،
داهێنشی..
لە هەگبەی خۆشەویستی دا
چاوی مۆنالیزای لە خۆرا دەرهێنا
بە قلچەکەی دەستی هەر دوو چاوی لە نێوانی دوو لێوی نا
نالی...
بۆ حەبیبەی خۆشەویستی
خۆر و مانگی بە ئەوینی یەکتر دانا
ئەی من شیما... کچی قژڕەش
بووکی دزراو... دایکی گەورەم
سارا و سالار
عازەبانی... ڕزگار حسن
... ئەی من بی کێ؟!



شیما... کوڕی شیعرم
تاجەگوڵی چوار ئاواتم
ئەی من بۆ کێ؟!
بۆ ئاسمانی خوا و عەرزی فرعەون
شیعری پرسە دابڕێژم یان بۆ باران.
ئاخر بڵێن...!
مەسیح تەنیا ئێوارەیەک بە خاچەوە بوو
بۆ سبەی لێیان کردووە،
چۆن! ...
تۆ بەو برین و زامەوە ماویتەوە و هەڵواسراوی...
بە خوا جوانە...
حوکمڕانی هەر وا ئەبێ!
کابرایەکی کەڵەگەتی عەینەک لەچاوی شاعیرم دەناسی،
ئەیوت ڕۆڵە..
هەر وا بووە و... هەر وا ئەبێ!
ئاخر بڵێن...!
گەل بۆ ببێتە خەڵاتی ڕەنگ
ڕەنگێ نەبێ لە کوردستان
لە فارگۆنا سەرناکەوی و جێ دەمێنی
وەرن بڵێن
شەهید چی لە نووسراوەکانی سەر پەڕۆ جۆراوجۆرەکان بکات
کە من ئێستا شەهیدێکی زیندووم
مناڵی شەهیدەکان لە سەر شوستەکانا



قۆنەرەی بە ناو شۆڕشگێرەکان بۆ یاخ دەکات.
ئاخ چ شۆڕشێکی ئاوەژوو بوو
چ گۆڕستانێکی بێ گۆڕ بوو
ونی کردی...
ئەی بارانی هەڵەبجە
بەر لە ئێستا خۆشیان بوون...

پێش بەهاری ١٩٩٣

* ئەم شێعرەم لە سێهەم فستیڤاڵی هەڵەبجە لە هەڵەبجە خوێندووەتەوە.

** بەشێکە لە قەسیدەی «گوڵ وتەرم».

## ڕامانگەلێک لەمەڕ

# «سکاندیناڤیا: دوورگەیەکی تر لە بخوور»

●حەمید زمناکۆ●

شیعری «هەندرێن» هەمیشە پرسگەلێکی چەتوون لەمەڕ شیعر، مەرگ، ژین، وجوود، ئیلتزام و هتد... دەورووژێنێ. ئەم شیعرانە لە سەر هەمان هەوا و فەزای «دوانوێژەکانی چیا» و«سەفەری مەحاڵ»ی وین، بەڵام بە ڕەوتێکی خێرا و شەفافتر.

شیعرەکانی ئەم کۆمەڵە، فەزاسازییەکی بەرهەڵداو سۆراغ دەکەن، جاروباریش بەرەوئاسانی وەردەچەرخێن بۆ ئەوەی سیمای دەوروبەرمان کە لە ناو وەهم و مایەپووچی، دڵتەنگی و ئێشدا دەگەوزێ و دەقی بەستووە، بنوێنێ:

**[ ئەمووە هەڵوەریوەکانی پرچمان، ئەو مووانەی کە بە ئارەقەی تووڕەیی دۆڕان، چارەنووس جاڵجاڵۆکەی پێدەچنیەوە ... لەناو بۆشاییە خەستەکاندا نادیاریی دەیلووراند و چاومان لە تەماشای یەکتردا دەمەیین.**

**ـ با ـ ش بێ ڕوخسەت کرمی جاڵجاڵۆکەی خەونەکانی بە سەر تەرمەکاندا بەش دەکرد]**

ئالێرەدایە دەروازەکانی مەلەکووتی سکاندیناڤیامان بۆ ئاواڵادەکاتەوە و ئێمەش لە دوویدا هەرکەس بە مەشخەڵی ئازادی، ئاڵای ئینسان وپیرۆزی شیعرەوە دەچینە ژووری «هەورەکان کیژی ئاسمان بوون، کازیوەش خەونی پێیانەوە دەبینی»... هەروەهاش لە وشەکانی قەلا، بەهەشت، ئەستێرە و پێمەڕە دروست دەکەین و لە نێو ئەن دوورگەیەدا دەمانگەڕێنێ و «ئالێرەدا! باڵندەی بینایی سەرگۆمەزیی یادوەریی لە شەقەی باڵ دەدەن و بازنەیی بەژێر بناری ئاسماندا بەناو کەپری هەورەکان ڕەتدەبن، هەتا لە بیستنی ناڵەی زەوی، تۆئاسا بە تەونی یەقینییەت ڕاونەکرێن»

پێبەندیی هەندرێن بە کێشەی ئینسان و ئازادی وی، دە هێڵی سەرەتا، سەرەتای مە، لە شتە باشەکۆنەکانەوە نەبینێ، بەڵکوو ئەم سەرەتایە لە توخونکەوتنی شتە ڕەزاگرانەکانی حاڵی حازردا ببینێ، بۆیە وێنەی شاعیری کۆڵنەدەری تاسەر و هەتاهەتایی بە خۆ دەنوێنێ و قەت هێدی نابێتەوە یان بۆی پاڵناداتەوە خۆشییەکانی ڕوبردووی دێرین یان وەهمەکان بە خۆشیی مێژوو کاوێژ بکات... هەروەکو کەسێکە بە شاخێکی ڕاست هەڵدەزنێ، زناری ژێر خۆی و ئەویتری بەردەم خۆی دەبینێ بەڵام هەر سەردەکەوێ و ڕابردووش زیزی ناکات و لەمپەرێکی لەبەردەم دانانێ هەر ئەوەندە کە پەلوپۆی ئاژاوە بۆ ئێستاکە.. ئەگەر دەگاتە لوتکە و بەسەر تەواوی دیمەنەکە دەڕوانێ، هەموو خەم وپەژارەی، هەر دەرد و ئێشی ئینسانەکانە.

هەندرێن لە وەسوەسەی نامۆیی و لە خۆنامۆییدا بەسەردەبا و بە پاکی ئەڤین و منداڵیی وتەنیایی کە دژی فیتنەی واقیعی ماشێنی یە، ڕووبەرووی فەزای ژەهراوی دەبێتەوە. لە دنیای ماشێندا ئەڤینی فەزایی وی گریانەیە واتە بێ واقیعییەتە. کاتێک ئەڤین فەزایی بێت، دیارە هیچ واقیعییەتێک لە ئارادا نامێنێ:

**[زارۆکایەتیش پووش وفەریکە گەغێک بوو/ خۆری نیوەڕۆیەکی پەرکەمدار هەڵیقرچاند/ دەمنادەمێ بەناو بەهەشتی ساختەی ڕابردوومدا دەڕفێم،/ هەورێک بە ئینۆکەڕەشەکانی دەست لە ئاوکم دەنێ و/ بایەکی تووڕە قاچەکانم تل دەکاتەوە و بەجێم دێڵێ.]**

شاعیرمان هەمیشە شڵەژانی لە شیعریدا هەیە. لەو ژینگەیەی بە بێتۆنگ و پۆڵا ئابلۆقە دراوە، هاوارەکانی پەلەقاژەیەکی ئازادن لە قووڵاییدا، کەچی زۆرتر و تەنگتر پەلەقاژەی لە دەڤەرێکی تاریک و جەللاددا گیری خواردووەتەوە.

هەندرێن سۆز و ئەندێشەی خۆی بە زمانە دانسقەکەی باش گرێ دەدا و تێکەوەیان دەپێچێ. شیعرەکەشی شیعری وێناندنە درەوشاوەکانە:

**[ئەم خەونەش لەگەڵتا ڕێدەکا، وەک سۆراغ و وڕێنەکانی نامۆیی و ڕەهای شەهوەتی ماسییە پەراگەندەکانی ئاخ/ لە وێڵیەتی پەرتبوودا ڕادەکەی، بە گوناهکارییەکان، کشومات، سێبەرەکانی خۆت دەکوژی: نامرن!**

**ئەو خەونە پیرەش وەک شەقامی بێزاری، نە گۆڕە ونە تەرم]**

هەمیشەش لە سەر لێواری هەڵدێر دایە. ڕێک لەبەر دەم شڵەژانە قووڵ و کوشندەکاندا کە هەردەم ڕوحی وی بەرەو شڵەژانێکی زۆرتر پەرت دەکەن. ڕوحی وی ئاسایش و دڵنیایی و سوکنایی لەدەست داوە، یان هەر نەیبووە. لە سەر ئەم بابەتەش هێندێک شاعیری کلاسیکیمان لێیان دواون، بەڵام ـ بەڕای من ـ ئەم نەبوونەی ئاسایش و دڵنیایی و سوکناییە لە لای هەندرێن لە هی شاعیری دیکە زۆرترە، چونکە سەروچاوەی نەبوونی ئاسایش و دڵنیایی و سوکنایی لە لای ئەو، بوونی ئاسایش و دڵنیایی و سوکنایی یە لە لای زۆر کەسان لە خەڵکی هاکەزایی کە ئەم شتە ساویلکەیان پێخۆشە:

**[منیش عەدەمی سەبورئاسا وەک جمک لەگەڵ ماوەکوێرەکاندا هاتم و خۆم لە گۆشەکانی تاراوگەیەکدا، بە برۆیە لێک گرێدراوەکانی و پیرێتییە بە پێکەنیناویە داپەشکراوەکەی، زنجیری سەگە شازادەکەی لە تونێلی تەنیاییە لم لێنشتووەکاندا ڕادەکشا.**

**کاتیش لە تەکمان ژنانە بە دەستی ئاسنێ و هەنیەی لۆچاوییەوە، ئەو لاواندنەوەی دەمبەست دەکرد، کە جوانێتی بە سەر گیانەلاکانی جوانی خۆیەوە دەیهۆنیەوە]**

ئایا هەندرێن بۆچی شیعر دەڵێ؟ ئەوە پرسیارێکە لەوانەیە هێندێ کەس بتوانێ وەڵامی بداتەوە، یان هێزێکی نادیار پاڵی پێوەدەنێ، یان دەیەوێ هەست بە بوونی خۆی بکات... یاخود وەڵامەکەی تەنیا لای خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەم وەڵامە هەرچی بێت، هونەر ــ بە شیعریشەوە ــ بەڕای من، هەوڵدانێکە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت یان ئامانجێک کە قەت کۆتایی نایەت. گەیشتن بەپەیژە بێهوودەیی یە. چونکە عارفێک ـ متصوف ـ «کە هەندرێن عارف نییە» بیەوێ بە پلە وپەیژە بگاتە حەقیقەت، قەت نایگاتێ. وەسڵی حەبیب پلە وپەیژەی بۆ نییە. دەپەڕێتەوە هەر لە جێی خۆتی وەکوو ڕۆژ... وەکوو خدری زیندە... وەکوو زەردەشت... پلەکان کێهەن؟ چین؟

حوکەمای تەسەوف پلەیان ڕسکاندووە تاکوو ←

بگەنە حەقیقەت کەچی نەگەیشتن و تەنیا توانیان خۆیان بدۆزنەوە. بەڵام ئەوەی حەقەقی لە وەسڵی کازیب جیادەکاتەوە هەمان پەڕینەوەیە کە لە ناخدا دەبێ و ئەمەش بنەمای هەموو وەسڵەکانە وهەموو هونەرەکان. ئەوەی لە ڕوحی حەقیقەت و لە ڕوحی هونەر نیزیک بێت هەر ئەم پێوەندییە بێواسیتەیەیە، واتا گەڕانەوە بۆ «ناخ» و، لەبەر ئەوەی هەندرێن هەمیشە دەیەوێ بگەڕێتەوە «ناخ» هەرگیز ئەم کارەی پراوەیی نابێ و زۆر چەتوونە و هەر لە مەترسیدایە، بۆیە بۆ قەرەبووکردنی ئەم لە مەترسیدا بوونە دەبێ هەردەم مەترسی بنوێنێ و خۆی لێ ڕزگار کات بە پەڕینەوە بە ڕێگەی ناوەکی دا:

**[نامۆیی دەبێ بە چلووره و هەنگاوەکانیشم لە خۆم جیادەبنەوە تەمەنم دەکەمە پەیژە لە ماوە تاریکەکانی مێژوو دەڕوانم/ بە قوورگی زەوی هاواردەکەم، وەڵامم نادەیتەوە.**

**ـ با ـ دەنگم دەڕفێنێ و کاتیش لە سەر ڕوحمدا شەختە دەگرێ]**

تێڕامان لە مەرگ و ژین بەردی بناغەی دنیای شیعری هەر شاعیرێکە، بەڵکوو دەتوانم بڵێم ئەو پێوانە وردە و تەرازووە هەستیارەیە کە قووڵایی شاعیر و گشتگیری قەسیدەکەی پێ دەپێورێ... دوو تای ئەو هاوکێشییەی کە تێیدا بەسەر دەبەین، واتا ــ مەرگ و ژین ــ چوارچێوەی فەلسەفییانەی بیرۆکەی هونەرە بە هەموو وێنەکانییەوە. ملمـلانێی ئەم هاوکێشییەش وردەواڵەی چروپری ژیانمان کتومت بەرجەستە دەکات و بموونەکانی ژیانمان پێکدێنێ و ئەفسانەکەی ساز دەدات. ململانێی «مەرگ لە نێوژین»، ململانێی «ژین لە نێو مەرگ» هەمیشە دوو باڵەکەی داستانی مێژووی ئینسانی بوون... گۆشە نیگای ڕوانین بەو دوو باڵە پێوەری توانای بەهرەی هونەری دەربڕینی ئینسانیەتە لە بارودۆخی جۆراوجۆردا. بەهرەکەی هەندرێن توانای چوونە نێو ئەم داستانە دانسقەیەی هەیە و بەوەی کە وێژدانمان دەوڵەمەند و گەشبینمان دەکاتو داماندەنێتە بەر ژین کە بریتییە لە مەرگیش، بێنەوەی مەرگ بریتی لە ژین بێت، بۆ لای ئێمە دەگەڕێتەوە.

هێندێ جاریش شاعیرەکەمان ناچاردەبێ قەوارەی ئەمان بە جۆرێک دارێژێ هەروەک ئەمانی کاول کردبێت. هەڵبەتا ئەوە ئینسانە کە دەتوانێ ئێشی بەرایی وسەرەتایی مرۆڤایەتی پەنجەنیشان بکات. ئەرکی شاعیر پەنجەدانانە بەسەر ئێشی هەوەڵ ودوایی مرۆڤایەتی کە لە وجوودی خۆیدا لە سەددەمی مێژوویی شیعریدا وێنەی تاکیەتی خۆی وەدیهێناوە:

**[لە نێوان شەهید نەبوون و نەمردن و ژیاندا/ پاشماوەی خونەکان گل دەدەمەوە، تا تەنیایی نیشتمانێکی بێ مێژووم بۆ ئاوەدان بکاتەوە کە وێرانیەکان لە بیریان چوو بە مەرگ دیلی بکەن، چرایەک لە خەونەکان دەخەمە دەست مێژوو/ یا بە سەر مەرگی خۆیدا کوێرانە وێرانیەکان جێنەهێڵێ/ تەرمەکان لەسەر ڕستەی ـ با ـ دا بەمۆمیایی هەڵدەواسم/ تا خواوەندەکان ساتمەی لێ بکەن و جاغی باڵندەکان، ئەو باڵندانەی تا ئێستاش نەگەیشتن، لە مانگرتنی زەویدا پەشیمان نەبنەوە.]**

بابێینە سەر باسێک کە هەردەم سەرئێشەی بە دواوەبووە وهەیە، ئەویش مەسەلەی ئیلتزامە لە شیعر، لێرەدا لە ڕانانی ئەم کۆمەڵە شیعرە بە دەرفەت دەزانم ڕای خۆم سەبارەت چۆنیەتی ئیلتزامی هەندرێن و ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانیدا دەربڕم:

بە داخەوە ئێمە لە شیعردا ــ لە بوارەکانی تری ژیانیشدا ــ تووشی ئاسانکاری و ساکاری بووین. لەمێژە شیعر هەرچی بە هووتاف ودروشمتربێ باشتر بووە... بۆ ئەو کەسانەی سەروکاریان بە سیاسەت یان کوردایەتییەوە هەبووە و هەیە، کێشەکانی سیاسەت و کۆمەڵ زۆر نرخیان هەبووە وهەیە... شیعری مولتەزەم هەمیشە لە کن ئەوان دروشمی سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە، واتا هەر کەس شیعرێکی گوتبێت و خەڵکی سەرگەرمتر کردبێت، ئەو شیعرەی بە باش لە قەڵەم دراوە، ئەم هەویرەش ئاوی زۆر دەکێشێ ئەگەر بێین بە تێروتەسەلی باسی لێبکەین؛ بەڵام تێگەیشتنی ڕاست و دروستمان بۆ ژیان دەستەبەری وەڵامدانەوەی دروستە بۆ کێشەکانی ژین کە شیعریش ڕەگێکی وزەبەخشی ئەم ژیانەیە.

زۆرکەس نارازین گوایا هەندرێن بێ ئیلتزامە، هەر خەمی خۆی دەربڕیوە و هیچی بە سەر کەسانی ترەوە نییە! نارازی بوونێکی نابەجێیە، ئەگەر زیاتر نەڕۆم. لە شیعرەکانیدا ـ دەبینم ـ کێشەی مرۆڤی ئێمە و کۆمەڵی ئێمە بە جوانی ڕەنگ دەداتەوە، بێ ئەوەی دروشم بەرزکاتەوە. کاتێ باس لە پرۆژەی ترس دەکات وامان پێدەڵێ ئەو ترس و خەفەقانەی ئینسانی ئێمەی وە زاڵە هێناوە، نایەوێ پشت گوێ بخات، بەڵکوو لە شیعرەکانیدا وەک هێڵێک شوێنەواری هەیە، لەوانەشە تا ماوەیەکی دوورتر ـ کە ناتوانم حوکمی کۆتایی بدەم ـ ئەم شیعرانەی بخوێننەوە و هێشتا هەمان کاریگەرییان هەبێ کە ئێستاکەش هەیانە. هەشن گلەیی دەکەن کە لە شیعرەکانی حاڵی نابن. بەڕاستیش، بۆ ڕەتدانەوەی ئەم بانگەشانە چی دیکەم پێ نییە لەوە بەولاوە بیڵێم کە ئەمەش گرفتی خۆمانە کە نامانەوێ ئەم جۆرە شیعرانە کەشف بکەین.

شیعر لەلای ئەو، نە لاهووتە و نە قوتابخانەش، ئەگەر وابوایە دەبوو بە دارێکی وشکی بێ گوڵ تەنانەت ئەگەریش بە چرا و زێوەری جێژنیش بڕازێنرێتەوە... نە فۆرمە و نە ناوەرۆک، نە وشەیە و نە ماناش، نە کێشە و ریتمیش... بەڵکوو خەونە، خەونی پەتی و ڕووت، خەونێکی بزۆز، لێڵ دیارە.. وەزعەکانی تێکچرزاون بەڵام پڕ نەشە وسەرحاڵییە... شیعرەکانی، هەموو شیعرەکانی قەسیدەیەکن کە ـ نەز ـەکەی خۆی تێدا تواوەتەوە.

کێشەی ئیلتزامی ناخی، ئەوەی هەندرێن پەیڕەوی دەکا ــ لە ڕوانگەی من ـ دەبێ لە هەمان گۆشەنیگاوە بسەنگینرێ. کەسێک تازەمانێک لە ناخەوە هەست بە ترس نەکات توانای دەربڕینی نابێ. کەسێک لە ڕاست کۆمەڵی خۆی خەمسار نەبێت، ناتوانێ ئەو کۆمەڵە بە وێنە بکات. هەندرێن زۆرتر لە سەر ئەم ئیلتزامە ناخییە دەڕوا. واتا نابێ ئێمە بێنین ساختەچییانە شتێک بڵێین و ساختەچییانەش قسەیەک بکەین تەنیا بۆ دڵڕازیکردنی ئەوانی تر:

**[ئەو دڵە ڕاوکێیەی نێوان خواوەند، ناتەبا و ئەهریمەنە پەیماندار و مەزدایە پەیام تراویلکەییانە، بە هاڤرکییە کەرەسەکانم بۆ کۆتایی یەکی نیوەچڵ کۆتادێنم، لە خۆم دەپرینگێمەوە و بە پێکەنینێک هێڵە خاوبووەکانی دنیا ڕادەچڵەکێنم**

**لێدەگەڕێم ڕەنگی شادمانی و تروسکایی مەلەکوت بۆ ناو ئەو گۆشانەی ڕووح کە من بە نازانم دۆشداماو دەکەن. پەلکێشم بکەن.**

**ئەو شەڕەش بە سێرەگرتن و بە ئاراستە خوێنتێزاوەکانی مەرگم لێ بەئاگا دێنێ.]**

شاعیرێک کاتێ دەشێ شیعری باش بڵێ ئەگەر لە پێشدا لەگەڵ خۆی ڕاستگۆ بێت، ئەگەر لە گەڵ خۆ ڕاستگۆ بێت، ئەم ڕاستگۆییەی بۆ

بڕوانە لاپەڕەی ٧١ ←

# سەفەرێک بە ناخی «مێژووی ئایدیاکان»ەوە

**نووسینی: شەماڵ**

- ڕێگوزەری بیری سیاسی
- سڤێن ئێریک لیدمەن
- وەرگێڕ: ئاسۆس کەماڵ
- ساڵی ١٩٩٧
- لاپەڕە: ٢٩٨

مێژووی ئایدیاکان The history of the ideas ڕەنگبێ وەک لکێکی تارادەیەک نوێی بواری توێژینەوەی ئاکادێمی بژمێردرێ، هەرچەند تەمەنی ئەم "زانست" ـە و پێشینەی ئەم لکە زۆر کەم نییە. لە ڕاستی دوور نەکەوتوومەتەوە ئەگەر بڵێم تا ئێستاش پێناسەیەکی کۆنکرێت بۆ ئەم بەشە نییە و هەن کەسانێک کە بە شێوەی جۆراوجۆر دەڕواننە مەیدانی چالاکی و سنوورەکانی مێژووی ئایدیاکان لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا.

مێژووی ئایدیاکان، بریتی یە لە مێژووی پێشینە، هۆکار و هەلومەرجەکانی سەرهەڵدان و لەدایکبوون و گەشەسەندن، یان بە پێچەوانە مێژووی هۆیەکانی کول و کاڵبوون یاخود جوانەمەرگبوونی ئایدیا فەلسەفی و سیاسی و زانستییە تیۆلۆژییەکان. دیارە هەر وەک گوتم دانانی سنووری دیاریکراو، بەهەڵەمان دەبا و لە هەر وڵاتێک یا ڕێڕەوێکی فیکریدا لایەنێک گرینگیی تایبەتی پێدەدرێت و بە گشتیش مێژووی فەلسەفە دەوری سەرەکی لەم بوارەدا دەلێزێت.

یەکێکک لە لکەکانی ئەم بەشە، مێژووی فەلسەفەی سیاسی؛ یاخود مێژووی بیر و بۆچوونە سیاسییەکانە. لەم بوارەدا باسی ئەم بیر و بۆچوون و ئایدیا سیاسییانە دەکرێ و وەڵامی هێندێک پرسیار لە چەشنی ئەمانەی خوارەوە دەدرێتەوە: ئەم ئایدیا و بۆچوونانە کەی، بۆچی، چۆن، لە کوێ و لە چ کەشێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویدا سەریان هەڵدا؟ کێ یان چ کەسانێک لە دانان و گەشەدان بەم بیرەدا ڕۆڵیان گێڕاوە؟ ئەم بیرانە چ کارتێکەری و تاوێکیان داناوەتە سەر دەورانپشت و سەردەمی خۆیان و یان خودی ئەم بیروباوەڕانە لە کام کانیاوێکی فیکرییەوە ڕەنگیان وەرگرتووە؟

لەوانەیە لە یەک کتێب، دیراسە یا توێژینەوەدا، نووسەر تەنیا ئەرکی دۆزینەوە یا گەڕان بەدوای یەکێکک لەم پرسیارانە، یان بەشێک و یاخود هەمووی ئەم پرسیارانە بگرێتە ئەستۆ. بۆ وێنە کاتێک باسی ناسیۆنالیزم بکردرێ، وەک Idehistoriker مێژووکاری ئایدیاکان بە دوای واتای ناسیۆنالیزمەوە نابێ، بەڵکوو شوێنی ئەم دیاردەیە لە مێژوودا دەگرێ و دەیەوێ بزانێ چ کەش و زەمینەیەک بۆتە هۆی سەرهەڵدانی ئەم چەمکە؛کەی سەری هەڵدا؟ کێ و لە کوێ یەکەم کەڕەت کەڵکی لێوەرگیرا و بە چ مەبەستێک؟ لە ڕەوتی خۆیدا، چ گۆڕانێک بەسەر واتا و ناوەرۆکی ئەم چەمکەدا هاتووە؟ هتد... بەڵام بواری مێژووی ئایدیاکان تەنیا ئەم قاوغە ڕەسمییانە ناگرێتەوە. هەن کەسانێک کە ڕوانینیان لە مێژوو، پرۆسەیەکی هێڵی و بێ پسان نییە، بەڵکوو بە پێچەوانە مێژوو لە ڕوانگەی ئەوانەوە بریتی یە لە کۆمەڵێکی بە ڕێکەوت و تێکهەڵکێشراو کە لەودا نەک ڕێچکە و پێوەستی دیاردەکان، بەڵکوو پسان، داپچڕان و هەڵکەوتیی ڕووداو و دیاردەکانن کە دیاریکەری تایبەتیی قۆناغێکن. گاستۆن و فوکۆ نموونەی ئەم کەسانەن. بۆ وێنە میشێل فوکو Michel Foucault بە لێکدانەوەی مێژووی لە دایکبوونی زیندان، نەخۆشخانە، ئاگایی، شێتایەتی، ڕێزمان، سێکس و... ئەم ئەنجامەی چەسپاندووە کە مێژووی مرۆڤ بریتی یە لە قۆناغی جیاواز کە لەودا، لە جەمسەری زانیار- دەسەڵاتدا دیاری دەکردرێ؛ چ شتێک دەکرێ بگوترێ و چ شتێک لە بێدەنگیدا دەمێنێتەوە. هەروەها فوکو دەسەلمێنێ کە چۆن دەسەڵات، زانیار دەخولقێنێ و زانیاریش بە پاڵپشتی دەسەڵاتەوە بەسەر کۆمەڵگەیەکدا ڕەیاڵ دەکردرێ. بە کورتی فوکو، ڕەوتی مێژوو وەک ڕەهەندی پێوەندی نێوان زانیار و دەسەڵات دەبینێ کە ئەنجامی "ئاساییاندن"(normalisering) و گۆشکردنی خەڵک بۆ گوێڕایەڵی و نەزم (disciplin)ەوە بووە. یان ئەوە کە مێژووی سەدەکانی دوایی مرۆڤ بریتی یە لە مێژووی "سۆبژاندنی" Subjectivation ی مرۆڤ. ڕەوتێک کە لەمدا مرۆڤ خۆی وەک سۆبژە و هەڵگری زانیار، دەبێتە بابەت و ئۆبژەی خۆی لە بواری لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و پراکتیکدا. یەکێک لەو بەرهەمانەی کە بە تایبەتی بواری سیاسەت و فەلسەفەی سیاسی دەگرێتەوە کتێبێکی «س. ئێ. لیدمەن»ە بە ناوی (*لە پلاتۆنەوە تا ڕمانی کۆمۆنیزم: مێژووی ئایدیا سیاسییەکان*) کە تا ئێستا شانزدە جاران لەچاپ دراوەتەوە و لە چەند بەشی جوراوجۆری زانستگاکاندا دەرس دەدرێتەوە.

ئەمساڵ ئەم کتێبە لە لایەن **ئاسۆس کەماڵ**ەوە کرایە کوردی و لە سەرناوونیشانی «*ڕێگوزەری بیری سیاسی*» کەوتە بازاڕەوە.

س.ئێ. لیدمەن مێژووڤانێکی ئایدیا و پرۆفسۆری زانستگایە و تا ئێستا دەیان کتێبی لە بواری فەلسەفە، مێژژوی فەلسەفە، فەلسەفەی سیاسەت و... نوسیوە و یەکێکە لە ناوە ناسراوەکانی ئەم بوارانە لە سوێد.

«لە پلاتۆنەوە تا ڕمانی کۆمۆنیزم: مێژووی ئایدیا سیاسییەکان (ڕێگوزەری بیری سیاسی)»، کتێبێکی پوخت و ساکارە؛ پوخت بەم واتایە کە ئایدیا سیاسییەکان لە سەرەتای یۆنانی کەونە تا ئێستا دەخاتە بەر باس و مشت و مڕەوە، ساکار بەم مەبەستە کە لە نووسیندا تەنیا چاوی لە کەسانی ئاکادێمی نەبووە و کەسانێک کە هۆگری بابەتی لەم چەشنە بن، دەتوانن سوودێکی

زۆری لێوەرگرن.

تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم کتێبە ئەوەیە کە ڕێگوزەری بیری سیاسی بۆ مێژووی سیاسەت و بیرە سیاسییەکان تەرخانکراوە و نووسەر، هەولی داوە خۆ لە بەشەکانی دیکە بپارێزێ و لە لایەکی دیکەشەوە ئەم کتێبە لە قوتابخانەی سوێددا تاکانەیە، واتە هیچ کتێبێکی دیکە بەم پوختییە لەم بوارەدا دەرنەچووە.

ڕێگوزەری بیری سیاسی لە لایەکەوە گرینگترین کەسایەتییەکانی دوو هەزارساڵ مێژووی سیاسەتی تێدایە و لە لایەکی دیکەشەوە داڕشتنەکەی هەمیشە بوار بۆ بەراورد و تێگەیشتنی هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم بیروباوەڕانە دەخوڵقێنێ. بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە هاورەگەزیی، دووپاتبوونە و ڕێکەوتی ئایدیاکان لە سەردەمی جیاوازدا، بۆ خوێنەر دەردەکەوێ و ڕێگا بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن و قووڵبوونەوەیەکی جیاواز دەکاتەوە.

کەموکوڕییەکی کتێبەکە ڕەنگە لەوەدا بووبێ کە لیدمەن بە هۆی بڕوای مەیلەو چەپی خۆی، باسی هێندێک کەسایەتی دوور لە ڕێڕەوە سیاسییەکانی نەکردووە؛ بۆ وێنە دەتوانم ئاماژە بۆ کەسانی وەک «هانا ئارێنت»، «میشێل فوکو» و «کاستۆریادیس» بکەم، کە ڕەنگبێ هۆی سەرەکی نەکەوتنی ئەم کەسانە لە ناو یەکێک لە ئیسمە سیاسییەکاندا بێت. بەڵام سەرەڕای ئەم کەموکوڕییەش بە لای منەوە کەمتر کتێبێک بەم خەست و خۆڵییە توانیویەتی ئامانجێکی ئەوا ئاستەم لە قەوارەی کتێبێکدا بپێکێ.

هەمووی ئەمانە نرخ و بایەخێکی تایبەت بە کتێبەکە دەبەخشن و گرینگی و بایەخی ماندووبوونی ئاسۆس کەماڵ جوانتر دەردەخەن. ئەمە بەتایبەت دەتوانێ کەلێنێکی بچووکی بۆشاییە بێ سنوورەکەی کتێبخانەی کوردی پێ پڕبێتەوە. کتێبخانەی نەتەوەیەک کە دەیان ساڵە خەریکی "کردنی سیاسەتە" و سیاسەت تەنگی پێ هەڵچنیوە، کەچی خاوەنی چەند کتێبی جیدی لە بواری سیاسەتدا نییە و ڕۆژنامە و گۆڤاری پارتە سیاسییەکان ـ بێ ئەوەی مەبەستم سووکایەتی پێکردن بێت ـ پتر بەکاری بەقاڵ و گۆشتفرۆش دێت... با کای کۆن و تازە بە با نەکەین!

**وەرگێڕانەکەی کاک ئاسۆس**

بەر لە پرژانە سەر هێندێک لایەنی وەرگێڕانەکە، حەز دەکەم خۆشحاڵی خۆم لەمەڕ دەرچوونی کتێبی جیدی و بایەخداری (*ڕێگوزەری بیری سیاسی*)دەرببڕم و دەستخۆشانە بە کاک ئاسۆس بڵێم بۆ کارە بەنرخ و جێگای ڕێزەکەی. وەرگێڕانی کتێبێک لە بواری تیۆریدا بۆ سەر زمانی کوردی، ئیتر جا لە هەر بوارێکدا بێت، کارێکی ئاستەم و فرە دژوارە. یان ئەوەیە ئەنجامی وەرگێڕانەکە بە هۆی وشە داتاشراو و نامۆکان سنووری تێگەیشتن دەپەڕێنێ یاخود واتا و ناوەرۆک قوربانی وەرگێڕانێکی دەستەمر بۆ کورد دەبێت. ئەگەر کەسێک بتوانێ خۆی لەم دوو مەترسییە لابدا، ئەوە کارێکی جوانمێرانە و ئاستەمی بە ئەنجام گەیاندووە. من پێم وایە لە سەریەک، بێ ئەوەی نکۆڵی هەڵەکان، کەموکوڕییەکان و تەنانەت "نالەباری و قەبەیی" هێندێک زاراوە بکەم، ئەم کتێبە توانیویەتی خۆی لە چنگ ئەو دوو مەترسییە کوشندەیە ڕزگار بکات و تا ڕادەیەکی زۆر خۆ لە هەڵە چاپییەکان بپارێزێ و بە مۆنتاژێکی جوان بخرێتە بەرچاوی خوێنەرانەوە. ئەوەش سەرباری ئەم ڕاستییە کە وەک من ئاگادار بم، کاری نۆبەرەی کاک ئاسۆسە لەم بوارەدا.

من لێرەدا سەرپێیی پەنجە دەخەمە سەر سێ چەشنە هەڵەی وەرگێڕانەکە: هەڵەی ڕستەیی و دەربڕین، هەڵەی زاراوەیی و هەڵەی وشەیی؛ کە بە گوێرەی قەوارەی کتێبەکە ژمارەیان ئەوەندەی من کەوتبێتە بەرچاوم، گەلێک کەمن.

یەکەم خاڵ بە بڕوای من ناوی کتێبەکە هەڵەی تێدایە. دیارە من ئاگاداری هۆکاری ناوگۆڕینی کتێبەکە هەم. ناوی ڕەسەنی کتێبەکە، هەم بازارییانە دێتە بەرچاو و هەمیش هێندێک دژی چەپ دەنوێنێ. بەڵام من پێم وایە ئەم ناوەی بۆی داندراوە، واتایەکی جیا لە مەبەستی وەرگێڕ دەگەیەنێ. ڕێگوزەر بە بڕوای من «ناوی فاعل»ـە و مانای شوێن نادات. «ڕێگوزەر» هەمان «ڕێبوارە»، بەمجۆرە ماناکەی دەبێتە ڕێبواری بیری سیاسی، کە وەرگێڕ مەبەستی لە ڕێگوزەر هەمان گوزەر یان شوێنێکە کە ڕێبوار پێیدا تێدەپەڕێ. (لە فارسیدا رهگذر = ڕێبوار، گذر= شوێنی تێپەڕبوون هەیە)

لە بەشی زاراوە و زاراوەڕۆناندا هێندێک زاراوە پڕبەپێستی ناوەڕۆکەک نین یا خود هەڵەیان تێدایە، بۆ وێنە:


ـ بۆ وشەی aesthetics ( بە سوێدی: estetik)زانستی جوانی داندراوە. یەکەم ئیستەتیک بە گشتی وەک جواننناسی یان جوانیناسی لە کوردیدا ڕۆیشتووە و دووەم ئیستەتیک وەک زانست، هەر نا ئیستا، سەیری ناکرێت. ستەتیک تەنانەت ئەگەر وەک لکێکی جیاواز و جیا لە هونەریش لە بەرچاو بگرترێ ئەرکی باسکردنی هەستەکان و ناسینی جوانییە و وەک زانست، بەم واتایە کە هاوراییەکی لە سەر بێت و ڕێسا و یاسا، یا تیۆرییەکی ساخی بۆ داندرابێت، نییە.

ـ بۆ institution من پێموایە دانراوە، پێکهاتە باشتر دەست بدەن. لە لایەک دەزگا بۆ ئاپارات apparat دانراوە و پڕبە پێستی خۆشیەتی، دەزگا نزیکی لە گەل institu-tionدا زۆرە، بەڵام یەک شت نییە. insti-tution ماناکەی بەرینترە لە دەزگا و تەنانەت دەتوانێ خۆی خاوەنی دەزگا بێت. ئەم دانراوانە چەند شێوەیەکیان هەیە(سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و خزمایەتی) و لەم بوارانەدا کارکردی خۆیان دەڵێزن.

ـ تەرابوون بۆ alination دانراوە. مانای ئالینەیشن لە وشەی لەخۆنامۆبوون نزیکە، هەرچەند ئەم لە خۆنامۆبوونە لە لای فیلەسوفی جیاوازی وەک هێگێل، مارکس یان سارتر مانای جیاوازی هەیە. دیسانیش دەکرێ هەر وشەی نامۆبوون دابندرێ هەرچەند من پێموایە ئالیناسیۆن باشتر و وردترە. چونکوو ئەم نامۆبوونە پێوەندی بە هێندێ باری تایبەت هەیە؛ بۆ وێنە لەلای مارکس، ئالیناسیۆن بە هۆی نامۆبوونی هێزی کار لەتەک ڕەوتی بەرهەم هێناندا سەرهەڵدەدا، لە لای هێگێل ئەم ئالیناسیۆنە دەگەڕێتەوە سەر نامۆبووونی مرۆڤ لە گەل ڕوحی مێژوودا و....

تەرابوون مانای لە ماڵ دوورکەوتنەوە و بە تەنیا مانەوە دەبەخشێ و دوورە لە ناوەڕۆکی ئەم زاراوەیە.

ـ زات بۆ subject و زاتەکی بۆ -sub



jectiv داندراوه. ئەم هەڵەیە لە زۆر شــوێن بەرچاو دەکــەوێ و بەداخــەوە کــەس ســەیری ناوەرۆکە جیاوازەکانی ئەم زاراوانە ناکات. بۆ وێنە سـۆبژە دەتوانێ مـانای مرۆڤ، ئاگـایی، کەسی ناسێنەر، رەعییـەت، بابەت، ناوەرۆک، پێشـخـانی لێکۆڵینەوە، کـارا (فـاعل)، زەین و هۆ بدات. زات تەنیــا یەکـێک لەم مــانایانە دەبەخـشـێ. هەربۆیەش من پێـمـوایە سـۆبژە (بێژەی فەرانسی ئەم زاراوەیە) گەلێ باشتر بێت. هەمـان پێشنیـارم بۆ object یش هەیە واتــا زاراوەی ئــۆبــژەی بــۆ دابـنـێـین. فــارســـەکــانیش هـەر لەم دووانە کــەڵک وەردەگـرن. ڕاوێژی ئەم دووانـە(سـابجێکت و ئابجێکت) بە ئینگلیسی لە کوریدا ناخۆشە.

ـ بۆ encyclopedia، زانیــارســتــان داندراوە. زانیارستان واتە شوێنی زانیاری. ئەم شوێنەش لایەنی جۆگرافیی دەگرێتەوە. سەیری گۆڕستـان، بێستـان، کوردستـان و... بکەین دەبینین لە هەمواندا شوێن «ستان»ەکە پێکدێنێ. بەڵام ئێنسیکلۆپێدیا واتای شوێنی زانیـار (بە مـەبەستی جۆگرافی) نـابەخشێ، بەڵکوو کـتێـبێکی لەبەرچاوە کـە کۆکـردێکی زانیاری تێدا ئاڕاستـە دەکردرێ. زانیارنامە، زاننامـە یان هەنبانـەی زانیار دابنێین. خودی وشـەکـە لە ریشـەدا مـانای لە بازنە ئافـراندن یان پەروەراندن دەدا. کـۆمــەڵێک لـە زانیـارە گشـتییەکان لە یۆنانی کۆندا دەگرێتەوە کە نیــازی گــشت دابین بکا. لە فــارســیــدا «دایرەالمعارف»یان بۆ داناوە.

ـــ بۆ quality وشـــەی جـــۆرایەتی داندراوە. من پێـمـوایە جۆرایەتی کەموکوڕی هەیە و بـاشـتـربوو هەر وشـەی جـێکەوتووی چۆنایـەتی بۆ دابنێین. جـۆرایەتی زۆر «نوع» و «جنس»ی شـتێک دەگرێتـەوە تا چۆنایەتی کە هەم سروشت و هـەم «کیفیت» دەگرێتە خۆی. لـە لایەکی ترەوە ئەم وشـــەیە لـە بـەرانبــــەر چەندایەتی دا رۆیشتووە و جێی خۆی گرتووە.

ــ شـارەزایەکی بۆ emperical دانراوە. بە لای منـەوە باشـتـر بوو ئـەزمونگـەرایی یان ئەزمــونبــڕوایی یا ئـەزمــونـایەکی (ئەگــەر بمانەوێ سیستەمی زاراوەڕۆنانەکە بپارێزین) دابنێین.

ئەم زاراوە خــۆی لە وشـــەی یۆنـانی *em-peiria*وە هـاتـووە و مــــانـای تـەجـــــروبە دەبەخـشێ. شـارەزایی، بەڵەدی و پسـپـۆڕی دەگــەیەنێ، بـەڵام ئەزمــون تـەنیــا ئـامــاژە بە تـاقـــیکردنـەوە و بەتـاقی بووەی دیاردەیەک دەگەیەنێ.

ـــ هـۆشـــەکی بۆrational دەست نـادا. ratio (ریشەی لاتینی وشەکە) مانای ئەقڵ و ئاوەز دەدا، نـەک هـۆش. بۆ راشــــیــــۆنـەل ئاوەزگــەرایی (یان ئـاوەزەکی) باشــتــرە. با ئەوەش بڵـێم کـە لە رۆژئـاوادا ئاوەزگــەرایی هەمـیـشـە مـانای ئایەتی و پۆزیتـیڤی نیـیە و بگرە ئامـاژەیە بە شـتێکی نـایەتی و بەرهەمی بڕوای زێدە بە دەسەڵاتی مرۆڤ و ئاوەزی ئەو بۆ ناسینی خۆی و دیاردەکان و بە یەکێک لە ئەنجامەکانی مودێرنیزمیش دەژمێردرێ.

ـــ باشــتـرە وشـەی جـیـهـانزێدی یاخـود دنیـانیشـتـمـانی لە بری جیـهـانگەرایەتی بۆ زاراوەی cosmopolitanism دابنێین. ئەم زاراوەیە یەکـــەم جـــار لـە لایەن یەکـــێـتی سۆڤییەتەوە بۆ بوختـان بە چەند یاریکەرێکی شـانۆ کـەڵکی لێوەرگـیـرا و مـەبەسـتـیش کارتێکەری رۆژئاوا لە کار و بۆچوونەکانیاندا بوو. ئێسـتا بەم واتایە کەڵکی لێوەردەگرترێ کە جیهان بە نیشتمانی خۆی بزانی و خۆت بە شــوێنێک نـەبەســتـیـیــەوە. دیارە من پێشنیاری ئاسۆسم پێ هەڵە نییە.

ـــ ساکارەتی بۆ primitivism داندراوە، بەڵام primitivism پتـر واتای بەرایـیـەتی، ســـەرەتـایـیــانـی دەدا. دیارە primitiv لە ساکاری نزیکە بەڵام جیاوزیشی کـەم نییە. primitiv شـــتـــێک دەگــەیەنێ کـــە زۆر وەدواکەوتبێ، یان لە سەرەتای قۆناغێکدا بێ. لە زمـانی رۆژانەدا زۆر جار بۆ سـاکار کەڵکی لێــوەردەگـیــرێ، بەڵام لـە فـەلسـەفــەدا ئەم مانایەی کزە.

ـــ رشتـە بۆ system هـەڵەیەکی گەورەیە. سیستەم بریتی یە لە پێکهاتێکی کە لەسەر بنـەمــای کـۆمــەڵێک دیاردەی هاوبەســتــە و پێـوەستی یەکدی دامـەزرابن، رشتـە هەر لە خۆیدا مانای پچرپچر یاخود لک و پۆی تێدا شــاراوەیە. بۆ سـیـســتـەم بە بڕوای من هیچ وشـەیەکی دیکە جگە لە سیستـەم لە کوردیدا پێویست بە دانان نییە.

رشتە بۆ رشتەی خواردەمەنی واتا هەرشتە دێ یاخود بۆ شتێکی ریشۆڵ ریشۆڵ بوو، یان وەک فـارس بەکـاری دێنن بۆ «قـسـم» و بەش یان لکێکی جـیــاواز لە دەرس یان زانست و هتد.

ـــ مێهرەبانی بەرانبەری kind ـە نەکnåd سـوێدی. مــانـای nåd واتە لێـبــوردن و لێبوردوویی(بخشش). لە تیۆلۆژیدا یەکێک لە سیفەتەکانی خوایە کە بڕیاری لێبوردن یاخود بەخشین دەدا.

لە لایەکی تر ئـاســـۆس بۆ frälsning وشـــەی بەخـــشـــینی داناوە کــە هـەڵەیە. frälsning بە واتـای «رسـتـگاری» فــارسی دێت کــە رەنگە لەگــەڵ رزگــاریدا هـەر یەک ریشــەیان هـەبێ. بەهەمـە حـاڵ frälsning نەجـاتدان یان رزگـارکـردن لە تاوان و گـوناه مانا دەبەخشێ و وشـەیەکی ئاینییە.

لە وەرگێڕانـەکەدا هێنـدێک هەڵەی بچووکتر هەیە کە لە مانا زۆر ناگۆڕێ و رەنگە بە هۆی کەمتەرخەمی خزابنە ناو نووسراوە وەک:

ـ ئەنجــومـــەنی کـــارمـــەندان لە بری rådförsamling کە لەڕاستیدا ئەم وشـەیە مــانای دەقــاودەقی ئەنجـومــەنی ڕاوێژ یان ڕاوێژکاران دەبەخشێ، نەک کارمەندان.

ـ هۆشگیر لە ریشـەی «هۆش» وەرگـیراوە کە لە کتێبەکە لە بڕی ئاوەز داندراوە و کەچی interesting لە intrerest ەوە هـاتـووە و مـــانای هـۆگـــری، دڵپــێــوەبوون دەدا و لـە ئابووریشــدا بە مــانــای ســود و بەرژەوەندی دێت. interesting واتـە شـــتـــێک کـــە سـەرنجـراکێش بێت یان هۆگری بخـولقـێنێ یان دڵپــێــوەبوونی بەدواوە بێت و رەنگە لە کـێـشی وشـەی بەرانبـەری فـارسی بتـوانین ڕاکـێش جێ بخـەین. ئەگـەریش هـۆشگیـر دەانێین، نابێ هـاوکــات لە وشــەی هـۆش بۆ

⬅

ئاوەز کەڵک وەرگرین.

ـ دەروێشایەتی بۆ mystic تەواو نییە. دەکرێ دەروێشایەتی وەک ئاکارێکی mystic دابنێین یان دەروێش تاڕادەیەک وەک mistiker بناسین، بەڵام mistic واتای هەلومەرجێ دەگرێتەوە کە شیکردنەوە و تێگەیشتنی لە چوارچێوەی ئاوەزدا دژوار بێت و لە خانی شتی نهێنی و خەیاڵدا بگونجێ. هەروەها مانای عیرفانی و ناوەکی دەبەخشن یا کەسی عارف و ئەهلی نهێنی.

وشەی mystic و mystery یان mysterious یش هەر لە یەک ریشەن کە شتێکی مەتەڵاوی و پڕنهێنی دەردەبڕن.

ـــ ستۆیکیزم بێژەیەکی هەڵەی ستۆیسیزمە. Stoa brukade ریشەی ئەم وشەیەیە. ناوی مەیدانێکی ئاتین بوو، ریزە ستوونێکی لێ بوو. stoic بە ستۆیک بێژە دەکرێ، بەڵام stoicism بە ستۆیسیزم دەخوێندرێتەوە نەک ستۆیکیزم.

**ئاماژە بۆ چەند هەڵەی رستەیی:**

"Världsliga förhålanden genomsyrades av religiösa föreställningar i en utsträkning som vi i dag får svårt att föreställa oss"(s.69).

(واتە: پێوەندە دنیاییەکان بەڕادەیەک تاوی بۆچوونە ئاینییەکانی پێوە دیاربوو، کە ئێمڕۆ زەحمەتە بیری لێ بکەینەوە.)

هێندێ ئازادتر: ڕەهەندی کارتێکەری بۆچوونە ئاینییەکان لە سەر پێوەندە دنیاییەکان بەڕادەیەک بوو کە ئێمڕۆ ئێمە ناتوانین باوەر بکەین.

ئاسۆس: بۆچوونی دینی بە شێوەیەک چووبۆوە کاروباری دنیایەکییەوە کە زەحمەتە ئەمڕۆ ئێمە بیهێنینە بەرچاوی خۆمان(ل ٦٤).

Hegel säge

"Staten är den konkreta frihetens verklighet; men den konkreta frihetn består däri, att den personliga enskildheten / dvs. individen/ och dess särskilda intressen får sin fullständiga *utveckling* och *erkännande* av sin rätt…däriginom att det individuella övergår i det allmänna… och allmänna det allmänns är *slutmålet*" (s,165).

هێگێل دەڵێ: «دەوڵەت هەڵکەوتی ئەم ئازادییە کۆنکرێتەیە؛ بەڵام ئەم ئازادییە کۆنکرێتە کە پێکهاتووە لە تایبەتمەندییەکانی کەس /واتە تاک/ و هۆگرییە تایبەتییەکانی ئەو، لە مافی خۆیەوە فراژووتنی تەواو و دانپێنانی(بە رەسمییەت ناسرانی) دەست دەکەوێ... بەمجۆرە ئەم تاکێتییە دەکەوێتە ناو ئەم گشتەوە و... گشتییەکەش دوائامانجە.»

نموونەی وەرگێڕانی ئاسۆس: هێگل دەڵێ: «دەوڵەت هەڵکەوتێکی کۆنکرێتی ئازادییە، بەڵام ئازادیی کۆنکرێت لەوەدایە کە، تاکایەتی کەسەکی /واتە تاکەکەس/ و خواستە تایبەتییەکانی تاکەکەس فراژووتنی تەواویان هەبێ و مافیان لێ بسەلمێنرێت... بەوەش ئەوەی تاکەکییە دەبێتە گشتی... و گشتاندن دوا ئامانجە.»(ل ١٥٥)


***

دیارە لە کتێبێکی ٢٠٠ لاپەڕەییدا مسۆگەر هێندێک هەڵە خۆ دەخزێننە دەقەوە و ئەوەش تەنانەت وەرگێڕی زۆر بە ناوبانگیش دەگرێتەوە. من بە بەراوردی قورسی دەقی کتێبەکە و ناوەرۆکەکەی و ڕادەی هەڵەکان، ژمارەی هەڵەکان بە زۆر نازانم و کاری وەرگێڕ شایانی ڕێز و ستایشت دەزانم. ئەوەی من پتر لە هەموو شتێک بەلامەوە نالەبار هات، سیستەمی زاراوەڕۆنانەکە بوو. ئەم سیستەمە هەڵە نییە، هەرنا من ئالتەرناتیڤی باشترم بۆ نییە و پێشتریش لە لایەن کۆڕی زانیاری و کاک مەسعود محەمەدەوە پێشنیار کراوە. سەرەڕای ئەمانەش پێموایە ئەم سیستەمە بۆ دانانی زاراوە بەتایبەت ئەو زاراوانەی کە لک و پۆیان لێدەبێتەوە، هێندێک و بگرە گەلێ "ناقۆڵا" دێنە بەرچاو. بۆ وێنە: تاکەکی / تاکەکییەتی / نەرێتەکییەتی.

ئەگەر بکرێ سیستەمێک دابندرێ بۆ ئەم زاراوانە کە جار هەیە لە یەک وشەدا خۆ لە سنووری بیست تا سی زاراوەی تێکهەڵکێشراو دەدات، کاری وەرگێڕانی کوردی لە بواری تیۆریدا فرە ئاسانتر دەبێت.

Sven-Eric Liendman

**سڤێن ـ ئێریک لیدمان**



**ڕێگوزەری**

**بیری سیاسی**

APEC

لە وەرگێڕانەکەدا هێندێک وشە هەن کە جوانکارییەکی تایبەتییان تێدا بەدی دەکردرێ، بۆ وێنە بۆ وشەی ڕێڤیزیۆنیست کە بژارخواز داندراوە. (وشەکە مانای سەیرکردنەوەی دووبارە، ئاوڕلێدانەوەی دووبارە دەبەخشێ، بەڵام بژارخواز دەتوانێ بە سانایی جێگای خۆی بکاتەوە).

یان وشەی تەوجیل کە لە تەورات و ئەنجیل درووستکراوە لە بری کتێبی پیرۆز داندراوە. bibel کە زۆرجار هەر بە ئەنجیل دەناسرێ بریتی یە لە دوو بەشی کۆن و نوێی کتێبی پیرۆز (the Old & New Testament). ئەنجیل بەشی نوێ ئەم کتێبە دەگرێتەوە و تەوراتیش بەشی کۆنی، جا بۆیە تەوجیل بە بڕوای من جێگرێکی باشە بۆ ئەم کتێبانە.

خوێندنەوەی ئەم کتێبە بۆ هەموو ئەو کەسانەی هۆگری سیاسەت و فەلسەفەی سیاسین و یان دەیانەوێ لە مەیدانی رۆشنبیریدا هێندێک زانیارییان لە سەر رەوتی لەدایکبوون و سەرهەڵدانی بیرە سیاسییەکاندا قووڵتر کەن، پێشنیار دەکەم و دڵنیام کە جێگای رەزامەندی و سودوەرگرتنێکی باش بۆ خوێنەر دەبێت. ■

**تێبینی:** من لەبەراوردەکەدا سوودم لەم چاپەیان وەرگرتووە:

"Liedman Sven-Erik, FrånPlaton till kommunismens fall, De politiska idéernas histpria, MånPoket". 1993

# وەرگێڕان یان شێواندن؟

● گۆران قەرەداغی ●

لە ژمارە ( ١٤ ) ی گۆڤاری « گزینگ» دا هۆنراوەیەکی شاعیری ناسراوی پۆلۆنیی ـ وەرگری خەلاتی نوبێل ـ سالی ١٩٩٦ ، خاتوو ویسلاوا شیمبۆرسکا ـ Wislawa Szymborska ـ م خوێندەوە . هۆنراوەکە لەلایەن « Anders Bodegard » ـەوە ، لە زمانی پۆلۆنییەوە وەرگیڕدراوەتە سەر زمانی سوێدی . کاک « س .چ هێرش»ی بەرکار و بەرپرسی گۆڤاری گزینگ‌کردوویەتە کوردی.

بە یەکەم خوێندنەوە و دووەم و سێیەمیش شتێکی ئەوتۆم لە هۆنراوەکە بۆ هەلنەکڕێندرا. لەدلی خۆمدا گوتم : تۆ بلێی سەلیقە و چێژلێوەرگرتنی شیعرییانەی من لە ئاستی ئێستێتیک و تەکنیکی هۆنراوەی خەلات وەرگرانی نوبێل دا وێل و نامۆبن. کەمێک ڕامام ، پاشان تەلەفۆنێکم بۆ شاعیری ناسراو کاک «ڕەفیق سابیر» کرد، پرسیاری ئەو هۆنراوە وەرگێڕدراوەم لێکرد. تومەس دزاودز کەوتبووین، ئەویش هەر بەهەمان گرێکوێرەی هیچ لێ هەلنەکراندنەوە دووچاری سەرەخولێ بوبوو. دوای گۆڕینەوەی چەند وشەیەک و ناوبردی ئەو سەرچاوەییێ هۆنراوەکەی لێوە وەرگیراوە، ڕۆژنامەی ( Dagens Nyheter ، ژمارە 5 ی ئوکتوبەری 1996ـ بەشی کولتوور لاپەڕەی B2 ) ، کاک ڕەفیق گوتی: خۆ من بەشداریم لەو ڕۆژنامەیەدا هەیە و گەلێک لە ژمارەکانیم لای خۆم پاراستوون، لە یادیشمە کە شیعرێکی « شیمبۆرسکا»م لە ژمارەیەکی ئەو ڕۆژنامەیەدا خوێندۆتەوە. ئیدیێ تەلەفۆنەکەمان داخستەوە، بۆ سۆراخی تێکستە سوێدییەکەی شیعرەکە، چوومە لای کاک ڕەفیق، خودی ئەو ژمارەیەمان دۆزیەوە کە شیعرەکەی تێدا بلاوبۆتەوە و کاک «هێرش »یش وەک سەرچاوەی وەرگێڕانەکەی ئاماژەی بۆ کردووە. دوای بەراوردکردنێکی سەرپێیی، بۆم دەرکەوت کە کاک ڕەفیق گوناهێکی لەوەدا نییە کە وەرگێڕانەکەی کاک «هێرش »ی بۆ نەبراوەتەوە سەر وەرگێڕانە سوێدییەکەی، کە پێشتر بە سوێدی خوێندبوویەوە. ئیدی من بڕیارم دا لەسەر وەرگێڕانەکەی کاک « هێرش » بنووسم ، ئەوەندەیێ پێم دەکرێ مافی پێشێلکراوی شیمبۆرسکا لە هۆنراوەکەیدا بەرجەستە بکەمەوە.

***

لە ژمارە ١٨ ـ ١٩ ی گۆڤاری *«ڕابوون »*دا بەڕێز کاک بەرۆژ ئاکرەیی لە ڕەخنەیەکیدا، کە لە وەرگێڕانێکی کاک ڕێبوار سیوەیلی گرتووە، دەلێ: « من پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە کە لە ئاست دەقەکاندا لەگەل یەکتر دل ڕەق بین و پێچەوانەوە، کاتێ دەرگای ڕەخنەکەمان داخست، میهرەبان.»

من پڕبەپڕ لەگەل ئەو بۆچوونەی ئاکرەیی دام، ئێمە ئەگەر بمانەوێ کاروانی ئەدەبی کوردیمان بەرەو مەنزلی پێشکەوتن و شارستانیی هەنگاو هەلبگرێ، بەو دەردە نەچێ کە ئەمڕۆ سیاسەت لە ولاتەکەماندا پێوەی دەنالێنێ. ئەوا دەبێ ئەو هەلویست و لۆگیکە پەسەند و پەیڕەو بکەین. دەنا ئەو پاشاگەردانیی و دیاردە دزێوانەی کەوەک مێردەزمە خۆیان بەسەر ڕوالەت و ناوەرۆکی ژیانی میللەتەکەماندا سەپاندووە و، وا خەریکن لە بواری ئەدەب و نووسینیشدا ، لێرە و لەوێ جێ پێی خۆیان دەکەنەوە، بەتەواوی خۆیان دەسەپێنن و ترووسکایی لە ژیانی کولتووریشمان دەبڕن. ئیدی دەستمان بەیەکجاری لە بنی هەمانەکەوە دەردەچێ. بەبێ زمان و ئەدەب و کولتوورێکی ڕەسەنی خۆمان، دەبینە مرۆڤێکی بێ سەر و بە ئاسانی لەتر دەدەین و مۆمی ژیانمان دەکوژێتەوە.

بەرلەوەی بچمە سەر شەنوکەوکردنی وەرگێڕانەکەی کاک هێرش، دەخوازم بەکورتی هێندێ تیشک بخەمە سەر تێڕوانینی باوی نێو کوردان لەمەڕ کارئەنجامدان و مێتودی دزێو لە کارئەنجامداندا.

سەد ئەفسووس! کاتێ ئێمەی کورد دەمانەوێ کارێک ئەنجام بدەین ـ جا ئەو کارە لە هەر بوارێکدا بێ کارم پێنەداوە ـ وەک پێویست خۆمان بۆ کار ئەنجامدانەکە ئامادە ناکەین، نەخشەی بۆ دانانێین، سەرەتا و ناوەند و کۆتایی دیاری ناکەین قازانج و زیان پێشبینیی و تاووتو ناکەین، توانای پێویست و ڕادەی لێوەشاوەیی خۆمان هەلناسەنگێنین، تەنانەت لە سەدا پەنجای دلنیایی سەرکەوتن لەسەر خۆمان ناکەینە مەرج، قۆناغی دوای سەرکەوتن یان تێکشکاندنمان وردناکەینەوە. بەبێ ئەو خۆ ئامادەکردنە، لەژێرکاریگەریی سۆز و عاتیفەدا، دەروێشانە دەست لە دەست و هێز لە خودا، بێ جەمسەر و شیرازە دەست دەدەینە کارەکە.

بەرئەنجامی کارەکە چۆن دەکەوێتەوە زۆر مەبەست نییە. پتر مەبەست قەلەبالغی سازکردن و نێو خستنە نێو ناوانە. جا لەبەرئەوەی کە لە ئاخدا بۆ خۆمان دەزانێن وەک پێویست خۆمان بۆ کارەکە ساز نەداوە، ئەوا لە سەرکەوتندا هەتا بلێی لە خۆ بایی دەبین، لوتمان دەکەینە ئاسمان و چێدی بەرپێی خۆمان نابینین، تا دەکەوینە هەلدێرێکەوە و هەپروون بە هەپروون دەبین. لە تێکشکانیشدا هەزار و یەک بیانووی دەرەکی دەهێنینەوە، خۆمان لەگشت گوناهێ دەسڕینەوە. بەم پێیە بۆ کارئەنجامدانێکی داهاتووش هیچ فێر نابین. ئەزمونی ژیانی ئێمە، چ وەک میللەت چ وەک تاک پڕە لە نموونەی خەمناکی ئەو شێوە کارئەنجامدانە.

ئەو مێتۆدە دزێوانەی کارئەنجامدان، دەکرێن لەلایەن کەسێکیشەوە پەیڕەوبکرێن کە لە گفتارە قەبەکانی منیش زیاتر بزانێ. ئەمە پەیوەندی بەو سایکۆلۆژیا و ترادیسیۆنەوە هەیە کە لە خێزان و کۆمەلدا پێی پەروەردە بووە و لە ئاناگایی ئەو کەسەدا سەقامگیربووە. زۆربەی ئەوانەمان کە چەندین سالە پەڕەندەی هەندەران بووین، کەم تا زۆر لەگەل تاقیکردنەوە دیموکراتییەکاندا ژیاوین، ڕەنگە پێشمان وابێ کە مێتود و تێڕوانینی شارستانییانەمان لە هەموو بارەیەکەوە خەتم کردوون، لە ڕەفتارماندا بەرجەستەمان کردوون، کەچی لە بچووکترین چەلەمەدا بە ئاسانی دەگەڕێینەوە سەر بای بەرەی مێتود و پێودانە کۆنەکانمان. بەلای منەوە مەسەلەی فێربوونی بیرکردنەوە و پێودانی نوێ، وەک مەسەلەی فێربوونی زمانێکی نوێیە. مرۆڤ کە لە ←

ولاتەکەیدا لە دایک دەبێ، بەبێ دەرسخوێندن و گرامەر فێری زمانی دایک دەبێ و بە ڕەوانی پێی دەپەیڤێ. ئێمەومانانیش کە بە گەورەیی دەچینە ولاتێکی نوێ، دەبێ بە هەوڵ و جەختێکی زۆر، بە قوتابخانە و کۆشش، بە گرامەر و فەرهەنگ و خوێندنەوە، بە تێکەڵ بوون بە خەڵکی و ڕاهێنانێکی زۆر، بە نیوەچڵی زمانەکە فێرببین.

مەبەستم ئەوەیە ئێمەی بە مێتود و تێڕوانینی دواکەوتووی کۆمەڵگای خۆمان پەروەردە بوو، پێویستیمان بە جەخت و کۆششێکی زۆر هەیە تا مێتود و تێڕوانینی شارستانییانە لە ڕەفتارەکانماندا وردە وردە ڕەنگدەدەنەوە.

تەنیا دارشتنی چەند دێڕێکی قەشەنگ نابێتە بەڵگە بۆ بەکردەوە خەتمکردنی نەریتە شارستانییەکان. وەک کورد دەڵێ«بە ئیشە نەک بە ریش».

لاسایی کردنەوەش دەردێکی تری کوشندەی ئێمەی کوردە، بە تایبەتی لە نێو سیاسی و ڕۆشنبیر و نووسەر و شاعیرەکانماندا.

ئەمڕۆ بە دەگمەن سیاسەتکارێ، یان کۆنە سیاسەتمەدارێ دەبینینەوە کە لە خولیای خۆ بە نووسەر ناسیندا نەبێ. هەروەک بەدەگمەن هەڵدەکەوێ شاعیرێک یا چیرۆکنووسێک خۆی لە بابەتی تری بۆ ئەو دەست نەدراو هەڵنەقورتێنێ. هەڵبەت مەبەستم لەو سیاسییە، شاعیرە، یا نووسەرە نییە کە لە بوارەکانی دیشدا خۆی ماندوو دەکات، لێوەشاوانە دێتە مەیدان. چونکە لە ڕاستیدا جێگەی دڵخۆشییە میللەتەکەمان خاوەنی کەسانێک بێ بتوانن ئەسپی خۆیان تاو بدەن و لە گەلێ مەیداندا شۆڕەسوار بن.

ئەوانە هەندێ بیروڕای گشتی خۆم بوون لەسەر چۆنێتی کارئەنجامدان. ئیدی لێرەوە باسەکەمان دەچێتە سەر وەرگێڕان. دەبێ مرۆڤ بەگشتی و نووسەر و شاعیر بەتایبەتی بە گیانێکی بەرپرسیارانەوە بڕواننە کاری وەرگێڕان. خۆ ئەگەر مرۆڤ سەرنووسەر یا بەرپرسیاری گۆڤارێک بوو، دەبێ لە هەمووان زێتر بە ئەمانەتی وەرگێڕانەوە بێ، ڕێگە لە بلاوبوونەوەی ڕەشە وەرگێڕان ببەستێت.

فەرموون با بزانین کاک « هێرش »ی بەرکار و بەرپرسی گۆڤاری گزینگ، چۆنچۆنی ڕەشە وەرگێڕانەکەی خۆی بەسەردا تێپەڕیوە.

کاک هێرش لاپەڕەیەکی پڕ لە زانیاری پێویستی، لەسەر شیعر و شاعیرێتی و ژیانی شیمبۆرسکا لەژێر ناوێ «**موتزارتی شێعر**»دا نووسیووە و لەتەک شیعرە وەرگێڕدراوەکەدا بلاویکردۆتەوە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم سەرنجی خوێنەران بۆ هەندێ هەڵەی زمانەوانی ڕابکێشم، کە ئەمڕۆ لە گەلێک وتار و نووسیندا خەریکن دەبنە «هەڵەی باو». ڕەنگە بەکارهێنانی ئەو هەڵە باوانە لە دیالێکتی ناوچەیەکدا، شارێکدا یا گوندێکی کوردستاندا بە هەڵە نەدرێنە قەڵەم. بەلام ئەمە ئەوە ناگەێنێ ئەو بەکارهێنانە کە لە ڕووێ گرامەر و لۆگیکی زمانەوانییەوە هەڵەن، ڕێگەیان بۆ خۆش بکرێ، بە تۆبزی بترینجرێنە ناو زمانێ ستاندارد و ئەدەبییەوە.

نموونە:

لە دێڕی ١٦ی ستوونی یەکەمی لاپەڕەی ٧٦ دا، کاک هێرش دەنووسێ: «...کە بە گوێرەی وتەی زۆرێک لە

نووسەرانی ناودار، » وشەی «**زۆرێک**» لەو بۆنەیەدا بە ئەزۆک دەزانم. ئەگەر نووسەر بە مەبەستی «زۆربە یا گەلێک»

بەکاری هێنابێ دیسان هەڵەیە و بەو مانایانە نایەت.

لە دێڕی ٢٦ی یەکەم ستوونی هەمان لاپەڕەدا، نووسەر دەنووسێ: «... فشار و سانسۆر لەسەر نووسەرانی ناڕازی کەمتر بووەوە،» نووسەرانی ناڕازی یا دەربڕینی لەو شێوەیە، خانووەکانی ڕووخاو، ڕووداوەکانی مێژوویی، چەند دەربڕینێکی ڕاستەوخۆ وەرگێڕدراون لە زمانی فارسی یا عەرەبییەوە. لەو دوو زمانەدا ناو کۆدەکرێتەوە و ئاوەڵناویش وەک خۆی بە تاکی دەمێنێتەوە. بەلام لە زمانی کوردیدا بە پێچەوانەوەیە، ناوەکە بە تاکی دەمێنێتەوە و ئاوەڵناوەکە کۆدەکرێتەوە. واتە: نووسەرە ناڕازییەکان، خانووە ڕووخاوەکان، ڕووداوە مێژووییەکان.

لە دێڕی ٥ی ستوونی٢ی هەمان لاپەڕەدا دەنووسێت: «هۆنراوەکانی شیمبۆرسکا وێڕای ساکاری و خۆمانەیی بوونیان،...» نازانم وشەی خۆمانەیی لەبری خۆماڵی یا میللی بەکار هێنراوە؟ هەرچۆنێک بێ خۆمانەیی لەو ڕستەیەدا نەشازە و جێی خۆی نەگرتووە. لە هەمان دێرو دێڕی دواتردا دەنووسێ: «بە سەرنجێکێ ورد و تەوساوییەوە دەڕواننە مەسەلەی بنیادەم و عیشق مەرگەوە.» وشەی تەوساویی لە چاوگی «تەوس »ەوە وەرگیراوە کە بە مانای پێچەوانە دێ. بۆ نموونە ئەگەر من بڵێم « نامەخوا کاک هێرش ئەم هۆنراوەیەی چاک وەرگێڕاوە» دیارە من لێرەدا مەبەستم لە «چاک» پێچەوانەکەیەتی کە «خراپ »ە، واتە من بە تەوسەوە بە وەرگێڕانەکەدا هەڵدەدەم. «تەوساوییە »کەی کاک هێرش لەوێدا بەو مانایە نایە کە من لێکم دایەوە. بەچ مانایەکی دێ بەکاری هێناوە؟ ئەوە تەنیا خۆێ دەتوانێ وەلامی بداتەوە. « وە »ی پاشگری « مەرگەوە » شم بۆ هەڵنایە. لە دێڕی ١٣ هەمان ستوون و لاپەڕەدا، کاک هێرش دەنووسێ: « بۆ ئاشنابوونی کەم تا کورتێک بە شێوەی.. ». «کەم تا کورتێک » م لە زمانی کوردیدا نەبیستووە دەبوو بینووسیبا «کەم تا زۆرێک».

لە دێڕی ١٦ هەمان ستوون و لاپەڕەدا و چەند جێیەکی دی ئەو نووسراوەدا وشەی «وەرگێڕانەوە» لەبری وەرگێڕان بەکار هێنراوە. وەرگێڕان: واتە گۆڕینی تێکستێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی. وەرگێڕانەوە: واتە کە کاتێ مرۆڤ لە یەکەم وەرگێڕانەکەیدا سەرکەوتن بەدەست نەهێنێ و ناچار بێ سەرلەنوێ تێکستەکە وەربگێڕێتەوە. هەر وەک لە وشەی سازدان و سازدانەوەدا، یان ژیان و ژیانەوەدا، کە پاشگری « وە » ماناکانیان لەیەک جیادەکاتەوە و بە مانای دووبارەکردنەوەی کارەکە دێ.

هۆنراوەکەی شیمبۆرسکا خانم بە نێوی (Vakan)ەوەیە، لە ڕاستیدا ئەو وشەیە زیاتر بەمانای « ئێیشک یا ئێشکگرتن » دێت. کە چەند جارێک شیعرەکەم بە سوێدییەکەی خوێندەوە، وشەی «بێداریێ »م لا پەسەندتر بوو کە کاک هێرش بۆی هەڵبژاردووە

هۆنراوەکە ئاوا دەستپێدەکات:

کۆپلەی یەکەم، وەرگێڕانێ ڕەخنەگر:

**بێداریی وەک خەون هەڵنایە.**<br>
**هیچ دەنگێکێ ناساز، هیچ زەنگلێدانێ**<br>
**ناتوانێ هەراسانی بکات.**<br>
**هیچ قیژەیەک یا هەرایەک**<br>
**ئێمەی لە چنگ بێداریی بۆ دەرنایە.**

کەچی کاک هێرش ئاوەهای وەرگێڕاوە:

**هەلاتنێک هەڵناگرێ بێداری**<br>
**وەک خەونەکان کەوا هەڵدێن لە خۆیان.**

نە زرمەیەک، نە زەنگێک
ناتوانێ بیرەنجێنێ
هیچ قیژەقیژ و دەنگێک
بێداریی ناشڵەژێنێ.

خانمی شاعیر لەو کۆپلەیەی سەرەوەدا دەیەوێ بڵێ:

بێداریی وەک خەون ترسنۆک نییە و هەڵنایە، بە هیچ هەراو هوریا و هەڕەشەیەکیش هەراسان نابێ. هێندەش دڵڕەق و بێ بەزەییە کە هیچ داد و بێدادێک ئێمەی لە چنگ بێداریی بۆ دەرنایە. بەڵام بەراستێ من نازانم کاک هێرش ویستوێتی چی بڵێ؟

کۆپلەێ دووەم، وەرگێرانێ رەخنەگر :

لە خەوندا وێنەکان
نارِوون و لێڵن
کە بواری چەندین
لێکدانەوەی لەیەکنەچوو جێدەهێڵن.
بێداریی بێدارییە و
مەتەڵێکە هێکجار گران.

کەچی وەرگێر ناوەهای وەرگێراوە:

نارِوونیی و شلوێیی
وێنەی خەون و خەیاڵن،
کەوا لێک دەدرێنەوە
هەرکام بە شێوەی جیاواز.
بێداری وریا بوونەو،
مەتەڵێکە چارەساز


خاتوو شیمبۆرسکا لەو کۆپلەیەدا ناوا بەراوردی خەون و بێداری دەکا:

وێنەکانی خەون نادیار و تەڵخن، دەکرێ مرۆڤ بە چەند شێوەیەکی لێکنەچوو بیانبینێ، بەڵام بێداریی تەنیا مانای بێداریی دەدا کە ئەویش بۆ خۆێ پەی پێ بردنی زۆر سەختە.

کۆپلەێ سێیەم، وەرگێرانی رەخنەگر:

خەونەکان کلیلیان هەن
بێداریی خۆێ دەکاتەوە و
رێگانادا کلۆمێ کەن.
لە بێدارییەوە
بروانامەی قوتابخانە و ئەستێرە بەردەبنەوە،
لە بێدارییەوە
پەپوولە و بنە ئوتوی کۆن *
کلاوی بێسەر و
کاسە سەری لە هەور، دەردەپەڕن.
لەوەش وێنەمەتەڵێک دێتە کایە
کە هەڵنایە.

کاک هێرش ناوای وەرگێراوە:



خەونان کلیلیان هەیە.
بێداریی ئاواڵەیە و
رێگە نادا داخرێ
لەویاندا دادەبارێ
کارنامە و ئەستێرە،
دادەوەرێ پەپوولە و
کۆنە شاولی ژەنگاوی
سەرکلاوەی بێ مێشک و
رەوە هەوری تمساوی.
لەمیان خانەیێک پێکدێ
کە ناکرێتەوە ناوێ.

لەم کۆپلەیەدا شاعیر پێمان دەڵێ:

خەونان داخراون دەبێ مرۆ کلیلەکانیان پەیدا بکات تا بیانکاتەوە. بەڵام بێداریی هەر بۆ خۆێ بەبێ کلیل خۆێ دەخاتە سەرپشت و رێ نادا دایخەن. بێداریی سەرچاوەی ژیانە و ژیان بەلایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەوە دەردەخستێنێ. لە لایەک بەختەوەریی و سەرکەوتن و جوانی دەخولقێنێ. لەلایەکی تریش وەیشوومە و نەگبەتی و مردن لەگەڵ خۆێ دێنێ. ئەم کەین و بەینەش نەفسانەیەکە، مەتەڵێکە کە بەکەس هەڵنایە.

کاک هێرش سێ دێری یەکەمی ئەم کۆپلەیەی تاڕادەیەک باش وەرگێراوە. پاشان لێی دەشێوێ. «ئوتوێ کۆن» کە بە ئاگر گەرم دەکرا لەم بووە بە «شاولی ژەنگاوی». «کلاوی بێ سەر»، واتە ئەو کلاوانەی کە لە سەری کەسدا نەماون و خاوەنەکانیان لەبەین چوون، ئەم بە «سەرکلاوەی بێ مێشک» وەریگێراوە جا نازانم مەبەستی لە کلاوی کەر و بێ ئەقڵە یان نا؟ «کاسە سەری لە هەور سازکراو»ی کردووە بە « رەوە هەورێ تمساوێ ». وشەی « Rebus » کە بە مانای «مەتەڵی وێنە یان وێنە مەتەڵ» دێت ئەم کردوێتی بە «خانە». «هەڵنایە» بۆتە «ناکرێتەوە ناوێ».

کۆپلەێ چوارەم ، وەرگێرانی رەخنەگر:

خەونان بەبێ ئێمە نەبوون
ئێمە ئەو کەسە ناناسین
کە بێ ئەو، بێداریی نە دەبوو
بەرهەمێ بێخەوێ ئەو
یەک بە یەکمان دەگرێتەوە
کە بێدار دەبێتەوە .

وەرگێر ناوای وەرگێڕاندووە:

بێ ئێمە نییە هیچ خەونێک.
بەڵام کەسێک ناناسین
کە بێ هۆشیارێ ژیابێ،
لە ناکامێ بێ خەوێ
لە شوێنێک ڕاوەستابێ
یا کە لەخەو هەستابێ.

لەو کۆپلەیەدا خانمی شاعیر، مرۆڤ وەک خوڵقێنەری خەون دەبینێت. خودا ، یان «ئەو» یێکی نەناس و خاوەن دەسەڵات و توانا بە خەڵقێنەری بێداریی دەزانێت ئەو کەسە هەمیشە بێدارە و خەو ناچێتە چاوێ. ڕابوون و لە خەو بێداربوونەوەی ئێمەش بە بەرهەمێ بێخەوێی و شەونخوونی ئەو کەسە نەناسراوە دادەنێ. ئەمەش تێڕوانینی فەلسەفییانەی شاعیرە بۆ ژیان و واقیع. کاک هێرش تەنیا یەکەم دێری ئەو کۆپلەیەی دروست وەرگێڕاوە. لە دێرەکانی دیدا ئەم هەڵە زۆر زەقانە دەخەمە ڕوو. « کە بێ ئەو بێداریی نە دەبوو » کردویەتێ بە « کە بێ هۆشیارێ ژیابێ» ، « یەک بە یەکمان دەگرێتەوە» بووە بە «لە شوێنێک ڕاوەستابێ » ، «کە بێدار دەبێتەوە» بووە بە « یا کە لەخەو هەستابێ» .

کۆپلەی پێنجەم، وەرگێرانی رەخنەگر:

ئەوە خەو نییە کە شێتە،
شێت .. بێدارییە،
بە هۆێ ئەوکەڵلەڕەقییەوەیە
کە بێداریی سوورە لەسەر
رەوتێ ڕووداوەکان.

وەرگێر ناوەهای وەرگێڕاوە:

ئەوە خەو نییە کە شێتە،
بێداری دیوانەیە،
لە سایە خۆڕاگرێ
سەرگەرمێ بەرەنگاریی
ڕووداوی زەمانەیە.

لەم کۆپلەیەدا شاعیر باسێ توند و تیژ و چۆنێتی فەرمانڕەوایی بێداریی دەکا. کە بە

میتۆدی شێتگیرانە و کەللەڕەقیانەی خۆی سوورە لەسەر وەپێشهێنانی چاک و خراپی ڕووداوەکانی ژیان. لەو کۆپلەیەشدا وەرگێڕ دوو دێڕی یەکەمی سەرکەوتووانە وەرگێڕاوە بەڵام ئەوەکانی تری وەرگەڕاندووە. «بە هۆی ئەو کەللەڕەقییەوە» بۆتە «لەسایەی خۆڕاگری»، «کە بێداریی سوورە لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان.» بۆتە «سەرگەرمی بەرەنگاریی ڕووداوی زەمانەیە.»

کۆپلەی شەشەم، وەرگێڕانی ڕەخنەگر:

**ئەو کەسەی تازە مردووە**

**هێشتا لە خەونەکانماندا زیندووە**

**تەنانەت لە تەندروستیدا**

**لە هاتنەوەی لاوێتیدا.**

**بێداریی جەستەی مردووی ئەومان**

**دەخاتە پێش چاو**

**بێداریی بە ئاستەم خۆی لادەدا.**

وەرگێڕ:

**هێشتا لەخەونا دەژی**

**ئەوەیکە وادەمێکە ئێمەی بەجێهێشتووە،**

**تاکوو لە جێژواندا**

**گەنجێتی بێنێتەوە.**

**دەچێتە نێو گیانی مردووی ، بێداری**

**لەپێش چاوی هەمووواندا.**

**بێداری یە قەفێک نانوشتێتەوە.**

شاعیر بەراوردێکی تری خەون و بێداریی دەکا، دەڵێ ئەو کەسەی کە تازەگی بەجێی هێشتووین و مردووە، هێشتا ئێمە خەونی پێوە دەبینین و لەخەونەکاندا وەک جاران زرپ و زیندووە و تەنانەت خەون بەزەمانی لەشساغی و لاوێتیشیەوە دەبینین.

کەچی بێداریی هێندە حەق و ڕەقە لاشەی مردووی کەسەکە فڕێدەداتە بەرچاومان، خەونەکان بەتاڵ دەکاتەوە، بێداریی کون لە جەرگیا نییە و لە هیچ شتێک کۆ ناکاتەوە.

پێدەچێ وەرگێڕ سەراسەری ئەو شیعرەی بەهۆی فەرهەنگی زمانەوە وەرگێڕابێ، ئەو مانای گەلێ وشەی زانیوە بەڵام نەیزانیوە پێکەوە چ مانایەک دەدەن.

«بێداریی جەستەی مردووی ئەومان دەخاتە پێش چاو»ی سەرجەم کردووە بە «دەچێتە نێو گیانی مردووی ، بێداری لەپێش چاوی هەمووواندا»، «بێداریی بە ئاستەم خۆی لانادا» (لێرەدا وشەی «نینجێک»م کردووە بە «ئاستەم» ئەوەش لەبەر زمان وچێژی شیعریی)، کەچی ئەو ناوای لێکردووە: «بێداری یە قەفێک نانوشتێتەوە.» دیارە «قەف» لەبری «نینج» و «ئاستەم» ـە کەی من دانراوە، بەڵام بە نەنوشتاوەیی.

ئاخۆ «جێژوان» کوێندەرییە و لە کوێوە پەڕیوەتە ناو ئەم شیعرە؟ من وەڵامێکم بۆی نییە.

کۆپلەی حەوتەم، وەرگێڕانی ڕەخنەگر:

**خەونەکان هێندە کەمخایەنن**

**یاد بە ئاسانی لە کۆڵ خۆیانی دەکاتەوە**

**بێداریی لە بیرچوونەوە ناترسێ**

**بێداریی لە دارێکی پتەو دروستکراوە**

**لەسەر ملمان دانراوە ،**

**قورسایی دادەنێتە سەر دڵمان**

**لاق دەخاتە بەر لاقمان،**

وەرگێڕ:

**خەونەکان زوو تێپەڕن**

**کە مێشک سووک دەتوانێ خۆی لێیان هەڵتەکێنێ.**

**فەرامۆشی هەڵناگرێ بێدارێ.**

**ئەو وەک ئەڵواری سەختە،**

**وەک نیر لەسەر ملمانە،**

**وەک بار لەسەر دڵمانە،**

**داکوتراوی لەشمانە.**

دیسان شاعیر بەراورد لەنێوان خەون و بێدارییدا دەکات خەون زۆر ناخایەنێ، بە ئاسانی بیردەچنەوە و هیچ کاریگەرییەکی کۆنکریتیان لەسەر لاشە و ژیانمان نامێنێ. بەڵام بێداریی سەرسەختە و لە دار و تەختەی پتەو دروستکراوە. هەست بە بوون و ناڕەحەتی قورساییەکەی دەکەین، کار لە دڵ و دەروونمان دەکات. ڕێگای ژیانمان لێ بەربەست دەکا.

ئەم کۆپلەیە بە بەراوردکردن لەتەک ئەوانی دیدا زۆر هەرزان قورتار بووە. هەرچەندە لە هەندێ لاوە کلک وگوێ کراوە .

نموونە «بێداریی لە بیرچوونەوە ناترسێ» کراوەتە «فەرامۆشی هەڵناگرێ بێداریی»، وشەی «نیر» و «بار» لەلایەن وەرگێڕەوە خراوەتە سەر شیعرەکە، «لاق دەخاتە بەر لاقمان» کراوەتە «داکوتراوی لەشمانە». لەڕاستیدا وشەی «ئەڵوار» کە لە بری «Virke»ی سویدی و «دار»ی کوردی بەکارهاتووە، ناتوانم شتێکی لەسەر بڵێم چونکە نازانم بە چ مانایەک دێ.

کۆپلەی هەشتەم ، وەرگێڕانی ڕەخنەگر:

**کەس ناتوانێ لە بێداریی هەڵبێ**

**چونکە لە هەڵاتندا بەدووماندا دێ.**

**لەسەر ڕێگەی دوور و درێژماندا**

**وێستگەیەک نییە**

**بێداریی لێ ڕانەوەستابێ و**

**چاوەڕێ نەبێ.**

بەڵام کاک هێرش ئاوەهای شێواندووە:

**ڕەوەک نابێ بێدارێ،**

**چونکە ئەو لەگەڵمانە.**

**شک نابەین سەرپەناییێک**

**بۆ سەفەری ڕێی دوورمان**

**نەکەسێک ڕاوەستاوە و نەکەسێک چاوڕوانە.**

شاعیری پۆڵۆنی، خانمی شیمبۆرسکا لەم کۆپلەیەدا باسی دەسەڵات و دەستی درێژی ئاسنینانەی بێداریی دەکا، کەس ناتوانێ لەدەست بێداریی هەڵبێ. بێدارێ لە هەموو جێگەیەکە، بۆ هەر جێگەیەکیش هەڵبێین ئەو لەگەڵماندایە. بە درێژایی ڕێگەی کاروانی ژیانمان تاکە یەک وێستگەش نییە بێداریی لێ نەبێ و یەخەمان پێ نەگرێ. واتە ئێمەی مرۆڤ چارمان هەر خۆ بەدەستەوەدانە، هیچمان لەگەڵ بێدارییدا، کە چارەنووسمان دیاری دەکا، بۆ ناکرێ. کەچی کاک «هێرش»ی وەرگێڕ وا تێگەیشتووە: لەبەرئەوەی بێداری ڕەوەک نابێ و هەمیشە لەگەڵماندایە، پەنایەک شک نابەین بۆ سەفەری ڕێی دوورماندا، کەسیش لەو ڕێگەیەدا ڕانەوەستاوە، چاوەڕوانی و پێشوازیمان لێ ناکەن.

خوێنەری بەڕێز... تۆ پێت ڕەوایە ئەم شێواندنەی کاک هێرشی «وەرگێڕ» بەسەر کاک هێرشی «بەرپرسیار»ی گۆڤاری گزینگدا وەک وەرگێڕان تێپەڕ بێت؟ ئەمە ئەگەر پاشاگەردانی و لاسایی کردنەوە نەبێ چییە؟

تۆ دەڵێی چی؟ ■

* بنە ئوتوێ کۆن «gamla strykjarn-slod» مەبەست لەو ئوتوە کۆنانەیە کە یان وەک ئاگردان پشکۆیان تێدەکرد، یان دەیان خستە سەر ئاگر تا گەرم دەبوو ئەوجا ئوتوی جلوبەرگیان پێدەکرد. لە وڵاتی ئێمە جۆری پشکۆکەیان باوبوو کە پێی دەگوترا ئوتوی خەڵوز. جا لەبەرئەوەی ئەو وشەیە لە فەرهەنگەکاندا نییە: کاک هێرش بە تەنیا وشەی «Lod»ی وەرگرتووە و وەریگێڕاوە ، کە بە مانای شاوڵ دێت.

کورتە چیرۆک:

# ژیکۆند لە کوردستاندا

● سەلاحی گوڵئەندامی ●

لە دەلاقـەیەکی نەوییـەوە «چەکـۆ» چاوی لە دیمەنی زسـتـان دەکرد. بەفـرێکی قـورس دەباری، هەتا چاو هەتەری دەکـرد، وڵات سـپی دەچوو. «چەکـۆ» بیری لەو سـەفـەرە دەکردەوە کـە دەبوایە سـاڵی داهاتوو دەسـتی پێکردبا. مـانەوە لە وڵاتێکی ئورووپایی گۆڕانکاریەکی گەورە بوو کە لە ژیانیـدا پێکدەهات. وەدیهـاتنی ئاواتەکـانی لەو سـەفـەرەدا دەدی، بەڵام ئەخـتـوچاری دەکـرد، دڵی لە وڵاتی خۆی نەدەبڕوە؛ بەتایبـەتی دووری لەو گـوندەی سێ سـاڵ بوو لێی دەژیا، چەتوون بوو.

لەودەمـەدا «چیـا» بە هەڵەداوان خۆی گـەیاندە بەر دەرگـا، هەناسـەبڕکێی بوو. دەسـتە بچـکۆڵە سـپی وڕەقـەڵەکـانی کـەسـیـرە بوون، بە هەڵمی زاری دەستەکانی گەرم کردەوە و گوتی: مامۆستا دادم زۆر نەخـۆشـە، لە هۆش خـۆی چووە، دایـکم گوتی بڵێ مامۆستا گازکە.

«چەکـۆ»سـێـودووی لێنەکـرد، لە گـردەکـە شـۆڕبۆوە، بەرەو خـانووەکـانی پشت مـزگـەوت هەڵکشا، لەبەر دەرگـا سـەروکێـلاکی تەکـاند و وەژوورکەوت.

دیوەکـە کپ بوو، گـرفـە گـرفی سـۆبەی داری تێکەڵاوی نـووزەو ناڵـەی بەئاسـتـەمی «ڕووناهی»دەبوو، دیوە کـە زۆر گـەرم بوو، بەو حاڵەش دو سێ لێفەی خورییان بە سەردا دابوو. هەمـوو بێدەنگ چاویان لە زاری «چەکۆ»بڕیبوو بزانن دەڵێ چی. تاوس خـوشکە گـەورەکـەی «ڕووناهی» لە کاتێکا لانکی بەردەمی ڕادەژاند، گوتی:

ــ مامۆستا چ بکەین؟ بەستزمانە دوو مانگی ڕەبەقـە بەجێ و بان کـەوتووە. دەترسـێم تێـدا بچێ؟

«چەکـۆ»لە شـووشـەی توڵخی هەڵمگرتووی پەنجـەرەڕا چاوێکی لە دەرێ کـرد و گـوتی: چاولـێکە، بەفـر دەگـاتە مـلان، تەیر ئەوبەرئەمبەرێ ناکا. بمانهەوێ بە سواری چارۆێ بیبـەینە شاری لە سـەرمـان ڕەق هەڵدێ. هیچ دوکتورێکیش حازر نییە ئەو ڕێگە دوور وسەختە ببڕێ.

دایکی «ڕووناهی» لە تەنیـشت سـۆبەکـەوە دەسـتـەوئەژنۆ دانیـشـتـبـوو، بە سـووچێکی لەچکەکەی فرمێسکەکانی سڕیەوە و گوتی: دەسـتم بە داوێنت مـامـۆسـتـا، لەبەر ئەو کـەوشـانەت مـرم، چارەیەک، ڕێگایەکـمـان بۆ ببینەوە. «چەکۆ»چاوێکی لە «ڕووناهی» کرد. ڕەنگی پەڕیبوو، گەرمای سۆبە و تاوتێ نێوچاو و بەرملی تەڕکردبوو، دەستی لە سەر نێوچاوانی دانا وگوتی: خێواوکێکی بۆ بگرنەوە، پاشان لە کـوتە کـاغـەزێکدا چەند جـوور دەوا و دەرمـانی نووسی و دای بە «ئاگری» بچێتە شار وخێرایەک بیانهێنێتەوە.

ئاگـری، لاوی بوێر و بەخـۆوەی گـوندەکـەیان بوو، تازە دەگـەیشـتێ، سـەرمـا و گـەرمـای نەدەزانی، بە تاڵووکە سەگورگەکەی وەدوای خۆی دا و وەڕێکەوت. بۆ ئێـوارەی ڕۆژی دوایی کـە گـەیشـتـەوە ناو دێ، دوو سـەعـاتێک دەبوو«ڕووناهی»یان تەسلیم بەخـاک کـردبوو، بەردێکی درێژ لە ژوور سـەری کـە لەچکەکـەی خۆی تێهـاڵابوو، قـەبرەکەی لەوانی دیکە جوێ دەکردەوە.

زسـتـان ڕۆیی، بەفـر توایەوە، بەهارهات و «چەکۆ»چەند وێنەی بۆ بیرەوەری لە قوتابییەکان و خـەڵکی دێ هەڵگرتەوە. دە ڕۆژ لە وەرزی هاوین تێپـەڕیبـوو کـە «چەکۆ»بەرەو ئیـتـالیـا کەوتەڕێ.

***

لە سـەر تاشـەبەردێک ڕوو بە دەریای پڕ شـەپۆلی (ترینۆ) دانیـشـتـبـوو. چاوی لە بەرزبوونەوە و خۆشـۆڕکردنەوەی مـاسیگرەکان دەکرد. دەستی برد و دەفتەری بیرەوەرییەکانی هەڵدایەوە، نووسرابوو:

«لە شـەمـەندەفـەر دانیـشـتووم، لە دەرەوە بەفـر دەبارێ، دایەگیـان هەتا بەفر دەبارێ وەبیر پرچی سپیت دەکەومەوە. نازانم بۆ «ڕووناهی» جاری وایە بەڕاسـتی واهەست دەکـەم بێـتـوو سـەرم هەڵێنم سەرم وە ئاسمان دەکەوێ، بڵێی ئەوینی دووری خـۆشـەویسـتـان منیـان هێندە بەرز کردبێتەوە؟! یان نا ئاسمانی نامۆیی هەروا نەوی یە. دیسـان دڵم پڕە، لێـرە تەنیـا فـرمێـسک دەتوانێ مـەتت کا و بەرەنگاری هێرشی مـەرگ بێ. ئەوڕۆ دوو سـاڵ وسێ ڕۆژە لێـرم».

«چەکـۆ»لاپەڕەیەکی دیکەی هەڵداوە، چاوی بە چەند پەڕی ئیشکبووی گوڵەکێوی کەوت کە بە دەفتـەرەکەیەوە لکابوو. لووتی پێوەنا، هێشتا بۆنی بەهاری لێـدەهات. بەهـار بوو، ڕۆژێ «چەکـۆ»چووبۆوە دیوەکـەی خـۆی، چەپکێ گوڵەکێوی دیبوو لە قوتولکەیەکا لەبەر پەنجەرەدا دانراوە. وەخـتێ لە دەلاقـەوە چاوی لە دەرێ کـردبوو، «ڕووناهی» دیتـبـوو بە هەڵەداوان لە گردەکە خەریک بوو شۆڕبێتەوە، دستی بردبوو جـوانتـرین گـوڵە کـێـوی خـسـتـبـوە بەینی دەفتـەرەکەی. هەر ئەو دەفتـەرە بوو لە دواییـدا بیرەوەرییەکانی خۆی تێدا نووسیەوە.

«چەکۆ»هەستا و لێواری دەریای گرتەبەر. لای ئێـوارە بەرەو (ڕۆم) وەڕێکەوتەوە. شـێـوی لە ریسـتـورانێک خـوارد و وەک زۆربەی ڕۆژانی دیکە بە بەر کلێـسـای حـەزرەتی مـەریەمـەدا تێپـەڕی. دوو کـۆڵان ئەوبەرتر دەرگـای خانووی ژمارە ٢١ی کردەوە و چوە ژوورەوە. تەلەڤیزیۆنی هەڵکرد و لە سەر تەختی خەوەکەی پاڵکەوت. تەلەڤـیـزیۆن پیـرەپیـاوێکی نیـشـان دەدا لە ژێر سێبەری دارێکا لە سـەر کـورسـیـیـەک لە گـەڵ سەگەکـەی دانیـشـتووە. پیـاوێکی کـەڵەگـەتی دەمـوچاو گـرۆێ دەچێـتـە لای و دەست دەکـا بە قسەکردن: بینەرە خۆشەویستەکان! چۆنیـەتی ژیانی پیرەکان، تاسەوئاواتیان، ویستوخوازیان لەو سـەدەیەدا پێـویـسـتی بە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و وردبینانە هەیە. ئێستە سەرنجی ئێوە بۆ وتووێژێک کە لەگەڵ ئەو پیرە پیاوە دا دەیکەین ڕادەکێشین:

* شتێکی سەیر منی بۆ لای تۆ ڕاکێشاوە، دەزانی مەبەستم کێهە شتە؟

←

ـ چ شتێکی سەیر نابینم.

* مەبەستم ئەو تاجە زێڕینەیە کە لە سەر ئەو سەگەت ناوە. دەکرێ بڵێین فەلسەفەی ئەو کارە چییە؟

ـ کێهە فەلسەفە، فەلسەفەیەکی ناوێ. من و ئەو سەگە چەند ساڵە پێکەوە دەژین، بەر لەوەی ئەو سەگە ببێتە هاواڵم بەڵێنم بە خۆم دابوو هەرکەس لە پوچیی ژیان دەرمهێنێ بە جۆرێک کە هەست بە تەنیایی نەکەم، تاجێکی زێڕینی لە سەر دەنێم.

* لە پێشوودا چکارە بوون؟

ـ زۆر زوو سەرتیپی هێزی ئاسمانی بووم. ژن ومنداڵەکەم لە وەرگەڕانی ماشێندا تێداچوون، ئیدی لەوکاتەوە، هاتمەدەرێ وژیانی تەنیاییم دەستی پێکرد. ئاخر دەزانی چۆنە؟ هیچ کەس وەک خێزانم نایەتەوە (بە پشتی دەستی فرمێسکەکانی دەسڕێتەوە).

* لەوەیکە خەمبارم کردی، داوای لێبووردنم هەیە. دوایین پرسیارم ئەوەیە هەروەک دەزانین سەگ تەمەنی کورتە، ئەگەر سەگەکەت بتوپێ، ئەو تاجە لە سەر کێ دەکەی؟

کابرا پیرە تووڕە بوو، هەستا حەوا، هەرای سەگەکەی کرد و دوور بۆوە، پاشان ئاوڕێکی داوە و گوتی:

ـ قسەی سەیر دەکەی، بۆ ناڵێی منی پیری لاکەوتە هاتوو زووتر مردم؟ تازە گریمان واش بێ، خۆ من دیۆژێن نیم چرایەک هەڵگرم و بە ڕۆژی ڕووناک لە ئینسان بگەڕێم. من سەگێکم پێویستە، چ زۆرە سەگ.

«چەکۆ»قامکی بە دوگمەی تەلەڤیزیۆنەکەوە نا، وەتاغەکە بێدەنگ بۆوە، تەنیا دەنگی بە ئاستەمی کوسێتێکی شادی عەرەبی لەو دیو دیوارەکەوە بەگوێدەگەیشت. یەکراست چوە بەر تابلۆی «بزەی ژێکۆند». مەگەر دەگەمن، ئەگینا هەموو شەوێک لە بەرانبەر ئەو تابلۆیەدا ڕادەوەستا، لە ڕوانینی و بزەی دەفکری، ئەو کات خەیاڵ بەرەو دنیای بێ سنووری جوانی هەڵیدەگرت.

ئەوەڵجار کە ئەو تابلۆیەی دیت ڕۆژێکی بارانی بوو. بە بەر دوکانی تابلۆفرۆشێکدا تێدەپەڕی، تابلۆی ئافرەتێک سەرنجی ڕاکێشا؛ هێندێک لێی ڕوانی، لێی خوردبۆوە، لەپی دەستی نایە بەر دەم ولووتی، دوو چاوی پڕ نهێنی کە سێحراوی دەڕواننە شوێنێکی نادیار. لێی دوور بۆوە، چوو نێو قووڵایی چاوەکانیەوە.

سەرنجی دایە لێوی زەردەگرتووی، هێندێک ڕۆیشت، بەڵام هێزێک گێڕایەوە، دیسان ڕاوەستا، خۆشیەکی تێکەڵ بە نهێنی ئاخی هەژاند، تروسکەی خستە چاوەکانی، باران ئازای لەشی تەڕ کردبوو، ئاوی لێدەچۆڕاوە، دەتگووت جادوو کراوە، چرتەی نەدەکرد. خاوەن دوکانەکە لەمێژبوو لە ژوورێ ڕا سیلەی چاوی دابوویە، چوە دەرێ دەستی لە شانی «چەکۆ»دانا و گوتی: ـ فەرموو وەرە ژوورێ، بارانە، نەخۆش دەکەوی.... «چەکۆ»هێندێک خۆی ڕاوەشاند، شنێلەکەی تەکاند و چوە ژوورەوە.

ـ زۆربەی هونەرمەندەکانی ئەو شارە دێنە ئێرە، کەسم نەدیوە تائێستا وەک تۆ ئاوا سەرنجی دابێتە (ژێکۆند)، ببوورە جەنابتان وێنەگەرن؟

ـ نا بەداخەوە، ئەوەی تێبینەگەم وێنەگەری یە.

ـ بە ڕواڵەت وێدەچێ خەڵکی ئێرە نەبن.

ـ ڕاستە من خەڵکی کوردستانم، لێرە لە کالێجی پزیشکی درێژە بە خوێندن دەدەم. ئەوەی گوت وچوە لای تابلۆکە. ڕووی بە تەواوی وەرسووڕاندە لای خۆی. تابلۆکە شۆقی کەمڕەنگی گڵۆپێکی سەوزی کەوتبوە سەر.

ـ ئەگەر وێنەگەر نەبن، پێموایە ڕازێک لە نێوان تۆ وئەو تابلۆیەدا هەیە.

ـ من کەسێکم خۆشدەویست، ئافرەتی ئەو تابلۆیە ئەگەر تەمەنی هێندێک کەمتر و چاوەکانی ئەختێک گەشتر با، ئیدی ڕاست دەبووبەئەو، «ڕووناهی»، ئاخ «ڕووناهی»... لەگەڵ وای گوت، ئاو گەڕایە چاوەکانی.

ـ خەمت نەبێ ڕۆژێ دەچییەوە دەیبینی. لاوێتی هەر ئەوانەی خۆشە، گریان، پێکەنین، بێ ئۆقرەیی... هەموو شتێک مانای تایبەتی خۆی هەیە.

ـ بەڵام «ڕووناهی» نەماوە. مردووە.

ـ مردووە؟!

ـ زستان بوو... بەفر وسەرما... لە ولاتی مە ئەگەر زستان بێ، مکافاتە گوندنشین بی و نەخۆش بکەوی. ڕێگا نەبوو بیبەینە لای دوکتور. ئەگەر بەهار با دڵنیام نەدەمرد.

خاوەن دوکانەکە، سەرسوڕامانێک ڕەنگی ڕووی پەڕاند. مات بوو. «چەکۆ»گوتی: من ئەو تابلۆیە دەکڕم نرخی چەندە؟

کابرا تابلۆکەی دایەدەستی و گوتی لە ژێری نووسراوە. «چەکۆ»قامکی لە سەردانا وخوێندیەوە! «بزەی ژێکۆند»، دەهەزار لیر.



پاشان قامکی گوێستەوە و بردیە سەر گۆشەی چاوی «ژێکۆند»و بە دەنگێکی بەئاستەم لەرزیو گوتی: ئەو چاوانە زۆرتر دێنن، یەکجار زۆرتر، تەنانەت بە بڕوای من بۆ سەوداش نابن. ئەو ڕوانینە، ئەو پێکەنینە، بەڕاستی زوڵمە. پیاوەکە گوتی: هەر وایە تابلۆی ئەسڵی نرخی لە سەر داندراوە، لە کڕین نایە.

بۆ ڕۆژی دوایی «چەکۆ»تابلۆکەی کڕی و ڕوو بە تەختی خەوەکەی هەڵیناوەسی. لەو کاتەوە ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە ژیانی نامۆیدا پێکهات. هەرچەند جارێ لەو تابلۆیە دەفکری وای هەست دەکرد تەنیا نییە. هەر بۆیە بەخۆی گوت بڵێی ئەو گۆرانییە عەرەبییە ئارامشی «ژێکۆند»نەشێوێنێ؟! لە دواییدا چوە پێشتر دەستی بەسەروپرچی دا هێنا و تێرتێر چاوەکانی ماچ کرد. بە مێشکیدا هات: ئەگەر وەک مەسیح هەناسەم مردووی ژیاندباوە، ئەوکات ژێکۆندم زیندوو دەکردەوە. ئەوە جاری ئەوەڵی نەبوو وەها تاسەیەک خەیاڵی دنە دەدا. بەڵام ئەوجار وەها شێت و مەستی ئەو بیرکردنەوەیەی خۆی بوو لێوی بە لێوی«بزەی ژێکۆند»ەوە نا. بە تەواوی هێز و قەوەتی هەناسەی ناو سینگی

ڕژانده دەمی سارد و سڕی، جارێک، دووجار، زۆرجار... ئەوکات لە بێ دەسەڵاتیان فرمێسکەکانی تکا سەر کوڵمەکانی «ژێکۆند» و پێیدا چۆڕاوە. لەودەمەدا «ژێکۆند» وەکوو «ڕووناهی» دەچوو کە ژان وەگریانی دەخست بەڵام کە «چەکۆ»ی دەدی بەئانقەست پێدەکەنی. «چەکۆ» بە گریانەوە گوتی: «ڕووناهی» گیان! من دەزانم دەردت گرانە و بە قەست پێدەکەنی... وای گوت وبە قامکی کۆڵمەکانی سڕیەوە.

هەر ئەو شەوە لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا نووسی: ئەگەر هیچ کەند وکۆسپێکم بۆ نەیەتەپێش. ڕۆژی پێنجشەنبە لە تورکییەم. مانگێکم داناوە وەدوای جێوشوێن، هەروەها وەدەسهێنانی کەرەسەی پزیشکی بکەوم. ئەگەر وابێ پاییز ڕێگەی گوندەکانی وڵات دەگرمەبەر. بڕوایەکی سەیر و لەگەڵ ئەوەشدا پتەو ڕەگ وڕیشەی لە دەروونمدا داکوتاوە. بڕوا بە موعجیزەی ژیانەوە. دەمەوێ «ژێکۆند» زیندووکەمەوە، ئەگەر قەرار بێ تەنانەت تەواوی هێزی خۆمی بڕژێنمە ناخیەوە، بە جوورێک کە ڕوحم بچێتە ناو لەشی ساردوسڕی، بۆخۆم بمرم وئەو بژی. ئەو بژی، تا بزانێ بۆ هەستانەوە و ژیانەوەی، ئەویندارێ گیانی دانا. هاندەری من ئەوینێکی ساکاری کێویلکەیە.

***

بەفر شاری (وان)ی سپی هەڵگێڕابوو. «چەکۆ»لە پەنا سۆبەکە خەریکی ڕێکوپێک کردنی دەواکان بوو کە قسەکانی شەوی ڕابردووی دایکی بیر کەوتەوە. ئەو گوتبووی: «لەیلای خوشکەزام پڕ بە دڵ ئەتۆی خۆشدەوێ، خۆت ئاسایی خوێندەوارە، بۆ یەکتری دەبن، حا لەکەنگێوە لە سەر تۆ ڕاوەستاوە». «چەکۆ» گوتبووی: من کەسێکم دەوێ وێڕای من گوندەکانی وڵات بکا... پاشان قسەکانی لەیلای بیر کەوتبۆوە کە گوتبووی: مادامێکی من لە (ئانکارا) باشتر و ئاسوودەتر بژیم چم بەو چەرمەسەرییە داوە؟ بۆیە «چەکۆ»ڕقی هەستابوو و وەڵامی دابۆوە: دایەگیان لەیلا وەکوو گلۆپەڕەنگاوڕەنگەکانی کازینۆی (ئانکارا) جوان و بێ ڕووحە، من تاڵەموویەکی «ژێکۆند» بە هەزار خوێندەواری وا نادەم. دایکی گوتبووی: «ژێکۆند» کێیە؟ ناوی وام تائێستا نەبیستووە. «چەکۆ»گوتبووی: دایە گیان ئافرەتێکە بە کەیفی تۆ، لەوەتا دەیناسم پێدەکەنێ.... ئەوکات ئەوەندە بە قسەی خۆی پێکەنیبوو، فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتبوونە خوارێ.

«چەکۆ»کەل و پەلی پێویستی دەستدایە و بە تاڵووکە وەدەرکەوت. دەرێ سارد بوو، قۆپچەی شنێلەکەی داخست و خۆی گەیاندە گاراج. لە ڕیزی پێشەوەی پاسێک دانیشت. شۆفێرکە ملی لە پەنجەرەوە بردە دەروە و هاواری کرد: گەوەڕ گەوەڕ.... «چەکۆ»بە هەڵمی زاری هێندێک دەستەکانی گەرم کردەوە. سەرما وسۆڵ خەیاڵی بردەوە دیوە چکۆڵەکەی ساڵانی پێشوو، هەر ئەو دیوەی کە ببوو بە بنەکەیەک بۆ کاری دوکتورایەتی و لەوێوە بەرەو گوندەکانی دیکە وەڕێدەکەوت. ئێستا «ژێکۆند»لەو دیوە چکۆڵەدا بوو. بە خۆی گوت: بڵێی لەو دیوە سارد وسڕەدا کەسیرە نەبێ. پاسەکە وەڕێکەوت و «چەکۆ»بەو خەیاڵەی خۆی زەردەیەکی هاتێ. کە گەیشتە (گەوەڕ) و دابەزی بیرێکی لەو زەردەی خۆی کردەوە. بۆ ساتێک وای هەست کرد بەدەم ولێوی «ژێکۆند» زەردەی هاتۆتێ. پاسی (شەمزینان) دەهات وەڕێبکەوێ، دوو ڕیزی مابوو بۆ پێشەوە لای پەنجەرە دانیشت. بەفرێکی قورس کەوتبوو، ڕێگە بەستبووی، پاسەکە بەکاوەخۆ دەڕۆیشت. «چەکۆ»چیرۆکی (ئەفسانەی چیای ئاگری) لە سەر ئەژنۆی دانابوو و دەیخوێندەوە. سەری لە سەر هەڵنەدگرت تاکوو پاسەکە لە نێو ڕێگادا ڕاوەستا و عەسکەرێک وەژوور کەوت و یەک یەک پێناسی هەموانی چاو لێکرد. «چەکۆ»بە قۆڵی کراسەکەی هەڵمی شووشەکەی خاوێن کردەوە. دیتی پیاوێکی پیر و کچێکی کەڵەگەتی بەلەبارێکە لە بەر بەفر ڕاوەستاون. کچەکە لەپی دەستەکانی لێک دەخشاند و دم و لووتی بە لەچکەکەی هەڵبەستبوو. لەولاتر عەسکەرێکی چەک لە شان وردکەنانی بۆ سەگی ئەو بەرتێل درووەکان دەهاویشت. پاسەکە دەهات وەڕێکەوێتەوە کە پیاوە پیرەکە دەرگای کردەوە، بە کڵاوەکەی سەری بەفری سەر وگوێلاکی تەکاند و وەسەرکەوت. لە تەنیشت «چەکۆ»دانیشت و قۆپچەی کۆتە ئەستوورەکەی شلکردەوە.

هەتا پاسەکە دووربۆوە، «چەکۆ»چاوی لە سەر کچە هەڵنەگرت. دوایە ملی وەرسووڕاند، هێندێک دە پێلاوە جیرەکانی پیاوەپیرە ڕاما و لێی پرسی: ببوورە مامەگیان ئەو ئافرەتە لەگەڵ تۆ نەبوو؟ پیاوە پیرە کە لەو وەختەوە نێو چاوانی تێکنابوو، گرێی نێو چاوانی کردەوە و گوتی: کچمە، نەخۆشە، دەمەویست بیبەمە (وان)ێ، پێناسی پێنەبوو. گوتیان دەبێ بچیەوە و پێناسەکەی بۆ بێبی.

ـ ماڵت لە کوێیە؟

ـ دەوروبەری (شەمزینان)، دەترسم نەشگەمەوە.

ـ کچەکەت چییەتی، کوێی دێشێ؟

ـ جا چوزانم، هەرچی دەیخوا دەیهێنێتەوە، تف ڕۆ دەکا، تفەکەی هەر خوێنە.

«چەکۆ»و پیاوە پیرەکە هەتاکوو گەیشتنە (شەمزینان) پێکەوە قسەیان کرد. ئەوێ یەکجار سارد بوو، تفت هەڵاویشتنبا دەیبەست. «چەکۆ»خۆی کرد بە چایخانەیەکدا و لەوێ چاوی بە «ئاگری» کەوت و کەرەسەکانی دایە دەستی تاکوو لە پشتی چارۆییان تاقەت بکا.

کە گەیشتنەوە گوندی، دیوەکەی سارد وسڕ بوو. سۆبەکەی داخست و چراگرسۆزەکەی هەڵکرد. پاڵی دایەوە و دەستی کرد بە خوێندنەوەی پاشماوەی چیرۆکی (ئەفسانەی چیای ئاگری). هەروا کە دەیخوێندەوە چاوی بە نووسراوەی ژێر لاپەڕەیەک کەوت. بە خەتێکی درشت نووسرابوو: («ژێکۆند» بێ بزەی تۆ دنیا تاڵە. پێنجشەنبە کاتژمێر ٥/٤لە ناپڵ ـەوە بەرەو ڕۆم وەڕێکەوتووم). «چەکۆ» کتێبەکەی دانا. چاوی لە «ژێکۆند» بڕی. «ژێکۆند» حا... لە کەنگێوە پێدەکەنی، بە کێ پێدەکەنی؟ بە من؟ بە خۆت؟ بە بێدەسەڵاتیم کە ناتوانم زیندووت کەمەوە. چەتوونە «ژێکۆند» لە نهێنی پێکەنینت بگەم. تەنیا دەبێ زیندوو ببیەوە و خۆت لە پێکەنینت بدوێی.

***

شەوێکی دووهەم مانگی هاوین بوو. بایەکی فێنک بە پەنجەرەی نیوەکراوەدا دەهاتە ژوورێ. سەعاتێک دەبوو «چەکۆ» هەناسەی سینگی دەڕژانده سەر لێوی «ژێکۆند»، سەرنجی دەدایە، دەتگوت شەپۆلی خوێنێک بە کۆڵمەکانیدا دەگەڕێ، گوێی بە سینگیەوە نا. بە ئاستەم گوێی لە لێدانی دەبوو. دەستەکانی وەلەرزین کەوت. دیسان هەناسەی... لێی کشاوە، تێی فکری، زەینی دایە، لە پڕ دیتی پرچی دەشەکێتەوە! لێوی ئاسکی جووڵاندەوە! بزەکەی بوو بە پێکەنین! نەرم و هێدی لە چوارچێوەی تابلۆکە هاتەدەرێ! ترسێکی گەورەی تێکەڵ بە بێقەراری، تەز ومووچوڕکی بە لەشدا هێنا. «چەکۆ» لە کاتێکا سەرسووڕمانی چاوەکانی

گەورە کردبۆوە، گوتی: «ژێکۆند» لە مێژ ساڵە خولیای زیندوو بوونەوەتم.

«ژێکۆند» گوتی: ساڵهایە دەم بەپێکەنین بە مردوویی هاتوومە دنیا؛ ئەگەر خەمی زۆر گەورەشم بووبێ نەمتوانیوە بگریم. من مەحکوم بە پێکەنینێکی هەمیشەیی بووم.

«چەکۆ» بیری کردەوە وا باشە بەر لەوەی خەڵکی گوندەکە پێبزانن «ژێکۆند» بەرێتەوە ناو تابڵۆکەی؛ پاشان بە وردی تەگبیرێکی بۆ بکا. ئەو شەوە «ژێکۆند»ی بردەوە ناو تابڵۆکە و وای بیرکردەوە ماوەیەک بچێتە (دیاربەکر)تاکوو کەس بە نهێنی بوونی نەزانێ، پاشان بێتەوە گوندی.

بۆ بەیانی وەرێکەوت، مانگێک، دوومانگ، سێ مانگ... وەختێ لەگەڵ «ژێکۆند» هاتنەوە ناو دێ، «ئاگری» یەکەم کەس بوو کە گوتی: ئەو ئافرەتە وەکوو «ڕووناهی» دەچێ.... ئەو قسەیە زاربەزار گەڕا. هەموو دیتیان و وەبیر «ڕووناهی» کەوتنەوە. هەر بۆیە ئیدی بە «ڕووناهی» بانگیان دەکرد. «ژێکۆند» جلوبەرگی کوردی دەبەردا بوو. وەکوو ئەوان هەڵدەستا و دادەنیشت. لەگەڵ دەستەکچان چیاکانی دەکرد و گیای کێوی کۆدەکردەوە.

ڕۆژێکی بەهار بوو. «ژێکۆند» لە بنارێک دانیشتبوو. لەگەڵ دەنگی با حەیرانێکی بەسۆزی لە دەرەوە گوێ لێبوو. حەیرانەکە بە نیوە چڵی تەواوبوو. دەنگی قرمەی تفەنگ بە دۆڵ و چیادا گەڕا. لە یەک ساتدا دەیان تۆپ و خومپارە دارستانیان لە ناو تەپ وتۆز و دووکەڵ ون کرد. «ژێکۆند» قەت شتی وای نەدیبوو. قوشقی بوو، هەستا حەوا. بە چیادا هەڵگەڕا. لەشکری تورک لە گوندەکە نێزیک دەبوونەوە. «ژێکۆند» ئاوڕی دەداوە وهەڵدەهات. هەڵات، هەڵات تاکوو ماندوویەتی چۆکەکانی شل کرد. چاوی بە کانیەک کەوت. چەند چۆلەکە لە تەنیشتی نیشک ببوون. یەکیان کەوتبووە نێو ئاوەکە و باڵەکانی لێک کرابۆوە. ویستی دەمی پێوەنێ، بۆنی تاڵی ژار بە لووتیدا گەڕا. دەستی بە چۆکەکانی گرت. دوورتر «چەکۆ» چوارچێوەی تابڵۆیەکی پێبوو. هەرای کرد: «ژێکۆند»، «ژێکۆند»!... زایەڵەی دەنگی گوللە نەیدەهێشت دەنگی «چەکۆ» بڕوا. لەولاتر دوو عەسکەر بە دووربین چاویان لە«ژێکۆند»دەکرد. یەکیان گوتی: چەتوونە بیگەینێ، مەخابن، لە کیسمان چوو. ئەوی دیان دووربینەکەی لە چاو کردەوە و گوتی: ئەگەر بتوانی بینەنگێوی ویسکییەک میوانی منی.

«ژێکۆند» چاوی لە ترۆپکی چیا بڕیبوو؛ ئەگەر سەر بکەوتبایە لە وێوە شۆڕ دەبووەوە، ئیدی... عەسکەرێکیان قامکی لە پەلاپیتکەی تفەنگە دووربیندارەکەیەوە نا و گوڕاندی: ئەنگاوتم، ئەنگاوتم...

«ژێکۆند» تلار بۆوە، لە پاڵ ڕەزێکا لاقەکانی ڕاکێشا. «چەکۆ» بە هەناسەبڕکێ خۆی گەیاندە سەر تەرمی نیوەگیانی. سەری کردە سەر ڕانی خۆی و گوتی: «ژێکۆند» گیان، «ژێکۆند»...

«ژێکۆند»، لێوی ئاسکی ویشک، چاوەکانی تەڕ، سینگی خوێناوی، لە درزی پیلۆکانییەوە دەیڕوانییە «چەکۆ». «چەکۆ»ش دەستی بە سەروپرچی داهێنا، خاک وخۆڵەکەی تەکاند و لاواندیەوە: «ڕووناهی» گیان بۆ وات بە سەرهات؟ پێبکەنە خۆ تۆ قەت پێکەنینت لێنەدەبڕا! «ژێکۆند» لێوی ویشکی بە ئاستەم لێککردەوە، ئێش و ژان قسەکانی تێکەڵاوی ناڵە کرد: **ئەمدەزانی زیندووبون ئاوایە**. «چەکۆ» بە گریانەوە گوتی: «ژێکۆند» من تاوانبارم، ئەوینی من کوێرانە بوو، ئا «ژێکۆند» ژیان لە هەموو جێیەک ئاوا نییە، لە بیرتە بە هیچ پارەیەک نەدەکڕدرای، ئاخ «ژێکۆند»...

«ژێکۆند» زاری وێکنا و «چەکۆ»ش گوێی خۆی بە سینگییەوە نا، هێشتا مابوو، هێواش هەڵیگرت و بردیە ناو چوارچێوەی تابڵۆکە. «ژێکۆند» لە ئاویلکەداندا بیری لە دوو شت دەکردەوە: مەرگ و ژیان! ئەوکاتەی مردبوو، پێکەنینی ساردی بە هیچ پارەیەک نەدەکڕدرا؛ کەچی وەختێ زیندوو بووەوە، ئەیزانی لەسەرچی کوشتیان؟!... شەپۆلی ئەو بیرکردنەوەیە زەردەیەکی پڕ لە نهێنی و سێحراوی خستە سەر لێو.

«چەکۆ» گریا: «ژێکۆند» من لەوەتا هەم چاوەکانم پڕ لە فرمێسک بووە، ئەگەر شادی وخۆشییەکەیشم بووبێ نەمتوانیوە پێبکەنم. من مەحکوم بە گریانێکی هەتاهەتاییم!

ژێکۆند گوێی لێنەدەبوو، چاوەکانی مۆلەق ڕاوەستابوو، ئیدی وەکوو ساڵی ساڵان لە ناو تابووتی سەرناوەڵەی تابڵۆکەدا، زەردەیەکی سێحراوی لە سەردەمی، دەیڕوانییە دوور، زەردەیەک وەکی قاقای کوژراوی کچە کوردێک بە مەرگ و ژیان، شاکارێکی ڕەمزاوی کە بە هیچ نرخێک ناکڕدرێتەوە. ■

**پاشماوەی لاپەڕە ٥٩ (ڕامانگەلێک لەمەڕ...**

ئێمەش ڕادەگوێزێ، ئەگینا وەکوو ئەوەیە لە گۆڕەپانێکدا لەگەڵ هەفدێک چەکدار دانیشێ یان ڕاوەستێ پێیان بڵێ ـ بۆ نموونە ـ وەرن لێرەدا یان لەوێ گومرگێک دامەزرێنین یان فلانەکەس خاینە و تابووری پێنجەمە بیکوژن، وەک ببێتە ڕاپۆرت نووسێک دژی خەڵکی... واتا شیعرەکەی ـ ئەگەر شیعریش بێت ـ تا ئەو جێگەیە زیاتر بڕ ناکات.

ئەدەبی ڕاستی، برینەکانی ئەزەل و ئەبەد لە خولگەیەکی مێژوودا جێگیردەکا... ئەدەبی جیددی ـ بەتایبەتی شیعر ـ وەک خواوەندەکانی ئوستوورەکانی مێزوپوتامیا و گرێک و ئێران خاوەنی دووالیزمی بەدیعی یە... باشی وخراپی، ئەبەدی وکاتیی، ئەمانەش هەموویان لە حاڵەتی ئامێزەبوون و دەستەویەخەبوندان لەگەڵ یەکدی، سەرکەوتنی یەکجارەکیش قەت دیار نییە. ئەم کێشە ناوەکییەش دەگوێزێتەوە بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکە خۆی. ئیتر زمان ئاڵۆز دەبێ، دارشتن ئاڵۆز دەبێ، ساختمانە شیعرییەکش ئاڵۆز... بۆیە ئەم ئاڵۆزییەش بەدیعی یە کە لە شیعری هەندرێن دا ڕووبەڕووی دەبینەوە.

مەسەلەی وێنەکان لەم کۆمەڵەشیعرەدا دەستەویەخەمان دەبنەوە، دەبینم لە شیعرەکاندا کێشی ناوەکی، فۆرمی ناوەکی و هارمۆنی هەیە. مۆسیقای دەنگەکانی دەرەکی و ناوەکیش، هەیە بەگوێ دەیبیسین.

لە نێو ئەو کۆمەڵە شیعرەدا، یان باشتر بڵێم ئەم سەفەرەدا، لە نێو مەملەکەتی نوور، لە دووی خۆم دەگەڕێم... دەمەوێ ڕوخساری خۆم لە ئاوێنەی شاعیردا ببینم... لە نێو ئەم دوورگە بخوورەدا ماڵێک یا داڵدەیەک بۆ خۆم سۆراغ دەکەم، ناشزانم بۆم دەلوێ یان شاعیر خۆشی لەگەڵمدا لە دەرگا دەدا و لەو دەشتەدا لە سەرما هەڵدەلەرزین؟!

بۆیە ئەم کۆمەڵە شیعرە تام و چێژێکی تازەی هەیە کە خوێنەرەوەی کورد پێی ڕانەهاتووە... ئەوە ورێنەی ئێمەیە، گەڕانمانە لە دووی خۆمان، تێیدا خەم ودەرد و نیگەرانی وغایەلە و فەزاکانی ئینسانی دەخوێنینەوە وهەر لێرەدا چراکانی شیعر مێرگوزارێکە لە نێوەڕاستی ئەم زەویە قاقرەی جیهانە. بەڵێ وایە، ئەوە شیعرە کە چاوەکانی هەندرێن هەڵدێنێتەوە، جۆرە شیعرێکی بزۆز کە هەمیشە لە غاردان دایە و بیرە بیرلێکراوەکانیش بە جێدێڵێ. ■

# دەریایەکی زەرد

بەیادی هاوڕێم: جەلالی هاشمی

**• سەلاحی عەبباسی•**

چەند منالێک لە داوێنی شاخێکدا یارییان دەکرد و ڕەوە هەورە کۆچەرەکانیش لە سەر سەریانەوە دەخولانەوە و جارناجار ڕووخساری ڕۆژیان دادەپۆشی و زۆری پێنەدەچوو ڕێژنە بارانێک دای دەکرد...

یەکێک لە منالەکان کە شەپکەیەکی سووری لەسەرنابوو گوتی: بابزانین کاممان دەتوانێ تا مەودایەکی دوور بەرد باوێژێ. ئەمەی گوت و بەردێکی ڕەوانەی هەوەرە کۆچەرەکان کرد.

لەدەشتی بەرینی بەرانبەریاندا تا چاو بڕی دەکرد، زەردایی دەدرەوشایەوە. دەشتێکی بێ کۆتایی کە ئەگەر ڕێگای دوو ڕۆژان ڕۆیشتبای هێشتا تەواو نەدەبوو. جارناجارێک کزەبایەکی سارد زەردایییەکەی دەلەرزاندەوە و هەتاو لە ژێر پەڵە هەورەکانەوە سەری دەردەخست، دەشتەکە یەکپارچە وەکوو دەریایەکی زەرد دەبریسکایەوە.

ماوەیەکی زۆر نەبوو کە لە لووتکەی کێوەکەڕا داگەڕابوونە خوار. دەیانزانی نابێ کەس بەمە بزانێ، چونکە گەورەکان قەت لە لووتکەی شاخەکە سەرنەکەوتبوون. کاتێک منالەکان لەم بارەوە پرسیاریان کردبوو گوتبوویان: بۆ سەر لووتکە ڕێگا نییە، مەگەر بزنە کێوی بتوانێ لەم لووتکەیە سەر بکەوێ. بەڵام منالەکان توانیبوویان لە لووتکەکە سەر بکەون بێ ئەوەی گەورەکان پێ بزانن.

کاتێک گەورەترینیان خۆی گەیاندە لووتکەی شاخەکە، بایەکی زۆر سارد هەڵیکرد و تەزووی بە لەشیدا هێنا. بایەکە لە ناوەڕاستی هەورەکاندا هەڵیدەکرد و بەرەو ئەودیوی دەریای زەرد ویزەی دەهات، ئەوەندە سارد بوو دەتگوت دوو ڕۆژ لە ناو دەریای سەهۆڵدا مەلەی کردووە.

ئارام کە بە قەڵافەت لە هەموان گەورەتر بوو شەپکەیەکی شینی لە سەر بوو، چەند شوێنی دەستی قڵیشابوو، هیچ ئارامی نەبوو، چاوی لە چواردەوری خۆی بڕی و گوتی: ئای... لێرەڕا هەموو دنیا دیارە!

لە ژێر پێیدا دەریایەکی زەرد دەلەرایەوە، دەریایەکی زەرد و بێ کەنار. ئارام دەستی کەمالی گرت تا بەرەو سەر ڕایکێشێ. کەمال کە لە هەموویان بچووکتر بوو کاتێک گەیشتەسەر دوندەکە دەستی بە گریان کرد. لەوە دەترسا کە لەوێڕا بکەوێتە خوار و لە ناو دەریای گەنمدا ون ببێ.

ئارام پێی پێکەنی و بانگی جەمالی کرد: ئای جەمال! وەرەبزانە کەمال چەند ترسەنۆکە، خەریکە دەگری.

جەمال کە هاوتەمەنی ئارام بوو لە خوارەوەڕا گوتی: ئەوە هاتم. جەمال لە ناو کۆمەڵە بەردێکی سەرتیژدا گیری کردبوو، بەردەکان ئەوەندە تیژ بوون دەتگوت ساڵەها لە ناو شەپۆلی بای یاخیدا زووراونەوە.

لە ژێر پێی ئارام وکەمال دا شەپۆلێک بای نەرم بە سەر دەشتەکەدا کەوانەی دەکرد، وەک بە سەر دەریایەکی زەرددا تێپەڕێ و نەرمە شەپۆلی لێ هەستێنێ... بەڵام کەمال چاوی دە کۆمەڵە شاخێک بڕیبوو کە لە بەرانبەریاندا، لەوبەری دەشتەکەدا، ئاسۆیان لە باوەش گرتبوو. ئیتر ترسی فەرامۆش کردبوو، مەودایەکی دوورودرێژ بوو، شاخەکان ئەوەندە دوور بوون کە ئەگەر مرۆڤ دوو ڕۆژان بە ناو دەریای گەنمدا مەلەی کردبا هێشتا پێیان نەدەگەیشت.

تا ئەو ڕۆژە، کەم کەس دیبووی ئەوەندە گەنم لە دەشتێکی ئاوا بەریندا داچێندرابێ، یان هەورەکان بەم چەشنە بێ وێنەیە لە ئاسماندا کایەیان لەگەڵ یەکتر کردبێ و منالەکان لە لووتکەی بزنە کێوییەکان سەرکەوتبن. یەکەمجار باوکی ئارام پێی گوتبوون: ئەم دەشتە ڕێگای دوو ڕۆژان دەخایەنێ. بەڵام دوایە خەڵکی ئاوایی گوتبوویان: ئەگەر دوو ڕۆژانیش بڕۆی هێشتا هەر تەواو نابێ...

ئارام گوتی: ئەم شاخانە زۆر دوورن؟

ـ بەڵێ یەکجار دوورن.

ـ ئەو شاخانە لە کوێن؟

ـ گەلێک دوور، باوکت دەڵێ ئەوێ وڵاتێکی دیکەیە.

ـ باوکم؟!

ـ دەڵێ من و جەمال لەوێ ڕا هاتووین.

ـ بۆ؟

ـ لە وێ شەڕ بوو.

کەمال وەڵامەکەی دەزانی، هەزار جاری پرسیبوو و هەموو جارێکیش هەر هەمان وەڵامی وەرگرتبۆوە: لەم دیوی دەریای زەردەوە بۆ ئەودیو ڕایان گواستبوو. ئەمە بۆ چەند ساڵ پێش دەگەڕێتەوە، سەردەمانێک کە هیچکامیان لە بیریان نەماوە. ئەوکات دوو سێ ساڵانە بوون، شتێک ڕوویدابوو، شەڕ دەرگای ماڵی پێ گرتبوون، ڕۆر شتی دیکەش کە کەمال لە بیری کردبوون. تارماییە کۆچەرەکان شەوانە لە پێش چاوی یارییان دەکرد، بەسەر ئاسمانی سەر سەریدا دەخولانەوە و ئەستێرەکانی چارەنووس بەرەو کونجێکی نادیار دەخزان.

***

هەتاو، تاوناتاوێک خۆی لە بن پەڵە هەورەکاندا دەشاردەوە، بەڵام کاتێک ڕووخساری زێڕینی لە ژێر هەور دەردەخست تا چاو کاری دەکرد دەریایەکی زەرد دەبریسکایەوە.

کەمال و ئارام هەردووکیان بانگی جەمالیان کرد!

ـ ئەوە هاتم... ئێستە دێم.

جەمال هەرجۆرێک بوو خۆی لە ناو بەردە سەرتیژەکان ڕزگار کرد، بەڵام کاتێک دەیەویست بە یەکجاری خۆی بکێشێتەدەر، کەلەکەی ئازاری پێگەیشت و پەراسووی کەوتە ژان.

جەمال بێ ئەوەی باسی ئازار و ژانی پەراسووی بکات، هات و لەلایان دانیشت. ئارام گوتی: خۆزگە کەمالت دیتبا و زانیبات چەندە ترسەنۆکە، نەک هەر ترسەنۆک گرینۆکیشە. کەمال کە لە نێوان هەردووکیان دانیشتبوو، گوتی: ئەگەر باوکت بزانێ کە ئێمەت هێناوەتە ئێرە...

هەردووکیان وێکڕا قسەکەیان پێ بڕی: ئەو نازانێ ئەگەر تۆ بۆی باس نەکەی.

ـ من بۆ کەسی باس ناکەم.

ـ ئەگەر باسی بکەی لێرەڕا دەتخەینە خوار.

ـ مەترسە، مەبەستم ئەوە نەبوو.

ـ مەگری، ئارام گاڵتەی کرد.

ـ زۆر دوورن، باوکت دەڵێ ئەگەر ڕێگای دوو ڕۆژان بڕۆی...

ـ بە دوور ڕۆژانیش هەر ناگەیەی.

کاتێک لە لووتکە داگەڕانەخوار هێشتا نەگەیشتبوونە کونە ئەشکەوتەکە، کەمال گوتی:

بابزانین کاممان تا مەودایەکی دوورتر بەرد داوێژێ. لەم کاتەدا کۆمەڵە هەورێکی سەرگەردان شریخاندیان و بارانێکی توند دەستی پێکرد، وەک گۆزەی سەرەوژێر... پاش ماوەیەکی کورت بارانەکە لێی کردەوە و هەتاو سەر لە نوێ تیشکی خۆی بلاوکردەوە: بەلام بۆ چەند ساتێک دەدرەوشایەوە و دیسان لە پشت پەڵە هەورەکان لەبەر چاوان ون دەبوو. کەمال بۆ ساتێکی کورت نیمچە نیگایەکی لە دەشتەکە کرد، تا چاو بڕی دەکرد زەردایی دەبریسکایەوە.

ئارام گوتی: ئەگەر کێ بەرکێی بەردهاویشتن بکەین، لێت دەبەینەوە. کەمال لە سەر لێواری کونە ئەشکەتەکە ڕا بەردێکی هاویشت. بەردەکەی خەتێکی بە ئاسماندا کێشا و لە ناو گەنمەکەدا ون بوو. جەمالیش بەردێکی هاویشت (هەرچەند نەیانزانی تا کوێ ڕۆیشت) بەلام پەراسووی وەژان کەوت و چاوی پڕبوون لە ئاو. ژان و دەردەکەی وەڕووی خۆی نەهێنا و بە پێکەنینەوە گوتی: بەردەکەی من زیاتر ڕۆیشت. ئەم قسەیە کەمالی تووڕە کرد: نەخێر بەردی من زیاتر ڕۆیی! بەلام هەم ئارام و هەم جەمال گوتیان: تۆ ڕاست ناکەی، قەت وانەبووە، کەمال پێی وانەبوو کە بەردی وی لە بەردەکەی جەمال کەمتر ڕۆیشتبێ.

ئارام گوتی: کە وایە جارێکی دیکە بیهاوێن، بەلام بەردەکانتان مەهاوێنە ناو گەنمەکە، لە جیاتیان بیهاوێنە لای جادەکە، من دەچمە خوار و چاولێدەکەم بزانم کێ دەیباتەوە.

جەمال لەبەر ژانی پەراسووی نەیدەتوانی تاڕادەی پێویست دابێتەوە و بەردەکەی بهاوێ...

ـ یەک، دوو، سێ.

جەمال بەردی خۆی هاویشت. بەلام دەیزانی لە بەر ژانی پەراسووی زۆر ناڕوات. بەردەکە لەو شوێنەی کە جادەکە دەستی پێدەکرد کەوتە سەر خاک.

کاتێک نۆبەی کەمال هات، ئەویش بە هەموو هێزی خۆی بەردەکەی هاویشت ـ لاقەکانی لە سەر ئاخر شوێنی لێوارەکە دانابوو تا بەردەکەی زۆرتر بڕوات.

ـ بەردەکەی کەمال زیاتر ڕۆیشت. ئارام لە خوارەوەڕا هاواری کرد.

کەمال خۆی بە بەختەوەر دەزانی کە بەردەکەی مەودایەکی دوورتری بڕیبوو.

جەمال گوتی: با بەردێکی دیکە باوێین...

ـ با باوێین.

لەودەمەدا بایەکی سارد لە ناو پەڵە هەورە کۆچەرەکاندا هەڵیکرد... جەمال، بێ ئەوەی گوێ بداتە ژان و ئازاری پەراسووی، بەهەمەوو هێز و دەماری خۆی داهاتەوە و دووهەمین بەردی خۆی هاویشت... وەها بە تاو هاویشتی کە شەپکە سوورەکەی لە چاوترووکانێکدا، دوای چەند خولان لە شوێنێک لە ناو دەریای زەردی گەنمدا ون بوو.

کەمال لە حالێکدا دەیەویست بەردەکەی خۆی باوێ، یەک بە خۆی قیژاندی، وەها توند کە شاخ دەنگی دایەوە. دوای ماوەیەک کە خۆی گەیاندە خوارێ، بینی ئارام لە حالێکدا شەپکە شینەکەی بە دەستەوە گرتووە، هاوار دەکا و دەڵێ: جەمال، ئەتۆ بردتەوە... بەردەکەی تۆ زۆر دوور ڕۆیشتووە، تۆ ... ئەوجار هەردووکیان بە یەکەوە هاواریان کرد: جەمال بەرەندە بووی... بەردەکەی تۆ مەودایەکی زۆر دووری بڕیوە...

بایەکی سارد گەنمەکانی دەلەرزاندەوە، بایەکە ئەوەندە سارد بوو دەتگووت ساڵەها لە ناو دەریای سەهۆڵدا مەلەی کردووە. ڕۆژ بە پەلە خۆی لە ژێر ڕەوە هەورە کۆچەرەکاندا شاردەوە و دایکردە باران، بارانێکی توند. دەشتەکە تا چاو کاری دەکرد زەرد دەچوو، دەشتێکی بێ کۆتایی کە ئەگەر ڕێگای دوو ڕۆژان ڕۆیشتبای هەر تەوا نەدەبوو. ئەمە تەنیا دەریایەکی زەرد بوو، بەلام لەودیو دەریای زەردەوە کۆمەڵێک شاخی سەخت و گەردنکەش ئاسۆیان لە باوەش گرتبوو... ■

# «کۆپی(جام)ی عودەی»

بەشی دووهەم

**وەرگێڕان لە سوێدییەوە: سەمەدی مەلا ئەحمەد**

بارودۆخ لەکاتی ساڵ تازەبوونەی ۹۰/۹۱دا خێرا گۆڕدرا ـ کاتێک «گێژەڵوکەی بیابان»[ی ئەرتەشی ئەمریکا] وەڕێخرا. تەواوی خێزانی سەددام لە یەک شەودا عێراقیان جێهێشت. بە ماشێنێکی زۆر بەرەو ئۆردۆن بەڕێکران و پاشان بە ڕێگای ئەلجەزیرەدا بەفڕۆکە بۆ بەرازیل نێردران. عودەی دواتر خۆی گەیاندە شوێنە دڵخوازکەی واتە جنێف. تەنانەت خێزانی وەزیرەکانیش ناردرانە دەرەوە: موریتانی. تەنیا سەددام وکوڕە بچووکەکەی واتە قوسەی مانەوە.

چاردە ڕۆژ دواتر شەوی سەر لە ۱۷ی ژانوییە، ئەوان کاخی سەرۆک کۆمارییان بۆمباران کرد. ئەمن لەگەڵ ۱٦کەسان لە ژێرزەمینێکی قەلاکەمان پێکەوە ڕاگیرابووین. پیاوێک بە ئێمەی ڕاگەیاند کە ئاودانەکانمان لەبەر بکەین و عەگالیش لەسەر بنێین. بە شێوەیەکی زۆر نهێنی گوێزراینەوە بۆ ئەلدەجەل، شوێنێک نزیکەی ٦۰ کیلۆمیتر دوور لە بەغدا.

ڕۆژی دوایە سەددام لە دووی ناردم. ئەویش هەر وەک ئێمە جلی پۆشیبوو. هەروەها ماشێنێکی ئاسایی پێبوو. دەبێ ئەمریکاییەکان زانیبێتیان کە سەددام خۆی گەیاندووەتە ئەلدەجەل. بۆیە ئەوان دەستیان بە بۆمباران کرد، ئەو شوێنەیان لەگەڵ زەوی تەخت کرد. ئەو پەناگایە هەموومانی پاراست. ئەوە سەددامیشی گرتەوە، کە لە سێهەمین ڕۆژدا خۆی تێخزاندبوو. سەرەتای کۆتاییەکانی ژانوییە، کاتێک شەڕی کەنداو بەوپەڕی خۆی گەیشتبوو، سەددام دیسان منی بانگ کردەوە. عودەی هێشتا هەر لە جنێف بوو. یەک لە پیاوەکانی سەددام منی بۆ پەناگایەکی ژێرزەمینی بە ماشێن هەڵگرت، نزیکەی ۲۰کم دوور لە فڕۆکەخانەی نێونەتەوەیی سەددام حوسێن. لە پەناگاکەڕا فڕۆکەی ئامادەی فڕین، زیلی عەسکەری، هۆدەی کۆنفرانس دەبینرا. سەددام شپرزە و تووڕە، دەگوڕێنێ. دیدارەکەمان تەنیا دە دەقیقەی خایاند. من دەبوایە لە ڕۆڵی عودەی دا دیسان لەگەڵ وەزیری بەرگری حوسێن کەماڵ بەرەو کوێت بڕۆین، کە ورەی سەربازەکانمان بەرزبکەینەوە.

ئەمریکا و هاوپەیمانەکان بە تەواوی هێزەوە بۆمبارانیان دەکرد. لەسەر ئەو حالەش ڕا، ئێمە ←

بە ٣٠ زیلی کۆنۆج و ٧٠ گیانفیدا وەڕێکەوتین. ئێمە بە خێرایی ١٥٠کم/س بەرەو بەسرە دەخوشین. ڕۆژی دواتر گەیشتینە سەفوان لە سەر سنووری کوێت. ئەمن ئونیفۆرمێکی ڕەشم لەبەر کردبوو، کە لە سەر سینەی نێوی عودەی سەددام حوسێن نووسرابوو. فەرماندەر مەتەرێزەکانی پێنیشان داین. حوسێن کەماڵ سەبارەت بە وەزع، سەبارەت بە ئیجازەی گرووپەکان لەدوای ئەهوەن بوونەوەی بۆمباران زیانیاری خۆی ڕاگەیاند. ئەو هێندێک کاغەز و نەخشەی وەرگرت. ئەرکی من ئەوەبوو کە لە نێو سەربازەکاندا وێنەم بگیرێ، پێشدا بە شەپکەی عەسکەری، پاشان بە عەگالی سپی، وەک ئەوەی کە سەددام حوسێن لەسەری دەنا. هەروەها لە نێو سەربازەکاندا ڕاوەستم و قسەیان بۆبکەم.

ڕۆژێک دوایە وێنەی من لە تەواوی ڕۆژنامەکانی عێراقیدا بەچاپ گەیشتن. خەبەرێکی دڵخۆشکەرە بۆ فریودانی خەڵک.

حوسێن کەماڵ بە مارسیدسێکی زرەپۆش و کاغەزەکان بەرەو بەغدا تێپەسرەواند. من تا ڕۆژی دوایی لەگەڵ ١٦ پارێزەران لە بەسرە مامەوە.

بەسرە مەکۆی شیعە دەمارگیرەکان بوو، شار لە نێو ڕق و قینەی دژی سەددام دەکوڵا ـ ئەوێ بۆ مانەوەی عودەی باش نەبوو.

مەفرەزەکەمان دەبوایە هەر ئەو ڕۆژە من دووربخاتەوە، هەرچەند ئەوان شەوانە بۆمبارانیان دەستپێدەکرد.

ڕێگای نێوان بەسرە و بەغدا سەحرایە. شوێنێکی تەواو ڕووتە. ئاخری ئەو ڕووداوەمان بەسەرهات:تەقە ودەسڕێژکردن لە هەموو لایەکەوە دەستی پێکرد. ئێمەش ڕاوەستاین و دەستمان بە قونەشەڕ کرد.

ئەو ماشێنەی لە لای چەپەوە منی دەپاراست تەقییەوە. پارچەیەک هات و شووشەی پێشەوەی وردوخاش کرد.

من، واتە عودەی، کە مەبەستی ئەو هەڵمەتە بووم، پێکرام، شان و دەستم وەبەرهات. من کەوتمە ژێر سوکانەکەوە. دەرگاکە دەرپەڕی بوو. پارێزەرێک منی لە ماشێن هێنادەر و بە مارسیدسێک زۆر خێرا منی دوور کردەوە.

چوار سەعات دواتر ئێمە گەیشتینە بەغدا. لە نەخۆشخانەدا من ئەوەم لەڕادیۆی «دەنگی ئەمریکا»بیست: «کوڕی سەددام حوسێن ئەمرۆ لە بەسرە لەلایەن چەکدارە شیعەکانەوە هاتەکوشتن».

شەڕی کەنداو بەوپەڕی توندی دەگەیشت، هێرشی زەمینیش دەهات پەرەی دەگرت و ئەو هەواڵە سەیرەش سەبارەت بە مەرگی عودەی بەغدای وەنیگەرانی خستبوو. لە عێراق ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تیڤی هەمووی لە ژێرچاودێری سانسۆردان، بەڵام لە دەرەوە هەواڵەکان لە سەر شەپۆلی کورت دەبیسرێن.

سەددام دەستووردەدا عودەی لە جنێف ڕا بگەڕێتەوەکە تائەو کاتە لەگەڵ خزمێکی خەریکی خۆش ڕابواردن بوو. ئێستا دەبوایە لە سەر تەلەڤیزیۆنی عێراق خۆی دەربخا. «سەرەڕای زامی قووڵ»، عودەی لە ئونیفۆرمی خۆیدا شاد و بەکەیف بوو، منیش بە برینداری لە چنگ شیعەکان ڕزگاریم هاتووە». من ئەو سیناریۆیەم، بۆ بەرزکردنەوەی ورەی خەڵک لە سەر تەختی نەخۆشخانە دەبینی. ڕۆژنامەکان تا ڕادەی ڕشانەوە خۆڕاگری عودەی یان کاوێژ دەکردەوە. چەند ڕۆژ دواتر، ٢٨ی شوبات(فوریە)ی ١٩٩١ شەڕی کەنداو کۆتای پێهات.

زیاتر لە ٦٠٠٠٠ سەرباز خۆیان دا بەدەستەوە. سەددام سێ جەنەراڵی بەرزی سەبارەت بە گفتوگۆی ئاگربەس دیاری کرد. شەخسی خۆی بە کارێکی دیکەوە واتە سەرکوتکردنی ئۆپۆزیسیۆن لە بەغدا خەریک بوو. دوو کوڕەکەی عودەی و قوسەی دەبوایە ئەو کارانە ڕاپەڕێنن: گرتن وکوشتن و لەناوبردنی دوژمن. ڕۆژی ٩ی مارس ڕاپەڕینی شیعەکانی دژی سەددام لە باشوور و کوردەکان لە باکوور دەستی پێکرد. مەترسی تۆڵە و تەقەکردن وایکرد کە بنەماڵەی سەرۆک زیاتر لە خۆیان بترسێن. ئەوە بۆ من مانای ئامادەبوونی هەمیشەیی بوو لە کۆشکدا.

ڕۆژی یەکی نیسان(ئاوریل)ی ١٩٩١، لەلایەن قوسەی برای عودەی بۆ بەناوبانگترین گرتووخانەی دەسەڵاتداریی ڕەوانەکرام. لێرە دەستەیەک لە کوردەکان و پارتیزانە شیعەکان سیخناخ کرابوون. بارودۆخ ناخۆش بوو و دەبوایە دیسان شاهیدی شتی خراپتر بام. سەددام کامیل، زاوای سەددام وەکوو میوانێک بێخەیاڵ لە نێو موبڵێکدا پاڵی دابۆوە. لە نێو دەستی ڕاستیدا دەمانچەیەک و لە نێودەستی چەپیشیدا دیکۆمێنتی «تاوانباران»کە دەبوو دادگایی بکرێن. ئەو، بە لێپرسینێکی شەرمهێنی ئاوا: «بڵێ سەددام مەزنترین کەسە و ئەتۆ دەبێ داوای پاکانەی لێبکەی»دەیقیژاند.

**لادانی گرتووەکان لە قسەی کامیل سزای مەرگ بوو. کامیل دەمانچە بەدەست جەلسەکەی بەڕێوەدەبرد. بە چاوی خۆم بینیم ١٥کەسی کوشت. چوار سەعات ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە درێژەی هەبوو، تاجێیەک کە کامیل ڕقی پارلونەبوو و مەیلی پیاوکوشتنی خۆی بەو کارە بێ ویژدانییە سەرڕێژدەکرد. بۆمن ئەوە شۆکێکی گورچوتەزێن بوو.**

گەڕانەوە بۆ کۆشک و سووکایەتی پێکردنم لە لایەن عودەیەوە نەیدەتوانی درێژە بکێشێ. دەمەویست دەربازبم، گەڕانەوە بۆ ژیانێکی ئاسایی؛ هەرچەند بە باشیش دەمزانی کە ئەو، ڕێگای دەرباز بوون بەمن نادا. عودەی بە قیژە وەڵام دەداتەوە: «ئەمن تەتۆ دەحاملێنم».

«حاملاندن» مانای ئەشکەنجە، ترس، تیرۆری نەفسی یە.

ئەو، سەرەتا دیدارێکی لە نێوان من و بەیدا عەبدولرەحمان پێکهێنا. ئەو ژنە یەکێک لە خۆشەویستترین پێرسۆناڵی TV ی عێراق بوو ـ هەروەها گرینگترین مۆرە لە شەبەکەی تەلەڤیزیۆنی سەر بەسەدام بۆ هەڵخەڵەتاندن و سەرلێشێواندنی خەڵکی؛ لە هەمان کاتدا مەعشوقی عودەی.

بەیدا دەیزانی کە من کۆپی عودەیم، ئەو لە کارەکان ئاگاداربوو. لەسەر ئەوەشڕا لێی ویستم ئەگەر پێمخۆشە لەگەڵ ئەو و دۆستەکانی بچینە دەروە. خوم بادا وگوتم: «نا، نامەوێ لەگەڵ عودەی مەسەلەم بۆ بخوڵقێ». ٢٤ سەعات دواتر حازرکرام، بە هۆی گیانپارێزەری عودەی.

«بۆ مەعشوقی منت دە تۆڕ هاویشتووە؟»؛ لە حاڵێکدا دەستەکانی عودەی بە قەلسی ڕادەتلەکا، قیژاندی:« من دەزانم ئەتۆ لە من بێزاری ودەتەوێ بۆی دەربازبی. بەڵام تۆ لە چنگم دای و کۆپی منی، نۆکەری من، ئەوەت قەت لەبیر نەچێ».

هەر ئەو ڕۆژە دەریان هێنام، بۆ لای شوێنێکی بیابانی دەرەوەی بەغدا. پاسەوانی تایبەتی من

لەو زیندانە سێ قاتڵ بوون کە بە ئەمان حوکم درابوون، بەڵام سەددام لێیان خۆشببوو تا بۆ ئەشکەنجەچی کەڵکیان لێوەرگرێ. ئەوان هەر کارێکی پێیان سپێردرابا دەبوو بەجێیان گەیاندبا: « ئەوەی بۆ لای ئێوە بەڕێدەکرێ دەبێ ئەشکەنجەی بدەن، ئەگەر قوربانییەکە کوڕی خۆم بێ».

لەو شوێنە سامناکەدا هەموو شتێک بە ڕێکوپێکی بەڕێوەدەچێ. سەعات چواری بەیانی کاتی ڕابوون بوو. کاتژمێری پێنج خۆمان دەناساند و جلەکانی سەرەوەمان دەردێنا بۆئەوەی بیراز(دارکاری) بکرێین. ئەو کارە لە سەعات ٦ تا ١٠ی دەخایاند و دوایە سەعاتێک پشوودان بوو. لە سەعات ١١تا ١٤، درێژەدانی «حاملاندن»، پشوودان. لە سەعات ١٥ تا ١٨ دەورێکی تازەی ئەشکەنجەکردن.

زۆری نەدەخایاند کە پێستی پشتم دادەتلیشا. ئەشکەنجەگەرەکان فێرکرابوون کە زۆر گوێ بۆ تەندروستی و برین و نەخۆشی ئێمە شل نەکەن. برین بەهۆی شتی پیسی سەرعەرزی ئاوەدزدەبوو. ئەمن وەهام پێکرابوو کە لە هۆش چووبووم. لووتیان شکاندبووم و قۆڵم لە جێدەرچووبوو. ئەو ژوورەی منی لێبوو، ٥٠ دەرەجە گەرم بوو، شوێنێکی شەدار و تەسک و پۆخڵ بوو.

من و (سەباح میرزا موحمود)لە ژوورێکدا بووین. ئەو ٧ مانگ دەبوو لێرە ڕاگیرابوو کە تەواو پەکی کەوتبوو. ئەو دەیناڵاند: « من کاتێک ١٦ ساڵان بووم لە سامەڕا لەگەڵ سەددام بووم».

دوای ٢١ ڕۆژان منیان لە کونەکەدا جێهێڵا؛ کز ولاواز، لەش ڕەش وشین هەڵگەڕاو ـ وەک مردووان، هەم لەباری لەشی و هەم لەباری نەفسییەوە. تەنیا چاوەڕوانی ئەوەبووم عودەی بێ و بمکوژێ. ئەو وای نەکرد، دیارە تا ئەوڕۆش ئەوەم بۆ دەرنەکەوت کە ئەو بۆچی ئەوئاخر هەنگاوەی هەڵنەهێناوە.

**دوای سێ حەوتووان، لەلایەن جەللادەکانی عودەی، ناخافڵ لەوشوێنە ڕاگوێزرام. ئەوان، سەر و سمێڵ و برۆیان پاک تاشێم کە ئەوە بۆ پیاوێکی عێراقی بە ئەتک دەژمێردرێ. لەپاشان عابایەک و کڵاوێکیان دامێ و بەرەو بەغدا بە ماشێنێک بردیانم و لەوێ توڕیان هەڵدامە دەرەوە.**

ئەمن خۆم گەیاندەوە ماڵێ لای دایک و باوکم، کە چەند مانگ بوو منیان نەدیتبوو. دایکم دەرگای کردەوە، قیژاندی و ویستی دایخاتەوە. ئەو لێیوابوو ئەمن سواڵکەرم؛ کە دوای شەڕی کەنداو هەزاران سواڵکەری وا لە بەغدا دا هەبوون. ئەو دەنگی منی نەناسییەوە، قیژە و هەرا وگریانی درێژە پێداوە. خوشکەکانمی هێنا.

ئەمن هەروادەمگوت: «بە قوربانتان بم، هیچم لێ مەپرسن، تەنیا دوکتورێکم بۆ بێنن». هەتا مانگی ئوکتۆبر لە نەخۆشخانە مامەوە و هەرلەو فکرەدابووم کە چۆن ئەو پەڵەشەیتانییە بشۆمەوە. گەڕانەوە بۆ نێو کومەڵی عێراقی نا مومکینە. منێکی ناشیرین، قەشان، کۆپی عودەی، زەلامێکی«فیدایی».

یەک ڕێگا مابۆوە: کۆچکردن. بۆ ئەوەی لە شوێنی پشکنین پێشم پێنەگیرێ، جگە لە ئەختێک پارە، هیچ جانتا ودوکۆمێنتێکم لە خۆم هەڵنەگرت. بە ماشێنێک شەوەکی بەغدام جێهێلا. مەقسەدم موسڵ بوو، ٣٦٠ کم لە سەرووی بەغدا. لەوێ ڕا دەبوو بەرەو دهۆک، بۆ لای کوردان لە زۆنی ژێر کۆنترۆلی USA، لە باکووری عێراق درێژە بە ڕێگابدەم. باپیرم خەڵکی ئەوێ بووە، کە لە ساڵەکانی ٣٠ بۆ بەغدا کۆچدەکا. لەوێ کارگەیەکی مەڕمەڕی بنیات نابوو، کە ئێستە باوکم بەڕێوەی دەبا. خێزانی ئێمە تێکەڵاوییەکی باشیان لە گەڵ خەڵکی کوردستاندا هەیە.

من دەمزانی کە بنکەیەکی پشتگیری ئەمریکاییەکان لە (زاخۆ)دا هەیە، شوێنێکی گچکە لە سەر سنووری نێوان کوردان وتورکان. سەرەتا دەبوو خۆم بگەیێنمە موسڵ. من هاتم بێ ئەوەی هیچ کۆسپێکم بێتەبەر، ماشێنەکەم بە جێهێشت و بە تاکسییەک خۆم گەیاندە دهۆک. لەوێ لە بنکەی پارتی نەتەوەیی کورد لەگەڵ ئاوەڵەکانم پێوەندیم بەرقەرارکرد.

ئێستا ئەستەمترین بەشی کۆچکردنەکەم دەستی پێدەکرد. ئەمن دەبوو لە هێڵی سنوور تێپەڕم، بەرلەوەی سەربازەکانی عێراقی پێبزانن. ئاوەڵەکانم ئەوەیان بۆ جێبەجێ کردم، بە نێو ڕێگا شاخاوییە ئەستەمەکاندا منیان بەرەو (زاخۆ)ی بەفر ڕەوانەکرد. ئەمن ئێستە لە شوێنێکی ئەمینم.

زیاتر لە هەزار کۆچەرێک لە سنوور چاوەڕوانن کە بەرەو ڕۆژئاوا سەفەربکەن. هیچکام خاوەنی ڤیزای تورکی نەبوون. بەڵام کاتێک من بەسەرهاتی خۆم بۆ کێشکچییەکە گێڕاوە، دەستبەجێ ڕێگای بۆکردمەوە. سەربازێکی ئەمریکایی منی بۆ لای رەئیسەکەی John Nab(جۆن ناب)ڕێنوێنی کرد. بەخێرایی کارەکانم هەموو بۆ ڕاپەڕا: ٢٠ڕۆژان میوانی تایبەتی ئەمریکاییەکان بووم. خانوویەکیان پێمدا لەگەڵ جلو بەرگی خاوێن و پێڵاو. هەموو ڕۆژێ دەیانهێنامە لای جۆن ناب. بەدرێژی پێکەوە قسەمان دەکرد، تەواوی دەنووسران و بۆ شوێنی بەرزتر دەنێردران.

**لە واشنتۆنەوە وەزارەتی دیفاعی ئەمریکا خەبەریدا کە قسەکانی من دروستە و دەبێ یارمەتیم پێبکرێ. جۆن ناب ڕایگەیاند: «ئێمە ئەتۆمان دەناسی بەر لەوەی بێیتە ئێرە».**

ئێستا مەسەلە ئەوەیە بۆ کام وڵاتم دەنێرن. ئەمن ئەمسا (ئوتریش)م هەڵبژارد بێ ئەوەی بزانم لە کوێی ئورووپا هەڵکەوتووە. بەڵام ئامۆزایەکی خۆم لەوێ دەژیا.

دوای سێ حەوتووان پەنابەرێتی ئەمسام وەرگرت، بە گوێرەی ئاڵوگۆڕێکی دیپلۆماتی کە ئەمریکاییەکان لەگەڵ ئەمساوییەکانان کردیان، لەبری خێزانێکی مەسیحی عێراقی کە چەند مانگێک بووچاوەڕوانی سەفەر بوون بۆ ئەمریکا.

ڕۆژی ٢ی مارسی ١٩٩٢، بەرەو دیاربەکر([لە کوردستانی باکوور] تورکیا) سواری هالیکۆپتەرێکی ئەمریکایی کرام. لە بنکەی UN دوە، لە ژێرچاودێری سەربازەکانی ئەوان و سەربازە تورکیاییەکان بۆ هوتێلێکی ٥ئەستێرەیی گوێزرامەوە. ڕۆژی دواتر بە هۆی ئەفسەرێکی بەرز بۆ فرۆکەخانە نێردرام و بەرەو ئانکارا فڕیم. لەوێ پاسی UN و ڤیزای ئەمساویم وەرگرت.

ڕۆژی ٩ی مارس کاتژمێر یەک ونیوی پاش نیوەڕۆ لە فرۆکەخانەی Schwechat دابەزیم. بەمجۆرە کێشەی من لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا تازە دەیەوێ دەستپێبکا. ■

**سەرچاوە:** Johan Erslus ڕۆژنامەی ئێکسپرێس(Expressen) ٢٨ی ئاگوستی ١٩٩٩٤.

## «زبانی حالّی پێشمەرگە»

(بۆ شۆڕشی ئەیلوول گوتراوە)

**مامۆستا شێرزە**

ئەمن پێشمەرگەم، ئەمن پێشمەرگەم — بۆ مەرگ وخزمەت لە نێو ئەو بەرگەم
بۆ بەرزی قەومم گیان فیدا ئەکەم — کوردم و دەینی خۆم ئەدا ئەکەم
کوردە! تۆ دینت لامەدە لە حەق — ئەوەی ناحەق بێ، بیدەرە بەر شەق
هەتاکوو خاکی پاکی کوردستان — پاک نەبێتەوە لە پیس و پەستان
خەو و خواردنم لێ ژاری مارە — قسە هەزارە، یەکێ بە کارە
لە بۆ ڕزگاری خاک و نیشتمان — بایەخی نییە گیانی گشتمان
با، ئەو کەڵەمە[1]، ملمی کردە زام — نەخەنە ملی کوڕ و کوڕەزام
یەک بین تا خەڵکی نەڵێن ناجۆرن — نەڵێن کە کوردان قەومی خۆخۆرن
پشتی یەک بگرین دەس بدەینە یەک — بە پەنادان و بە ماڵ وبە چەک
هەتاکوو دوژمن زیاتر لە جاران — لێتان بترسێ و نەتکا بۆمباران
ئەم شەرە شەڕی حەق و نامووسە — شەیتان لە ڕەحمی خوا، مەئیووسە
وەکوو بیستووتە هەتا هەتایە — الحق یعلو، و لا یعلی یە
دەک بە سندان بێ نانی ئەسیری — ژیان و مانی گیری وزویری
کوردە! تا ئەو جێ مێژووت لەبیربێ — کەی بوو، شۆرەتت وا عالەم گیر بێ؟![2]
ئەمن پێشمەرگەم چاوەڕوانی تۆم — بزانم ئەتۆ! چی ئەکەی لە بۆم؟
وا شوکری خودا ئەم سەربازی یە — مایەی سەربەرزی وجێی شانازی یە
ئەمن خوێنی خۆم بۆ نیشتمان ڕشت — نامەی ئازادی، تۆ بگریتە مشت
تۆیش خۆت و غیرەت ویجدانی کوردی — لاقت هەڵنەگری بۆ ڕێی نامەردی
نامەی پێشمەرگە بۆ هەموو کوردێ — بۆ شار و لادێی هەر هەرد و بەردێ
ناوی غەمبارم[3] لابرد لە سەر تۆ — «شپرزە»یش ناوی بوو بە(گرد وکۆ)[4]

****

١) کەڵەمە: چەڵەمە، تەوقێکە ئەیکەنە مل حەیوانات.
٢) یانی لە چ تاریخێکا وەکوو ئێستە ناو وشۆرەتت بووەو بووتە، بەڵام وا نا...
٣) غەمبار، نازناوی خوالێخۆشبوو شێخ لەتیفی شێخ مەحموود بوو.
٤) ناوی دیوانە شێعرییەکەی شاعیرە.



مامۆستا هەباسی حەقیقی، سەید کامیلی ئیمای، سەید خالەمینی بەرزنجی لە کۆڕی شێعر خوێندنەوەدا. (لە گۆڤاری«سروە» وەرگیراوە)

## کۆچی دوایی مامۆستا حەقیقی

بە گوێرەی هەواڵی گەیشتوو، شاعیری ناسراوی کورد، مامۆستا «هەباسی حەقیقی» لە ڕۆژی ٢٨/١٠/١٣٧٥ی هەتاوی لەشاری بۆکان، لە تەمەنی ٩٤ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

مام هەباسی حەقیقی لە ساڵی ١٢٨١ی هەتاوی لە گوندی (کۆکە)ی ناوچەی بۆکان لە بنە ماڵەیێکی خاوەنزەوی سەر بە تیرەی (شێخ ئاغایی) یەکێک لە لقەکانی هۆزی دێبۆکری، لە دایک بووە و وەک هەر منداڵێکی ئەو سەردەمە لە حوجرەی فەقێیان دەرسی خوێندووە و دواتر بووەتە کاربەدەست(مووچەخۆر)ی دەوڵەت و پاشان خانەنشین بووە.

مام هەباسی حەقیقی، وەک زۆربەی شاعیرانی نیشتمانپەروەری موکریان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بەشدار دەبێ و بۆ پاراستنی ئەو کۆمارە ساوایە بە گیان و بە دڵ تێدەکۆشێ. دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، هەرچەند بەڕواڵەت ژیانێکی ئاماڵ تەقیە هەڵدەبژێری، بەڵام سەرە ڕای بارودۆخی نالەبار و وەزعی خەفەقان و سانسۆری سەردەمی پەهلەوی، ڕەوتی شێعر و شاعیری هەر درێژە پێدەدا و ئامانجی دێرینی کوردایەتی بە زمانی غەزەل و ڕەمز و ئیستیعارە دەردەبڕێ و دواتریش لە ڕێژیمی ئیسلامیدا، ئەگەر شتێکی ئەوتۆشی بەکردەوە لە دەست نەهاتبێ، وەک بولبولی بەندکراو، لەگەڵ ئاواڵان و هاوتەمەنەکانی خۆی واتە سەید کامیلی ئیمامی و خاڵەمینی بەرزنجی وەک سێ فەقێی سەردەمی منداڵی، هەر بە نیشتمانی خۆی هەڵدەڵێ و لە چریکە ناکەوێ.

مام هەباسی حەقیقی شاعیرێکی بە زەوق و دڵتەڕ و زمان پاراو بووە، ئەو جگە لە کۆمەڵێک شێعر و هۆنراوەی کوردی، لەو ساڵانەی دواییدا نزیکەی سەد پارچەیێک لە غەزەلەکانی «حافزی شیرازی» وەرگیڕایەوە سەر زمانی کوردی کە گەلێک شیاوی سەرنجن. ئەوغەزەلانە لە کتێبێکی جوان و ڕازاوەدا، بە نێوی «شەونم» لە لایەن (ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی)یەوە چاپ و بڵاوکراونەتەوە. یادی بەخێر بێ و گڵکۆیەکەی پڕ لەبوور.



مۆزەخانەی ئیتنۆگرافی فۆلکلۆریی. هونەرمەند کامیل ئەحمەد یەکێکە لە بەشدارانی لیژنەی دامەزراندنی مۆزەخانەی ئیتنۆگرافی فۆلکلۆریی لە شاری سلێمانی سالی ١٩٧٥، تا ئێستاش بەردەوام هاوکاریی و پێوەندی لەگەڵ ئەو مۆزەخانەیەدا هەیە.


# پێنجوینی گوڵەزەرد

ئامادەکردنی : گۆشان سەرکۆ

پێنجوین شارێکی دێرینی کوردستانە، دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شاری سلێمانی ، داگیرکەرانی کوردستان بەناو جەرگەی خاکەکەیدا ئەو سنورە دەستکردەیان دارِشتووە کە کوردستانیان پێ پارچە پارچە کردووە، پێنجوین بۆتە شارێکی سەر سنوری کوردستانی ژێر دەستی عێراق و کوردستانی ژێر دەستی ئێران، بۆیە شاری پێنجوین لە زۆربەی زۆری شارەکانی تری کوردستان زیاترتووشی وێران کردن و چۆلکردن بووە، چەندین جار ئەم شارە سووتێنراوە، لەگەڵ زەویدا تەخت کراوە، خەڵکەکەی ئاوارە و دەربەدەرکراون.

تەنانەت لەم سالانەی دوایەشدا کە نەتەوەیەکگرتووەکان بەشێکی باشووری کوردستان لە مەترسی هێرش و پەلاماری رژێمی بەعس دەپارێزێت، خەڵکەکەی مەودای ئەوەیان پێدرا کە بتوانن بگەرێنەوە و لە شوێنەواری کەلاوەکانیاندا قولغێک دروست بکەن و ژیانێکی کولەمەرگی لە ناو کێڵگەی مین و بەسواڵ و ساقەی ولاتان و رێکخراوە خێرخوازەکان بەسەر بەرن، هێزە چەکدارەکانی کوردستان ئەو ژیانە کولەمەرگییەشیان بە خەڵکی ئەو شارە رەوا نەبینی، لە پێناوی ئەو کورسیە بی قاچەی دەسەلاتیاندا چەندین جار هێرشیان بۆ کردووە، زەرد لە سەوز و سەوز لە زەردی سەندۆتەوە و داگیریان کردووە، گەورەترین تراژیدیای شەرِی شەرمەزاریی براکوژیان لەسەر خاکەکەی تۆمار کردووە، خەڵکەکەیان لە جاران زیاترتووشی ئازار و ماڵکاولی کردووە.


کاتێ دوژمنی داگیرکەر بی بەزەییانە شارێک ئاگرباران دەکات، پاشان بە دەبابە و شۆفل دەکەونە گیانی خانوو و مزگەوت و قوتابخانە و خەستەخانە و هەمووی لەگەڵ زەوی تەخت دەکەن، شوینەواری شارستانیی و ئاوەدانیی لەروو دەبرِن، لە پاشماوەکەی هەزارەها شێوەی جۆراوجۆر سەر هەڵدەبرِن کە دوژمن بۆ مێژوو بە پەند بکەن، بۆ «**کامیل ئەحمەد***»ی هونەرمەندیش دەبنە هەوینی کۆمەڵێ تابلۆ و



● ئامێرە پیاو
عارەبانەی دەستی بەجێ ماو
لەبری کارمەندی راگویزراو
خۆی کردۆتە
ئامێرە پیاو.



● پێ گرتن
وەجاخێ بوو
دوو چاوی گەرمی ماڵێ
کە کوێر کرا
هەستا سەر پا
وەک مناڵێ.



● ئیکلام
زامی پشتمە
پێم دەکا ئیکلام
بۆ کەسێ
بە ملما
هەڵبواسێ
پەتی
ملی
خاینێ.

کەتەلۆگی «پێنجوینی گوڵەزەرد»ی لی دێتە بەرهەم، کە بریتییە لە ٣٤ پۆستەرە وێنەی شارۆچکەی کورد «پێنجوینی گولەزەرد»، **عوسمان چیوار** دیباجە و بۆ هەر پۆستەریکیش کۆپلە شیعرێکی نووسیوە، **لیدیا شاسوار** بۆ ئینگلیزی وەرگیراوە، **کەمال میراودەلی** بە وەرگیرانە ئینگلیزییەکەدا چۆتەوە و **شیرکۆ عەزیز** خەتە کوردییەکەی نووسیووە، کەتەلۆگەکە ٥٦لاپەرەی قەبارە ٢٥ X ٤٠ سم ـە، کە بە رەش و سپی لە ساڵی ١٩٩٥ لە سوێد چاپکراوە.

● ئەم پۆستەرانە بە قەبارەی ٤٠ بە ٥٠ سم گەورەکراون، لە رۆژی ٢٥ / ٢ تا ١٦ / ٣ / ١٩٩٦ لە کتێبخانەی شاری ڤێستەرۆس لە پێشانگایەکدا نیشاندراون ، رۆژنامەی « VESTMANLANDS LAN »ی شاری ڤێستەرۆس نووسینێک و چوار وێنەی لە ژمارە «٥١»ی رۆژی دووشەممە ١ / ٣دا بە سوێدی لەسەر بلاوکردۆتەوە.

● هونەرمەند کامیل ئەحمەد لە ساڵی ١٩٣٩ لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی باشووری کوردستان لە دایک بووە، هەر لەوێ خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی تەواو کردووە، پاشان بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی بەغداد تەواو کردووە، ماوەی بیست وحەوت ساڵ مامۆستای وێنە و هونەر بووە لە قۆناغی ئامادەیی، ئەندامی کۆمەڵەی هونەرمەندانی کوردستانە، لە زۆر کاری هونەریی ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا بەشداری کردووە، ئیستاش خانەنشینە و بەردەوامە لە کاری هونەرییدا.


0650 94029

## کتێبی ئەرزان بە بۆنەی «نەورۆز»ەوە گەرمترین سڵاوی خۆی پێشکێش دەکات

ئەم CD کوردییانە لە لای ئێمە وەدەست دەکەون
(نرخ: ٩٩ کرۆن)

شلێرە، کامکارەکان، حسێنی شەریفی
گەلاوێژ، کامکارەکان، عەباسی کەمەندی
زەردی خەزان، ، کامکارەکان، ، بێژەنی کامکار
هەورامان، کامکارەکان، عەباسی کەمەندی
ئاگری زیندوو، بێژەنی کامکار
گوڵ نیشان، ، کامکارەکان، بێژەنی کامکار
کونسێرتی لەندەن و ئالمان، ، کامکارەکان، بێژەنی کامکار
بارانە (سەنتوور) پێشەنگی کامکار
دەریا (سەنتوور) ئەردەوانی کامکار
ڕازیانە، ناسری ڕەزازی
شەوی یەلدا، عەدنان کەریم
کچە گاور، ئەردەلان
گلارە، کرماشانی، محەمەد رضا دارابی
هی گل، پهروزی توکلی
شورشیرین، محەمەد رضا دارابی
هەتاو، نەجمەددینی غولامی
غوربەت، خالید ڕەشید
Naze Newroz ، Ax Kurdistan

× × ×

فیلمی ویدئوی:
گەلە گورگ (سینەمائی) تەیفور
فیلمی ویدئوی ناسیۆنالیزم لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، عەباسی وەلی

× × ×

کتێبی نوێ و مانگی دەرچوونیان: -

دیوانی گۆران، چاپی نوێ.
سی ساڵ خەبات و وڵاتێکی وێران. کرمانج گوندی. مارس.
بنیاتی چێکەری (بندهشن) کۆنترین کتێبی زەردەشت، مێهرداد بەهار، وەرگێڕ تەیفور. ئاپریل.
ئەوان مردن بۆ ئەوەی ئێمە بژین (کۆمەڵێک کورتە چیرۆک). ئاپریل.
نامەکانی ڕوانییندان و نامەکانی مەرگ، ئارتور رامیر، وەرگێڕانی هەندرێن و عەبدوڵڵە رحیم. مانگی ئاپریل.
ئەفسانەی ئەفراندن، شانۆ، سادق هیدایەت، وەرگێڕ سێمان.
٢١ دەستنووسی کوردی و فارسی سەبارەت بە کورد لە کتێبخانەی بریتانیا: ئەنوەری سەلتانی. مارس.
لە پەرۆشەکانی ژیان، مەسعوود محەمەد، مارس.
دەستەو دامانی نالی، مەسعوود محەمەد. مای.
کوردەکان، تورکەکان، عەرەبەکان، وەرگێڕ حامید گەوهەری. سەپتامبەر.
پرۆژەی زاراوەی زانستیی کوردی، کەمال جەلال غەریب. ئاپریل.
فەرهەنگی وێنەداری گیاندارەکان بەتایبەتی لە کوردستاندا، کەمال جەلال غەریب. ئۆکتۆبەر.
کەڵەفەرهەنگی ڕووەکە ئابوورییەکان، کەمال جەلال غەریب، نۆڤەمبەر.
فەرهەنگی منداڵ، وەرگێڕ سیاوش گودرزی. مای.

× × ×


**KITAB-I ARZAN**
**Barnarps gatan 31**
**S-553 16 Jönköping**
**Sweden**
**Tel: +46 - 36 14 80 31**
**Mobil. Tel: 070-492 69 24**
**Telefax: +46 -36 71 09 99**



کاری تایپ وچاپەمەنی، بە نرخێکی باش و زووترین کات، لە کتێبی ئەرزان

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine

No;15, April 1997

